حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی کوردی

# کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی

نامەیەکە

## بەهمەن تاهیر نەریمان

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردوە و
بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت :

## پ.د.بەکر عەلی محەمەد

(٢٧١٣) ی کوردی
(٢٠١٣) ی زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

پ..د. بەکر عومەر عەلی

ڕۆژ : / / ٢٠١٣

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ : / / ٢٠١٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو : پ.د.فەرەیدون عەبدول محەمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٢٧ / ١١/ ٢٠١٣

ناو : د. محەمەد حسین زەهاوی
ئەندام
ڕۆژ : ٢٧ / ١١ / ٢٠١٣

ناو: د. ئازاد ئەحمەد حسین
ئەندام
ڕۆژ: ٢٧ / ١١ / ٢٠١٣

ناو : پ.د.بەکر عومەر عەلی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٢٧ / ١١ / ٢٠١٣

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو :
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ:     /     / ٢٠١٣

## پێشکەشە بە:

- باپیرم: (حاجی نەریمانی بیستان).
- دایک و باوکم، ئەو دوو کەسەی هەمیشە یارمەتیدەرم بوون.
- هاوسەری ژیانم: (خونچە) خان.
- جگەرگۆشەکانم: (ڕۆژ، ئێوارە، لاوک)، ئومێدەوارم شانازیی پێوەبکەن.
- بە ڕەوانشاد: ئەکرەم عەنەبیی هاوڕێم.

## سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ:

- بەڕێز پرۆفیسۆر (د. بەکر عومەر عەلی) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی لەئەستۆگرت و لەگەڵم ماندووبوو.
- سەرۆکایەتیی بەشی کوردی و هەموو ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنی ماستەر وانەیان پێوتووم.
- کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ و کتییێبخانەی گشتیی سلێمانی.
- هاوڕێیان (عەلی مستەفا کەریم، سەروەر پێنجوێنی، خەسرەو میراودەلی، دکتۆر محەمەد تاتانی) لە زۆر بابەتدا سوودم لە تێبینییەکانیان وەرگرتووە.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | پێشەکی |
| ٩ | دەروازەی یەکەم (زەمینەسازییەکانی کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی) |
| | بەشی یەکەم: زمان و کۆمەڵ |
| ١٠ | زمان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی |
| ١٢ | زمان و نەتەوە و کولتور |
| | بەشی دووەم: زمان و ئاین |
| ٢١ | زمانی ئاین |
| ٢٦ | ئەرکەکانی زمانی ئاین |
| ٣٠ | سیحری وشە لە زمانی ئایندا |
| | بەشی سێیەم: گۆڕان و ململانێی زمانەکان |
| ٣٣ | هۆکارەکانی ململانێی زمانەکان |
| ٤٠ | ململانێی نێوان زمانەکان |
| ٤٣ | مردنی زمان |
| ٤٤ | هۆکارەکانی کاریگەربوون لە ناو زمانەکاندا |
| | بەشی چوارەم: پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و پڕۆسەی |

| | |
|---|---|
| | **کورداندن** |
| ٤٨ | زمانی عەرەبی لە ئاینەوەیە |
| ٥٥ | ستراتیژی زمان و پڕۆسەی کورداندن |
| ٦٢ | خوێندنەوەکانی قورئان و کورداندن |
| ٦٨ | ***دەروازەی دووەم*** ***پڕۆسەکانی کورداندن لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا*** |
| ٦٩ | ***بەشی یەکەم: دەنگە کۆنسۆنانتەکان و پڕۆسەکانی کورداندن*** |
| ٧١ | ئەو کۆنسۆنانتانەی لە دەستەی فۆنیمە عەرەبییەکاندا هەن و لە کوردییەکاندا نین(فۆنیمە بێگانەکان) |
| ٧٩ | ئەو کۆنسۆنانتانەی لە هەردوو زمانەکەدا فۆنیمن |
| ١٢٩ | **بەشی دووەم: لە ڤاوڵچووەکان و پڕۆسەی کورداندن** |
| ١٣٣ | **بەشی سێیەم: ڤاوڵەکان و پڕۆسەی کورداندن** |
| ١٤٦ | **ئەنجام** |
| ١٤٩ | **سەرچاوەکان** |
| ١٥٧ | **ملخص** |
| ١٥٨ | Abstract |

# پێشەکی

Filename: بةرك
Directory: C:\Users\Areecc\Documents
Template: C:\Users\Areecc\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title:
Subject:
Author: Areecc
Keywords:
Comments:
Creation Date: ٢٠١٣/٠٨/٢٣ ١٠:٠١:٠٠ م
Change Number: 13
Last Saved On: ٢٠١٣/١٢/٣٠ ١٠:١٧:٠٠ ص
Last Saved By: Areecc
Total Editing Time: 46 Minutes
Last Printed On: ٢٠١٣/١٢/٣٠ ١٠:١٨:٠٠ ص
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 8
Number of Words: 740 (approx.)
Number of Characters: 4,221 (approx.)

## پێشەکی:

کاریگەریی قورئان لەسەر مرۆڤی کورد، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەنگدانەوەیەکی قوولّ و فرە ڕەهەند، لەلایەك لەبەر ئەوەی زۆرینەی گەلی کورد چوونەتە سەر ئەم ئاینە، لەلایەکی تریشەوە، ئەم کاریگەرییە لەگەلّ گەیشتنی فتوحاتی ئیسلامی بۆ کوردستان دەستپێدەکات و تا ئێستاش لەبرەودایە، واتە کاتی درێژخایەن هۆکارێکی ترە بۆ قوولّی ئەم کاریگەرییە.

ئەم ئاینە سایکۆلۆژیا و جیهانبینی و بونیادی مرۆڤی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ژیان و مردن دەستکاری کردووە، بەڕادەیەك هیچ کەسێکمان ناتوانین خۆمان لەو کاریگەرییانە ببوێرین، کاریگەرییەکان هێندە بەناو ئەم مرۆڤەدا ڕۆچوون، بۆ کارکردن لەسەریان، ماندوبوون و سەلیقەی باشی دەوێت.

هەر کاریگەرییەکی قورئان لەسەر ئەم مرۆڤە، بێگومان لە ناو زماندا بەرجەستەدەبێت، بۆیە بۆ دۆزینەوەی کاریگەرییەکان، گەڕان بەناو ئاستەکانی زماندا، یەکێکە لە دەرگا هەرە گرنگەکانی دۆزینەوەی ئاستی ئەم کاریگەربوونە.

لەگەلّ کاریگەربوون بە قورئانەوە، مرۆڤی کورد وەك جەستەیەکی مردوو تەسلیم نەبووە، بەلّکو هەولّی داوە تایبەتمەندییەکانی خۆشی، لەگەلّ تایبەتمەندییەکانی قورئان تێکەلّبکات، لەم نێوانەدا تایبەتمەندییەکی کوردانە بەرانبەر ئەم کاریگەرییە دروستبووە، ئەم تایبەتمەندبوونەش بۆ کورد زۆر بەبەهایە.

## سنووری لێکۆلّینەوەکە:

لێکۆلّینەوە لەسەر کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی زۆر فراوانە، بۆیە لە باسێکی وادا، کە ماوە و تەنانەت قەبارەی لێکۆلّینەوەکە تا ئاستێکی زۆر دیاریکراوە، ناتوانین بە ئارەزووی خۆمان پەلبهاوین، بۆیە، تا توانیومانە بوارەکەمان بەم شێوەیە بەرتەسککردۆتەوە:

١) لە ئاستەکانی زماندا(فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك)، تەنها ئاستی فۆنۆلۆژیمان هەلّبژاردووە و بە ناچاریی وازمان لە ئاستەکانی تر هێناوە.

٢) لە ئاستی جوگرافیدا، ئەم کاریگەرییە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە، بەلاّم تەنها ناوچەی سلێمانی هەلّبژێردراوە، تا بتوانین زۆرترین کاریگەرییەکان بخەینە ژێر ڕکێفی باسەکەوە.

٣) کاریگەرییەکە مێژووییەکی دوورودرێژی هەیە و لە سەردەمی فتوحاتەوە دەستپێدەکات تا ئەمڕۆ، بۆیە ماوەکەی فراوانە و ئێمە ئەو کاریگەرییانەی ئێستا لە ئارادبوون کارمان لەسەر کردوون، کاریگەرییەك کە لە ئاستی قسە و بەکارهێنانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەرکەوتووە، کردوومانە بە بابەت و کەرەستەی باسەکەمان.

٤) لەگەڵ هاتنی هەر وشەیەکی ناو قورئان بۆ ناو زمانی کوردی، زۆرینەی هەرە زۆریان، ڕاستەوخۆ بە پڕۆسەیەکدا ڕۆیشتوون، ئەو پرۆسەش (پرۆسەی کوردانەدنە)، بۆیە سنووری ئەم باسە بەتەواوی بریتییە لە (کاریگەریی قورئان لەسەر شێوە دیالێکتی ناوچەی سلێمانی لە ئاستی فۆنۆلۆژی و پڕۆسەکانی کورداندن).

# گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی و پڕۆسەکانی کورداندن، لە ناو کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردیدا کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە چۆنییەتی دەستپێکردن بە کارێکی وا؛ تا گەیشتن بە ئەنجامەکان خۆڕسکانە دەستمان پێکردووە و بە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کوردیی پێش خۆمان کاریگەرنەبوین، ئەم بارەش ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە: بۆ ئەم باسە هیچ سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆمان لە بەردەستدا نەبووە، هەر بۆیەش کارەکە زیاتر وەك زەوییەکی بەیار وا بووە و ئەزموونێکی پێشووترمان نەبووە.

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا، بەشێوەیەکی شیکاری لە لایەکەوە هەوڵمانداوە ئەو زەمینەسازییانە شیبکەینەوە کە ڕێگەیان بۆ کاریگەربوونی زمانی کوردی بە قورئانەوە خۆشکردووە، لە لایەکی تریشەوە مامەڵەمان لەگەڵ زماندا وەك (بوونەوەرێکی زیندوو) کردووە، چۆن بوونەوەرەکان لە ناوخۆیاندا ململانێدەکەن و لە پێناوی مانەوەدا بەرگری لە خۆیان دەکەن، گەشەدەکەن و دەمرن...هتد، زمانیش بەهەمان شێوەیە، زاراوەیەکی وەك (پڕۆسەی کورداندن)مان هێناوە و ئەم زاراوەمان شیکردۆتەوە، تا لەوێوە لەو گۆڕانکارییانە بگەین کە بەسەر ئەو وشانەی قورئاندا هاتوون، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسەکانی کورداندن، میتۆدی بونیادگەری بەکارهێنراوە، هەوڵدراوە بە دۆزینەوەی ستراکچەری قووڵی فۆنیمەکان، لە گۆڕانە ڕووکارییەکانی دەنگەکان بگەین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێستاییانە و ئەمڕۆییانە مامەڵەمان لەگەڵ فۆنیمەکاندا کردووە و نەچووینەتە ناو لایەنە مێژووییەکانیانەوە.

هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرۆسانەی کە ناویان پرۆسەکانی کورداندنە، دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی وەك دەنگگۆڕکێ و کەوتنی دەنگ و تیاچوون و دیاردەی قەرەبووکردنەوە و پەیدابوونی دەنگەکان و چەندین دیاردەی تر بەکارهاتووە.

خاڵێکی تر کە گرنگە باسبکرێت ئەوەیە نەهاتووین ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشبکەین بەسەر دەروازەی تیۆری و دەروازەی پراکتیکیدا، بەڵکو لەهەر جێیەکدا پێویستمان بە تیۆراندن هەبووە، کارمان لەسەر کردووە و لە هەر شوێنێکیشدا پراکتیك پێویست بووبێت، پراکتیکمان کردووە.

# ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو دەروازە پێکدێت:

دەروازەی یەکەم بریتییە لە: (زەمینەسازییەکانی کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی)، کە بۆ چوار بەش دابەشکراوە:

بەشی یەکەم(زمان و کۆمەڵ) بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ و ستراکچەرییەی لە نێوان مرۆڤ و زمان و کۆمەڵدا هەیە، پێوەندییەك کە ناکرێت کۆمەڵێکی ئەتنیکی و هاوکۆف بێ زمانێکی هاوبەش هەبێت، بۆیە هەوڵدراوە لە ڕێگەی ناونیشانەکانی وەك: (زمان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی، زمان و نەتەوە و کولتوور)، ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە زمان کۆی کولتور و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمایەتییەکان لە خەیاڵگەی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستەدەکات و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی شیکردنەوەکانی لەسەر زمان، زۆر لەو دیاردانەی ناو کۆمەڵ و کولتوور بەرجەستەبکات و تێیان بگات.

بەشی دووەم(زمان و ئاین)، ئەم بەشە کراوە بە سێ خاڵەوە:(زمانی ئاین، ئەرکەکانی زمانی ئاین، سیحری وشە لە زمانی ئایندا)، لەم سێ خاڵەدا باس لە پێوەندیی پتەوی زمان و ئاین کراوە، هەروەها باس لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاین و کاریگەریی وشە و گرنگیی وشە لەناو ئایندا کراوە.

بەشی سێیەم(گۆڕان و ململانێی زمانەکان)، ئەم بەشە کراوە بە چوار لقەوە و هەر لقەو ناونیشانێکی بۆ دانراوە: (هۆکارەکانی گۆڕانی زمان، ململانێی نێوان زمانەکان، مردنی زمان، هۆکارەکانی کاریگەربوون لە

ناو زمانەکاندا)، لەخاڵی یەکەمدا، بە پشتبەستن بە قسەیەکی (ساپیر) هەوڵی ڕوونکردنەوەی پێویستیی و گرنگیی گۆڕانمان لەناو زماندا داوە. لە خاڵی دووەمیشدا، ململانێی نێوان زمانەکان ڕوونکراوەتەوە و ئەو بەرگرییە ناوەکییەمان باسکردووە کە زمانی زیندوو، لەو ململانێیەدا بەکاریدەبات، بەڵام لەم ململانێیەدا جاری وا هەیە، زمانێك بەسەر زمانێکی تردا زاڵدەبێت و نایهێڵێت. ئەو ئاستانەشمان دیاریکردووە کە چۆن زمانێك لە شیکردنەوە و مراندنی زمانێکی تردا دەیگرێتەبەر. لە دواخاڵی ئەم بەشەدا، هۆکارەکانی کاریگەربوونی زمانێك بە زمانێکی تر، یان کاریگەربوونی دوولایەنەی هەردوو زمانەکەمان باسکردووە.

بەشی چوارەم: (پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و پڕۆسەی کورداندن)، ئەم بەشە لە سێ خاڵ پێکهاتووە: ( زمانی عەرەبی لە ئاینەوەیە(زمانی عەرەبی بەشێکە لە ئاین)، ستراتیژی زمان و پڕۆسەی کورداندن، خوێندنەوەکانی قورئان و کورداندن)، لە خاڵی یەکەمدا هەوڵی ئەوە دراوە ئەو تیۆریزە فقهییە ڕوونبکەینەوە کە بۆ پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی کراوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە فەتوای مەزهەبگەرا گەورەکانی وەك(شافعی، حنبەلی و مالك)، لەبەرانبەردا، لە مەزهەبی حەنەفیدا ئەم پرسە کاڵدەبێتەوە، بەڵام ڕای یەکەم(سێ مەزهەبە عەرەبییەکە)، بەسەر ڕای دووەم(مەزهەبە ناعەرەبییەکە)دا زاڵدەبێت و بۆچوونی حەنەفییەکان، لە گوتاری گشتییدا پەراوێزدەخرێت.

لە ستراتیژی قورئان و پڕۆسەی کورداندا، باسی ئەو ستراتیژە زمانییە کراوە کە زمانی کوردی وەك بوونەوەرێکی زیندوو لەناو خۆیەوە بەرگری لەخۆی و زیندوهێشتنەوەی خۆی دەکات، ئەم ستراتیژە دێت و لەناو زمانەوە  لە بەردەم هەژموونی زمانەکانی تردا، لە یەك کاتدا گۆڕان و مانەوەی ئەم زمانە بە بونیادە تایبەتەکانی خۆیەوە دەهێڵێتەوە.

لە خاڵی چوارەمدا، باس لەوە کراوە کە تەنها یەك جۆر خوێندنەوەی قورئان(خوێندنەوەی (عاسم) بەڕیوایەتی (حەفس)، کاری کردۆتە سەر زمانی کوردی و ئەگەر پڕۆسەی کورداندن، لەگەڵ یەکێك یان زیاتر لە خوێندنەوەکانی تری قورئاندا یەکانگیرو پەیکاڵبووبێت، ئەوە تەنها ڕێکەوتە و هیچی تر.

دەروازەی دووەم بریتییە لە (پڕۆسەکانی کورداندن لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا)، لە پێشەکیی ئەم دەروازەیەدا دوو سەرنج خراوەتەڕوو، دواتر فۆنیمەکانی زمانی کوردی و عەرەبی دیاریکراون و بۆ ڕوونکردنەوەی پڕۆسەکانی کورداندن، بەم شێوەیە کراون بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: (دەنگە کۆنسۆنانتەکان)، ئەم بەشەمان کردووە بە دوو خاڵەوە، خاڵی یەکەم ئەو کۆنسۆنانتانەی لە دەستەی فۆنیمە عەرەبییەکاندا هەن و لە کوردییەکاندا نین (فۆنیمە بێگانەکان)، ئەمانیش شەش فۆنیمن.

خاڵی دووەم، ئەو کۆنسۆنانتانەی کە لە هەردوو زمانەکەدا فۆنیمن و کەوتوونەتە بەر پرۆسەکانی کورداندن. لەم دوو خاڵەدا کۆی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەمان ڕوونکردۆتەوە کە دەرکمان پێکردوون، بەڵام هەر وشەیەکمان هێنابێت، وەك نموونە هێناومانەتەوە و لە باسکردنی هەر فۆنیمێکدا زۆربەی کات تەنها ئەو گۆڕانکارییانەمان باسکردووە لەو فۆنیمەدا ڕوویانداوە، ئەگەر لە هەمان وشەدا، گۆڕانکاریی تر لە هەر فۆنیمێکدا هەبووبێت، ئەوا لە باسی ئەو فۆنیمەدا خستومانەتەڕوو.

بەشی دووەم: (لەڤاوڵچووەکان)، لەم بەشەدا سیفەت و تایبەتمەندییەکانی لەڤاوڵچووەکان دیاریکراوە، ئەوەش دیاریکراوە کە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا، دوو لەڤاوڵچومان هەیە، دواتر پرۆسەکانی کورداندن، لەسەر ئەم فۆنیمانە ڕوونکراونەتەوە.

بەشی سێیەم: (ڤاوڵەکان)، لێرەدا بەگشتی لەسەر تایبەتمەندیی ڤاوڵەکان نووسراوە، ڤاوڵەکانی زمانی کوردی و عەرەبی دەستنیشانکراون، دواتر جیاوازیی نێوان ڤاوڵەکانمان لە هەر زمانێکدا باسکردووە و پرۆسەکانی کورداندنمان لەسەر ئەم ڤاوڵانەش دەستنیشانکردووە.

# دەروازەی یەکەم

## زەمینەسازییەکانی کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی

### بەشی یەکەم: زمان و کۆمەڵ

١ زمان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی

٢ زمان و نەتەوە و کولتور

### بەشی دووەم: زمان و ئاین

١ زمانی ئاین

٢ ئەرکەکانی زمانی ئاین

٣ سیحری وشە لە زمانی ئایندا

### بەشی سێیەم: گۆڕان و ململانێی زمانەکان

١ هۆکارەکانی گۆڕانی زمان

٢ ململانێی نێوان زمانەکان

٣ مردنی زمان

٤ هۆکارەکانی کاریگەربوون لە ناو زمانەکاندا

### بەشی چوارەم: پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و پڕۆسەی کورداندن

١ زمانی عەرەبی لە ئاینەوەیە

٢ ستراتیژی زمان و پرۆسەی کورداندن

٣ خوێندنەوەکانی قورئان و کورداندن

# بەشی یەکەم: زمان و کۆمەڵ

## ١ زمان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی

زمان بوونی مرۆڤ و ماهیەتی مرۆڤ دەگەیەنێت، بنەمای زمان لای تاك لە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەیەوە چاوگەی گرتووە، لەوێشەوە لە پێویستیی مرۆڤ بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تردا چاوگەی گرتووە. زمان لای تاك، ئەو حەزەی تاك دەردەخات، کە دەیەوێت جۆرێك لە تەماهیبوون، لەلایەکەوە لەگەڵ خود و توانەوە لە نێوان خود و ئەوی تردا، لەلایەکی تریشەوە تەماهیبوون لە نێوان خود و دنیای دەرەوەدا بەدەستبهێنێت. وەك (سارتەر) دەڵێت: مرۆڤ خۆی زمانە، مرۆڤ ئەوەیە کە دەیڵێت[١].

ئەگەر وردتر لەسەر ئەو قسەیەی (سارتەر) بڕۆین، زمان دەبێتە شوناسی مرۆڤ و لە زمانەوە ئێمە دەتوانین شوناسی کەسەکان دیاریبکەین و لە هەمان کاتیشدا زمان و مرۆڤ دەکات بە یەك شت، واتە: ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ هەیە؛ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و بیرکەرەوە و خاوەن ژیار، بەهۆی زمانەوە توانیویەتی مێژوویەکی جیاواز لەگەڵ گیانلەبەرەکانی تری دەوروبەریدا دروستبکات. زمان هەبێت یان نەبێت، مرۆڤ هەبێت یان نەبێت، دنیای ماتریاڵ هەر دەبێت. مرۆڤ دەتوانێت بێ زمان لەسەر زەوی بژی، بەڵام ئەم مرۆڤە بیرکەرەوە نابێت، مرۆڤێك دەبێت بۆ غەریزە و لەسەر غەریزە دەژی، مرۆڤێك دەبێت کە هیچ دنیابینییەکی تایبەتی، لە دەرەوەی غەریزەکانەوە بۆ ژیان نابێت، واتە: دەژی؛ بەڵام وەك گیاندارەکانی تر دەژی، بێ ئەوەی جیهانبینی تایبەتی لەسەر ژیان هەبێت، تەنها ژمارەیەکی تر بۆ گیاندارەکان زیاددەکات و هیچی تر، چونکە بە بێ زمان توانای بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی "بیر" لەدەستدەدات، حەز لە ژیان دەکات، بۆ ئەوە نا کە داهێنان بکات و گۆڕانکاری لە جۆری ژیاندا بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی تیایدا بژی و بخوات و بخەوێت، واتە دەژی تەنها بۆ چێژی غەریزی و مانەوە. بۆیە مرۆڤ بەم مانایەی کە ئێستا هەیە، دەبێت خاوەنی زمان بێت، بوونی مرۆڤی بیرکەرەوە بە زمانەوە بەندە، مرۆڤ بە بێ زمان، هەرگیز ناتونێت خاوەنی ژیار بێت، ناتوانێت پێوەندییە ژیارییەکانی ڕێکبخات، بوونی ئەم جۆرە لە مرۆڤی خاوەن

---

[١] بڕوانە: د.مصطفى غلفان، في اللسانيات العامة (تأريخها، طبيعتها، موضوعها، مفاهيمها)، دار الكتاب الجديدة المتحدة_ليبيا، الطبعة الاولى_ ٢٠١٠، ص١٢.

ژیار و بیرکەرەوە، مرۆڤی خاوەن زمانەو مرۆڤ لە دەرەوەی ماڵی زمانەوە، دەبێت بە گیانداریکی تەواو ئەنگێزەیی(غەریزیی)و لەدەرەوەی ژیار و تێڕامان و نووسینەوەی مێژوو و داهێنانەوە دەردەکەوێت.

((زمان، گرێدەریکی زیندوی بایۆلۆژی و دەرونییە، کە تاك بە دەوروبەرەکەیەوە گرێدەدات و ئارامیی دەرونی و کۆمەلآیەتی بۆ تاك، لە پێوەندییە تایبەتی و گشتییەکانیدا لەگەڵ ئەوی تردا بۆ فەراهەمدێنێت، زمان گوزارشتە لە ویستێکی سروشتی لە مافی بوون. بەکورتی: زمان مەرجی بوونی مرۆڤ و بەهاکانیەتی.))[1].

زمان، ئامرازی پێوەندیکردنە و لەگەڵ پێویستی ئەوانەی بەکاریدەهێنن دەگونجێت و ڕەنگدانەوەی یادگەی کۆ(الذاكرة الجمعية)یە[2].

ئەم ئامرازە، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەلآیەتییانەی، کە بە هەموو دیاردە کۆمەلآیەتییەکانی تر کاریگەردەبێت و زوو جێدەستی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵی لەسەر دەردەکەوێت، کاریگەریی زمانیش، لەسەر کۆمەڵ دەردەکەوێت، بۆیە لەم ڕووەوە، وەك نموونەیەك، ئێمە دەتوانین بەهۆی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لە گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی زمانی کوردی، زۆر لەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەش بگەین، کە لە کۆمەڵی کوردیدا لە ڕابردوو و ئێستادا ڕوویان داوە.

((زمان بەکارهێنانی جۆراوجۆرە، هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە بابەتی کۆمەلآیەتی و زانستی، سیاسی و ئابووری، ئەمەش لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەکارهێنانە جۆراوجۆرانە یەکلادەکاتەوە و گونجاندنی زمان لەگەڵ هەموو مەبەست و هەڵوێستە جیاوازەکان دەخاتەڕوو... زانستی زمانی کۆمەلآیەتیش ئامانجی ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە زمان بۆ چێوە کۆمەلآیەتییەکەی بگێڕێتەوە))[3]. ئەم زانستە، دەیەوێت لە زمانی بەکارهاتووی ڕۆژانەی کۆمەڵ بکۆڵێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵێکی زمانیی دیاریکراوەوە بەکاردێت.

---

[1] د. مصطفى غلفان، في اللسانيات العامة... ص١٢.

[2] یادگەی کۆ (الذاكرة الجمعية): ئەو یادگە هاوبەشەیە کە لە نێو هەمووو چین و توێژەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوی کۆمەلآیەتی و کولتوریدا هەیە، ئەم بیرگەیە دەبێتە سەرچاوەی جیهانبینییەکی گشتی و دواتر شوناسێکی گشتی، تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو پێکەوە، کۆدەکاتەوە. بڕوانە:( زهير سوكاح، مفهوم الذاكرة الجمعية عندة موريس هالبواكس: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=82628، ٢٤/ ٦/ ٢٠١١).

[3] عز الدين صحراوي، اللغة بين اللسانيات و اللسانيات الاجتماعية، مجلة العلوم الانسانيية، جامعة محمد خضير، العدد الخامس، ٢٠٠٤، ص١٤٩.

زمان، بە یەکێك لەو توخمانە دادەنرێت کە پشکی لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵدا هەیە، هەروەها دەتوانێت تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵەی بەکاریدەهێنێت، لەخۆبگرێت، واتە: بۆ ئەوەی لە ئەدگارەکانی هەر کۆمەڵێك بدوێین، دەتوانین سوود لە توێژینەوە زمانییەکان وەربگرین، ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر زمان و کۆمەڵ کاریانکردووە و پێوەندیی ئەم دوانەیان کردووە بە بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

بوونی زمان پەیوەستە بە بوونی کۆمەڵەوە، ئالێرەشەوە سروشتی کۆمەڵایەتیی زمان دەردەکەوێت و هەر لێرەشەوە لەو پێوەندییە بوونگەرایە دەگەین کە لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، واتە زمان بوون دەدات بە کۆمەڵ و کۆمەڵیش بوون بە زمان دەدات. سیستمێکی زمانی نییە هەبێت و لە کۆمەڵی مرۆڤ دابڕابێت و مامەڵەی پێبکرێت و بەکاریش بهێنرێت، زمان لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئەنسترومینتێکە، یەکێك لە ئەرکەکانی بۆ پێوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵی مرۆڤ؛ سوودی لێوەردەگیرێت. کەسێك، کە بەشدارییدەکات لە وێستگەکانی ژیاندا، بەپێی جیاوازیی ئەو وێستگانەی تیایدا دەژی، بەشداریکردنەکەشی لە بەکارهێنانی زماندا دەگۆڕێت.[١]

## ٢ زمان و نەتەوە و کولتور

((ئیستا وامان لێهاتووە، بەو شێوەیە لە سامانی وشەی زمانیی بڕوانین، کە لە چێوەیەکی گشتی، یان لە یاسگەلێك دەچێت، لەو یاسایانەی لە پێشینەکانمانەوە وەرمان گرتوون، کە دنیابینیمان بۆ دنیا دەردەخات و ئەم دنیابینیانەشمان بەپێی بارو زرووفەکان دەگۆڕێت. ئەم سامانە، بریتییە لە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی نەوە پێشینە یەك لەدواییەکەکانمان و ئامرازێکە لەو ئامرازانەی بەپێی تێپەڕبوونی ساڵەکان، بەها نەتەوەییەکان و ڕێگەکانی هەڵسەنگاندنی شتەکان و لێتێگەیشتن و ڕاڤەکردنیان دەگوێزێتەوە. هەر کۆمەڵەیەك، کە یەکێتییەکی زمانیی پێکیانەوە گرێبدات، سیستمێکی ناوازەی تایبەت بەخۆی لە سیستمی تەعبیری زمانی بۆ خۆی پەرەپێدەدات، هەموو فەلسەفە و تێڕوانینە گشتییەکانی ئەو کۆمەڵەی بۆ ژیان تیایە. ئەگەر کەسێك لەناو کۆمەڵەیەکی زمانیدا لەدایکبوو، هەموو تێڕوانینەکانی ئەو

---

[١] بڕوانە: الدكتور محمود فهمي حجازي، مدخل الى علم اللغة، دار القباء للطباعة و النشر(القاهرة)، الطبعة الجديدة، بدون سنة الطبع، ص١٢.

کۆمەڵەیە بۆ ژیان و پێوەرەکانی بەها و نموونە باڵا تایبەتییەکانی لێ وەردەگرێت، کە لە زمانەکەیدا مەییون و ڕێچکەیان گرتووە))[1].

زمان، وەك ئەوەی بەشێکە لە کولتور، پێوەندیی نێوان زمان و کولتور بۆ کەسی ئەنسرۆپۆلۆژست گرنگییەکی زۆری هەیە. وشەی کولتور(**culture**) بۆ خۆی وشەیەکی سەرلێتێکدەرە، چونکە شیمانەی ئەوەی هەیە، کە دوو واتا بگەیەنێت. لای زانایەکی ئەنسرۆپۆلۆژی بەمانای هەموو بەرهەمی ماوەی دابوونەریت و ڕێوڕەسم و شێوازی ژیانی هەر گرۆیەکی کۆمەڵایەتی، زۆر پێشکەوتوو یان دواکەوتوو دەگەیەنێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لای زانای ئەنسرۆپۆلۆژی، هەموو کۆمەڵەیەك بچکۆلە یان سەرەتایی بن، کولتوریان هەیە، هەموو کولتورەکانیش لە پلەدا یەکسانن، بەڵام وشەی کولتور لە مانا باوەکەیدا وابەستەیە بە پیادەکردنی پێشکەوتوانەی ژیارەوە، کە لە ڕێگەی زمانی نووسراوەوە گوزارشت لە خۆی دەکات و بابەتگەلێکی وەك: ئەدەب و شیعر و فەلسەفە و زانست و بەرهەمە هزرییەکان و خۆشگوزەرانی و پێوەندیکردن و پاراستنی تەندروستی دەگەیەنێت.[2]

(جان بیرو) دەڵێت:(( ئەوەی نەگۆڕە، ئەوەیەستراکچەری هەر زمانێك بە ئەقڵیەت و کولتور و ڕێسا و ژیاری مادییانەوە وابەستەیە))[3].

وەك پێوانە بۆ پۆلێنکردنی مرۆڤەکان بۆ گەلی جیاجیا لێکۆڵەرەوان گەیشتوونەتە ئەوەی، کە پێنج توخمی سەرەکی بکەنە پێوەر، ئەوانیش: نەژادی هاوبەش و ئاین و نەتەوە و زمان و کولتورن.

کولتور و زمان، ڕۆڵی سەرەکییان لەم پۆلێنکردنەدا هەیە، ئەوان بۆ دانەوەی هەموو چالاکییەکی گەلان وەك ئاوێنە وان، هەروەها لە نێوان کولتور و زماندا؛ پێوەندییەکی لۆژیکی هەیە، ئەویش پێوەندیی پار(جزء)ە بە گشت(کل)ەوە، زمان تایبەتیترە و کولتور گشتیتر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەسەر یەکتری کارلێك و کارلێککراون. زمان تەنیا ژاوەژاوێك نییە، بەڵکو پیشاندەر و بەرجەستەکەری هەمو ئەزموونەکانی مرۆڤ و شوناسێکی کولتوری و دەرخەری کەسێتییە.

**دوای** ئەوەی (مایکل سلڤرشتاین_**Mıchael sılversteın**)، پشت بە بۆ چوونەکانی هەر یەك لە (مالینۆڤسکی_**Malinowski**) و (ساپیر_**Sapir**)دەبەستێت، ئەنسرۆپۆلۆژیای زمان، ئاوا پێناسەدەکات: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری زمانی، وەك ئەوەی کۆمەڵ بڕیاری لەسەر دەدات. هەروەها بۆ ئەوەی زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژیا، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پێناسەبکەن، ئەوا پەنایان بردۆتە بەر

---

[1] ستیفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمه و قدم له و علق علیه دكتور كمال محمد بشر، مكتبة الشباب_مصر، ١٩٧٥، ص٢٠٢.

[2] بڕوانە: ماریو پای، اسس علم اللغة، ترجمة و تعلیق: الدكتور أحمد مختار عمر، عالم الكتب_ القاهرة، الطبعة الثامنة_١٩٩٨م، ص٢٠٦.

[3] دكتورة مها محمد فوزی معاذ، انثروبولوجیا اللغة، دار المعرفة الجامعیة_ جامعة الاسكندریة، ٢٠٠٩م، ص١١٠.

سیستمێکی زانیارییانە، کە ناوی کولتورە. لە کاتێکدا زمانەوانەکان دەگەڕێنەوە بۆ سیستمێکی مەعریفی کە بە (ڕێزمان) ناوی دەبەن، هەر یەك لە ڕێزمان و کولتوریش لە ناو کۆمەڵدا نەبێت دەرناکەون. ئەمەش ئەوە لە خۆدەگرێت کە زمانەوانیی ئەنسرۆپۆلۆژی پێویستیی بەوە هەیە ڕێگاکانی قسەکردنی گروپێکی زمانیی دیاریکراو، بەهۆکاری کولتوری هاوشێوەوە گرێبدات، تا بگات بەمانای تەواوی ئەوەی لە نێوان خۆیاندا دەیانەوێت بیلێن.[1]

((بەمانایەك لە ماناکان، تۆڕی ڕەوتە کولتورییەکانی ژیارێك ئاخنراوەتە ناو ئەو زمانەی گوزارشت لەو ژیارە دەکات. هەڵەیە وابزانین کە دەتوانین تەنها بە تێبینی ڕوتی ورد و بە بێ ئەوەی دەستببەین بۆ ڕەمزی زمانی، لە هێڵە گشتییەکانی کولتورێك دەگەین، ڕەمزی زمانیی؛ ئەو هێڵە گشتییانە بە گرنگییەوە لەخۆدەگرێت و دایاندەپۆشێت و وایان لێدەکات کە لە کۆمەڵدا واتاداربن... زمان ڕێبەری (واقیعی کۆمەڵایەتی)ە))[2].

((ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە، کە (دنیای ڕاستەقینە)، لە ناو کۆمەڵێك خەڵکدا بە شێوەیەکی نائاگاییانە، ڕێسا زمانییەکان بوونیان داوەتێ، لە دنیادا و بە شێوەیەکی کردەیی دوو زمانی هاوشێوە وجودی نییە، بەشێوەیەك وای دابنێین کە نوێنەری هەمان واقیعی کۆمەڵایەتی بن))[3]. ئەم وتەیەی پێشوو، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە دنیای ڕاستەقینە ئەوە نییە کە هەیە، بەڵکو ئەو دنیایەیە کە زمان پێمان دەناسێنێت و لەئاوێنەی زمانەوە دەیبینین.

لە ناو نەتەوەکاندا جیاوازیی کولتوری بەدوای خۆشیدا جیاوازیی زمانیی هێناوە و هەر لێرەشەوە زاراوەی( ڕێژەیی زمانی) لای (بنجامین لی ۆرف_ **Benjamin Lee Whorf**)[4] سەرهەڵدەدات و وەك گریمانەیەك هەوڵدەدات ڕاڤەی گۆڕانی زمانی پێبکات.

لای (ۆرف) ((بەشێوەیەکی تێبینیکراو، ئەوانەی کە ڕێزمانیان جیایە، بۆ تێڕوانینی جیاواز لە دنیا ئاراستەیان دەکات))[5]، واتە: زمان دەتوانێت قسەپێکەرانی ئاراستەبکات و دەستکاریی جیهانبینی تاکەکان بکات، هەر لێرەشەوە زمان دەستی لە ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە.

---

[1] بڕوانە: ایدجر س . بولوم، اللغة و السلوك، اللغویات الانثروبولوجیة، ص٦٦٠، http://uqu.edu.sa/lib/ar/105457.

[2] سەرچاوەی پێشوو... ل٦٦١.

[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ل٦٦٠.

[4] زمانەوانێکی ناوداری ئەمریکی بووە، لەنێوان ساڵانی ١٨٩٧_١٩٤٢ ژیاوە.

[5] ایدجر س . بولوم، الغة و السلوك، اللغویات الانثروبولوجیة... ل٦٦٢.

کولتور، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕێژەییبوونی زمان و زۆر لە وشەکانی زمانێکی دیاریکراو، بەتەواوی وشەی کولتورین و مرۆڤ لە کاتی وەرگێڕانی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڕوونی هەست بەم تابەتمەندبوونە دەکات و بۆی دەبێت بە کێشە، (((برونسلاف مالینۆفسکی_Malinowski)، لە ساڵی (١٩١٤) کاتێك دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە هەندێك خێڵی (میلانزی)، بەڕوونی هەستی بەم کێشەیە کرد و کاتێك ویستی کۆمەڵێك دەق بۆ زمانی ئینگلیزی وەربگێڕێت، بە ناچاری هەستا بە ڕاڤەکردنی زۆرێك لەوشەکان، نەك وەرگێڕانیان، چونکە زۆر لەو وشانە تایبەت بوون بە دۆگماکانی ئەو خێڵانەوە و نموونەیان لە ئینگلیزیدا نەبوو))[1]. بۆیە، کولتور و زمان وامان لێدەکات شتەکان بەو شێوە ببینین کە لەو دووانەدا هەن، نەك بەو شێوەی لە سروشتدا هەن.

((**زمان ڕەنگدانەوەی گەلە و ئەو یادگە(الذاكرة الجماعية)یە، کە گەل ئەزموونە پێویستییەکانی خۆی، بە نەوەکانی دوای خۆی دەسپێرێت**))[2].

ڕەنگدانەوەی کولتور لە زماندا، بەڕادەیەکە ئەوانەی بە(زمانەوانی بەراوردکاریی مێژوویی)یەوە سەرقاڵن، دەیانەوێت دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەیەکی زمانی پێش مێژوو، وەك دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی هندۆ_ئەوروپاییەکان، بەهۆی زمانەوە شیبکەنەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی زمان وەك ئاوێنەیەکە و هەموو دامودەزگا و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکان دەداتەوە.

(ئیمیلی بنڤینسنت_Emile Benveniste) (١٩٠٢_١٩٧٦)، توانی بەهۆی ئەو وشە فەرهەنگییانەی لە هیندۆ_ئەوروپاییەکانەوە ماونەتەوە، زۆر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، وەك سیستمی خزمایەتی و پابەندە یاساییەکان، تا دەگات بەکاڵا ئاڵوێرکردن و ئەرك و مافەکانی فەرمانڕەوا و ڕێگا جیاوازەکانی قوربانیکردن بۆ خواوەندەکان و زۆر شتی تر بدۆزێتەوە[3].

زانای ئەڵمانی (ڤیلهێلم ڤۆن هومبۆڵدت_Wilhelm Von Humboldt)، (١٧٦٨_١٨٣٥) لێکۆڵەرێکی گەورەی زمانی بوو، لە مۆدێلی لێکۆڵینەوەی سەردەمی خۆی(مێژوویی) لایداو بەشێوەیەکی (سینکرۆنییانە_Synchronic) و بەشێوەیەکی شیکاریی، لەسەر زمان دەستی بە کارکردن کرد.

(هومبۆڵدت) پێی وابوو دەبێت تایبەتمەندییەکانی ڕێسا زمانییەکانی هەر زمانێك، نادیدە نەگیرێت و زمانی وەك دیاردەیەکی بزواو و دینامیکی ناساند. ئەم زانا ئەڵمانییە گەیشتبووە ئەوەی چالاکیی زەینی،

---

١ د. مها محمد فوزی معاذ، انثروبولوجيا اللغة... ص٩١.

٢ جولييت غارمادي، اللسانة الاجتماعية، عرّبه د. خليل أحمد خليل، دار الطليعة للطباعة و النشر_بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٠، ص٢٨.

٣ بڕوانە: ايدجر س . بولوم، اللغة و السلوك، اللغويات الانثروبولوجية... ص٦٦٦.

هەوڵدەدات لەگەڵ دیاردەی دەنگیی یەکبگرێت(دەنگ لێرەدا بەمانای قسەکردن دێت)، تیۆرەکەی لەسەر پێکهاتەی ناوەکیی زمانەکان بەم گریمانەیەوە بەستبوو.

پرسی پێوەندیی نێوان ستراکچەری زمان و ئەقڵییەتی نەتەوەیی، جێگەیەکی بنەڕەتی لە تیۆرییە زمانییەکەی (هامبۆڵدت)دا هەبوو، زمان لای ئەو بەرهەمهێنراوێکی ناوازەی ڕۆحی نەتەوەیە و وردبوونەوە لە ستراکچەری ناوەکیی زمان، پەردە لەسەر تێڕوانین و (دنیابینی)ی نەتەوە هەڵدەماڵێت. (هامبۆڵدت) دەیویست ئەوە ڕوونبکاتەوە کە پەرەسەندنی زمانێکی دیاریکراو، ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە پەرەسەندنی ئەقڵیەت و کولتور و تێڕوانینی گشتیی ئەو گەلە بۆ ئەو زمانەی قسەی پێدەکات. هەر بۆیە لای ئەو، مێژوی زمان پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەمێژوی کولتوری نەتەوەوە هەیە.[1]

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، فرەیی زمان و فرەیی کولتور، ڕێگەی خۆشکرد بۆ پشتبەستن بە توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژییەکان، چونکە تەفسیرکردنی سروشتی ناو و ناولێنانەکان و جیاوازیی ناولێنانەکان لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی تر، وای دەخواست، کولتور ببێتە یەکێك لەو کلیلانەی، باشتر ئالۆزییەکانی زمان ڕوونبکاتەوە.

لە پرۆسەی ناوناندا ئەو نیشانە تایبەتییانەی کە دەبنە بەردی بناغە، لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێن، دیارە ئەمەش بەستراوتەوە بەجیاوازیی بیروڕاو تێڕوانین لە سروشت و دەوروبەر و پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵ، کە لە هەر میللەتێکدا تەماشای بکەیت لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە، چونکە هەموو میللەتێك ڕەوتی ژیان و ئەو قۆناغە مێژووییانەی پێیاندا تێپەڕدەبێت، تەنها تایبەتە بەخۆیەوە، ئەگەرچی ئەو میللەتانەی دراوسێی یەکترن لە هەندێ بیروباوەڕدا لەیەکەوە نزیکن، یان لەسەر یەك دینن، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، خاڵی هاوبەش بەدی دەکرێت، بەڵام دیسانەوە هەر یەکێکیان بگریت، تایبەتمەندیی و سەربەخۆیی خۆشی هەیە، مرۆڤ لە جیهاندا لە هەر شوێنێك بێت، چەمك دەردەبڕێت، بەڵام ڕەنگ و بۆی نەتەوایەتی لە جۆر و چەشنی چەمکدا بە هەموو زمانێکەوە دیارە، بۆ نموونە:

((لە زمانی ڕوسیدا، بە ورچ دەڵێن(medvid)، واتە: (هەنگوین خۆر)، لێرەدا نیشانەی زەقی بەرچاو لەو گیانلەبەرەدا، ئەوەیە کە حەزی لە هەنگوینە.

---

[1] بڕوانە: میلکا إفیتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبد العزیز مصلوح_ وفاء کامل فاید، المجلس الاعلا للثقافة، الطبعة الثانیة، ٢٠٠٠، ص٦٤ تا ٦٧.

له زمانی لیتۆڤی، سەر دەریای بەلتیق، بە ورچ دەڵێن: (klolis) واتە (قژلوول)، لە لای ئەمان قژە لوولەکەی بووە بە نیشانەی سەرنجڕاکێش...

لە زمانی ڕوسیدا، (smordin) کە جۆرە ترێیەکە بەعەرەبی پێی دەوترێت (عنب الثعلب)، ئەم وشەیە لە (smorod) سازکراوە کە واتای (بۆنی تیژ)ە، کەواتە بۆنە تیژەکەی بناغەی ناونانەکەیەتی... هەر ئەم جۆرە ترێیە لە زمانی پۆلۆنیدا(porzeczki) یا(porzecka)، واتە گوێ ڕوبار، یاخود (karzakn porzeczkowy ) واتە: باڵندەی گوێ ڕوبار، کەواتە ناونانی لەم زمانەدا، لە سەر بناغەی شوێنی باڵندەکەیە.

لە زمانی فەڕەنسیدا بەم ترێیە دەڵێن(grosille) کە لە وشەی (krauselbeere)ی ئەڵمانی کۆنەوە وەرگیراوە، واتای(دەنوک لوول)، کەواتە لای ئەمان ئەو نیشانەی کە چەقیوەتە چاو (لوولی)یە))[1].

ئەنسرۆپۆلۆژستە ئەمریکییەکان، کاتێ لە زمانە هیندییە ئەمریکییەکانیان دەکۆڵیەوە، ئەوەیان بۆ ڕوونبۆوە، کەڵەکەبوونی وشە فەرهەنگیەکان، لە بوارێکی دیاریکراودا ڕەوتێکی کولتوریی کۆمەڵەیەکی زمانی و نەژادیی دەردەخات، بۆ نموونە بوونی ڕێژنەیەك لە وشە، کە گوزارشت لە ڕاو و لە وشکانی و ڕاوەماسی بکات، ئەوە ئاماژەیەکی باوەڕپێکراومان دەداتێ، لە سەرچاوەو سیستمی ئابوریی ئەو دانیشتوانە دیاریکراوە، یان خێڵی وا هەیە کاتەکانی ڕوداویان لە ناو کرداردا جیانەکردۆتەوە، بەڵکو شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە (هەنگاو و شەپۆل و ڕۆشتن)، گوزارشت لە گۆڕانی کات دەکەن و (بەرد و مرۆڤ و دار) دیاردەی نەگۆڕن، یان وەرگێڕەکان کاتێك ویستیان پەیمانی نوێ(ئینجیل)، وەربگێڕنە سەر زمانی زاپۆتیکZapotec(کە زمانی هیندییەکان بوو لە خواروی مەکسیك)، لە وەرگێڕانەکەی ڕازینەبوون، چونکە ئەم زمانە، کاتەکانی ڕوودانی کرداری بەو شێوە تێدا دیارینەکراوە، کە ئێمە لامان ئاشنایە[2]. بۆیە ئەم کێشانە وایانکرد بیر لە گرنگیی پێوەندیی نێوان زمان و کولتور و نەتەوە بکرێتەوە. بۆ زانینی واتای وردی زۆر لە وشە فەرهەنگییەکان و شیکردنەوەیان، دەبێت زانیاریی پێشینەمان لەسەر ژیانی نەژادی و کولتوری و شێوازی ژیانی ئەو کۆمەڵە زمانییە هەبێت.

ئەم تایبەتمەندییەی زمان و بەتوندیی وابەستبوونی بە بیرکردنەوەی کۆمەڵە زمانییەکەوە، کێشەیەکە لەبەردەم کاری وەرگێڕاندا و بۆتە هۆکارێك بۆ وەرگرتنی وشە لە نێوان زمانەکاندا، چونکە هەندێك وشە هەن، تایبەتمەندیی چۆنییەتی بیرکردنەوە و دنیابینی ئەو کۆمەڵە زمانییەیە و لە وانی تردا نییە، بۆیە

---

[1] دکتۆر فاروق عومەر، لەدایکبوونی وشە، چا: شڤان(سلێمانی)، چاپی یەکەم_٢٠٠١، لاپەڕەکانی ٣٤ و ٣٥ و ٣٦.

[2] بڕوانە: میلیکا إفیتش، الاتجاهات البحث اللساني... ص٢٩٩،٢٩٨، ٣٠٠.

بەهۆی نەبوونی جێگرەوەوە، وشەکە خۆی بەسەر زمانەکەی تردا دەسەپێنێت. کاتی کاریگەریی زمانێك بە سەر زمانێکی ترەوە، ئەم حاڵەتە واتە حاڵەتی تایبەتمەندیی زمان و ئەو کۆمەڵەی کە قسەی پێدەکەن، وایکردووە ببێتە دەرگایەك بۆ کاریگەربوونی زمانێك بەسەر زمانێکی ترەوە و گوێزانەوەی وشە بۆ ناو زمانە کاریگەربووەکە، ئەمە یەکێکە لەو ڕێگایانەی  وشەکانی ناو قورئانی وەك(حەج، زەکات، عومرە، کەعبە، قیبلە....)ی هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە.

((ئەو وشانەی زمانێك لە زمانەکانی تری وەردەگرێت، بە زۆریی پێوەندیی بەو وشانەوە هەیە کە زمانە لێوەرگیراوەکە لە ژیاندا خاوەنی چەند بوارێکی تایبەتییە، تیایدا قسەپێکەرانی پسپۆڕیی هەیە و ناویان لەو بوارەدا دەرکردووە... زۆربەی ئەو وشانەی لە فارسی و یۆنانییەوە هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبی، تایبەتن بەو بوارە مادی و هزریانەی کە فارس و یۆنانەکەکانی پێدەناسرێتەوە. زۆربەی ئەو وشانەی ئینگلیز لە نۆرماندییەکانی وەرگرتووە، بریتین لەو وشانەی گوزارشت لە واتای گشتی و ئەو دەربڕاوانەی تایبەتن بە بوارەکانی خوان و چێشتلێنان و خواردن، ئەمەش لەبەرئەوەی نۆرماندییەکان، لەم دوو کایەدا زۆر لەپێش ئینگلیزەوە بوون و لەم بوارانەدا وشەکانیان، بە بەراوەرد بە زمانی ئینگلیزی کۆن بە لێشاوبووە. لەبەر ئەوەی فینقییەکان لە ڕووی دەریاوانییەوە پێشکەوتوو بوون، زۆر لە وشەکانیان لەم بوارەدا گوێزراوەتەوە بۆ ناو زمانی یۆنانی و لەوێشەوە بۆ ناو زمانی لاتینی، ئەمەش لەبەر ئەوەی فینقییەکان لەم ڕووەوە لە پێش ئەوانی ترەوە بوون. زۆریش لە وشە گریکییە فەلسەفی و دینییەکانیش، گوێزراونەتەوە بۆ ناو زمانی لاتینی، چونکە گریکەکان لە مەیدانی فەلسەفەدا؛ لێوەشاوە بوون و بەهۆی ئەوانیشەوە ئاینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان بڵاوبوویەوە. زمانە گێرمانییەکان زۆر وشەیان لە بوارەکانی داد و تەشریع و ڕێسای کۆمەڵایەتی و  سیاسەت... و نزیك لەمانە، لە زمانی لاتینییەوە وەرگرتووە، چونکە ڕۆمانەکان لەم بوارانەدا باش پێشکەوتبوون. هەر لەبەر هەمان هۆ، زۆر لەو وشانەی کە پێوەندییان بە جەنگەوە هەیە، لە زمانە گێرمانییەکانەوە، هاتوونەتە ناو زمانی فەرەنسییەوە، لەناویشیاندا وشەی جەنگ(Le guerre) خۆی هاتووە، زۆر لەو وشانەی کە پێوەندیان بە میوزیك و ئامێرەکانی میوزیك و هونەرە جوانەکانەوە هەیە، لە زمانی ئیتالیەوە گوازراونەتەوە بۆ ناو زۆرینەی زمانە ئەوروپاییەکان))[1].

زۆر وشە کە لە قورئانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، پێویستیی کۆمەڵایەتی هێناونی، بۆ نموونە وشەکانی: (فەرج، عەورەت، جماع، زینا، زیناکەر، زانی، عەیب، قەزای حاجەت ...)، ئەمانە پێویستی

---

[1] الدكتور/ علي عبد الواحد وافي،  علم اللغة، نهضة مصر_للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة التاسعة_ ٢٠٠٤م، ص٢٥٥ ، ٢٥٦.

(تابوو) هێناونی. تابوو یەکێکە لەو بابەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کولتورەوە و لەوێشەوە، لە ناو زماندا بەرجەستەدەبێتەوە.

تابوو یەکێکە لەو شێوازانەی کە لە قسەکردندا، لە ناو زمانی کوردیدا کاریگەرییە قورئانییەکەی دەرکەوتووە و لەبەر ئەوەی لە ناو قورئاندا، سێکس و باسکردنی سێکس بەشێوەی تابوو قسەی لەسەر کراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی لەئیسلامدا سێکس زۆر بەهێز بە ئەخلاقەوە بەستراوەتەوە، ئەوا ئەم شێوازەش هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و زۆر لە وشەکانی قورئان؛ ڕاستەوخۆ ئەو ڕۆڵە دەبینن، بۆ نموونە: سەرجێگە لە( و اهجروهن في المضاجع)، یان دەستم لێ نەداوە لە ( لامستم النساء)ەوە، هەروەها ژنەکانتان کێڵگەتانن لە ( نساؤکم حرث لکم)ەوە بە دەستکارییەوە وەرگیراون.

(ئیدوارد ساپیر_Edward Sapir)، لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر زمانی هیندییەکانی ئەمریکا، لە خاڵێکدا گەیشتە ئەوەی: ((هەمو مرۆڤێك، لە ناوەوەی خۆی و لەگەڵ خۆیدا پلانی بنەڕەتیی هەڵگرتووە، کە زمانەکەی ڕێکدەخات، واتە: مرۆڤ لە کردەی پێوەندیکردندا، هەڵگری نموونەگەلی نوێنراو و ئامادەیە بۆ هەموو فەرمانێك، تا کردەی پێوەندیکردنی بۆ دەستەبەر و ئاسان بکات، ئا لێرەوەیە مرۆڤ بەهۆی ئەم نموونە دەرونییە تایەتیانەی زمانەکەیەتی، دەتوانێت گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات. بۆیە بۆ ئەوەی لەو یاسا نموونەییانە تێبگەین کە ڕاهاتن لەسەر زمان ڕێکوپێکدەکەن، دەبێت زانیارییەکی گشتگیرمان لەسەر ستراکچەری کولتوریی ئەو زمانە هەبێت، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، چونکە ڕەوتی پێکگەیاندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، بە کەشوهەوا کولتورییەکەی ئەو کۆمەڵەوە مەحکوومە)) [1].

ستراکچەری کولتوری عەرەبی لەناو زمانەکەیدا ئامادەیە، کاتێك ئەم کولتورە جیهانبینییەکی تایبەت لەناو دینێکی وەك ئیسلامدا بەرجەستەدەکات، ئەم دینەش وەك دینێکی جیهانی سنوری کولتور و زمانە جیاوازەکان دەبڕێت، ئەوا زۆر لەو وشانەی زادەی ئەم ئاینەن و تایبەتن بە دنیا ماتریاڵ و جوگرافییەکەی ئەم ئاینەوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خۆی دەگەیەنێت بەو زمانانەی کە قبوڵی ئەم ئاینەیان کردووە، بێگومان وشەگەلێکی زۆری وەك:( مەککە، مەدینە، زمزم، قوڕەیش، کەعبە...)، لەم ڕێگەوە هاتوون.

(ساپیر)، لەسەر تیۆرەکەی (نموونەی نوێنراو)، مانای (فۆنیم) دیاریدەکات و پێی وایە فۆنیم لە پێکهاتەیەك پێکهاتووە، کە بریتییە لەو ئامادەییە دەرونیانەی بە دەنگێکی نموونەییەوە دەلکێن، واتە چەمکێکی تایبەتکراو لە ئاگاییدا دەشارێتەوە، وەك ئەوەی نموونەیەك بێت، تا لێیەوە نموونەی دەنگە هەستپێکراوەکانی تری لێپێکبێت.

---

[1] میلیکا إفیتش، الاتجاهات الابحث اللساني... ص ٢٧٦.

دەشێت ئەم دەنگە نموونەییە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیابێت و ئەم جیاوازییەش لە جیاوزیی کولتورییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نموونە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا[ر]فۆنیمە، ئەم فۆنیمە وەك دەنگێکی نموونەیی سیفەتە هەرە وردەکانی ئەم دوانە لەم دوو زمانەدا بەتەواوەتی وەکو یەك نین، بۆیە لای مرۆڤی کوردی ئەو وێنە نموونەییەی ئەم فۆنیمە، وێنە نموونەییەکەی هەمان فۆنیمی لای عەرەب نییە، ئەمەش وا دەکات کاتێك وشەیەك لە نێوان ئەم دوو زمانەدا لە یەکێکیانەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناو ئەوی تریان، فۆنیمە نموونەییەکانی زمانە وەرگرەکە جێی فۆنیمە نموونەییەکانی زمانە بەخشەرەکە بگرێتەوە. ئەمەش بەشێکە لە (نموونەی نوێنراو)ی فۆنیمی[ر] لە زمانی کوردیدا. ئێمە دەتوانین بەم زاراوەیە(نموونەی نوێنراوی فۆنیم) بەوردیی، جیاوازیی ئەو فۆنیمە لێکچوانەش بدۆزینەوە، لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا هەن و وەك فۆنیمی هاوبەش ناسراون. بۆیە بەم پێیە بێت، گرانە وشەیەك لە زمانێکەوە بچێتە ناو زمانێکی تر و گۆڕان لە چۆنییەتی دەربڕینی فۆنیمەکانیاندا ڕوونەدات، بەتایبەت دوو زمانی وەك عەرەبی و کوردی، کە ڕەچەڵەك و نەژادیشیان یەك نییە.

# بەشی دووەم: زمان و ئاین

## ١ زمانی ئاین

زمانی ئاین، یان زمانی پیرۆزکراو ئەو زمانەیە لە پشتییەوە، جیهانبینییەکی ئاینی ئامادەبێت و بەهۆی ئەم جیهانبینییە ئاینییەوە هەر کۆمەڵە ئاینییەك وەك زمانی پیرۆز (مقدس_**sacred**)[١] لەم زمانە بڕوانن و هەژموونی تایبەتی بۆ سەر ڕەفتاری زمانی و دەرونیی ئەو کۆمەڵە ئاینییە هەبێت.

((زاراوەی زمانی پیرۆز ئەو زمانەیە، کە بەشێوەیەکی باو لە سرووتە دینییەکاندا بەکاردێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی زمانی لاتینی لە ناوچە کاسۆلیکییەکانی ڕۆمان. ئەم جۆرە زمانە بەقووڵی کاردەکاتە سەر ئەو زمانە ڕۆژانەیەی لە ناوچەکەدا بەکاردێت، کاریگەرییەکەی لە شێوەی وشە و فرێز و زۆر دەستەواژەی تردا دەردەکەوێت. زمانی عەرەبی، وەك ئەوەی زمانی قورئانی پیرۆزە، ئەو وڵاتانەی کە موسوڵمانن و عەرەب نین، بۆ نموونە ئێران و پاکستان، بەشێوەیەکی بەربڵاو، لێی تێدەگەن و قسەشی پێدەکەن))[٢].

---

[١] مرسیا ئیلیاد، بەم جۆرە پێناسەی "پیرۆز" دەکات: ((یەکەمین پێناسەی پیرۆز ئەوەیە کە پێچەوانە و بەرانبەر ئاساییە(...)، پیرۆز دەدرەوشێتەوە و خۆی دەردەخات. بەجۆرێك دەردەکەوێت کە جیاوازە لە دەرکەوتنی شتە ئاساییەکان. لە ئاینە سەرەتاییەکانەوە بۆ ئاینە پەرەسەندو و پێگەشتووەکان، هەمووی تیایدا پیرۆز کەڵەکە بووە و خۆی تێدا نمایشکردووە. بە چەند جۆرێك لەوێدا پیرۆز لە ڕووداو و دەرکەوتەکاندا لە بەردێکدا یان لە دارێکدا خۆی نمایشکردووە))٬ بڕوانە: (مرسیا الیاد، المقدس و العادي، ت.عادل العوا، دار التنویر للطباعة و النشر، بیروت–لبنان، ٢٠٠٩، ص٥١).

(ڕۆجێ کایوا)، هەمان تێڕوانین و ئاراستەی هەیە و پێیوایە کە پیرۆز مەگەر تەنها بە دژەکەی بناسرێتەوە کە "پیرۆز دژ و جیاوازە لە گڵاو(ئاسایی)". وەك دەڵێت: ((هەمووو جیهانبینییەکی ئاینی ئەوە دەسەپێنێت کە جیاوازیی بکرێت لەنێوان پیرۆز و دونیایی"ئاسایی"دا)) دواتر جەخت لەوەدەکاتەوە بۆ تێگەشتنی زیاتر لە پیرۆز خۆی، پێویستە بچینە سەر قسەکردن لە "هەست بە پیرۆز" ، واتە لایەنی سایکۆلۆژی و لێکۆڵینەوە لە سایکۆلۆژیای پیرۆز یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەشتن لە "پیرۆز". دواتر(کایوا) پیرۆز وا پێناسەدەکات کە مەقولەیەکە لە مەقولەکانی هەستیاری. ئەو مقولەیە وەکو بنەما و بنەڕەتی هەستێکە لە ڕێز کە باوەڕدار داگیردەکات. هەروەها بە زمانێکی سایکۆلۆژی و ئەدەبیانە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (پیرۆز سیفەتێك نییە بدرێتە پاڵ شتەکان، بەڵکو پێدراوێکی نهێنییە، کاتێك شتەکان یان هەبووەکان لێی پڕدەبن، ئەوا ڕەنگی ئەو سیفەتە دەگرن). هەر بۆیە لای (کایوا)، پیرۆز هەستیارییە، ئەمەش وزەیەکە یان هێزێکی نادیاری ناوەوەیە و تەنها لە ڕێگەی خۆیەوە ناتوانرێ پێناسەبکرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی بە (ئاسایی–دنیایی)یەوە هەیەتی پێناسەبکرێت. دواتر (کایوا) دەڵێت: ((پیرۆز لە وێنە سادە و بنەڕەتی و سەرەتاییەکانیدا، وزەیەکی ترسناك پێکدێنێ، دەستی تێگەشتنی پێناگات، کێوییە و دەستەمۆنابێت، زۆر چالاك و کاریگەرە)). بۆ وردتر تێگەشتن لە بۆچوونەکانی (کایوا) لەسەر چەمکی (پیرۆز)، بڕوانە: ( رِوجیە کایوا، الانسان و المقدس، ت: سمیرة رِیشا، المنظمة العربیة للترجمة، بیروت، ٢٠١٠، ص٣٧ الی ٤٠).

[٢] ماریو پای، أسس علم اللغة... ص٢٠٦.

((ئەرکی سەرەکیی بەکارهێنانی زمان، لە سرووتە دینییەکاندا بریتییە لە مانەوە یان بەدواداچوونی پێوەندیی تاك بە ئافرێنەرەوە، وەك چۆن ئەرکی لابەلاشی هەیە، ئەویش پتەوکردنی پێوەندییە لە نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵەی بڕوایان بە یەك دینی دیاریکراو هەیە. ئەو زمانەی لە ڕێوڕەسمە دینییەکاندا بەکاردێت، مەبەست لە واتای کتومتی وشەکە نییە، بەقەد ئەوەی مەبەست لێی، تەنها بەکارهێنانی شێوگی دیاریکراوی یەکگرتووە، کە لەناو ئەو کۆمەڵەدا ناسراو و بڵاون. ئێمە لێرەدا تەنها قسە لەسەر زمانی کتێبە ئاسمانییەکان ناکەین، ئەم کتێبانە بەسروشتی خۆیان چەسپیو و نەگۆڕن و کۆمەڵی دینی، بەهەموو وزەیەوە، بۆ نەگۆڕان و مانەوەی، پارێزگارییان لێدەکات، بەڵکو ئەو زمانەش دەگرێتەوە کە لە دانانی مرۆڤ خۆیەتی، وەك زمانی بانگ و نوێژ لە دینە جیاوازەکان و گوتاری هەینیدا، یان یەکشەممە و زمانی بۆنە جۆراوجۆرەکانی؛ وەك مارەبڕین(عَقد القِران) و جیابوونەوە و مردن و ناشتن و پرسە و پیرۆزبایی لێکردن و سوێندخواردن و زمانی پرسیارکردن(لغة السؤال)، قسە دەستپێکردن، دواتریش زمانی سۆڤ و زاهیدەکان و و زمانی فالگرەوە و هاوشێوەیان.

ئەم جۆرە زمانانە، هەندێك تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، وەك بەکارهێنانی وشەگەلی لێڵ و تاریك و سوودوەرگرتن لەو توانا دەنگییانەی لە زماندا هەن، تا بتوانن ئاوازی مۆسیقایی تایبەت بدەن بەو زمانانە و بەکارهێنانی ڕەمز و میتافۆڕ، بەشێوەیەکی فراوان سوودی لێوەربگرن. هەروەها ئەم زمانانە بەوەش جیادەکرێنەوە پارێزگارییەکی بەهێز لە مانەوەی خۆیان دەکەن، بە شێوەیەك دەقێکی دیاریکراو لە توانایدایە سەدان ساڵ بەکاربێت، بێ ئەوەی لێی بگۆڕدرێت یان جێی بگیرێتەوە.

هەر بەهۆی گرنگیی واتای پیتبەپیتی ئەم دەستەواژانەوە لەبەکارهێناندا، دەگاتە ئەوەی لە ئێستای بۆنە ئاینییەکان زمانێکی نەناسراو، دەبێتە زمانی ڕەسمیی ئەو بۆنانە، بۆ نموونە بۆ سەدان ساڵ و هەتا ئەم دواییانەش بەکارهێنانی زمانی لاتینی لە سرووتە دینییەکاندا، لای زۆربەی ئاینزا کاسۆلیکییە مەسیحییەکان باوبوو، یان بەکارهێنانی زمانی سانسکریتی بۆ سرووتە دینییەکان لای هیندییەکان و زمانی قیبتی لای مەسیحییە قیبتییەکانی میسر و زمانی عەرەبی لە ناو سرووتە دینییەکانی ئەو موسوڵمانانەی عەرەبی نازانن))[1]. جا لەبەر ئەوەی زمانی ستانداردی عەرەبی، سەرچاوەی دروستبوونەکەی قورئانە، بە سروشتی خۆی هاتنی وشەکانی قورئان بۆ ناو زمانی کوردی هەڵگری تەمومژن، چونکە زمانەکە لە بنەڕەتدا زمانێکی ترە، بۆیە لە زمانی ئاینیدا پێویستی بوونی تەمومژ، یەکێکە لەو هۆکارانەی زۆر وشەی قورئانیی هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە.

لە زمانی ئاینیدا باسکردنی ئەوەی بە جیهانی پەنهان(سر) و نادیار(غەیب) ناودەبرێت، لە خۆیاندا لە دنیای هزر و بگرە لای سۆفییەکانیش پڕن لە تەمومژ و لێڵی، هەر بۆیە لەزماندا بە تەلمیح و ئیحا و ڕەمز

---

[1] د.نایف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة_الكويت، ١٩٧٨، ص١٧٢_١٧٣.

ئاماژەی پێدەکرێت، چونکە لە تواناندا نییە ئەو جیهانە بەرجەستەبکرێت و زمان بۆ خۆی توانای بەرجەستەکردنی نییە و کەسەکان تەنها وەك ئەزموونی تاکە کەس پەیپێدەبەن، بۆیە تەنها وەك ئەزموونی کەسیی دەمێنێتەوە، چونکە ئەو؛ دنیای داپۆشراوە، دنیای ناکۆتایە و دنیای ئەزموونی تاکە کەسە.

زمانی ئاینی زمانێکی یەکگرتوی یەکڕەوت نییە، تا بتوانین ئێمە بەرجەستەی بکەین، بۆ نموونە زمانی ئاین لای سۆفییە گەورەکان بەستراوەتەوە بە زاراوەی وەسفنەکراو(اللاموصوفية–incffability)، ئەم زاراوە بیرۆکەی ناکۆتا( اللامتناهی– خوا لە بیری سۆفیگەریدا) لەخۆدەگرێت، بەپێی پرەنسیپی سۆفیگەری قابیلی وەسفکردن نییە. ئەوەی دەتوانرێت لە باشترین حاڵدا لەسەر ناکۆتا بوترێت، بریتییە لەوەی ناکۆتا ئەم شت و ئەوی تر نییە، واتە: هیچی لەگەڵ ناکرێت تەنها ئەوە نەبێت، کە بە هەبووە نێگەتیڤەکان بەرجەستەی بکەین. دنیای ئەو دنیای پەنهان و ڕاستییەکانە، کە بە پەنهانیی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە؛ ناکرێت ئەریێ بکرێت و بسەلمێت، بەڵکو تەنها ئاماژە بۆ کردنی بە دزەنیگا(تلميح) و ئیحا و ڕەمز دەکرێت[١]، بۆیە لێرەوە بە تەواوی لەوە دەگەین کە ناکۆتا بەمانای پیرۆز(مقدس)دێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، پیرۆز لەخۆیدا پڕ تەمومژە، سرکە و دەستەمۆناکرێت، هەستیارە و تەواو نائاساییە. بۆیە لای سۆفییەکان زمانی ئاین، دەبێتە زمانێکی پڕ میتافۆڕ و ناڕوون و زۆر جار لە ڕێساکانی زمان خۆی لادەدات. ئەم تەمومژە لە زمانی دینیدا هەیە، هۆکەی ئەوەیە خودی ستراکچەری دین، هەڵگری ئەم تەمومژەیە، چونکە دین لە پیرۆز دەدوێت.

زۆر جار تەمومژی زمانی دینی لای واعیزێکی دینی دەبێتە سیحری وشە، واعزی دینی لەبەر ئەوەی بە چەمکی مەجاز، لە زمانی ئاین ناڕوانێت و هەمیشە دەیەوێت ئاین بکات بە چیرۆك و لە گوێگرەکانی بگەیەنێت، بۆیە ئەم میتافۆڕانە بە نەزانراوی لای دەمێننەوە و تەنها وەك پەنهانێکی خوایی لێیان دەڕوانێت، ئیتر لەم تەمومژەوە دەتوانێت چەندین تەئویلی تر تێکەڵ بەدین بکات و بە ڕۆژگاری خۆیەوە گرێی بداتەوە. تێگەیشتنی پیتبەپیت بۆ وشەکانی دین، زۆر خۆی بە وشە تەمومژاوییەکانی دینەوە سەرقاڵ ناکات و ئەو زیاتر چێژ لەو وشانە وەردەگرێت کە خێرا واتا بەدەستەوە دەدەن و لە گومان ڕزگاری دەکەن.

---

[١] بڕوانە: عادل ضاهر، الشعر و الوجود، دار المدى للثقافة و النشر_سوريا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، ص٣٢ _ ٣٣.

هەندێك پێیان وایە ناكرێت لەسەر بنەمای زمانی ئاسایی، لە زمانی ئاینی بگەین، بۆ نموونە: كاتێك پیاوێكی ئاینیی مەسیحی، لە نوێژێكی ئێوارە خوانی خوایی(العشاء الرباني)[1]دا، نانێك و شەرابێكی بەدەستەوەیە و دەڵێت:"ئەمە جەستەی یەسوعە و ئەمەش خوێنەكەیەتی"، سادەییە ئەم وشانە بە واتا كتومت و ڕۆژانەییەكەی وەربگرین. لە كاتی ئاساییدا ئەگەر بە شتێكمان وت ئەمە جەستەو خوێنی كەسێكە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر ئێمە ویستمان شتێك ڕاڤەبكەین، ئەوە دەبینین ئەوە ئاوێتەیە لە گۆشت و خوێن. شتێكی نەكردەیە كەسێك وابزانێت، لە كاتی نوێژی ئێوارەخوانی خواییدا ئەو نان و شەرابە بەو مانایە بەكارهاتووە[2]. ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت زمانی دینی، هەموی زمانی میتافۆر(استعارة)بێت، ئەگەر وابێت، ئەوە زمانی دین یەكپارچە دەبێتە زمانی شیعر. ئیتر لێرەوە دین جەوهەرێك لە جەوهەرەكانی خۆی لە دەستدەدات، كە بریتییە لە دەمبردن بۆ هەقیقەت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین بەشێكی زمانی دین زمانی میتافۆرە و بەشێكی زۆریشی وەك زمانی ڕۆژانەی هەموان زمانێكی ئاساییە.

(لو دڤیگ ڤیتگنشتاین_١٨٨٩_١٩٥١) تیۆرێكی هەیە لەسەر واتای وشە، ئەو ئەوەی بەلاوە شیاونەبوو، وا مامەڵە لەگەڵ واتای وشە و ڕستەدا بكرێت، وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ بە دنیاوە لكابن، وەك چۆن كارتی ناونیشانی شوێنەكان ڕاستەوخۆ بە وێنەی هەمان شوێنەوە لكابێت، ئەمە وەك ئەوە وایە لە ڕستەی "پشیلەكە لەسەر حەسیرەكە هەڵتوتاوە،" بەپێی هەردوو وشەی "پشیلەكە و حەسیر" بێت، ڕەنگە ئەمە پەیكاڵبێت لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، بەڵام كێشەكە لەوە ئاڵۆزترە، بۆ نموونە كە دەڵێین:"جوان یارییدەكات"، ئەو یاساو ڕێسایانە چین ئەوەمان بۆ ڕۆشندەكەنەوە، كە ئەم وشانە پەیكاڵی دنیای ڕاستەقینەن؟ ئەگەر مەبەست لە"جوان" كەسێك بێت، ئەوە ئەم وشەیە پەیكاڵی دنیای ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەو یاسایە چییە ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە مەبەست لە وشەی"یاریی" چییە؟ لای (ڤیتگنشتاین) واتای وشە، واتایەكی كشاو و شێوە دەڵەمەیی هەیە و ناتوانین تەنها بەچەند یاسایەك واتای وشە دەستەمۆبكەین.

---

[1] لای مەسیحیە كاسۆلیكەكان ئێوارە خوانی خوایی ئەو جۆرە نوێژەیە، كە گوزارشتە لە (پارچەیەك نان+ پێكێك شەراب)، لای كەسی كاسۆلیكی، خواردنی نانەكە با تامی نانیش بدات خواردنی جەستەی مەسیحە. خواردنەوەی شەرابەكە، با تامی شەرابیش بدات خواردنەوەی خوێنی مەسیحە، دەبێت باوەڕدار بڕوای بەمە هەبێت، با تام و بۆنەكەشی پێچەوانەی دونیای ڕاستەقینەبێت.( بڕوانە: سعود بن عبد العزیز الخلف، دراسات في الادیان الیهودیة و النصرانیية، أضواْ السلف، ١٩٩٧م، الطبعة الاولی، ص٢٧٠).

[2] بڕوانە: جولیان باجیني، الفلسفة، موضوعات مفتاحیة(المعرفة، ألاخلاق، الدین، السیاسة)، ترجمة: أدیب یوسف شیش، دار التكوین للتألیف و الترجمة و النشر_سوریا، الطبعة الاولی_٢٠١٠م، ص٢١٠.

بۆچوونەکەی ڤیتگنشتاین ئەوەیە، کە بەکارهێنانی وشە بەشێوەیەکی ڕاست، وەك ئەوە وایە کەسێك، بۆ نموونە، بیەوێت یاریی تۆپی پێ فێربێت، بەو شێوە فێرنابێت کە هەموو شت لە یاساکانی تۆپی پێ و مێژووی ئەم یاریە و جۆری تۆپەکە بزانێت، بەڵکو ئەو کاتە فێردەبێت کە بچێتە ناو یاریگاوە و لەگەڵ یاریکەرەکانی تردا یاریی بکات. بە هەمان شێوەش، ئەگەر کەسێك بیەوێت بەشێوەیەکی ڕاست و سەرکەوتوو وشە بەکاربهێنێت، پێویستی بە مێژووی ئەم وشە و پەرەسەندنە جۆربەجۆرەکانی لەڕووی فۆرم و واتاوە نییە، بەڵکو پێویستە ئەو کۆنتێکستانەی کە ئەم وشەیەی تێدا بەکاردەهێنرێت فێرببێت.

بەپێی بۆچوونەکەی ڤیتگنشتاین بێت، بۆ ئەوەی لە وشەیەك بگەین، نابێت لە فەرهەنگدا بەشوێن واتای کۆنکرێتیی وشەکە بگەڕێین و تەواو، بەڵکو دەبێت بە شوێن بەکارهێنانەکانی ئەم وشەیەدا بگەڕێین. کە فێریش بوین؛ دواتر بەکارهێنانی وشەکە لە کۆنتێکستە جۆراوجۆرەکاندا، پشت بە لێهاتویی و کارامەیی ئێمە دەبەستێت.

دیدی ئەم فەیلەسوفە چ پەیوەندییەکی بە زمانی دینەوە هەیە؟

ئێمە بۆ ئەوەی لە پێوەندیی نێوان "خوێن" و (شەرابی خوایی) بگەین، دەبێت چۆنییەتی بەکارهێنان و پێوەندیی ئەم دوانە، لە ناو ئەو گروپە دینییەدا درکپێبکەین، کە ئەم دوانەیان بەم شێوە بەکارهێناوە، خوێن لای ئەم گروپە دینییە؛ بەو بەکارهێنانە مانایەکی پیرۆزی هەیە و بەکارهێنانی لە نوێژی ئێوارە خوانی خواییدا، تەنها ناتوانین لەسەر بنەمای میتافۆر یان زانست لێی تێبگەین، تاکە ڕێگە بۆ تێگەیشتن لەبەکارهێنانی ئەم وشەیە، دەبێت لەناو ئەم گروپە دینییەدا بژین، کە بەکارهێنەری ئەم وشەیەن و خۆمان فێربین بەکاری بهێنین. بۆیە وەك چۆن لە یاریگادا نەبێت یاریی تۆپی پێ ناتوانیت فێربیت، بەهەمان شێوەش ناتوانیت چۆنێتی بەکارهێنانی زمانێك فێربیت، تا لە ناو ئەو کۆمەڵە زمانییەدا نەژیت و بەکاری نەهێنیت[1].

[1] بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە لەسەر واتای وشە ورد و سەرنجڕاکێشن، بەڵام ئەمە ڕێ بۆ ئەوە خۆشدەکات کە تۆ قسەت لە سەر بۆچوونی گروپێك کرد، هەر زوو ئەو گروپە وڵامت بدەنەوە و بڵێن: تا نەیتە ناو ئێمەوە، ناتوانیت لە ئێمە بگەیت! خۆ ئەگەر ویستت لەسەر هەر وشەیەك قسەبکەیت، یەکسەر وەڵامیان ئامادەیە و ڕەنگە بڵێن: تۆ نازانیت ئەم وشانە چۆن لەنێو زمانی ئێمەدا بەکاردێت!
هەروەها ڕەنگە ئەم بۆچوونانە ڕێگە بۆ ئەوە خۆشبکەن، کە بۆچوونی"ڕێژەیی‌بوونی زانیاری" سەرهەڵبدات و پێوانەی یونیڤێرساڵی بۆ قسەکردن لەسەر شتەکان شکنەبەین و هەر گروپە و خاوەنی ڕاستییە تایبەتییەکانی خۆی بێت. بۆ نموونە، چەمکەکانی"ڕاستی، درۆ" ئەمانە بەوە ناپێورێن کە دەیڵێن و گومانمان هەیە لەسەر شتێك یان ڕووداوێك، بەڵکو ئەم دوو چەمکە ئەخلاقییە، پەیوەستن بە پەیکاڵبوون لەگەڵ دونیای ڕاستەقینە، واتە: کاتێك دەزانین شتێك درۆیە یان ڕاستە، ئەگەر بۆمان ڕوونبویەوە کە لە دونیای ڕاستەقینەدا ئەو شتە ڕویداوە یان نا؟! ئەمەش لەخۆیدا بەتیۆرەکەی ڤیتگنشتاین ناپێورێت.) بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە: (جولیان باجيني، الفلسفة، موضوعات مفتاحية... ص٢١٠_٢١٤).

لێرەدا، ئەم بۆچوونەی (ڤیتگنشتاین) بۆ ئەوە سوودی لێوەردەگرین، وشەیەك لە قورئانەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، مەرج نییە تەنها بە گەڕانەوە بۆ واتا قورئانییەکەی ئەو وشەیە، بتوانین لە واتای بەکارهێنراوی ناو زمانی کوردی بگەین، بەڵکو دەبێت بێینەوە ناو کوردو فێری بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ناو ئەم زمانەدا ببین، لەوێوە لە لێهاتویی لەبەکارهێنان و ئەو واتایانەی وشەکەش لە ناو زمانی کوردی دەگەین، کە مرۆڤی کورد بەکاریهێناوە، هەر لێرەشەوە لەوە دەگەین کۆمەڵێك وشە هەن، تایبەتن بە ئیسلامەوە و بۆ ئەوەی ئەم دینە لە ناو گەلێکی وەك عەرەبەوە، بچێتە ناو گەلێکی تری وەك کورد، دەبێت ئەم ئاینە لەگەڵ چوونی بۆ ناو گەلی کورد، کۆمەڵێك وشەی تایبەت بە خۆی لەگەڵ خۆی بردبێت، واتە بۆ ئەوەی گروپێکی ئاینی لە ناو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دروستبێت، پێویستە کۆمەڵێك وشە و زاراوە، کە سیستمی بیرکردنەوەی ئاینی ئەم گروپە دروستدەکەن، بپەڕێتەوە بۆ ناو هەموو ئەو نەتەوانەی لە ناو ئەو گروپە دینییەدا ئەندامن، وشەی (ئیسلام) بۆ خۆی، یەکێکە لەو وشانەی کە پێویستیی واتایی تایبەت هێناویەتە ناو زمانی کوردییەوە، هەروەها تەنها وەك نموونە، هەمان مەسەلە بۆ هاتنی وشەیەکی وەك (قورئان) یش هەر ڕاستە، کۆی وشەو زاراوەکانی سیستمی ئاقیە(عقیدة)ی ئیسلامی، هەمان پێویستی هێناونی و زۆرینەترین وشەکانی تایبەت بە دۆگماکانی ئەم ئاینە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

## ٢ ئەرکەکانی زمانی ئاین

ئەرکی زمانی پیرۆزکراو لە لایەکەوە گرێدراوە بەو پێوەندییە تایبەتییەی کە لە نێوان بەندە و پەروەردگارەکەیدا هەیە، لە لایەکی تریشەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت تاك هەوادارە بۆ خێزانێکی ئاینیی دیاریکراو. ((کاتێك کەسێك کە دەڵێت:"السلام علیکم" یان"بسم الله الرحمن الرحیم" یان"لا حول و لا قوة الا بالله العلي العظیم"، یەکسەر ئەوە دەگەیێنێت ئەم کەسە، سەر بە کۆمەڵگەی ئیسلامییە، بەڵام یەکێکی تر کە دەڵێت:" بەناوی باوك و کوڕو گیانی پیرۆز– باسم الاب و الابن و الروح القدس" یان" الرب حافظك"، ئەمە ڕاستەوخۆ واتای ئەوە دەدات، کە ئەم کەسە سەر بە کۆمەڵگەی مەسیحییە، ئەمەش بەچاوپۆشی لەهەر یەك لە واتا کتومتەکانی هەر یەك لەو دەستەواژانە))[1].

زۆر جار لەناو کۆمەڵدا بەکارهێنانی زمانی ئاینی، بۆ دروستکردنی گروپی دینییە و بەکارهێنانی وشە دینییەکان دەبێتە بەشێك لە شوناسی دینی و هەواداریی بۆ ئاینێك یان ئاینزایەکی دیاریکراو یان بۆ گروپێکی ئاینی لە ناو ئاینێکی دیاریکراودا. ئایندارەکان کاتێك وشە دینییەکان بەکاردەهێنن، هەست

[1] بڕوانە: نایف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة المعاصرة... ص١٧٣ _ ١٧٤.

بەبوونی گروپێك دەكەن لە ناو كۆمەڵدا، زمان هۆكارێكی بەهێزە بۆ سەلماندنی بوون و دروستكردنی پێگەی كۆمەڵایەتییان، دروست وەك ئەو هەستەی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵاتی خۆی، گوێی لە كەسێك دەبێت بە زمانەكەی ئەم بدوێت و ئەم هاوزمانییە، هەستی لێكترنزیكبوونەوەیان لا دروستدەكات. ئەم هەستكردنەش لەناو دیندارەكاندا وەك جۆرێك لە یەكترناسینەوە و خۆجێكردنەوە و نەرمونیانی نواندن و خۆجیاكردنەوە دێت لە گروپە كۆمەڵایەتییەكانی تر. هەر لێرەشەوە، زمان دەبێت بە بەشێك لە شوناس، بەڵام ئەم جارە شوناسی دینی پێدروستدەكرێت، نەك شوناسی نەتەوەیی.

((ئەركێكی تری زمان، ئەوەیە مرۆڤەكان دەیانەوێت بەردەوام و بەشێوەیەكی ڕێكخراو، دەستبگرن بەسەر دەوروبەرەكەیاندا و لەوێوە فەرمان دەربكەن و كۆنترۆڵی هەڵسووكەوتی ئەوانی تر بكەن))[١]. لە ناو كۆمەڵدا، پێوەندیی زمان و دەسەڵات پەیوەندییەكی بەهێزە و هەركەس توانی ببێتە سەرداری وشە، ئەو كەسە دەشبێتە سەرداری كۆمەڵ. لە كوردەواریدا ئەم حاڵەتە بەهێز دیارە و پێوەندیی زمان و دەسەڵات بەڕوونی هەستپێدەكەین، بۆ نموونە: كۆمەڵێك كە دەچێت بۆ شوێنێكی تایبەت، یان وەك نوێنەری گروپێك یان ناوچەیەك خۆیان دەنوێنن، جاری وا هەیە پێیان دەوترێت:( كێ قسەكەرتانە؟)، لێرەدا قسەكەر خاوەنی دەسەڵاتیشە و بەڕوونی ئەوە دیارە ئەوەی خاوەنی وشە و قسەیە، خاوەنی بڕیارە و لەوێشەوە خاوەنی دەسەڵاتە.

لە ناو كۆمەڵێكیشدا، كە هەستی ئاینی هەستێكی بەهێزە و توانای ئاراستەكردنی كۆمەڵی هەیە، بەكارهێنانی زمانی ئاینی و وشە ئاینییەكان هۆكارێكن بۆ سەلماندنی ئەوەی، كە ئەم خاوەنی زمانی دینییە و لەوێشەوە خاوەنی دەسەڵاتە، واتە: لەو كۆمەڵگە دینیانەدا، زمانی ئاینی دەبێتە سەرچاوەیەكی بەهێزی هەژموونی كۆمەڵایەتی و ڕێگەیەكە بۆ ئەوەی تاك بتوانێت لەسەرداربوونی وشەوە؛ هەنگاو بۆ سەرداربوونی كۆمەڵایەتی بنێت. لای واعیز و پیاوی ئاینی، بۆ ئەوەی قسەكانی كارییگەریی زیاتر جێبهێڵن، پێویستیان بەوە هەیە بتوانن كۆنترۆڵی هەستی ئاینی گوێگرەكانیان بكەن و وەك خاوەن دەسەڵاتێك، كە توانای بزواندن و ئاراستەكردنی گوێگر و بینەرەكانیان هەیە، پێویستە كۆنترۆڵی زمانی ئەو ئاینە بكەن و بتوانن وشە و زاراوەكانیان بخوازن و بەكاریان بهێنن، كەواتە هەوڵدان بۆ هەژموون و دەستبەسەرداگرتن بەسەر دەرونی بەرانبەردا، هۆكارێكی سەرەكییە بۆ خواستنی وشەكانی زمانی پیرۆز بۆ ناو زمانێك كە نەبۆتە زمانی ئاین و ڕەسمییەتی پیرۆزیی لە ئاینێكەوە وەرنەگرتووە و زمانێكی ئاساییە.

---

[١] المصدر نفسه... ص١٧٤.

لەبەر ئەوەی ئاینی ڕەسمی[١]، لە لایەکەوە نەیتوانیووە و ناتوانێت ئەو دنیابینییەی ئەو ناویناوە(ڕۆژی پەسڵان_یوم الاخرة)، بە شوبهاندن نەبێت لێیان تێبگات و ڕوونیان بکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی گەوهەری ئاینە یەکتاپەرستەکان، بە دەوری بیری (خودا) دا دەسوڕێنەوە و ئەم گەوهەرەش گەوهەرێکی نەبینراوی نابەرجستەیە و بە نادیار(غیب) ناودەبرێت، یان گیان(ڕوح) لەخۆیدا لای مرۆڤ؛ دنیایەکی شاراوە و پەنهانە، بۆیە ئەو زمانەی لەم چەمکە دەدوێت، بەپێویست دەبێت زمانەکەی ناڕۆشن و جۆرێك بێت لە زمانی تەمومژاوی، بۆیە زمانی ئاینی؛ پڕە لە گوزارشتکردن بە تەلمیح و ئیحا و ڕەمز. واتە: زمانی ئاینی، لەبەر ئەوەی هەمیشە پێیەکی لە ناو  نادیار و ناڕووندایە، بۆیە بۆ گوزارشتکردن لەو دنیا ناکۆتاو ناڕوونە، پێویستی بە زمانێکی تەمومژاوی هەیە و بیەوێت یان نا، دەکەوێتە بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانەوە.

لای پیاوانی ئاینی و فاڵچی و جادوگەرەکان، زمانی تەمومژاویان لە یەکتریەوە نزیکەو ئەم هونەرەی زمانیش لە ناویاندا جۆرێکە لەناوکۆیی، هەمیشە بۆ تێگەیاندنی بەرانبەر بەکارنەهاتووە، بەڵکو زۆر جاران لای ئەم کەسانە سوودی لێوەرگیراوە بۆ جێهێشتنی کاریگەریی لەسەر ئەوانەی پێیان سەرسامن، واتە: ئەم تەمومژە لەخۆیدا هێزی بەم زمانە بەخشیوە، نەك لاوازی کردبێت، چاوگەیەك بووە بۆ هەژموون و سەلماندنی دەسەڵات. هەروەها ئەم شێوازەی زمان، زۆر بەهێزە بۆ شێوازی ڕازیکردنی کەسەکان، ئیقناعکردنێك؛ لە تێگەیاندنی گوێگرەکانەوە بۆ بابەتە دینییەکان هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو ئەو ڕازیکردنەی کە لە دەستەمۆکردن و بێهێزکردنی کەسەکانەوە هاتووە، بێهێزکردنێك هەستێکی وا لای مرۆڤەکان دروستدەکات، ئەمان لەوە بچووکترن لەو نهێنیانەی ئەم زمانە بگەن، بۆیە گەورەیی بیر و وشەکان و بچووکی تێگەیشتنی ئەم، وادەکەن ئەم نەتوانێت لەو لێڵی و تەمومژە زمانییانە بگات. ئیتر ئەم هەستە وا دەکات، مرۆڤ تووشی ئەبڵەقبوون و جۆرێك سەراسیمەبوون(انبهار)ببێت، سەراسیمەبوونێك لای گوێگر

١ ئاینی ڕەسمی، مرۆڤ لەو کاتەی لە مەملەکەتی ئاژەڵ جیابویەوە، دینیش وەك دیاردەیەك هاوکۆڤ بووە، بەڵام دامەزراوەی ئاینی دیاردەیەکی نوێیە و بە سەرهەڵدانی ژیانی شارەوە پەیوەستە، ئەو شارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانیش تێیدا پەرەیسەند، بەتایبەت لەم کاتەدا ئابووریی گەشەیکرد و بەشی ئەوەی دەکرد کۆمەڵێك کەس بەکاروباری ئاینەوە تایبەتمەندبن. ئەم دامەزراوە ئاینییە، شانبەشانی دامەزراوەی سیاسی گەشەیکردووە، واتە: دامەزراوەی ئاینی، پێش پەرەسەندینی کشتوکاڵ، بوونیادێکی سەرەکیی نەبووە لە بوونیادەکانی دین، بەڵکو بەهۆی پەرەسەندنی کاروبارەکان، کاروباری ئاینیش شانبەشانی دامەزراوەی سیاسی، ئەمیش بووە بە دامەزراوە و پەرەیسەندووە. ئەم دامەزراوانە، خۆیان بەخاوەنی گۆتاری ڕەسمیی ئاینیی ناو کۆمەڵ دەزانن، کەواتە مەبەست لە ئاینی ڕەسمی، ئەو گوتارە زاڵە ئاینەیە کە توانیویەتی دەست بەسەر تێگەشتنی ڕەسمیی ئاین بگرێت و لە دامەزراوەی تایبەت بەخۆیدا؛ خۆی ڕێکخستوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:( فراس السواح، دين الانسان: بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني،  منشورات دار علاء الدين_ سورية، الطبعة الرابعة_٢٠٠٢، ص ٤٠).

ڕێگە لە بیرکردنەوە دەگرێت و بێ بیرکردنەوە، زوو بەهزرو دیدە تەمومژاوییەکان کەوی و دەستەمۆبکرێت.

زۆرجار مانەوەی ئاین و نەفەوتانی وابەستەیە بە زمانێکی پڕ تەمومژ بۆ ئێستای ئایندارەکان، ئەو ئێستایەی زۆر لە مێژوی پێوەندیی دروستکردنی زمان و ئاینەکەوە نزیکە. هیچ کات ئاینی مەسیحی کاسۆلیکی ڕۆمانی، بەوە بێهێز نەبووە، زمانی ئاینییەکەی زمانی لاتینی بووە، کە زمانی ڕۆژانەی هیچ لە ئیماندارە مەسیحییەکانی ئەوسا نەبووە. مەسیحییەکانی میسر، کە زمانی ئاینیان قیبتییە و تەنها لە مەراسیمە ئاینییەکاندا ماوەتەوە و بەکاردێت، تەمومژی بۆ شوێنکەوتوان دروستکردووە، بەڵام ئەم تەمومژە، ئیمانی ئیماندارەکانی لاوازنەکردووە، ئەگەر بەهێزی نەکردبێت. زمانی سانسکریتی کە لە ڕابردودا، لای هیندییەکان زمانی کۆنی ئاینی هیندۆسی بووە، زمانی عیبری لای یەهودیەکان و دورکەوتنەوەی لە بەکارهێنان و دورکەوتنەوەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی عەرەب لە دیالێکتی قورئان، هیچ یەك لەمانە نەبوونەتە هۆی بێهێزکردنی ئیمانی ئایندارەکان، لای گەلە موسوڵمانە ناعەرەبەکان، عەرەبیبوونی زمانی قورئان و تێنگەیشتن لەو زمانە، کاری نەکردۆتە سەر لاوازکردنی بڕوایان، ئەگەر بەهێزی نەکردبێت، بگرە زۆر جار وەك شێوازێك بۆ ڕازیکردن بەکارهاتووە و کەڵکی لێوەرگیراوە.

لە ناو ئایندا هێزی ئیحای وشە، کایەیەکی گرنگە و کاریگەریی هەیە لە دروستکردنی جێکەوت لای کەسەکان و لەوێشەوە دروستکردنی کاریگەریی لە کەسەکاندا، بەرزکردنەوەی دەنگ و نزمکردنەوەی و خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان، ڕێگەیەکە بۆ جێهێشتنی کاریگەریی لە دەرونی کەسەکاندا. خوێندنەوەی بەئاوازی دەقە دینییەکان، لە ناو زۆر لە ئاینەکاندا، یاخود جێبەجێکردنی زۆر لە سرووتە دینییەکان، لە ناو هەندێك ئایندا، بەئاوازێکی تایبەت و کاریگەر هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئیحا و مۆسیقای وشە لەخۆیدا ببێتە هۆکارێك بۆ جێهێشتنی کاریگەریی لای بەندە گوێڕایەڵەکان. لە ئێستاشدا لای مەلاکانی خۆمان، بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لە گوتاری هەینی خاڵیی نییە لەم مەبەستەو تەنها بۆ دروستکردنی زۆرترین کاریگەرییە لای ئامادەبوانی ئەم وتارانە.

باسکردنی تەمومژ لە ناو وشە ئاینییەکاندا، بۆ ئەوەیە بڵێین: هاتنی زۆر لە وشە قورئانییەکان، گرنگیی تەموژ و پێویستی تەمومژ هێناونییەتە ناو زمانی کوردییەوە، پیاوی دینی بۆ دروستکردنی سیحری وشە، پێویستی بەهێنانی وشەکانی زمانی پیرۆز هەبووە، تا زۆرترین کاریگەریی جێبهێڵێت.

لە ئاستی ڕەفتاردا ((دین ئەو کردەوە ئامانجدارانە دەگرێتەوە کە بۆ سۆز جووڵاندن و مەیلدەربڕینە بۆ ئەو هێزانەی لە مرۆڤ بڵندترن، مرۆڤ بڕوای وایە کە ئەم هێزە(یان هێزانە) ئاراستەی جووڵەی سروشت و

ژیانی مرۆڤی(یان مرۆڤیان) بەدەستە. بەمانای دوو ڕەگەزی پێکهاتەیی هەیە، یەکێکیان تیۆریە و پەیوەستە بە ئیمان بەو هێزانەی بە بانەوەن، ئەوی تریان کردەکییە و پەیوەستە بەکارکردنی مرۆڤەکان بۆ ڕازیکردنی ئەم هێزە بانمرۆڤانە))[1]. لە ئەقڵی دینیدا ئەم پەیوەندییە، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ستراکچەری زمانی دینی و وای لێدەکات زمان لە هەندێك شوێندا لە دوو ئاستدا بەکاربهێنرێت، ئاستێکیان ئاستی هێزێکی بچووکە، کە مرۆڤە و ئاستەکەی تریان هێزە باڵاکان یان هێزێکی باڵایە. لە هەردوو بارەکەدا قسەکەر هەر مرۆڤە، بەڵام مرۆڤێکی بێ دەسەڵاتی خاوەن ئاتاج بەو هێزە دەرەکییە! بۆ نموونە: زمانی پاڕانەوە لە دیندا، بە تەواوەتی ئەو حاڵەتەمان بۆ دەردەخات، زمانی (من)ی مرۆڤ، زمانی خۆ بچووککرنەوە و (ئەو) گەورەکردنە، زمانی خۆ بێ دەسەڵاتکردن و ئەو بەدەسەڵاتکردنە، زمانی خۆبەپەراوێزکردن و ئەو بەسەنتەرکردنە، زمان لێرەدا ئامرازێك نییە بۆ تەحقیقکردنی ئیرادەخوازی (من)ی مرۆڤ، بەڵکو زمان هۆکارێکە بۆ بێ ئیرادەکردنی مرۆڤ، لەچاو ئیرادەی (ئەو)ی بڵندو (ئەو)ی بێپایاندا. مرۆڤ لە کاتێکدا کە دەلاڵێتەوە و دەڵێت:( خودایە! تۆ خودا و خاوەنی هەموو شتی، من تەنها بەندەیەکی ڕوڕەشم!)، ئەم زمانە زمانی گفتوگۆی دوو ئاستە، جیاوازیی ئاستەکانیان ئەوەندە زۆرە بەراورد لە نێوانیاندا زۆر قورسە! بۆیە لە هەر شوێنێکی تردا، ئەگەر زمان لای مرۆڤ ئامرازێك بێت مرۆڤ بۆ دەسەڵات سەپاندن و سەلماندنی خود سوودی لێوەرگرتبێت، ئەوە لەپاڕانەوەدا زمانی بێ دەسەڵاتی و لاوازییە. ئەگەر لە شوێنی تردا بوونی زمان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤ، لەگەڵ گیاندارە بێزمانەکانی تر بێت، ئەوە زمانی پاڕانەوە لە ئاستی موقەدەسدا؛ زمانی بچووککردنەوەی مرۆڤە.

ئەم ستایڵە تایبەتە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ موقەدەس، هۆکارێکە بۆ هاتنی زۆر وشە و فرێز و ڕستەی قورئانی بۆ ناو زمانی کوردی، بۆ نموونە: (الحمد لله، أستغفر الله...)، ئەم دەستەواژانە و هاوشێوەیان، بەهۆی پێویستیی پاڕانەوەوە، بە ئامادەکراوی، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

## ٣ سیحری وشە لە زمانی ئایندا

ڕوونکردنەوەو مانەوەی سرووت و پاڕانەوە و سەڵاواتدان و بانگدان و زۆر لەمانە، بە زمانی ناڕوون، زۆر جار ئەفسوونی وشەمان بۆ دروستدەکات، سیحری وشە ئەوەیە تەنها بە بیستنی وشەکە نەك ماناکەی، بەڵکو لێڵیی ماناکەی و مۆسیقای خوێندنەوەکەی و هەموو بەکارهێنانە میتازمانییەکان، لەگەڵ

---

[1] فراس السواح، مغامرة العقل الاولى... ص١٩٠.

ئەو وشە ناڕوونانە، ئەو ئەفسوونە دروستدەکەن کە گوێگر و خاوەن باوەڕ، دەکەوێتە حاڵەتی سەراسیمەبوونێك، تەنها دەتوانێت سەری سوڕماوی بابدات، یان لەبەردەم هەژموونی بەهێزی ئەم حاڵەتە، تەنها بێدەنگی و گوێڕایەڵی و فەرمان جێبەجێکردن هەڵبژێرێت! سیحری وشە هەمیشە بە دوای خۆیدا کاریگەریی جێدەهێڵێت، کاتێك ئیماندار هەست بەوە دەکات چاوگەی وشەکە هێزێکی بڵندە، ئەم هێزەش لە لوتکەی پیرۆزیدایە، ئەم کاریگەرییە دەگاتە لوتکە!

سیحری وشە، لەوەدایە مرۆڤ خۆی وشەی دروستکردووە و هەر خۆشی کاریگەریی وشەی لەسەر دەبێت، واتە: وشە بەدیهێنراوێکی مرۆڤ خۆیەتی و کەچی جاری واش هەیە، دەکەوێتە ناو سیحری ئەم بەدیهێنراوەی خۆیەوە، بەدیهێنراوێك خۆی وا دەرناخات، ئەوە مرۆڤە وجودی پێداوە، بەڵکو خۆی نیشاندەدات وشە خۆی لەخۆیدا بۆ خۆی هەیە، وەك چۆن خواوەندەکان خۆیان لەخۆیاندا بۆ خۆیان هەن.

لەسەردەمی فرە خواوەندیدا پێویستییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ؛ خواوەندەکانی دەخوڵقاند، واتە: ئەوە مرۆڤەکان بوون خواوەندەکانیان بۆ ئاتاجەکانی خۆیان بەدیدەهێنا، کەچی دواتر خواوەندەکان وەك بەدیهێنەر، خۆیان نیشانی مرۆڤەکان دەدا. بەدروستی ئەمەش بەسەر وشەدا دەچەسپێت، وشە خۆی وا بۆ مرۆڤ دەردەخات، هەبوویەکە لەخۆیدا، نەك هەبوویەك بێت بۆ ئەو، هەبوویەکە خۆی خۆی ڕاگرتووە، نەك مرۆڤ ڕایگرتبێت، ئەمەش سەرچاوەی سیحری وشەیە، بۆیە مرۆڤ وا مامەڵەی ڕۆژانە لەگەڵ زماندا ناکات کۆپێی شتەکان بێت، بەڵکو وەك هەقیقەتی شتەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

زۆرجار بەکارهێنانی زمانی ناڕوون، ئەوەی لێدەکەوێتەوە لە زمانی ئاینیدا پەنا بۆ خواستنی وشەی بێگانە ببرێت، بەڵام ئەم وشانە لەزمانێکەوە دەخوازرێن، کە زمانەکە بۆتە زمانی پیرۆز، زۆرجار خواستنی وشە قورئانییەکان و هاتنیان بۆ ناو زمانی کوردی، ئەم پێویستییە خواستونی.

هەندێك جار پەنابردن بۆ هەندێك لە وشەی بێگانە، بۆ ئەوە نییە کەسەکە بیەوێت بیرێك بە بەرانبەر بگەیەنێت، بەڵکو بۆ شاردنەوەی هەژاریی بیری کەسەکان بەکاردێت و لەهەمانکاتیشدا، نەك هەر شاردنەوەی هەژاریی، ڕەنگە ئەم ناڕوونییە بە دەوڵەمەندی و زەنگینی هزریی، بە بەرانبەرەکانی بفرۆشێتەوە، لەم کاتەشدا وشە کاریگەریی زیاتر بەجێدەهێڵێت.

لە ئەفسوونی وشەدا، وشە وەك هێزێکی سەرەتاییە کە هەموو بوونی لێوە لەدایکدەبێت و ئەم هێزەی وشە لە ناو زۆر لە ئەفسانەکان و ئاینەکانیشدا کاری لەسەرکراوە و بەرزکراوەتەوە بۆ ناو دنیای دینی و دنیای پیرۆز(المقدس)، لە ناو زۆربەی ئاینەکاندا ئەو گێڕانەوانەی باسی خوڵقاندن(الخلیقة)یان کردووە، وا باسی وشەیان کردووە کە بە هێزی یەکەمی خوڵقاندنەوە وابەستەیە، ئەمەش یان وەك ئامرازێك(وشە)ی

بەکارهێناوە، یان وشە خۆی وا بەکارهاتووە کە چاوگەی سەرەکی خولّقاندنی هێزی یەکەمە، واتە: هەموو ئەفرێندراوەکان لەناو ئەمدا خولّقاون، لە تەوراتدا(پەیمانی کۆن) ئایەتێك بە ڕوونی ئەم مەبەستەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، دەڵێت : لەسەرەتادا وشە هەبووە.[1]

((لە لاهوتی میسریی کۆندا، لای خواوەند پتاح(ptah)[2] کە خواوەندی خولّقاندنە، لەڕێی (دڵ و زمان)ەوە فەرمانڕەوایی دنیا و خواوەندەکان و ئەوەی زیندووە دەکات. هەموو ئەوەی لە بووندا هەیە، لەڕێی (بیرۆکەیەك) لە دڵ و فەرمانێك لەزمانییەوە هاتۆتە بوون، (وشە)ی وەك ئامرازێك بۆ خولّقاندن بەکارهێناوە))[3]. لە ئیسلامیشدا هەر بە فەرمان و وشە، خودا بوونی خولّقاندوە و بە (کن فیکن)ێك بوون وجودی پێدراوە.

لای پارسەکان، بەپێی بووندەهیش[4]، شەڕ لە نێوان ئاهورامزدا و ئەهریمەن(ئانگرا مەینیو) سەرهەڵدەدات. ئاهورامەزدا بەهۆی خوێندنی بیست و یەك وشە لەنوێژدا، هێزی شەڕ پەیکەردەکات و وزەی تیاناهێڵێت و وای لێدەکات نەتوانێت ڕێگە لە کردەی خولّقاندن بگرێت و ئازاری ئەفرێنراوەکانی ئاهورامەزدا بدات. لێرەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وشە پێش خولّقاندنی مادی هاتووە.[5]

((لە ژیانی دینیی میسرییە کۆنەکاندا، ئەو بڕوا زۆر بڵاوبووە کە (ناو) هێزێکی سیحری تایبەتی تیایە))[6]. هێزی وشە و بوونی توانای سیحریی لەناودا، لای ئێمەش تا ئەم دواییانەش هەر مابوو، زۆر جار کە منالێك نەخۆشدەکەوت، پێیان وابوو بە گۆڕینی ناوی کەسەکە، زۆر جاریش لە کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی، بۆ نموونە: ناوەکانی هیوا بە جەلال و ئاوات بە ئەمیر، ئەو منالە لەو نەخۆشییە ڕزگاری دەبێت. لای عەرەبەکانیش ناوی خراپیان لە منالەکانیان دەنا، بۆ ئەوەی هێزە خراپەکان نەتوانن زەفەری

---

[1] في البدء كانت الكلمة، والكلمة كانت عند الله، وكانت الكلمة الله. هذا كان في البدء عند الله. كل شيء به كان، وبغيره لم يكن شيء مما كان. بڕوانە: يوحنا ١/١-٣

[2] خواوەند پتاح(ptah): لە ئەفسانە کۆنەکانی میسر، ٣٢٠٠ ساڵ پێش زاین، لە مێنف یان ممفیس، کە ناوی شارێکی کۆنی میسرییە، ١٥ کیلۆمەتر لە قاهیرەوە دوورە، پەرستگای بۆ دروستکراوە، بڕوانە: ١٩/ ٨/ ٢٠١٣ http://ar.wikipedia.org/wiki/ممفيس،_مصر

[3] أرنست كاسيرر، اللغة و الاسطورة، ترجمة: سعيد الغانمي، هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩م، ص٩٠ _ ٩١.

[4] "بووندەهیش" یان "بووندەهیشن""Bundahišn"ە ناوی کتێبێکە، بەزمانی پەهلەوی، دواین وێنەی کۆکراوەی لە سەدەی سێی کۆچیی مانگی تەواوبووە، Bundahišn واتای خولّقاندن یان ئەفراندنی بەرایی یان بنەڕەتی دەگەیەنێت، لەوانەیە ناوی بنەڕەتی کتێبەکە ((زنداگاهی))بێت، کە لەسەرەتای دوتوێی کتێبەکەدا وا هاتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم کتێبە بۆ ڕاڤەکردنی ئاڤێستا نووسراوە، لە ٣٦ بەش پێکهاتووە. بڕوانە: وێکیبیدیای فارسی: بندهشن/http://fa.wikipedia.org/wiki

[5] بڕوانە: أرنست كاسيرر، اللغة و الاسطورة... ص٩٢.

[6] سەرچاوەی پێشوو... لا٩٤.

پێببەن. ئەمەش بووە بە هۆی گۆڕینی  ناوەکە و لەوێشەوە گۆڕانی وشە و دەرگایەك بۆ گۆڕان لە زماندا. لەبەر ئەوەی قورئان وەك سەرچاوەیەکی ئیلاهی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە کاریگەریی و سیحری وشەکانی لەسەر مرۆڤی موسڵمان زۆرە، ئەم حاڵەتەش ڕێگەو هۆکارێکی ترە بۆ هاتنی وشەکانی قورئان بۆ ناو زمانی کوردی.

# بەشی سێیەم: گۆڕان و ململانێی زمانەکان

## ١ هۆکارەکانی گۆڕانی زمان

ئێدوارد ساپیر، دەڵێت:(( ڕێك وەك شەپۆلی دەریا؛ زمان ئاراستەی هەیە، جیاوازییە کەسییەکانە وا دەکەن کە زمان بەم لا یان بەو لادا ئاراستەی خۆی وەربگرێت))[١]. لێرەدا دەکرێت ئەوە بڵێین: لە ناو کۆمەڵدا ئاراستە جیاوازەکان هەر یەکەیان دەیەوێت شوێنپێی خۆ لەسەر زمان جێبهێڵێت. ئاراستە بەهێزەکان دەتوانن زۆرترین شوێنپێی خۆیان لەسەر زمان جێبهێڵن، بەهێزەکان لە کولتور یان زانست یان ئایدیا و ئاین یان دەسەڵات، ئەمانەن دەتوانن ئاراستەی ئاوی زمان و گۆڕانکاریی زمان، بەلای خۆیاندا کێشبکەن. ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێن، بۆ نموونە ڕەنگە لە قۆناغی پەرەسەندن و گۆڕان لە زمانێکدا، ئاین کاریگەریی باشی لەسەر گۆڕان لەو زمانەدا هەبێت، بەڵام ڕەنگە هەمان زمان لە قۆناغێکی مێژوویی تردا ناسیۆنالیزم کاریگەریی لەسەری زیاتربێت تا ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی تر.

لای (ساپیر)؛ شوبهاندنی زمان بە ئاو لەو ڕووەوە وردە، کە ئاو هەمیشە یەکێك لەسروشتەکانی ئەوەیە شێوەی ئەو دەفرە وەردەگرێت، کە تێی دەکرێت و ئاو نایەوێت و نابێت بووەستێت، بەڵام ئاراستەی جووڵەی ئاو ئەو دەفر و شوێنە دیاریدەکات کە ئاوەکەی تێدایە، واتە ویستێك لە ئاودا هەیە؛ نەوەستانە، ویستێکیش لەدەرەوەی ئاوەوە بۆی دیاریدەکرێت، کە شێوەی ئاوە. زمانیش بەهەمان شێوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بریتییە لە گۆڕان و جووڵە و نەوەستان، بەڵام ئاراستەی جووڵەکەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە دیاریدەکات، کە لە ناو کۆمەڵدا لە ململانێدان.

لەو ڕووەشەوە زمان لە ئاو دەچێت، کە مانەوەی ئاو و نەبوونی جووڵە تیایدا، وا لە ئاو دەکات ببێت بە هەڵم یان بۆگەن بکات و سروشتی ئاوبوونی خۆی ونبکات، زمانیش بەبێ گۆڕان و جووڵە، تووشی پووکانەوە و گۆشەگیری و لەوێشەوە مردن دەبێت.

---

[١] دکتورة مها محمد فوزي معاذ، انثروبولوجيا اللغة... ص١١٨.

ئاراستەی جووڵە لە ئاودا، ئاراستەیەکە ئاو خۆی دیاریناکات، ئەوە ڕاستە ئاراستەی سروشتیی جووڵەی ئاو لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، بەڵام جووڵەی ئاو ڕاست بۆ چەپ، ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا و بە پێچەوانەشەوە، سروشتی دەوروبەر و ڕێڕەوە ئاوییەکە بۆی دیاریدەکات، واتە ئاراستەی ئاو لەلایەن خۆیەوە کۆنترۆڵناکرێت، بەڵکو دەوروبەر بەتەواوی کۆنترۆڵی دەکات، بەڵام ئەم خاڵە لە زماندا تەواو جیایە، خەتەرە بۆ زمان، کە کۆنترۆڵی خۆی بەتەواوەتی بدات بە زمانێکی دەرەوەی خۆی، زمانی زیندوو؛ خۆی هێزێکی ناوەکی تێدایە، کە هەمیشە دەیەوێت گۆڕانکارییەکانی ناو خۆی، بەپێی سیستمە ناوەکییەکەی خۆی بێت، هەر کات ئەو سیستمە ناوەکییەی ناو زمان، لە لایەن زمانێکی ترەوە کۆنترۆڵکرا، ئەوە مەرگی زمانە کۆنترۆڵکراوەکە ڕاگەیەنراوە.

لێکچوونێکی تری نێوان ئاو و زمان ئەوەیە ئاو بەسروشتی خۆی، زوو تام و ڕەنگ و بۆنی دەوروبەری وەردەگرێت، هەر ڕەنگێك بکەیتە ناو ئاوەوە ئاوەکە ئەو ڕەنگە دەگرێت، زووش ئەو تامە وەردەگرێت کە تێی دەکرێت و بەهەمان شێوە زوو بۆنی دەوروبەرەکەشی وەردەگرێت، واتە: ئاو وەرگرێکی خێرایە.

زمانیش هەمان سروشتی ئاوی هەیە، زمان هەمیشە لەگەڵ ئەو دەوروبەرە خۆی دەگونجێنێت، کە تێیدا بەکاردێت، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی زمان بتوانێت پێویستییەکانی ئەوانەی بەکاری دەهێنن، لەو دەوروبەرەدا پڕبکاتەوە و لێرەشەوە وا دەکات وەك چۆن ئاو هەمیشە قابیلی گۆڕانە، زمانیش قابیلی گۆڕانبێت.

لەو شوبهاندنەی لە نێوان ئاو و زماندا کردمان، دەگەینە ئەوەی کە بۆ سروشتی زیندوانەی زمان، دوو ڕاستی بنەڕەتی هەن، ئەوانیش:

ا) ((زمان، هەمیشە و لە هەموو ئاستەکانیدا، دەنگسازی، پێکهاتە، شێوازی گوتار، واتا و فەرهەنگ، لە گۆڕاندایە.

ب) ئەم گۆڕانە بەشێوەی جۆراوجۆر و لە کات و شوێنی جیاوازدا ڕوودەدەن))[١].

((بێگومان ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیاری کۆمەڵێکدا دێت، وەك پێویست، بەدوایدا گۆڕانکاریی لە زاراوەکانی و ستراکچەری زمانەکەشدا دێنێت، تا لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە بڕوات و پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە پڕبکاتەوە کە قسەی پێدەکەن. هەر زمانێك لە زمانە زیندووەکان، بریتییە لە سیستەمێکی دیاریکراو لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەچێتە ژێر نەسقێکی کولتوریی دیاریکراوەوە،

---

١ مجموعة من الباحثين، تحرير فلوريان كولماس، دليل السوسيولسانيات، ترجمة: د. خالد الاشهب و د. ماجدولين النهيبي، المنظمة العربية للترجمة_بيروت، الطبعة الاولى_٢٠٠٩، ص١٧٣.

بەم ئەگەرەش زمان بۆ پەرەسەندنی مەرجدار ملکەچە، ئەمەش پەیوەستە بە پەرەسەندن و گۆڕانی ئەو کۆمەڵەی قسەی پێدەکەن))[1]. واتە: ئەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانن، لە توانایاندا هەیە، گۆڕان بەسەر زماندا بێنن و ئەم گۆڕانکارییانە بەپێی سیستەمە و بەشێوەیەکی لەخۆوەیی و هەڕەمەکی ڕوونادەن، کەواتە لەم بارەدا زمان بیرو دنیابینیی کەسەکان ئاراستەناکات، بەڵکو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەنە سەر زمان .

((کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا شۆڕشێکی هزریی، یان پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی ڕوودەدات، کە لەتوانایدایە هەستانەوە و ڕێنسانسێکی گەورە لە ناو کۆمەڵدا دروستبکات، ئەم جۆرە بزاڤانە دەبنە هۆی تەقاندنەوەی زنجیرەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کولتوری، کە ئەمیش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی نوێکردنەوە لە بوارە کولتورییەکانی تری وەك زمان و هونەر و بنەماکانی دۆگمای دینی، بۆ نموونە ئەگەر بزاڤێکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی توانی تەونی کولتوریی باو بگۆڕێت، ئەوا پەنادەبرێت بۆ زمان تا تێرمین و گۆکراوەکانی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم کۆمەڵە تەکنەلۆژییە نوێیەدا بگونجێت))[2]. لەم گۆڕانکارییەدا، دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین، ئەگەر چی وشەی نوێ لەدایکدەبن، لەهەمانکاتیشدا گۆڕی چەندین وشەی کۆن ئامادەدەکرێت. واتە: ئەم گۆڕانکارییانە هەروا ئاسان نین و دوای ململانێیەکی بەهێز لەناو زماندا ڕوودەدەن. ململانێکانیش لەئاستەجیاوازەکانی زماندا، بەشێوەی جیاواز ڕوودەدەن، ئەوەتا بەهۆی پیرۆزیی زمانی قورئانەوە وشە دینییەکان لە هەندێك شوێندا جێیان بە وشە ڕەسەنە کوردییەکە لێژکردووە و بەرەو ئەوپەڕی پووکانەوە بردویانە و مەگەر بەناوی شوێنەوە، یان لە ئیدیەمێکدا مابنەوە، یان هەر نەماوە، بۆ نموونە، وشەی (پیر)، تێرمینێك بووە وا دەردەکەوێت پێش هاتنی ئیسلام؛ بەهێزەوە ئەم وشەیە لەناو کۆمەڵدا لەکاردا بووە، چونکە پێگەیەکی تایبەتیی پیاوی ئاینی ڕابەرێکی ڕۆحیی دیاربووە، ئێستاش زۆر لە نزرگەکان بە ناوی پیر ماونەتەوە، وەك: (پیرمەسوور، پیرەمەگرون، پیروێنس، پیربابۆڵ...)، تێرمینی(پیر)، تا ماوەیەکی زۆری پاش هاتنی ئیسلام؛ بەهێزەوە ململانێی لەگەڵ وشەی (شێخ)دا کردبێت، بەڵام لە بەکارهێناندا وشەی (شێخ) جێگەی پێ لێژکردووە و ئێستا وشەی (شێخ) ئەوەندە بەهێزە، ناوە نوێکانی نزرگە و زۆر شوێن بەتەواوەتی وشەی(شێخ) لەکاردایە، وەك: (شێخ عەباس، شێخ محێدین، شێخان، شیخەڵڵا، شێخ حەسەن...)، بەڵام پاش گۆڕانکاریی واتایی و فۆنۆلۆژی لە وشەکەدا، ئینجا جێی کراوەتەوە.

---

[1] دکتورة مها محمد فوزی، أنثروبولوجیا اللغة... ص١١٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو... ل١١٢.

((لەناو هەر زمانێکی زیندوودا، گۆڕانی زمانی شتێکی چاوەڕوانکراوە، زمانەکان لەیەکتریی دەخوازن، زمان دەگۆڕێت تا بتوانێت پێویستییەکانی بەکارهێنەرانی پڕبکاتەوە، کاتێك ڕەفتارو شێوازی ژیانی کۆمەڵ دەگۆڕێت، دەبێت زمانیش بگۆڕێت، هەتا بتوانێت گوزارشت لەو شێوازە پەرەسەندو و تازانە بکات، کە هاتوونەتەئاراوە))[1].

وەرگرتنی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، پێویستی بەوە هەیە ئەو وشەیە بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی ئەو زمانەدا تێبپەڕێت و زمانە خوازەلۆکەکە، هەوڵدەدات بە لابۆرتەری فۆنۆلۆژی خۆیدا وشەکان ببات، تا بەئاسانی لەلایەن قسەپێکەرانی ئەو زمانەوە لە زار بێنەدەر و بەکارهێنانیان خۆش و لەباربێت.

زۆر هۆکار هەن وا دەکەن پێویستیی گۆڕان لە زماندا مسۆگەربکەن، وەك:

أ) گوێزانەوەی زمان لە نێوان نەوەکاندا.

ب) کاریگەربوونی زمانێك بە زمانێك یان چەند زمانێکی ترەوە.

ت) هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەرونی و جوگرافییەکان، وەك ژیاری گەلێك و یاسا و ڕێساکانی و ئاقیەکان(العقائد)و کولتور و ئاراستە هزرییەکانی و دنیابینی و ژینگەو جوگرافیا و هاوشێوەی ئەمانە، کۆڕ و زانستگە و شوێنەکانی فێرکردنی زمان و هەموو ئەو شوێنانەی کە کار لەسەر لێکۆڵینەوە و گەشەپێکردنی زمان دەکەن، کاریگەرییان لەسەر گۆڕان و گەشەپێکردنی زمانێکی دیاریکراو هەیە[2].

ڕوودانی گۆڕان لە زماندا هۆکاری جۆراوجۆری هەیە و بەپێی جۆری کاریگەرییەکان، دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لەدەرەوەی ئەو کۆمەڵە زمانییەوە ڕوودەدەن و بەڕێگەیەك لە ڕێگەکان دێنە ناو ئەم کۆمەڵە زمانییە و دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕان. بۆ نموونە، سەرهەڵدانی ئیسلام لە دورگەی عەرەبی و گەیشتنی ئەم دینە بە کوردستان، یەکێکە لەو هۆکارە دەرەکییانەی بۆتە هۆی گۆڕان لە زمانی کوردیدا. ئەم دینە خاوەنی سیستمی تایبەت بە خۆی بووە بۆ ژیان و مردن و بوون و نەبوون(الوجود و العدم)، هاتنی ئەم دینە گەورەترین شەپۆلی وشەی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ ناو زمانی کوردی هێناوە و لە ڕووی کاتیشەوە زۆر درێژخایەن بووە، گەیشتنی ئیسلام و موسڵمانبوونی زۆرینەی گەلی کورد، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر جیهانبینیی مرۆڤی کورد هەبووە، لێرەشەوە لەسەر زمانی کوردی کاریگەریی جێهێشتووە، ڕەنگە هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان و دین گۆڕینی مرۆڤی کورد، گەورەترین گۆڕانکاریی

---

[1] دکتورة مها محمد فوزی، أنثروبولوجیا اللغة... ص١١٢.

[2] بڕوانە: الدکتور/ علی عبد الواحد واقی.علم اللغه... ص٢٤٩.

بووبێت، بەشێوەیەکی دەستەجەمی لەم مرۆڤەدا ڕوویدابێت، هەر لێرەشەوە گەورەترین گۆڕان لەزماندا ڕوویداوە.

هاتنی وشەکانی قورئان بۆ ناو زمانی کوردی وەکویەك هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانی نەگرتۆتەوە، بواری وا هەیە بەلێشاو وشەی بۆ هاتووە و بواری واش هەیە، زۆر بەکەمی وشەی هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، بۆ نموونە ناوی پێغەمبەرەکان بۆ ناو زمانی کوردی زۆر هاتوون، ئەگەر چی هەمووشیان نەهاتوون، ئەوەتا بۆ نموونە( یونس و سولەیمان، محەمەد، یوسف، ئیبراهیم، ئیسماعیل...)، پاش ئەوەی فۆڕمیان کوردێنراوە، بەهێزەوە هاتوون، بەڵام ناوەکانی وەك: (لوط، هود، شُعَیب، ذو الكفل، الیسع) نەهاتوون، واتە نەبوونەتە ناوی کەسەکان لە ناو کۆمەڵی کوردیدا، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت ئەم نێوانە لەگەڵ سیستمی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی ئاسان نەگونجێن، یا ڕەنگە هۆکاری تر لەئاردابووبێت، بۆ نموونە ناوی (لوط)، کە یەکێکە لەناوی پێغەمبەرانی ناو قورئان، [ط] دەبێت بە[ت] و ناوەکە دەبێت بە (لوت)، بۆیە لەگەڵ ئەم ئەندامەی جەستەی مرۆڤ دەبنە هاوبێژی یەکتری و ئەندامێکی چالاك و پێویستی جەستەی مرۆڤە، هەر بۆیە وشەکەش لە بەکارهێناندا، وەك ئەندامێکی جەستە، چالاکدەبێت و لە ئەنجامدا ڕێگەی بە وشە قورئانییەکە نەداوە بەم فۆرمە هاوبێژییە بێتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام کورد سیفەتی خێڵی (لوت)ی باسکردووە کە نێربازییە، کورد ئەمەی وەرگرتووە و (لەواتیەت) هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و بووە بە سینۆنێم بۆ (نێربازی) و جاری واش هەیە وەك سیفەتێك بۆ کاری نەشیاو و بەد، بە (ئەلواتی) بەکاردێت، واتە واتاکەی فراوانترکراوە لە لەواتییەت، یاخود هەر لەو وشەیە، وشەی (لۆتی) دروستکراوە.

لە بواری ئەو پەرستشانەی لە دینە کۆنەکانی تری کورددا نەبووە، زۆرینەی وشە قورئانی و عەرەبییەکانی ئەم بوارە وەك پێویستییەك هاتوون، بۆ نموونە: (تەڵاق، حەج، زەکات، بەیتولحرام، قورەیش، مەککە، مەدینە، ئیحرامگرتن، عومرە...).

کەچی ناوی ئەو میوانەی لە قورئاندا هاتوون، کەمترینیان هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك ناوی (زەیتون)، چونکە ڕەنگە لە ناو کورداندا پێش قورئان ناوی ئەم ڕووەکە نەبووبێت و لە زمانە سامییەکانی وەك (عیبری، ئارامی، سوریانی)، بەهەمان واتا و بە فۆڕمێکی کەمێك جیاواز هاتووە[١]. کەچی ناوی ڕووەکی وەك: خورما، هەنجیر(تین)، تریێ(عِنَب)، سیر(فوم)، پیاز(بصل)، نیسك(عدس)،

---

[١] بڕوانە: معجم مفردات المشترك السامي في اللغة العربية، الدكتور حازم علي كمال الدين، مكتبة الاداب_ القاهرة، الطبعة الاولى_٢٠٠٨، ص٢٠٧.

وشترخوارك(ضريع)، مۆز(طلح منضود)... نەهاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، چونکە بەهۆی هاتنی ئەم دینەوە نەبووە، کە ئەم میوانە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

هۆکارە ناوخۆییەکانیش لە کۆمەڵێکی زمانیدا، بریتین لەو هۆکارانەی بەهۆی ململانێ جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییە لەناو خۆیدا ڕوودەدات و دواتر ئەم گۆڕانانە جێکەوت لەسەر زمانەکەش دروستدەکەن، ئەم جێکەوتانەش دەبنە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازیی زمانی و لەوێشەوە سەردەکێشێت بۆ گۆڕان لە زماندا.

((زمانێکی هەماهەنگ(متجانس)ی تەواو نییە، یان زمانێکی یەك نەسەق نییە، نەسەقە پێکەوە ژیاوەکان لە زماندا لەگەڵ یەکتری ململانێدەکەن و بەسەر قسەپێکەرانیشدا ئەوە فەرزدەکەن، کە پێویستە هەڵیان بژێرن، زۆر لە قسەکەران کاتێك لە بارێکی تایبەتدا، یەکێکیان هەڵدەبژێرن، ئەوا لەهەمان کاتدا ئەوەشیان کردووە لەم ململانێیەدا چوون جێگرەوە ناسەرکەوتووەکانیان وەلاناوە و پشتگوێیان خستوون، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ گۆڕان))[1]. هەر ئەمەشە کە دەوترێت مرۆڤ لە ململانێی نێوان وشەکاندا بێلایەن نییە، بەخۆی بزانێت یان نا، پشتگیری لایەك دەکات و لایەکی تریشیان پشتگوێ دەخات. بۆ نموونە، تا هەستی دینی(دینێکی دیاریکراو) لەناو کۆمەڵەیەکی زمانیدا بەهێزتربێت، لایەنگیری بۆ بەکارهێنانی وشەکانی ئەو دینە بەهێزتردەبێت. لێرەشەوە تا هەستی دینی بەسەر هەستەکانی تر و لەناو کۆمەڵی کوردیدا زیادبکات، ئەگەری زیاتر بەکارهێنانی وشەکانی قورئان لەناو ئێمەدا زیاددەکات.

((قۆناغە مێژووییەکە و ئایدیۆلۆژیا، لەو هۆکارە کاریگەرانە دەژمێردرێن کە کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنی وشەکانی فەرهەنگ))[2]. قۆناغی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیا، کاریگەریی تەواویان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی وشەکانی ناو فەرهەنگی زمانێك، هەروەها ئەم دوو هۆکارە کاریگەرییان لەسەر لەدایکبوونی وشەی نوێ و خواستنی وشە هەیە. بۆ نموونە وشەی (أخي) وشەیەکە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم، لەناوخۆیاندا زۆر جار لەجێی (براکەم) بەکاری دەهێنن، واتە: ئەم ئایدیۆلۆژیایە، ڕاستەوخۆ دەستی لە دروستکردنی زەوقی بەکارهێنانی وشەکاندا هەیە و لە ناو سینۆنیمە کوردی و عەرەبییەکاندا زیاتر شانسی ژیان بە وشە قورئانییەکان دەدات، هەر لەبەر ئەمەشە بەدەرکەوتنی ئەم دیدە، ناوە قورئانییەکانی وەك: (محەمەد، مستەفا، ئەحمەد....)، جارێکی تر بۆ ناونانی منالی کورد بەکاردەهێنرێن، هەروەها بەهۆی

---

[1] فلوريان كولماس(المحرر)، دليل السوسيولسانيات... ص١٤١.

[2] جان بريفو و جان فرانسوا سابليرو، المولّد، دراسة في بناء الالفاظ، ترجمة: خالد جهيمة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى_بيروت، ٢٠١٠م، ص١٦٨.

گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم، لانیکەم لەناو ئەم گروپانەدا ئەو زاراوانەی تایبەتن بە جیهانبینی ئایدیۆلۆژی ئەمانەوە، گەشەدەکەن و دەردەکەون، ئەوەتا چەمکەکانی( ولاء، براء، خلافة، شوری، جاهلية، حاكمية، ....)، بەهۆی ئەمانەوە ڕێیان بۆ خۆشدەکرێت بێنە ناو زمانی کوردییەوە.

((یەکەم دەرکەوتنی کاریگەریی زمانی عەرەبی، لەسەر زمانی فارسیی دەری، بە گەیشتنی ئیسلام بە ئێران دەستی پێکرد، زۆریان ناوەکانیان بە ناوی عەرەبییەوە دەنا، هەروەها نازناوی عەرەبییش دەستی پێکرد. هەر لە ساڵی ٣٢ ی کۆچییەوە، گوزارشتگەلی عەرەبی لەسەر دراوی بەکارهاتووی ئەم ناوە کەوتەکار، دواتریش ناوی خەلیفەکانی بەنی ئومەییە، بەهۆی بوونی ناوەکانیان لەسەر دراو بڵاوبۆوە))[١].

بێگومان ئەم مێژووە بۆ دەستپێکردنی کاریگەربوونی زمانی کوردی بە عەرەبییەوە هەر ڕاستە، کاتێك دەسەڵاتی خەلافەتە ئیسلامییەکان، ناوچە کوردنشینەکان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، زمانی ڕەسمیی دەسەڵاتی ئاینی و سیاسیش دەبێت بە زمانی عەرەبی، لێرەوە نووسینەوەی دیوانە سەربازییەکان و کارە کارگێڕییەکان و دراو دەبن بە زمانی عەرەبی، دواتر ناوی کەسەکان بەلێشاو دێنە ناو زمانی کوردییەوە، چونکە ناو بەشێوەیەکی پراکتیکی ڕۆژانە بەهۆی کەسەکان خۆیانەوە ناوەکانیشیان لەگەڵ فتوحات و کارگێڕییەکاندا هاتوون، هەر بۆیەشە پرۆسەکانی کورداندن، زوو بەسەر ناوەکاندا هاتوون و لە ڕابردوودا، ئەم پرۆسانە لەسەر ناوەکان زۆر کاریگەربوون، بەڵام دواتر پاش دروستبوونی دەوڵەتی نوێ، کاتێك حکومەتی ئێراقی ناسنامە و ڕەگەزنامە و کۆی کاروبارە کارگێڕییەکان بەعەرەبی دەنووسێتەوە، ناوە کوردێنراوەکان دەباتەوە سەر فۆرمە عەرەبییەکان، هەر بۆ نموونە، ناوە کوردێنراوەکانی وەك: (عەولکەریم، مارف، حەمە...) لە ناسنامە و ڕەگەزنامە و نووسراوە ڕەسمییەکاندا، دەکاتەوە بە (عبد الكريم، معروف، محمد...).

زانینی زمانی تر یارمەتیی ئاخێوەر دەدات؛ تا ئەوەی هەر کات لە زمانەکەی خۆی بۆ وشە دۆشداما، ڕوبکاتە ئەو زمانەی دەیزانێت، بەتایبەت بۆ میللەتە موسڵمانە ناعەرەبەکان، بەتایبەتی تریش لە ڕابردودا، پشتبەستن بە وشەی عەرەبی لە هەموو زمانەکانی تر لەبارتر بووە، چونکە قسەکەرانی ئەو زمانە، ئاشنایەتیی باشیان لەگەڵ ئەم زمانەدا پەیداکردووە. ((یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی وشەی لەدایکبوو، زانینی زمانی بیانییە، بەشێوەیەکی ئاگاییانە یان نائاگاییانەبێت، زانینی زمانی تر ئاخێوەر

[١] الدكتور محمد نور الدين عبد المنعم، معجم الالفاظ العربية في اللغة الفارسية، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية_السعودية، الطبعة الاولى، الجزء الأول، ٢٠٠٥م، ص٢٤.

ڕادەکێشێت بۆ هێنانی وشە لە زمانە بێگانەکەوە بۆ ناو زمانی خۆی))[1]. هەر بۆیەشە بە نسبەت جیاوازییە زمانییەکانەوە، گریمانەکان لە کولتورێك بۆ کولتورێکی تر دەگۆڕێن، بەپێی ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بە پلەی یەکەم جوگرافین یان نەژادین، ئابورین، کۆمەڵایەتی یان چینایەتی یان بەستراون بە ڕەگەز(نێرو مێ) یان وابەستەن بە تەمەنەوە، یان بەستراونەتەوە بە هاریکاری یان ململانێ یان دەسەڵاتەوە، یان دیالێکتی کەسێك بەنسبەت ئەم هۆکارانەوە ناگۆڕێت، یان ئێمە هەموومان حەرباوییبوونی زمان بەکاردەهێنین و بەپێی ئەو کۆنتێکستە تایبەتییەی کە بەکاریدەهێنین و بەپێی ئەو شوناسەی کە دەمانەوێت دەریبخەین، ڕەنگی پێدەدەین))[2]. ئەم ڕەنگپێدانەش لەخۆیدا، پێویستی بەگۆڕانی زمانیی هەیە.

پێویست ناکات هەموو گۆڕانێکی زمانی، بەگۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕاڤەی بکەین، هیچ کەسێکیش لە لێکۆڵەرەوان ناتوانێت ئەوە بڵێت کە بتوانێت ئەوە بکات[3]. بۆیە ئەوە ڕاستە گۆڕانی زمانی بەپلەی یەکەم، گۆڕانی کولتوریی دەگەیەنێت، بەڵام ئەو گۆڕانانەی لە زمانێکدا ڕوودەدەن، هەمیشە بەهۆی گۆڕانی کولتوری یان پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە ڕوونادەن، هۆکاری تری زمانی هەن، کە دەبنە هۆی ئەو گۆڕانە و دەتوانین بە وردبوونەوە لە یاسا ناوەکییەکانی هەر زمانێك پەییان پێببەین. واتە زمان لەخۆیدا و لەناوەوەی خۆیەوە، بە هۆی ئەو جووڵە هارمۆنییەی لەناو زمان خۆیدا هەیە، گۆڕانکاری لە ئاستەکانیدا ڕوودەدات. بۆیە ناتوانین هەموو گۆڕانێکی زمانی تەنها بە زانستی سۆسیۆزمان ڕوونی بکەینەوە و دەبێت بشچینە ناو زانستی زمان بۆ خۆی و لەوێشەوە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانێکی دیاریکراوی وەك زمانی کوردی شارەزابین، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە زۆر پێویستن.

## ٢ ململانێی ناو زمانەکان

دەکرێت وا لە زمان بڕوانین کە بوونەوەرە، ((ئەوەی بەسەر بوونەوەرە زیندووەکاندا دێت، لە بەریەککەوتن و ململانێ و ناکۆکی لەپێناو مانەوە و هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتن و خۆزاڵکردن، لە نێوان زمانەکانیشدا هەیە، ئەم ململانێیانەش بەپێی بارودۆخ دەگۆڕێت، جاری وا هەیە تای یەکێك لە

---

[1] جان بريفو و جان فرانسوا سابليرو، المولّد، دراسة في بناء الالفاظ... ص١١٢.

[2] فلوريان كولماس(المحرر)، دليل السوسيولسانيات... ص٤٤.

[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... لا١١٧.

ململانێکاران قورسترده‌بێت و له‌ سه‌رکه‌وتن به‌سه‌ر ئه‌وه‌ی تریاندا په‌له‌ده‌کات، ئه‌مه‌ش به‌ به‌کارهێنانی زه‌بر و توندوتیژی ده‌بێت و به‌دوای یه‌کدا قۆناغ به‌ قۆناغ، ڕه‌نگه‌ یه‌کێك له‌م ململانێیه‌دا تێکبشکێت، تا وای لێدێت پاشماوه‌ی نه‌مێنێت....جاری وا هه‌یه‌، هێزیان یه‌کسان ده‌بێت، یان له‌یه‌که‌وه‌ نزیك ده‌بن، جه‌نگ له‌ نێوانیاندا به‌رده‌وامده‌بێت و هه‌ر یه‌که‌یان ده‌ستده‌گرێت، به‌که‌سێتی سه‌ربه‌خۆی خۆی و تایبه‌تمه‌ندییه‌کانییه‌وه‌. ئه‌م ململانێیه‌ش له‌ زۆر هۆکاره‌وه‌ سه‌رهه‌ڵده‌دات، دوو هۆکاریان گرنگترینن، یه‌کێکیان په‌نابه‌ر یان داگیرکه‌ری کۆمه‌ڵه‌یه‌کی زمانی، که‌ به‌ زمانێکی تر قسه‌ده‌که‌ن، داده‌به‌زنه‌ ناو وڵاتێکه‌وه‌. ئه‌ویتریشیان دوو گه‌لی دراوسێی زمان جیاواز، که‌ به‌رژه‌وه‌ندییان به‌یه‌که‌وه‌ هه‌بێت و بۆ هه‌ر یه‌ك له‌ ئه‌ندامه‌کانی ئه‌م گه‌لانه‌، بارگونجاوبێت؛ هه‌تا له‌ڕووی مادی و کولتوورییه‌وه‌ تێکه‌ڵ به‌ یه‌کببن))[1].

کاریگه‌ریی زمانێك له‌سه‌ر زمانێکیتر به‌ چوار ڕێگا، ئاسانتر ده‌رده‌که‌وێت:

یه‌که‌م: ئه‌گه‌ر ئه‌و دوو گه‌له‌ ڕه‌چه‌ڵه‌کیان یه‌ك بێت، یان له‌یه‌که‌وه‌ نزیکبن، تا ڕه‌چه‌ڵه‌کیان له‌ یه‌که‌وه‌ نزیکبێت، زاڵه‌که‌یان ده‌توانێت زووتر ده‌ست به‌سه‌ر زمانه‌که‌ی تردا بگرێت. یان ئاسانتر، زۆرترین کاریگه‌ریی خۆی له‌سه‌ر زمانه‌که‌ی تر جێده‌هێڵێت.

دووه‌م: ژماره‌ی قسه‌پێکه‌ران. کاتێك دوو زمان ده‌که‌ونه‌ ململانێوه‌، هه‌ر کامیان ژماره‌ی دانیشتوانی زیاتربوو، زیاتربوونێکی به‌رچاو و زۆر زیاتربێت، ئه‌گه‌ری زیاتره‌ ئه‌و زمانه‌یان که‌ قسه‌پێکه‌ری زۆرتره‌، به‌سه‌ر ئه‌وی تریاندا زاڵببێت. ئه‌مه‌ش بۆ دوو زمان به‌رچاوتر ئه‌نجام به‌ده‌سته‌وه‌ ده‌دات، که‌ ئه‌و دوو زمانه‌ی ململانێده‌که‌ن، له‌ نه‌ژادێکی زمانیی بن، یان نه‌ژادی زمانییان له‌یه‌که‌وه‌ نزیکبێت. بۆ نموونه‌: کاتێك ئه‌نگلۆ–سه‌کسۆنه‌کان، له‌ناوه‌ڕاستی ئه‌وروپاوه‌، به‌ره‌و ئینگلته‌را کشان، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ژماره‌یان له‌ قسه‌پێکه‌رانی زمانه‌ سه‌لتییه‌کان زیاتر بوو، هه‌روه‌ها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ردووکیان سه‌ر به‌ خێزانه‌ زمانی هیندۆ_ئه‌وروپی بوون، بۆیه‌ توانیان زمانه‌ سه‌لتییه‌کان له‌ناوببه‌ن[2].

سێیه‌م: هه‌ر زمانێك کولتور و ڕۆشنبیری و ژیاری له‌ زمانه‌که‌ی به‌رانبه‌ری پێشکه‌وتووتربێت، که‌شێکی له‌بار ده‌ره‌خسێنێت، تا سه‌رکه‌وتن به‌سه‌ر ئه‌و زمانه‌دا مسۆگه‌رتربکات، که‌ ململانێی له‌گه‌ڵ ده‌کات. بۆ نموونه‌: کاتێك ڕۆمانه‌کان فه‌تحی ناوه‌ڕاست و خوارو و ڕۆژهه‌ڵاتی ئه‌وروپایان کرد، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕۆمانه‌کان ژیار و کولتور و ئه‌ده‌بیان به‌هێزتربوو و له‌هێزیشدا به‌هێزتربوون، هه‌روه‌ها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕه‌وه‌ندیان له‌ ئه‌وروپا هه‌بوو، ڕه‌وه‌نده‌که‌ش له‌گه‌ڵ خه‌ڵکه‌که‌ی تر تێکه‌ڵده‌بوون، ئه‌گه‌رچی ژماره‌شیان که‌متر بوو، به‌ڵام

---

[1] الدکتور/ علي عبد الواحد وافي، علم اللغة... ص٢٢٩.

[2] بڕوانه‌: سه‌رچاوه‌ی پێشوو... ل٢٣١.

توانیان زمانی لاتینی زاڵبکەن بەسەر زمانە ڕەسەنە ناوخۆییەکانی وەك: (ئیتالی و ئیسپانی) و هەروەها هەموو ناوچەکانی فەرەنسا و زمانە ناوچەییەکانی تر. یان کاتێك عەرەبەکان، بەهۆی فتوحاتەوە لە ئاسیاو ئەفریقادا دەرکەوتن، زمانەکەیان بەسەر زمانە حامییەکانی وەك: (قیبتی و ئەمازیغی و کوشی)دا زاڵبوو، زمانی عەرەبی دیالێکت قوڕەیشی، بووە زمانی نووسین و دواتریش بووە زمانی قسەپێکردنی ئەو گەلە ناعەرەبانەی موسڵمان ببوون، ئەگەر چی ژمارەی ڕەوەندە عەرەبەکان، لە خەڵکە ڕەسەنە ناعەرەبەکە زۆر کەمتربوون.

ئەم سەرکەوتنانە ئاسان نین و کاری ساڵێك و دوان نین، بۆ نموونە، کاتێك ڕۆمانەکان لە سەدەی یەکەمی زاینی، ناوچەکانی گاول(**La Gaule**)، واتە: فەرەنساو ناوچەکانی دەوروبەریان، ملپێکەچکردن، کەچی زمانە لاتینییەکەیان توانی لە سەدەی چواری زاین، بەسەر زمانی سەلتیدا سەربکەوێت[١]. هەروەها، کاتێك عەرەب بەهۆی فتوحاتەوە، ناوچەکانی فارسیان گرت، ئەگەرچی ئەم داگیرکارییە زۆری خایاند، بەڵام زمانی عەرەبی هێزی نەبوو زمانی فارسی لەناوببات، چونکە عەرەب نە لە فارس ژیاریان فرەتر و نەکولتوریان فراوانتر و نە زمانیان لەو کاتەدا گەشەکردووتربوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕەوەندی عەرەبییش، لەو ناوچانەدا کەمبوون و تێکەڵاوبوونی ئەم ڕەوەندە بە فارسەکانەوە کەم بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم دوو زمانە لە دوو خێزانە زمانی جیان( زمانی عەرەبی ڕەگەز سامی و فارسی ڕەگەز هیندۆ_ئەوروپاییە). بەڵام ئەم زاڵنەبوونانە، هەرگیز ڕێگەی لەوە نەگرتووە کە ئەم زمانانە بەیەکتری کاریگەرنەبن و ژمارەیەکی زۆر وشە و جاری واش هەبووە، فۆنیم بگوازنەوە بۆ ناو یەکتری و بگرە بە داڕشتنی وشە و ڕستەی یەکتریش کاریگەربوون. وەك کاریگەربوونی زمانی تورکی بە فارسی و هەردووکیان بە عەرەبی و عەرەبی بە هەردووکیان، هەروەها وەك کاریگەربوونی زمانی لاتینی بە زمانی گریکی و زۆربەی زمانەکانی دنیا بە لاتینی و فەرەنسی بە ئینگلیزی و ئینگلیزی بە فەرەنسی و ...هتد

چوارەم: بوونی ڕەوەندی ئەو زمانە داگیرکەرە و مانەوەی ئەم ڕەوەندە بۆ هەمیشە لە ناو ئەو نەتەوەیەدا، هەروەها پاراستنی زمانەکەی و تێکەڵبوونی بەردەوامیان لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکە و زۆریی ژمارەی ڕەوەندەکە و بەهێزیی لەڕووی ژیاری و بەهێزی لەبواری ئابووری و پشتگیریی ئاین و نزیکیی نەژادی ئەو دوو زمانە لەیەکتری، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن لە پاڵ ئەو ڕەوەندە زمانییە، کە زمانەکەیان زاڵببێت و لە ململانێکەدا بیباتەوە. وەك ئەوەی لە ئەفریقا بەیارمەتی فتوحات زمانی عەرەبی دیالێکت قوڕەیشی، ڕەگەز سامی، توانی بەهۆی بوونی ڕەوەندو چەندین هۆکاری تر لە پاڵیدا، زاڵببێت بەسەر زۆر

---

[١] بڕوانە: الدکتور/ علي عبد الواحد وافي، علم اللغة... ص٢٣٢-٢٣٣.

له زمانه حامییەکانی وەك:(قیبتی و ئەمازیغی و کوشی)، تا وایلێهات، زمانی عەرەبی له زۆرینەی هەره زۆری سەروی ئەفریقا، ببێت به زمانی نووسین و دەوڵەت و تەنانەت ببێت به زمانی قسەپێکردنی ڕۆژانه[١].

## ٣ مردنی زمان

((زمانی بەزیو کاتێك ڕێگەی لەناوچوون دەگرێتەبەر، قۆناغی زۆر دەبڕێت، هەر قۆناغه و ئەدگاری تایبەتی شیبوونەوەی خۆی و لاوازیی بەرگری خۆی هەیه. له قۆناغی یەکەمدا، زمانی زاڵ ژمارەیەکی زۆر له وشەکانی دەهاوێژێته ناو زمانه بەزیوەکه و بەمەش مەتنه بنەڕەتییەکەی تووشی لاوازیی دەکات و زۆر پایەی لێبنکەن دەکات، بەڵام زمانه بەزیوەکه بەدرێژایی ئەم قۆناغه، پارێزگاریی له ڕێزمانەکەی و سازگەی دروستبوونی دەنگەکان و شێوازی گۆکردنی وشەکان دەکات، دەستەواژه و گەردانکردنی وشەکانیان بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژی و سنتاکسییەکانی خۆیان دروستدەکەن. دەربڕاوه ڕەسەنەکانی خۆیان گۆدەکەن و ئەو دەربڕاوانەی که وەك دەربڕاوی بیانی دێنه ناویەوه، به شێوازی دەنگیی خۆیان و سازگەی فۆنیمەکانی خۆیان دەریدەبڕن، ئەو وشه بیانیانەی دێنه ناو زمانەکەیان، فۆنیمی وایان تێدایه که له ناو سێتی فۆنیمەکانی ئەماندا نین، ئەوا دەیانگۆڕن بەو دەنگانەی لەناو زمانەکەی خۆیاندا هەن و سازگەیان نزیکه له دەنگه بیانییەکانەوه.

له قۆناغی دواتردا، دەنگەکانی زمانه زاڵەکه و سازگەی دروستبوونی دەنگەکان و شێوازی دەربڕینی وشەکان، دزەدەکەنه ناو زمانه بەزیوەکەوه. قسەپێکەرانی زمانه بەزیوەکه دەربڕاوه ڕەسەنەکانی خۆیان، گۆدەکەن و ئەو دەربڕاوانەی که له زمانه زاڵەکەوه بۆیان گوازراوەتەوه، بەو شێوه گۆدەکەن که وەك زمانه زاڵەکه وایه، یان نزیکه لەوەوه. بەمەش شیبوونەوه و تیاچوونی زمانه بەزیوەکه زیاتر دەبێت و ئەستێرەی بوونی بەرەو ئاوابوون دەڕوات. بەدرێژایی ئەم قۆناغانه له بەرگریکردن له یاسا مۆرفۆلۆژی و سنتاکسییەکانی خۆی بەردەوامه و دژی هاتنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانه زاڵەکه دەوەستێتەوه، وشه و ڕستەکانیان بەپێی یاسا ڕەسەنه زمانییەکانی خۆیان دادەڕێژێت، بەڵام ئاستی ڕێزمان و شێوازەکانی دەنگ، بەزۆری پاش ململانێیەکی درێژخایەن نەبێت، له زمانێکەوه بۆ زمانێکی تر ناگوێزرێنەوه، کاتێك دەشگوێزرێنەوه، ئەوا ئەو زمانەی بۆی گوێزراوەتەوه، نزیکبۆتەوه له ئاوابوون و ئاوێتەی ئەو زمانه دەبێت که کاری کردۆتەسەر.

---

١ بڕوانه: سەرچاوەی پێشوو... ل٢٣٣.

له دوا قۆناغدا، بەرەبەرە ئەم بەرگریکردنەش لاوازدەبێت و ڕێزمانی زمانە زاڵەکە، وردەوەردە، دەستدەگرێت بەسەر یاسا زمانییەکانی زمانە بەزیوەکەدا، تا لەناوی دەبات. ڕێزمان لە زمانی بەزیودا، زۆر لەو قەڵایە دەچێت کە لەشکرێکی شکست، خۆیانی تێدا قایمدەکەن و تا دوا هەناسە دەجەنگن، بە کەوتنی قەڵاکەش، وڵات بەتەواوەتی دەکەوێتە ژێر چەپۆکی دوژمنەوە))[١]. یەکەم قۆناغیش، واتە قۆناغی ناردنی وشە، لەو سەربازە دزەکردوانە دەچن، کە چوونەتە ناو قەڵای دوژمنەوە و لە ناوەوە کاری گرتنی قەڵاکەیان دەستپێکردووە.

له ململانێی نێوان دوو زماندا، هەر ئەوە نییە زمانە بەزیوەکە سەلامەت نەبووە، بەڵکو زمانە زاڵبووەکەش، کاریگەریی زمانە بەزیوەکەی لەسەر جێدەمێنێت و ئەمەش ڕێخۆشدەکات بۆ گۆڕان لەم زمانەدا. ((کاریگەریی زمانی بەزیو بەسەر زمانی زاڵدا، لە بوارێك بۆ بوارێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش بەپێی ئەو بارودۆخەی هەر یەك لەو دوو زمانەی، لەکاتی بەریەککەوتنەکەدا تێدایە، لەو بوارانەدا کە زمانی بەزیو لە زمانی زاڵ لەپێشترە. هەر بۆیەشە ئەو وشانەی کە زمانی ئینگلیزی زاڵ، لە زمانی فەرەنسی نۆرماندی بەزیو وەری گرتوون، زیاتر لەو وشانەن گوزارشت لە واتای گشتی و هەروەها لە خوان و چێشتلێنان و خواردن دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی نۆرماندییەکان لەم دوو بوارەدا و لە ئاستی وشەدا، زۆر لەوان زەنگینتربوون))[٢].

زمانی کوردی و زمانی قیبتی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ زمانی عەرەبی و قورئاندا جیاوازییەکی سەیریان هەیە، دوو ئەزموونی تەواو جیاواز و دوو ئەنجامی تەواو جیاوازیش بەدەستهاتووە، کورد لەڕووی دینەوە، دەستەمۆی هەژموونی عەرەبی بووە، کەچی تەسلیمی زمانەکەی نەبووە، بەڵام قیبتییەکان تەسلیمی زمانەکەیان بوون، بەڵام دەستەمۆی دینەکەیان نەبوون. ئەم تەسلیمبوونە ئاینییە وای کرد زمانی کوردی، زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی و بەتایبەتی تر، لە ڕێگەی زمانی موقەدەس(قورئان)ەوە کاریگەرییەکە مسۆگەرتربوو، بەتایبەتی کاتێك کە فەقیهە موسڵمانەکان پیرۆزیی زمانی عەرەبییان یەکسانکرد بە پیرۆزیی قورئان.

---

[١] الدکتور/ علي عبد الواحد وافي، علم اللغة... ص٢٣٦ و ٢٣٧.

[٢] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو...ل٢٣٧.

## ٤ هۆکارەکانی کاریگەربوون لە ناو زمانەکاندا

هاوسێیەتی دوو گەلی زمان جیاواز یان زیاتر، هۆکارێکی بەهێزە بۆ ڕوودانی ململانێ و لەوێشەوە گۆڕانکاریی لە زماندا، ئەم هاوسێیەتی و نزیکایەتی جوگرافییە کارئاسانی دەکات بۆ تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ئەندامانی زمانە هاوسێکان و لەوێشەوە کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتری ڕوودەدات. ئەم هاوسێیەتییە تا لە ڕووی مێژووییەوە، پەیوەندییەکانیان زیاتربێت، کاریگەریی زیاتر لەسەر یەکتری دروستدەکەن و هەتا خاڵە ناوکۆییەکانی نێوان ئەم زمانە هاوسێیانە زیاتربن، کاریگەرییان لەسەر یەکتری زیاتردەبێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئێراقدا، سەرەڕای بوونی سنوری هاوبەش، تا ئاستی تێکەڵبوون، (موسڵمانبوون)ی هەردوو گەلی کورد و عەرەب، وای کردووە ئەم دوو گەلە پەیوەندیی و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت.

هاوسێیەتی نێوان دوو زمان هەل بۆ ئەوە خۆشدەکات ئەم دوو زمانە زووزوو بەریەکبکەون، ئەم بەریەککەوتنە یان ئەوەتا یەکیان بەسەر یەکیاندا سەردەکەوێت( ئەم بەریەککەوتنەش لەئەنجامی بوونی کولتورێکی شەڕەنگێز و گیانی خۆزاڵکردن و سیستمێکی پاوانخوازی و هەژموونخوازی دیکتاتۆرەوە سەرهەڵدەدات)، یان هیچیان بەسەر هیچیاندا سەرناکەون و بەتەنیشت یەکەوە دەژین. ئەم دوو زمانە کاریگەریی لەسەر یەك دروستدەکەن و هێزو چالاکیی باشتریان دەداتێ، نەك بێ هێزکردنی یەکتری. ئەم پەیوەندییەش، زیاتر لە نێوان دوو زماندا دروستدەبێت کە گیانی پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن و کولتوری دیموکراسی لە ناویاندا بەهێزبێت.

سەبارەت بە زمانە لەیەکتر نزیکەکان و هاوسێکان، ئەوەیان کە ژمارەی قسەپێکەرانی زیاترە، کاریگەریی زیاتربێت لەسەر زمانەکەی تر، کە ژمارەی قسەپێکەرانی کەمە، یان جاری وا هەیە دەگاتە ئاستی قووتدانی زمانە بچووکەکە، وەك ئەوەی زمانی ئەڵمانی توانی زمانی ناوچەکانی نزیك خۆی، لە سویسرا و پۆلۆنیا و نەمسا بگۆڕێت[١].

بوونی پێوەندیی کولتوری و بازرگانی ڕێگەخۆشکەرن بۆ کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتری، جاری وا هەیە، پێوەندیی نێگەتیڤیش دەبێتە هۆی گۆڕان لە زمانەکاندا، بۆ نموونە جەنگی خاچەکان و زۆریی کاتی ئەو جەنگە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر وشە لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە(بەتایبەت فەرەنسی) بێنە ناو زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە.

---

١ بڕوانە: دکتورة مها محمد فوزي معاذ، انثروبولوجيا اللغة... ص١١٤.

کاریگەرییی شەڕی درێژخایەن لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا، کاردەکاتە سەر زمانی یەکتر و وشە ئاڵوگۆڕدەکەن، هەروەها پێوەندیی بازرگانی و کولتوری و ڕۆشنبیری و هاودینی کاریگەریی خۆیان هەیە. بۆ نموونە لەسەردەمی عەباسییەکاندا، بە هۆی کاریگەریی ڕۆشنبیرییەوە ژمارەیەکی زۆر لە وشەی فارسی و لاتینی هاتنە ناو زمانی عەرەبییەوە، ئەم پێوەندییانە ململانێی نێوان زمانەکان کەمتر دەکاتەوە و ئەوەندە لەیەکتری ناترسن کە خەمی ئەوەیان بێت یەکتری بتوێننەوە، وەك ئەوەی لەکاتی داگیرکاریدا هەستی ترس لە تواندنەوە دروستدەبێت و گیانی تواندنەوەی بەرانبەریش، لە زمانە داگیرکەرەکەدا زیاددەکات.

لەیەك شوێنی جوگرافیدا کاتێك دوو زمان بەهۆی کۆچ یان شەڕو داگیرکارییەوە، دەکەونە ململانێوە، ئەوا ڕەنگە یەکیان زاڵبێت و ئەوی تریان لەناوببات(ئەمەش جۆرێکە لە دکتاتۆریەت لە ناو زمانەکاندا، بۆ نموونە لەناوبردنی زمانی ئارامی لە سوریا لەلایەن زمانی عەرەبییەوە لەم شێوەیەیە، یان وەك نموونەی زاڵبوونی ئەنگلۆ-سەکسۆنەکان، کە لەناوەڕاستی ئەوروپاوە گەیشتنە ئینگلتەرا، زمانەکەیان زاڵبوو بەسەر هەمو زمانە خۆماڵییەکانی ئەو ناوچەیەدا[1]، یان ئەو دوو زمانە هیچیان هیچیان لەناونابات و بەیەکەوە و شانبەشانی یەکتری دەژین. ئەمە ئەو حاڵەتەیە، کە زمانی عەرەبی بەهۆی هەژموونی قورئان یان زمانی ئاینەوە، یان بەهۆی هەژموونی دەسەڵاتەوە، ویستویەتی زمانی کوردی وەك زمانی ئەمازیغی و قیبتییەکان لێبکات، بەڵام نەیتوانیووە، یان لانی کەم ئەنجامەکانی ئاین و فتوحات و داگیرکاری، ئەوەی لێکەوتۆتەوە، کە زمانی عەرەبی، بگاتە ئەو ئەنجامەی زمانی کوردی بەدەردی زمانی قیبتی و ئەمازیغی ببات، بەڵام ئەنجامەکە وا نەکەوتۆتەوە و هەردووکیان بەیەکتری کاریگەربوون. یەکێك لە هۆکاری مانەوەی زمانی کوردی- بەهەمان شێوە بۆ زمانەکانی تری وەك (ئۆردو و فارسی و تورکی)ش ئەم ئەگەرە هەر دەخوات- ئەوە بووبێت زمانی کوردی و عەرەبی، ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر دوو خێزانە زمانی جیا، یەکەمیان لە خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپاییە و دووەمیشیان لە خێزانە زمانی سامییە!

زمانی عەرەبی کاتێك ناتوانێت زمانی کوردی بتوێنێتەوە، بەڵام دەتوانێت کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر دابنێت، پێوەندیی زمانی کوردی و عەرەبی و هەژموونی دینی و دەسەڵاتی عەرەبی و هەروەها هەژموونی مەعریفی، ڕاگوێزان و کۆچی ناسروشتی و دەستکاریکردنی دیمۆگرافیای نەتەوەیەك، هەموو ئەمانە ناتوانن زمانی کوردی لەناوببەن، ڕەنگە بتوانین لە هەندێك ڕووەوە ئەم پەیوەندییە بەپێوەندیی نێوان زمانی لاتینیی ڕۆمانەکان و زمانی گریك و یۆنانییەکانی بچوێنین:(( زمانی لاتینی بەهێزترنەبوو یان زاڵنەبوو

[1] بڕوانە: دکتورة مها محمد فوزي معاذ، انثروبولوجيا اللغة... ص١١٢.

بەسەر زمانی گریکەکاندا، لەگەڵ ئەوەی زمانی لاتینی زمانی گەلی زاڵی سەربازی بوو، گریکەکان ئەگەر چی لەڕووی سەربازییەوە ملکەچی ڕۆمانەکان بوون، بەڵام ئەمان ژیاریان دێرینتر و کولتوریان فراوانتر و زمانیان گەشاوەتربوو، بۆیە نەیانتوانی لەم ڕوانەوە بەسەریاندا زاڵبن، بەڵام ئەم دوو زمانەش، کە هیچیان ناتوانێت بەسەر ئەوی تریاندا زاڵببێت، ڕێگە لەوە نەگیراوە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت، لاتینی لە شێواز و ئەدەب و ژمارەیەکی هەرە زۆر لە وشەکانی گریکی وەرگرت))[1].

وەرگرتنی زاراوە و وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یەکێکی ترە لە ڕێگاکانی کاریگەربوون لە زماندا، ئەم وەرگرتن و خواستنە زیاتر بەهۆی پێشکەوتنی زانستییەوە دەبێت لە بوارە جۆراوجۆرەکان و مرۆڤ کاتێك جوگرافیایەکی نوێ لە واتا و لە بوارێکی دیاریکراودا پەیپێدەبات، ئەوە پێویستی بە داتاشینی زاراوی نوێیە بۆ ئەو بوارە و هەر گەلێك توانی ببێتە خاوەنی یەکەمی ئەو جوگرافیا نوێیەی واتاو داهێنان، ئەوە زیاتر بۆی هەیە زاراوەکانی بگوێزرێتەوە بۆ ئەو زمانانەی ئەو زانستە نوێیەیان دەگاتێ، یان جاری وا هەیە، ئەو زمانەی زانستەکەی وەرگرتووە، هەر لەناو خۆیەوە بەپێی یاساکانی زاراوەسازیی زمانی خۆی، زاراوەی نوێ دادەڕێژێت، لە ئەنجامیشدا گۆڕان لە زماندا ڕوودەدات.

---

[1] دکتورة مها محمد فوزی معاذ، انثروبولوجیا اللغة... ص١١٣.

# بەشی چوارەم: پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و پرۆسەی کورداندن

## ١ زمانی عەرەبی لەئاینەوەیە

ئەو گەلەی لەڕوویەك یان زیاترەوە، بەسەر گەلێکی تردا زاڵدەبێت، هەوڵدەدات هەستی خۆبەکەمزانین لە ناو کەسێتی و ڕۆحی گەلی بەرانبەری بچێنێت و ڕۆحی خۆبەگەورەتر زانین لە ناو خۆشیدا گەشەپێبدات، تەنانەت ویستویەتی خۆی وەك نەژادێکی جیاو پاك بناسێنێت و ئەوی تر بەنەژادێکی کەم لەقەڵەمبدات، هەوڵی ئەوە دەدات زمانی ئەوی تر بە ناپیرۆز و زمانی خۆی بە پیرۆز بناسێنێت، ئەمە تەنها هەستی شۆڤێنییەت و نازیەتی زمان و نەتەوە سەردەستەکان نییە، لەگەڵ ئەمە؛ ڕۆحی ڕەگەزپەرستی و تەقدیسکردنی توخمەپێکهێنەرەکانی نەتەوەی سەردەستیشە. ئاین یەکێك بووە لەو ڕێگایانەی زمانی پێ پیرۆزکراوە و لێرەشەوە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ دانانی کاریگەریی لەسەر زمانەکانی تری دەوروبەری، بەتایبەت کاتێك زمانێك، دەکرێتە زمانی ڕەسمیی موقەدەس.

زمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی زمانی قورئانە، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئیسلامەوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیسلام، هەوڵی بڵاوبوونەوەی ئەم زمانەش دراوە.

چوارەم خەلیفەی ڕاشیدین، (عومەری کوڕی خەتتاب)، بۆ (ئەبو موسای ئەشعەری) نووسیووە:(( دوایی(امّا بعد[١])، لە سوننە و زماندا شارەزابن، قورئان ڕوونبکەنەوە، چونکە قورئان عەرەبییە))، یان لە وتەیەکی تری کوڕی خەتتابدا هاتووە:((عەرەبی فێربن، چونکە لە ئاینەکەتانە–بەشێکە لە ئاینەکەتان–، فەرزەکان فێربن، ئەوانیش لە ئاینەوەن–بەشێکن لە ئاین–))[٢].

---

[١] امَا بعد: زاراوەیەك لە وتارە عەربیە کلاسیکییەکان، ئێستاش لە وتاری هەینیدا و لای پیاوی ئاینی زۆر بەکاردێت. بەواتای، ئەمەی پێشوو کە پێش (امَا بعد)ەکە وتراوە، پەیوەندیی بەدوای ئەم زاراوەوە هەیە.

[٢] شیخ الإسلام ابن تیمیة، تهذیب اقتضاء الصراط المستقیم، هذَّبه وخرَّج أحادیثه: شحاتة صقر، مکتبة دار العلوم، ص٩١،٩٢.

زمانی عەرەبی هەر زوو هەوڵی تیۆرێزەی تەقدیسکردنی دراوە، لە ڕووی مێژووییەوە (ئیمامی شافعی) یەکەم کەسە تیۆرێزەی ئەم دیدە بەوردیی دەکات و دەڵێت:((ئەوانەی کە زمانیان خاوەن فەزلە، ئەوانەن کە زمانیان هەمان زمانی پێغەمبەرە، نابێت–خواش دەیزانێت–ئەوانەی زمانیان زمانی پێغەمبەرە، لە یەك پیتیشدا شوێنکەوتەی زمانەکانی تر بن، لەجێی ئەوە دەبێت هەموو زمانەکان، شوێنکەوتەی زمانەکەی بن، دەبێت هەموو خاوەن دینەکانی پێشتریش شوێن دینەکەی بکەون))[1].

شافعی بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی، بەڵگە بە چەندین ئایەت دێنێتەوە، دواتر بە پشتبەستن بە ئایەتی ١٠٣ لە سورەتی (النحل): ( وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ)، هەروەها ئایەتی ٤٤ لە سورەتی(فصلت): ( وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُولَئِكَ يُنَادَوْنَ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ)، ئەم دوو ئایەتە دەکات بە بەڵگەی بۆچوونەکانی لەسەر پیرۆزیی زمانی عەرەبی، دواتر ئایەتی ٤٤ ی (الزخرف)دێنێتەوە:(و إنه لَذكر لَكَ وَ لِقَومِكَ) و دەڵێت: ((خودا لە کتێبەکەیدا بەباسکردنی پێغەمبەر و نەتەوەی پێغەمبەر، نەتەوەکەی تایبەتمەندکرد(جیاکردەوە)))[2]. هەروەها دەڵێت:(( لەسەر هەموو موسڵمانێکە، تا پێی دەکرێت، زمانی عەرەبی فێربێت، بۆ ئەوەی شایەتیبدات کە جگە لە خودا، هیچ خواوندێکی تر نییە، (محەمەد) بەندە و نێردراویەتی، بۆ ئەوەی کتێبی خودا(قورئان)ی پێ بخوێنێتەوە و ئەو زیکرانەی پێ گۆبکات کە لە خوابەگەورەگرتندا(التكبير) لەسەری پێویست(فرض)کراوە و لە سوبحانەڵلاو شەهادەتهێناندا(لەتەحیاتی نوێژدا)فەرمانی پێکراوە))[3]. هەروەها دەڵێت:(( ئەوەی زانیاری لەسەر ئەو زمانە هەبێت، کە خوا کردوویەتی بەزمانی کەسێك پێغەمبەرایەتی پێ دواییهێناوە و دوایین کتێبی خۆشی پێ نازڵکردووە، بەخێر بۆی دەنووسرێت، هەر وەك چۆن لەسەریەتی نوێژ و ویردەکانی پێ فێربێت، بچێتەماڵی خوا و ئەوەی فێری بووە بیکات، ئەوەی ئاراستەی کراوە ئاراستەیان بکات. دەبێت شوێن ئەو زمانە بکەوێت کە لەسەردەمی پێغەمبەردا هەبووە، نەك هی ئێستای...))[4]. ئەم دەقەی شافعی، نەخشەی دوو خاڵی سەرەکی دەکیشێت:

١) لەلایەن خواوە پاداشت بۆ ئەو کەسە هەیە کە فێری زمانی عەرەبی دەبێت.

---

[1] الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (المتوفى: ٢٠٤هـ)، الرسالة، المحقق: أحمد شاكر، الناشر: مكتبه الحلبي، مصر، الطبعة: الأولى، ١٣٥٨هـ/١٩٤٠م ص٤٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو... ل٤٦.

[3] للامام المطلبي محمد بن ادريس الشافعي، الرسالة... ص٤٨.

[4] سەرچاوەی پێشوو... ل٤٩.

٢) دەبێت ئەو زمانە عەرەبییە فێربێت، کە قورئانی پێ نازڵبووە.

(شێخ ئەحمەد شاکر)، کە کاری ساغکردنەوە و پەراوێزنووسینی ئەم کتێبەی شافعی کردووە، لەسەر ئەم دەقەی دوایین کە هێناومانەتەوە، دەنووسێت: لەم دەقەدا واتایەکی سیاسی و نەتەوەیی بێگەردی تێدایە، لەبەر ئەوەی نەتەوەیەك بە زمانەکەی کتێبێکی کەریم نازڵبووبێت، لەسەریەتی بۆ بڵاوکردنەوەی ئاین و زمان و دابوونەریتەکانی لەناو گەلانی تردا کاربکات، ئەو نەتەوەیە بانگەشەی ئەوە دەکات پێغەمبەرەکەی بۆ هیدایەت و ئاینی ڕاست بانگەشەی کردووە، تاکو وا بکەن، ئەم نەتەوە ئیسلامیانە بکەن بە یەك نەتەوە، ئاینەکەی یەك ئاین بێت، قیبلەی یەك و یەك زمانیان هەبێت...))[1].

(ئیبن تەیمییە)، دەڵێت:(( سەلەف[2]، تەنانەت لە مامەڵەی ڕۆژانەدا پێیان ناخۆشبووە، جگە لە زمانی عەرەبی زمانێکی تر بەکاربهێنرێت، مەگەر پێویستبوایە، وەك چۆن مالك و شافعی و ئیمام ئەحمەد بەدەق ئەمەیان وتووە، بگرە (مالك) وتوویەتی: ئەوەی لە مزگەوتەکەماندا، جگە لە عەرەبی بەزمانێکی تر قسەبکات دەردەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی هەموو زمانەکان، دەکرێت قسەپێکەرانی قسەی پێبکەن، (سەلەف) بەپێی پێویست ڕێگەیان پێداوە، بەڵام ئەگەر پێویست نەبووبێت پێیان خۆشنەبووە، ئەمەش بۆ پاراستنی ئیسلام بووە. خوا کتێبەکەی خۆی بە زمانی عەرەبی نازڵکردووە، هەر بەو زمانە پێغەمبەرە عەرەبییەکەی خۆی ناردووە، وایکردووە کە نەتەوەی عەرەبی باشترین نەتەوەیەکبن، وایلێهاتووە پاراستنی زمانیان، بەتەواوی، پاراستنی ئیسلام بگەیەنێت.))[3]. ئەم دەقەی ئیبن تەیمییە بەتەواوی زمانی عەرەبی لەگەڵ ئیسلامدا ئاوێتەی یەك دەکات، ئاوێتەکردنێك کە مرۆڤ نەتوانێت ئیسلام و زمانی عەرەبی لەیەکتری جیابکاتەوە.

هەروەها (ئیبن تەیمییە) دەڵێت:(( زمانی عەرەبی بەشێکە لە دین، زانینی ئەم زمانە ئەرك و پێویستە(فرض واجب)، تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت فەرزە، تێگەیشتن لەم دوانەش نابێت، تا زمانی عەرەبی تێنەگەیت، ئەوەی پێویستبوو واجبێکی پێ جێبەجێببێت، ئەویش واجبە))[4]، ئەم وتەیەی (ئیبن

---

[1] بڕوانە پەراوێزی: للامام المطلبي محمد بن ادريس الشافعي، الرسالة... ص٤٩..

[2] سَلَف: بەپێی بۆچوونی ناسرەدین ئەلبانی بێت، سەلەف، ئەوانەی لە سەدەی یەك و دوو و سێی کۆچیدا ژیاون، دەگرێتەوە. بڕوانە وێبسایتی ناسرەدینی ئەلبانی:http://www.alalbany.net/fatawa_view.php?id=2 .

[3] تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى: ٧٢٨هـ)، مجموع الفتاوى، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، ١٤١٦هـ/١٩٩٥م ، جزء٣٢، ص٢٥٥.

[4] شيخ الإسلام ابن تيمية، تهذيب اقتضاء الصراط المستقيم، الجزْ ء ١... ص٩١.

تەیمییە_زمانی عەرەبی بەشێکە لە دین)، لە وتەکەی (عومەری کوڕی خەتاب)ەوە سەرچاوەی گرتووە و لای (ئەبو مەنسوری سەعالیبی)یش وەك خۆی دووبارەدەبێتەوە، بۆیە لێرەوە بەتەواوەتی زمانی عەرەبی دەکەن بەبەشێك لە **ئیسلام** و فێربوونی ئەم زمانە وەك ئەرکێکی ئاینی دەخرێتەڕوو، کە پاداشتی قیامەتی هەیە. لای (ئیبن تەیمییە)، دوای ئەم وتەیە زاراوەیەکی وەك(فرض واجب) بۆ فێربوونی ئەم زمانە بەکاردەهێنێت.

لە (ئیمام ئەحمەد)ەوە گێڕدراوەتەوە؛ وتوویەتی:(( جگە لە زمانی عەرەبی، کەراهەتی[1] هەیە پیاو دەمی بە زمانی تر ڕابێت. هەروەها لای (شافعی)یش، ئەگەر یەکێك عەرەبیی زانی، بە کەراهەتی زانیوە، جگە لە عەرەبی بە زمانی تر قسەبکات))[2].

(ئەبو مەنسوری سەعالیبی)، دەڵێت:(( ئەوەی خوای خۆشبووێت، پێغەمبەری خوا(محەمەد(د.خ))ی خۆشدەوێت، ئەوەی پێغەمبەری عەرەبیی خۆشبووێت، عەرەبی خۆشدەوێت، ئەوەی عەرەبی خۆشبووێت، زمانی عەرەبیی خۆشدەوێت: کە باشترین کتێبی بۆ باشترین عەجەم و عەرەب پێنازڵکردووە، ئەوەی زمانی عەرەبیی خۆشبووێت، گرنگی پێدەدات و لەسەری بەردەوامدەبێت و خەمی لێدەخوات، ئەوەی خوا ڕێنمونی بۆ ئیسلام کردبێت، ئەوەی سنگی بۆ ئیمان بکاتەوە و نییەتێکی باشی هەبێت، دەبێت بڕوای وابێت کە موحەمەد باشترین پێغەمبەرە، ئیسلام باشترین ئاینە، عەرەب باشترین نەتەوەیە،

---

[1] لە فقهی ئیسلامیدا، باسی پێنج ئەحکام لە حوکمداندا، دەکرێت، ئەو پێنج ئەحکامەش بە حوکمی تەکلیفی ناوبراون: ئەوانیش بریتین لە:

أ) الواجب: ئەو حوکمەیە کە دەبێت بکرێت، نەکردنی سزای دونیایی و قیامەتیی هەیە.

ب) المستحب(المندوب): ئەوەیە کە مرۆڤ بە کردنی پاداشتی دەبێت، بەنەکردنی سزانادرێت.

ت) المباح: ئەو کارەیە، کە کردن و نەکردنی، پاداشت وسزای نییە.

پ) المکروه: هەموو کارێکە کە نەکرێت باشە، نەکردنی پاداشتی هەیە و کردنی، سزای نییە.

ج) حەرام: هەموو کارێکە کە شەرع ڕێگەی پێنەداوە، کردنی سزای هەیە، نەکردنی پاداشت.(بڕوانە: الدکتور وهبة الزحیلي، اصول الفقه الاسلامي، الجزء الاول، دار الفکر، الطبعة الأولی_١٩٨٦، ص٤٤_٤٥.

[2] محمد بن علي بن أحمد بن عمر بن یعلی، أبو عبد الله، بدر الدین البعليّ (المتوفی: ٧٧٨هـ)، المنهج القویم في اختصار «اقتضاء الصراط المستقیم لشیخ الإسلام ابن تیمیة»، تحقیق: علي بن محمد العمران، دار عالم الفوائد للنشر والتوزیع، مکة المکرمة، الطبعة: الأولی، ١٤٢٢ هـ ص٩٤.

زمانی عەرەبی؛ باشترین زمانە، هەوڵدان بۆ فێربوونی لە ئاینەوەیە[1]، ئەم زمانە ئەنسترومێنتی زانست و کلیلی شارەزابوونە لە ئاین))[2].

ئەو چەند دەقەی هێنامانەوە، هەر زوو لە ئاستی فقهیدا، بۆمان ڕووندەکاتەوە تیۆریزەی پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی لەگەڵ پیرۆزیی قورئاندا ئاوێتەی یەککراون و لەگەڵ یەك شێلراون. ئەم کارە بەهاوکێشەیەکی پێوانە(القیاس)، گەیاندوویانەتە ئەم ئەنجامە:

قورئان لە خواوەیە، مادام قورئان لەخواوەیە، قورئان پیرۆزە، قورئان بە زمانی عەرەبی هاتۆتەخوارەوە، زمانی عەرەبی و قورئان لێکتری دانابڕێن و قورئان، بەزمانی عەرەبی قورئانە، کەواتە قورئان ئەو کاتە پیرۆز و موعجیزەیە بە زمانی عەرەبی بێت، هەر بۆیە زمانی عەرببیش پیرۆزە، چونکە بەشێکی جیانەکراوەیە لە قورئان. با لەم چەند دەقە ڕابمێنین:

لەگەڵ ئەم تیۆرێزەکردنەدا هەوڵی ئەوە دراوە، زمانی سرووتێکی وەك نوێژ، کە لە بیستوچوار سەعاتدا، لانیکەم دەبێت نوێژکەر پێنج جار نوێژبکات، تەنها زمانی عەرەبی بێت، ئەوەتا ((مالیکی و شافعی و حەنبەڵییەکان پێیان وایە خوێندنی قورئان لە نوێژدا، جگە لە زمانی عەرەبی ڕێپێدراو نییە، ئیتر ئەو کەسە بزانێت بە عەرەبی بیخوێنێت یان نەیزانێت؛ بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: (فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ)، کە خودا فەرمانیکردووە بە خوێندنی قورئان لە نوێژدا، قورئانیش ئەوەیە کە بە زمانی عەرەبی نازڵبووە، وەك خوا دەفەرموێت: (إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا) هەروەها دەڵێت: (بِلِسَانٍ عَرَبِيٍ مُبِينٍ).

چونکە وەرگێڕانی قورئان بە تەفسیر دادەنرێت، نەك قورئان خۆی بێت؛ قورئان ئەو گۆکراوە عەرەبییەیە بۆ سەروەرمان موحەمەد(د.خ) نازڵبووە، وەك چۆن بەڵگەی پێغەمبەرایەتی و نیشانەی پەیامەکەیە، ئەم قورئانە بە لەفزو واتایەوە موعجیزەیە، ئەگەر هۆنینەوە عەرەبییەکەی لابرێت، ئەوا موعجیزەی لەفزەکەی نامێنێت، بۆیە ناکرێت وەرگێڕان قورئان بێت، هەر بۆیەش خوێندنەوەی وەرگێڕداوی قورئان لەلایەن لەشپیس و ئافرەت کە لە حەیزدا بێت ڕێگەپێدراوە.

بەڵام (ئەبو حەنیفە) لە قسەیەکی بەناوبانگیدا ڕێگەی داوە کە قورئان لە نوێژدا، هەر وەك چۆن بە عەرەبی ڕێگەپێدراوە، بە فارسیش دەکرێت بخوێنرێت_ئەو ئایەتانەی کە دەکرێت پیتبەپیت وەربگێڕدرێن_ ، ئیتر ئەو کەسە عەرەبی بزانێت یان نەیزانێت، هەروەها (ئەبو حەنیفە) بەڕەهایی ڕێگەی

---

[1] مەبەست لە (والإقبالُ على تفهمها من الديانة)، واتە فێربوونی ئەم زمانە وەك ئەرکێکی ئاینی پاداشتت بۆ دەنووسرێت و ئەم زمانە بەشێکە لە دین.

[2] عبد الملك بن محمد بن إسماعيل أبو منصور الثعالبي (المتوفى: ٤٢٩هـ)، فقه اللغة وسر العربية، المحقق: عبد الرزاق المهدي، دار إحياء التراث العربي، الطبعة الأولى ١٤٢٢هـ – ٢٠٠٢م، ص١.

داوه بەوەی نوێژکەر دەتوانێت، سەرەڕای زمانی عەرەبی بە زمانی تر لە نوێژدا(الله اكبر) بڵێت، بەڵام دوو قوتابییەکەی(ئەبو یوسف و محەمەد) وتویانە ئەگەر کەسەکە نەیتوانی بە عەرەبی بیڵێت، دەتوانێت بە زمانی خۆی بیڵێت...

لای (ئەبو حەنیفە) وتاری هەینی و ویردەکانی ناو نوێژ، سبحان الله، سوپاسکردنی خودا(الحمد لله)، پەناگرتن بەخودا(اعوذ بالله)، لا ئیلاهەئیلەڵاکردن، شایەتومان، سەڵاواتدان، دەکرێت لە نوێژدا بە فارسی بوترێن. بەڵام لای دوو قوتابییەکەی بەمەرجیان گرتووە کە ئەو کەسە عەرەبی نەزانێت، واتە ئەگەر بزانێت ناشێت))[1].

بۆچوونەکانی (ئەبو حەنیفە) و دوو قوتابییەکەی وەك بۆچوون و ئیجتیهادی ڕیزپەڕ دانراوە، بۆیە لای فەقیە و پیاوە ئاینییەکان کاریان پێنەکراوە، تەواو بەپێچەوانەوە بۆچوونەکانی سێ ئیمامەکەی تر(شافعی و مالیك و ئەحمەد) بەستانداردکراون و بۆچوونەکانی ئەوان، کە لە پشتییەوە پیرۆزکردن و بە پایەدارترکردنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانەکانی تری تێدایە، گرنگییان پێدراوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لای زۆربەی حەنەفییەکان ژن لەسوڕی مانگانەدا، یان ماوەی پاش منالبوون کە خوێنی هەیە، ناتوانێت قورئانی وەرگێردراو بۆ زمانی تر بخوێنێتەوە و دەستیشی لێبدات، چونکە لای ئەمان وەرگێڕانی قورئان هەر قورئانە، بەڵام لای (مالکی و حەنبەڵی و شافعی)یەکان، ژن لەو حاڵەتانەدا بۆیان هەیە دەستی لێبدەن و بیخوێننەوە،[2] چونکە هەر قورئان لە زمانی عەربی دابڕا، ئەوە قورئان نییە و ئەو پیرۆزیەی نامێنێت، کە قورئان بە زمانی عەربی هەیەتی[3].

---

[1] وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية — الكويت، الموسوعة الفقهية الكويتية، الجزء ١١، ص١٦٨_١٦٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، پ١١... لا١٦٨_١٦٩.

[3] ا) ئەبو حەنیفە نوعمان، کوڕی سابت، کوڕی نوعمان، کوڕی زوتا، کوڕی مەرزبان، لە ساڵی ٨٠ ی کۆچی/٦٩٩ ی زاینی لە کوفە لەدایکبووە، لە ویکیپیدیای عەربیەکەیدا ڕەچڵەکەکەی کردووە بە نەبەتی، کەچی دەشڵێت عەرەبە، ئەمە هەڵەیە. بڕوانە: ابو_حنيفة_النعمان/http://ar.wikipedia.org/wiki /، بەڵام لە ڕاستیدا فارسە و باپیری"مەرزبان"، پاش ئەوەی موسڵمان دەبێت، لە کابولەوە، دێتە کوفە.بڕوانە: الامام_ابو_حنيفة/http://islamstory.com/ar ، لەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەك فارسە، پرۆژە و وێبسایتی الشاملة، کە پڕۆژەیەکی سەلەفیە و ڕۆحی عروبەی ئیسلامیی بەرهەمیدێنن، لە باسی ئەبو حەنیفە و ژیننامەکەیدا، هیچ ئاماژەی بە ڕەچەڵکی نەکردووە. بڕوانە:http://shamela.ws/index.php/author/602 .

پ) ئەبو عەبدوڵڵا، محەمەد کوڕی ئیدریسی شافعی ئەلموتتەلیبی قورەیشی، لە عەبدولمەنافی کوڕی قوسەیدا، دەگاتەوە بە پێغەمبەری ئیسلام. بڕوانە: محمد_بن_أدريس_الشافعي/http://ar.wikipedia.org/wiki، ١٥٠ی کۆچی، بەرامبەر ٧٦٧ی زاینی، لە غەززە لەدایکبووە، ڕێکەوتی ٢٠٤ ی کۆچی/٨٢٠ی زاینی لە میسر مردووە.

ئەم پیرۆزکردنەی زمانی عەربی چاوگەیەکی هەرە سەرەکی بووە بۆ بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی زمانەکە و تەنانەت پەرپینەوەی زۆربەی وشە و کاریگەرییەکانی تری ئەم زمانە بۆ سەر زمانەکانی تر، بەتایبەت زمانی ئەو نەتەوانەی زۆرینەیان موسڵمان بوون و ئاینی ئیسلام بۆتە ئاینی ڕەسمییان.

خۆبەکەمزانین و ئەوی تر بە گەورە زانین ئەو ڕۆحەیە کە هەمیشە سەردارەکان، ویستویانە، ژێردەستەکانی خۆیانی پێ گۆشبکەن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەو ڕۆحە بوو کە کەسی ژێردەستە، لە قوڵایی ڕۆحیدا ئەو هەستەی بۆ دروستبووە کە ئەم کەمە.

مرۆڤی کورد بەرانبەر بە عەرەب، بەتایبەت لە ڕابردوودا ئەم هەستەی هەبووە، ئەم هەستە ئەو هەستەیە کە فەقیهێکی گەورەی وەك (ئیبن سەلاحی شارەزوری)[1] وا لێکردووە بە عەرەبی بنووسێت و وای لە (ئیبن ئەسیر) کردووە مێژوو بە عەرەبی بنووسێتەوە، هەر ئەو هەستە بووە کە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دانی پێدانەوە و زۆر بە لاوازیی هەوڵیداوە پارسەنگییبداتەوە کە دەڵێت:

**عەرەب! ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن، ئەمما**

**سەلاحەدین، کە دنیای گرت، لە زومرەی کوردی بابان بوو**

---

ب) ئەبو عەبدوڵڵا، مالك، کوڕی ئەنەس، کوڕی مالك، کوڕی ئەبی عامر، لە هۆزی حیمیەر، کە لە عەرەبی قەحطانن، لە ٩٣ی کۆچی/ ٧١٢ی زاینی لەدایکبووە، لە شاری مەدینە، ڕێکەوتی ١٧٩ی کۆچی/ ٧٩٥ی زاینی کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مالك_بن_انسhttp://ar.wikipedia.org/wiki/

ج) ئەبوعەبدوڵڵای ئەحمەد، کوڕی ئەحمەد، کوڕی حەنبەل، کوڕی هیلالە. لە خێڵی بەکری ڕەبیعەیە، کە گەورەترین خێڵی عەرەبین، لە ١٦٤ی کۆچی/٧٨٠ی زاینی، لە بەغدا لەدایکبووە، لە کەرخی بەغداد، ڕێکەوتی ٢٤١ی کۆچی، مردووە. بڕوانە:احمد_بن_حنبل ./http://ar.wikipedia.org/wiki

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە تەنها ئیمام ئەبو حەنیفە بە ڕەچەڵەك عەرەب نییە، قورئانی وەرگێردراو بە قورئان دەزانێت، نەك تەفسیرێکی تری قورئان بێت، وەك بینیمان ڕێگەی داوە لە نوێژدا، بە زمانی تری جگە لە عەرەبی، قورئان بخوێنرێت.

هەر سێ ئیمامەکەی تر(شافعی، مالك، ئیمام ئەحمەد)، لەبەر ئەوەی عەرەبی ڕەسەنن، ڕێگەیان نەداوە، وەرگێڕانی قورئان، خودی قورئان بێت. بە ڕونی هەست بەکاریگەریی ڕەچەڵەك دەکەین لەسەر فەتواکانی ئەم ئیمامانە، تەنها هەستی دینی و پێودانگە دینییەکان لەپشت ئەم فەتوایانەوە نەبوون، بەڵکو هۆکاری تریش کار یگەریان هەبووە.

[1] یەکێك لەو نوسەرانەی لەم بوارەدا نووسیوتی، پێی وایە: ((کاریگەریی قورئان وای لە زانایانی کورد کردووە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن)). بڕوانە: سەلام ناوخۆش بەکر، زمانی ئایینی کورد(لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ئایینییە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات–هەولێر، چاپی سێیەم–٢٠١٢ز، لا٥٣، ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی بێبەڵگە و نازانستییە، گەڕانەوە بۆ زمانی دایك و نووسین و خوێندنەوە بەو زمانە، لای مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی ناسیۆنالزمی کوردی و شانازیکردنی مرۆڤی کورد بە زمانەکەیەوە، قورئان لە دورو نزیك هانی هیچ نەتەوەیەك نادات بگەڕێتەوە بۆ زمانی خۆیان و بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بەڵکو ئەوە بیری ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەکە هانی ئەو کۆمەڵە زمانییە دەدات بگەڕێتەوە بۆ خوێندن و نووسین بەزمانەکەی خۆی.

ئەم هەژموونەی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا، هۆکارێکی تری هاتنی وشەکانی زمانی عەرەبییە بۆ ناو زمانی کوردی.

زمانی عەرەبی لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، زمانی ئەدەب و زانست و دین بووە، ئەم سەردەمە باشترین قۆناغ بووە بۆ هاتنی زۆرترین وشەی ئەم زمانە بۆ ناو زمانی کوردی، جا لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا، زمانی عەرەبی زمانی ئاین و ئەدەب و زانستە، بۆیە زۆر ئاسایی بووە، بەهۆی لاسایکردنەوەی چینی خوارەوە بۆ چینی سەرەوە، وشەیەکی زۆریش هاتۆتە ناو ئاخاوتنی ڕۆژانەی زمانی کوردییەوە، بەڵام ئێستا لای گەلانی موسڵمانی ناعەرەب بۆتە زمانی دین، بۆیە کەمتر وشەی عەرەبی دێتە ناو ئەم زمانانە. زۆرترین شەپۆلی وشەی عەرەبی لەو کاتەوە هاتووە، کە زمانی عەرەبی بۆ میللەتانی موسڵمانی ناعەرەب، لە یەککاتدا زمانی دین و ئەدەب ڕۆشنبیری و بەڕێوەبردن و کارگێڕی بووە، بەڵام دواتر کە تەنها دەبێت بە زمانی دین، ئەم شەپۆلە خاودەبێتەوە، بەتایبەت لەسەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالزمدا.

## ٢ ستراتیژی زمان و پرۆسەی کورداندن

مەحاڵە زمان بتوانێت لەگەڵ زمانەکانی تردا لە پێوەندیدا نەبێت و کاریگەرییان لەسەر یەکتری نەبێت، ئەگەر زمانێکی وا هەبوو، ئەوە ئەو زمانە مردووە، بۆیە کارلێککردنی زمانەکان لە نێوان یەکتریداو بەخشین و وەرگرتنی وشە لە نێوان زمانەکاندا، حاڵەتێکی تەواو دروستە، ئەوەی نادروستە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە. ((هیچ زمانێك لەخۆوەو بەبێ بەرنامە و پلان وشە وەرناگرێت، بەڵکو بەپێی هەندێك مەرج پەسەندیاندەکات و دەیانهێنێتە ناو زمانەکەوە))[١].

لەچاخەکانی ئیسلامی کلاسیکدا[٢]، زمانناسە موسڵمانەکان بەوردی لەو وشانەیان کۆڵیوەتەوە کە هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و لەبنەچەدا عەربی نین، تەنها بۆ نموونە: (ئەبو مەنسوری جەوالیقی)، لە سەدەی شەشی کۆچیدا، لەکتێبی(المُعرَّب من کلام الاعجمي علی حروف المعجم)دا هاتووە ژمارەیەکی

---

[١] د. محەمەدی مەحوی، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم،_٢٠١٠، لا١٢٨.

[٢] سەردەمی ئیسلامی کلاسیکی، سەردەمی زێڕینی ئیسلامیشی پێدەوترێت، لە هاتنی ئەمەوییەکانەوە تا سەدەی پازدەی زاینی دەخایەنێت، لەم سەردەمانەدا، بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست دەکەوێتە دەست موسڵمانەکان، لە بوارەکانی ئەدەب، فەلسەفە، هونەر، کشتوکاڵ، ئەندازیاری.....موسڵمانەکان دەبنە پێشەنگ، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki/العصر_الذهبي_للاسلام/

زۆری لەم وشانە کۆکردۆتەوە و هەوڵی شیکردنەوەی داون. هەروەها (شەهابەدین ئەحمەد خەفاجی) کتێبی (شفاء الغليل فيما في الكلام العرب من الدخيل)ی لەم بوارەدا نووسی.

ئەوان سێ جۆر وشەی وەرگیراویان جیاکردەوە، کە (المُعَرَّب، الدخيل، المولَّد)بوون، هەر یەکە لە (جەوهەری و سیبەوەیهی) ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە عەرەبێنراو (المُعَرَّب_Arabicized): ئەو وشانە بوون لەسەردەمی (الاستشهاد)[1]دا، هاتبوونە ناو زمانی عەرەبییەوە و گۆڕان بەسەر دەنگ و ستراکچەری وشەکەدا، یان یەکێك لەو دوانەدا هاتووە، تا وای لێهاتووە وەك وشە عەرەبییەکانی لێهاتووە.[2] بەڵام زاراوەی (الدخيل)، ئەگەر چی زۆر جار وەك سینۆنیمی (المُعَرَّب) بەکارهاتووە، زیاتر بەو وشانە وتراون عەرەبی نەبوون و چوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و وەك خۆیان بێ گۆڕان ماونەتەوە، بەڵام لەدایکبوو(المولَّد): ئەو وشانە بوون کە لەدوای سەردەمی ئیستشهادەوە هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

لە کولتوری ئیسلامیدا زاراوەی لەدایکبوو لە زماندا، زاراوەیەکی تازە نییە و ئەم زاراوەیە مێژووەکەی بۆ سەدە زێڕینەکانی ژیاری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، لەم کولتورەدا لەدایکبوو ((بەو وشانە وتراوە کە خەڵکی لە کۆندا، لەدوای سەردەمی گێڕانەوە بەکاریان هێناوە))، واتە: سەردەمی نووسین، ئەم پێناسەیە لە (المعجم الوسيط)دا کە کۆڕی زمانی عەرەبی لە (قاهیرە) دەری کردووە، هەر وای پێناسەکردووە و فەرهەنگی(المعجم العربي الاساسي)یش، کە ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانستەکان دەریکردووە، پشتڕاستی کردۆتەوە. بەم پێناسەیە بێت، وشەیەك زیاتر لە ١٢٠٠ ساڵ لە زمانی عەرەبیدا تەمەنی بەسەرکردبێت، ئەوە لەدایکبووە، مادام لەدەرەوەی زمانی عەرەبی و لەسەردەمی نووسینەوە و دەستکردن بە وەرگێڕان و تێکەڵبوونی عەرەب بەوانی ترەوە هاتبێت.

لەم کولتورەدا ترس لە لەدایکبوو، لەوەوە هاتووە کە بەهۆیانەوە زمانی عەرەبی؛ پاراوی(الفصاحة) لەدەستدەدات، چونکە بەم تێڕوانینەبێت، فەسیح ئەوەیە کە زمانپاراوانی عەرەب بەرهەمیانهێناوە، بەدەر لەوە، وەك بێگانەیەك سەیردەکرێت، چونکە ئەم وشانە پاکێتی و ڕەوانیی زمانەکە لەڕۆژی دەبەن. بۆیە دەبێت پاش سەردەمی گێڕانەوە، ئەو وشە بێگانانە لە فەرهەنگدا جێیان نەبێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە، نابێت شیعری گەورە شاعیرانی وەك: (بەشار بن بورد و ئەبی نەواس و بوحتەری و موتەنەبی و ئەبی

---

[1] سەردەمی (الاستشهاد)، ئەو سەردەمانە دەگرێتەوە هێشتا خیلافەتی ئیسلامی، ڕەگەزی ناعەرەبی دزەیان نەکردبووە ناوییەوە، تا هاتنی عەباسییەکان، ئەم سەردەمە دەگرێتەوە، بە هاتنی عەباسییەکان، ئیتر پێی ناگوترێت، سەردەمی ئیستشهاد.

[2] بڕوانە پێشەکییەکەی کتێبی: أبي المنصور الجوالقي موهوب بن أحمد بن محمد بن الخضر، ، المعَرَّب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم، حقق كلماته: الدكتور ف. عبد الرحيم، دار القلم_دمشق، الطبعة الاولى_١٩٩٠م، ص١٤.

تەمام)، وەك نموونە لە زماندا بهێنرێنەوە، چونكە لە شاعیرانی سەردەمی (مولَّد)ن. ئیتر لەم تێڕوانینەوە بۆ لەدایكبوو، ئەوانەی خەریكی فەرهەنگ بوون، وشەكانی سەردەمی خۆیان نەدەنووسییەوە، بەڵكو زمانی پێش سەدەی دووی كۆچیان دەنووسییەوە.[١]

ئەم جۆرە مامەڵەكردنە لەگەڵ وشەی خواستراودا—خواستن: ڕێگەیەكە لە ڕێگەكانی لەدایكبوونی وشە—ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەڕوانینی كولتورییەوە هەیە بۆ زمان و نەتەوەكانی تر، كولتوری عەرەبی لەو قۆناغەدا، وەك هەر كولتورێكی زاڵی ئەو سەردەمە، زمانە پیرۆزكراوە ئاینییەكەی خۆی بەبەرزتر لە زمانەكانی تر دەبینێت، بۆیە ترسی لە دەستدانی پاكێتی وایكردووە، زمانناسە عەرەبەكان بە چاوی كەمەوە بۆ وشەی خواستراو بڕوانن.

ئەم حاڵەتە؛ لەسەردەمی سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیۆنالزمی كوردیدا، هۆكاری ترس لە فەوتان، وایكردووە وشە هاتوو و خواستراوەكان سومعەیان كەمبێتەوە، چونكە لەم قۆناغەدا، بەهۆی پارچەپارچەبوونی خاك و زمانەوە، لانیكەم بۆ چوار پارچە و هەوڵی نەتەوەكانی دراوسێی بۆ سڕینەوەی زمان و خاك، مرۆڤی كورد هەست بەوە دەكات لەدایكبوونی وشە بەڕێگەی خواستن لەسەری خەتەر دەكەوێتەوە، بۆیە خراپ بۆ كردەی خواستن دەڕوانێت، لەجێی ئەوە بیر لەوە دەكاتەوە وشەی كوردیی پەتی بكات بەسەرچاوەی مانەوەی خۆی و هەوڵی ئەوەش دەدات وشەی لەدایكبوو، تەنها لەڕێگەی داتاشین، یان گەڕانەوە بۆ بەكارهێنانەوەی وشە كۆنە كوردییەكان بێت، لەم بارە تایبەتییەی زمانی كوردیدا، وشەی خواستراو وەك بێگانەیەك لێی دەڕوانرێت، بەتایبەت ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبییەوە، هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە، هەروەها گەڕانەوە بۆ وشە پەتییەكان، وەك سەرچاوەیەكی تری بەرگریكردن لە زمانی دایك سەیریدەكات، ئەمە لە كوردستانی باكوور و ڕۆژهەڵات، بەتەواوەتی وا دەبینرا.

ئێستا، بەم شێوە مامەڵە لەگەڵ وشەی بیانیدا ناكرێت، بەڵكو وەك دانەیەكی لێكسیكی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت و هەر كاتێك ئەم وشانە چوونە زمانێكەوە و بوون بە ئەندامی فەرهەنگیی ئەو زمانە، ئیتر وەك هاوڵاتییەك، كەس لەكەس گەورەتر نییە و بوونی مێژوویەكی دێرین یان نەبوونی، هیچیان ناكاتە ئەندامێكی پلەدارتر و هەموویان لە وڵاتی ئەم فەرهەنگەدا، وەكیەك مافەكانی هەوڵاتیبوون و ئەندامبوونیان پارێزراوە.[٢]

---

١ بڕوانە: جان بریفو و جان فرانسوا سابلیرو، المولَّد، دراسة في بناء الالفاظ... ص١٠ و ١١ و ١٢.

٢ بۆ ئەوەی لەوە بگەین كە بۆچی لە ڕابردوودا، خراپ بۆ وشەی (خواستراو) ڕوانراوە، ئەمە بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە كە جیاوازەكان، لەنێو سیستمێكی سیاسیدا نەیانتوانیوە پێكەوە بە ئاسانی بژین، بۆیە ئەمە بۆ كولتوری یەكتر قبووڵنەكردن دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ئێستادا،

خواستن، یەکێکە لە ڕێگاکانی لەدایکبوونی وشە، بەلەدایکبوونی دەرەکی یان لەدایکبوون بە خواستن ناودەبرێت. ((زمان، بێ لەدایکبوون و بێ لەدایکبووەکان، نەژیان و نە بەردەوامیی دەبێت))[١]. ((هەموو زمانێك لە چارەسەرکردنی لەدایکبودا شێوازی تایبەت بەخۆیی هەیە))[٢]، زمانی کوردیش وەك زمانێك کە خاوەنی وزەیەکی ناوەکیی هەرە بەهێزە، خاوەنی سیستمی تایبەت بەخۆیەتی بۆ ڕێکخستنەوەو کورداندنی وشە لەدەرەوە هاتووەکان، هەموو ئەو وشانەی لە قورئانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، وەك وشەی لەدایکبوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و هەوڵی فڕێدان و نەهێشتنیان لەناو زمانی کوردیدا، زمانی کوردی دەوڵەمەند ناکەن، بەڵکو هەژاری دەکەن، چونکە لە ئێستادا زمانی کوردییش دەتوانێت ئەم وشانە بە ملکی خۆی بزانێت.

هاتنی ئیسلام زمانی کوردیی هەژاند، ئەم دینە سەرەڕای ئەوەی دەستکاری ستراکچەری ئاینی لە کوردستاندا کرد، سەرەڕای ئەوەی دەستکاریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کرد، لەهەمانکاتدا گۆڕانێکی قووڵی لە زمانی کوردیدا کرد، ((ئۆقرەیی سیاسی، بەقەد گۆڕانکاریی سیاسی کارناکاتە سەر زمان))[٣]، بەڵام هاتنی ئیسلام لە گۆڕانکاریی سیاسی گەورەتربووە، هاتنی ئیسلام تەنها هاتنی دینێك نەبووە، بەڵکو لەگەڵ خۆشی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و کولتوریشی دروستکردووە، لێرەشەوە دەبێت لە قەبارەی ئەو گۆڕانکارییەش بگەین کە لە زمانی میللەتە ناعەرەبە موسڵمانەکاندا دروستی کردووە.

هاتنی ئەم لێشاوە لە وشە بۆ ناو زمانی کوردی، پێویستبوو ئەم زمانە، وزەیەکی ناوەکی زۆر بەکاربهێنێت تا لەناو خۆیدا ڕێکیان بخاتەوە، چونکە یەکێك لە هۆکارە ناوەکییەکانی گۆڕانی زمان؛ بریتییە لە (کردەی دووبارە ڕێکخستنەوەی بەردەوام)، ئەو کردەیەی هەر کات زمان لە باری هاوسەنگەوە(توازن) یان لە باری نزیك لە هاوسەنگەوە بۆ بارێکی تر جووڵا، ئەوا سیستمی ناوەکی زمانیی بەرپای دەکات و هەوڵی دووبارە خۆڕێکخستنەوەی زمان دەدات[٤].

---

(خواستراو)ەکان ئاسانتر قبووڵدەکرێن، وەك چۆن لەنێو کولتوری دیمۆکراتیدا، مافی هاوڵاتیبوونی کەسی هاتوو، ئاسانتر دەستەبەردەبێت، ئاواش وشەی (خواستراو) ئاسان دەبێتە ئەندامی فەرهەنگیی زمانە وەرگرەکە، واتە گۆڕانی کلتوری و پێکەوە ژیانی جیاوازەکان و دۆزینەوەی ئامرازی دیمۆکراتیەت، وەك چۆن کاریگەریی هەبووە لەسەر پێکەوە ژیانی جیاوازەکان، بەهەمان شێوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر باشکردنی سومعەی وشەی (خواستراو)و قبووڵکردنی.

[١] جان بريفو و جان فرانسوا سابليرو، المولّد، دراسة في بناء الالفاظ... ص١٠.

[٢] سەرچاوەی پێشوو... ل٥١.

[٣] د. مصطفى زكي التوني، علل التغيير اللغوي، حوليات كلية الاداب_جامعة الكويت، الحولية الثالثة عشرة، ١٩٩٣م، ص٢٤.

[٤] سەرچاوەی پێشوو... ل٣٦.

لەبەر ئەمە، زۆربەی کات ئەو وشانەی وەردەگیرێن، دەکەونە ژێر کاریگەریی شێوازە دەنگییەکانی ئەو زمانەی وەریگرتوون، بۆیە گۆڕان لە دەنگ و شێوەی دەربڕینیاندا ڕوودەدات و لەم ڕوانەوە، لە وێنە بنەڕەتییەکەی خۆیان دووردەخرێنەوە، بۆ نموونە: ((ئەو وشانەی عەرەب لە ئارامی و سۆمەری و فارس و یۆنانییەکان وەریانگرتوون، زۆرینەیان مۆرکی زمانی عەرەبییان وەرگرتووە و وایان لێهاتووە کە زۆر لە شێوە بنەڕەتییەکەی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە. هەر لەم ڕووەشەوە دەبینین کاتێك وشەیەك لە زمانێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ چەند زمانێك، لە هەر زمانێك لەو زمانانە، وشەکە مۆرکی ئەو زمانانە وەردەگرێت لە شێوازی دەنگ و شێوەی گۆکردنیانەوە نزیکە))[1].

تەنانەت گوێزانەوەی وشەیەك لە زمانێکەوە بۆ دیالێکتەکانی هەمان زمان، زۆربەی کات، تووشی گۆڕانی جیاوازیی گۆکردن دەبێتەوە، تەنها بۆ نموونە: کورد بەرانبەر وشەی خودی قورئان خۆی، فۆڕمەکانی(قورئان، قورعان، قورحان)ی بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە کێشەیەکە و بە ناچاری، وامان لێدەکات پشت ببەستین بە یەك دیالێکت و لەوێشەوە شێوەزاری سلێمانی، کاری لەسەربکەین.

ئەو وشە بیانیانەی زمانێکی زاڵ لە زمانێکی بەزیوی وەردەگرێت، ئەوانیش لادانی زۆر لە ڕووی دەنگ و شێوەی گۆکردن و واتاوە بەسەردادێت، لەهەموو ئەم ڕوانەوە، لە وێنە بنەڕەتییەکەی خۆیان دووردەکەونەوە. ئەمەش ئەو کاتە باش دەردەکەوێت ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئەم وشە ئینگلیزیانەی ئێستا کە لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگیراون: (Motton, veal, beef__ Mouton, veau, boeuf)[2]. جیاوازیی ئەم وشانە لەڕووی دەنگ و چۆنێتی دەربڕین و واتاوە، ئەوەندە زۆرن، کە فەرەنسییەك، ئەگەر ئینگلیزی نەزانێت، ناتوانێت بیانناسێتەوە، یان واتایان بزانێت، ئەم حاڵەتەش حاڵەتێکی زۆر ئاساییە و ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا بە (شێوازی بەرگریکردنی زمان لەخۆی) بەکاریدەهێنین.

زمان وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی هەستێت و وەڵامی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە، پێویستە بەردەوام ڕێگە بەوە بدات وشەی نوێ بخولقێنرێت. لەسەر هەموو زمانێکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا بڕوات، ڕێگەی جۆراوجۆری هەبێت تا لێیەوە وشەی نوێی پێ بەرهەمبهێنێت و لەوێشەوە دانەی فەرهەنگی لەدایکببێت، ئەمەش پەرەسەندنی زانیاری و گۆڕانکارییەکانی دنیا پێویستیان دەکات. ئەمەش لەسەر فەرهەنگەکان

---

[1] الدکتور/ علي عبد الواحد وافي، علم اللغة... ص٢٥٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو... ل٢٣٥_ ٢٣٦.

پێویست دەکات بەشێوەیەکی کراوە بمێننەوە و هەمیشە ئامادەی وەرگرتنی ئەندامی نوێی زمانی بن و لێرەشەوە بەردەوام فەرهەنگ پێویستی بە نوێکردنەوە دەبێت.[١]

(ئازادکردنی زمان) و ترس لەوەی کە ئەم زمانە نەفەوتێت، لای کورد سێ ڕێگەی سەرەکیی بۆ گیراوەتەبەر، یەکێك لەو ڕێگایانەی مرۆڤی سیاسیی کورد گرتوونیەتیەبەر، ئەویش ئەوە بووە کە ڕزگارکردنی خاکی نیشتمان لە داگیرکەر، ئازادکردنی زمانیشی بەدوادا دێت. دووەم ڕێگا، نووسەر و لێکۆڵەرە کوردەکان گرتوویانەتەبەر، ئەویش ئەوە بوو: نووسین بەزمانی کوردی و پاڵفتەکردنی زمان لە وشەی بیانی، ڕزگارکردنی خاکیشی بەدوادا دێت، واتە: هەوڵەکانی نووسەرە ناسیۆنالستە کوردەکان، بۆ پاڵفتەکردنی زمانەکەیان لە وشەی بیانی، ستراتیژێك بووە بۆ بەرگریکردن و ململانێ لەپێناوی مانەوەدا. ڕێگەی سێیەم: زمان خۆشی ستراتیژێکی تری گرتبوو، تا خۆی لە فەوتان بپارێزێت، ئەو ستراتیژەش (کورداندن)[٢]ی وشە بێگانەکان بووە، گۆڕینی فۆڕمی وشەکان و سازاندنیان لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییە

---

[١] بڕوانە: جان بريفو و جان فرانسوا سابليرو، المولَّد، دراسة في بناء الالفاظ... ص٢٧.

[٢] دکتۆر (کامل حەسەن بەصیر)، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ١-٢، بەرگی دووەم بەشی یەکەم، ١٩٧٣ز، لە لاپەڕە ٧٥١، وتارێکی نووسیوە بەناونیشانی (زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی)، باس لە وەرگرتن و هاتنی هەندێك وشە دەکات، کە لای نووسەر ناپێویستن. لە دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی وەرگرتنی وشە لە زمانی عەرەبییەوە، پێنج ڕێگای دەستنیشانکردووە، ڕێگای دووەمیان پەیوەندیی بەم شوێنەی باسەکەی ئێمەوە هەیە، ئەم ڕێگایەشی ناوناوە(کردن بە کوردی)، لەبەرانبەر (تکريد)ی عەرەبی دایناوە، مەبەست لەم ڕێگایە، بەکوردیکردنی یەکێك یان پتر لە دەنگەکانی زاراوە عەرەبییەکەیە، بۆ ئەم مەبەستەش هاتنی وشەی (کتاب)ی بۆ نموونە وەرگرتووە، کە لە کوردیدا بوە بە (کتێب)، کە تێیدا دەنگی [ا] گۆڕاوە و بوە بە [ێ]. دواتر دەڵێت:(( ئایا ئەگەر هاتو دەنگی[ا] مان گۆڕی بەدەنگی[ێ]ی کوردی، مێژوی واتای ئەم وشەیە ئەگۆڕێ و لەگەڵ زەوقی نەتەوەکەمان و سروشتی زمانی کوردیدا ئەگونجێ؟))، پاشان نووسەر دەنووسێت:(( ئێمە لەو بڕوایەداین کە (کردن بە کوردی) دەنگی وشەی عەرەبی لە بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ بۆ زمانەکەمان ڕێگایەکی سەرکەوتوو نییە)). بڕوانە لاپەڕە ٧٦٠، ٧٦١، ٧٦٢. هەر پێشتریش نووسەر ئەم ڕێگایەی بە کاری (زمانەوانان)ی کوردی داناوە، بڕوانە هەمان سەرچاوە... ل٧٥٨.

لە ڕاستیدا کردەی " کردن بە کوردی" یان "بەکوردیکردن"، ئێمە بۆیە بەکارمان نەهێناوە، لە پرۆسەکانی بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن، هاوشێوەکانییەوە نزیکە، ئەم پرۆسەیەش لەخۆیدا پڕۆسەیەکی سیاسی بوو، لەدەرەوەی زمان و کلتوری نەتەوەیەکەوە، ئاراستەی نەتەوەیکی تر کراوە، واتە پرۆسەیەك بووە، لەناو زمانەوە بۆ بەرگریکردن لە زمان خۆی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەك بووە لەدەرەوەی زمانی کوردییەوە، بەسەر زمانی کوردیدا هێنراوە، بەڵام پڕۆسەی کورداندن، ستراتیژێکی زمانی کوردی خۆیەتی کە دەیگرێتەبەر و کاری زمانەوان نییە، وەك نوسەر وای بۆچووە، بۆیە ئەوە بڕیار و کۆبوونەوە و کۆڕبەندە کوردییەکان نەبوون کە بڕیاربدەن، بۆ نموونە، لە وشەی [کتاب] دا، کاتێك دێتە ناو زمانی کوردییەوە، دەبێت [ا] بکرێت بە [ێ]، بەڵکو ئەوە پەیوەندیی بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییەوە هەیە، کە پێویستە زمانەوانی کورد، هەوڵی دۆزینەوەیان بدات و تەنها شیبکاتەوە و وەسفبکات، نەك ڕەفز یان قبووڵی بکات، وەك مامۆستا ڕەفزی کردووە، چونکە ئەم کردەیەی زمان، بەدەرە لە توانای زمانەوان و کۆڕبەندەکان، تا بتوانن بیوەستێنن، سەرەڕای ئەوەی ئەم کردەیە هێزی زمانێك دەردەخات لەبەردەم ئەو زمانەی کە وشەکەی لێوەهاتووە و دەیکات بە ئەندامێکی دڵخوازی زمانەکەی خۆی، تەواو وەك هاوڵاتییەکی مەملەکەتی ئەم زمانەی لێدێت، واتە دەبێت بە ئەندامێك لە ڕیزی وشە فەرهەنگییەکانی ئەم زمانە.

کوردییەکاندا، یەکێك بوو لە پرۆسەی کورداندنی وشە بێگانەکان، ستراتیژێك کە زمان خۆی ئەو ڕێگە دەگرێتە بەر و پێویستی بە بڕیاری زانستی و کۆڕو کۆبوونەوە نییە.

زاراوەی کورداندن بریتی نییە لە وەرگێڕان یان تەنها وەرگرتنی وشەیەك، کتومت وەك خۆی، بەڵکو مەبەستمان لەو پرۆسە ناوەکییەیە کە لەناو زمانی کوردی خۆیدا هەیە، ئەو پرۆسەیەی کە هەموو زمانێکی زیندو و خاوەن ویست لەبەردەم شالاوی کاریگەریی زمانەکانی تردا دەی گرێتەبەر، بریتییە لەو هێزە ناوەکییەی کە ژیان بە زمانی کوردیی دەدات و لە یەککاتدا، ئەم زمانە دەتوانێت بەزمانەکانی تری دەوروبەری کاریگەربێت و نەشفەوتێت، بەڵکو گەشەبکات و دەوڵەمەندببێت. کورداندن، وزەیەکە لەناوەوەی زمانی کوردی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەم زمانە وەك بوونەوەرێکی زیندوو، هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات و لەشەڕی مانەوەدا بەکاریدەهێنێت.

ئەو وشە قورئانییانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، لەڕووی فۆڕم و واتاوە، یان لەڕوویەك لەم دوو ڕووەوە گۆڕانیان بەسەرداهاتبێت، دەکەونە ناو ئەم پرۆسە ناوەکییەی زمانەوە.

ئەم کارە بەتەواوی وەك ئەوە وایە، زمانێکی بیانی بەنیازی داگیرکردن دێتە ناوتەوە، لەترسی ئەوەی داگیرت نەکات، تۆ دوو ستراتیژ بەکاردەهێنیت، یان ئەوەتە ململانێدەکەیت تا ڕەسەنایەتی لەدەست نەدەیت و بمێنیتەوە، یان ئەوەتە ئەم زمانە دەهێڵیتەوە و دەریناکەیت، بەڵکو هەوڵدەدەیت بیکەیت بە کوردی. ناسیۆنالزمی کوردی، ستراتیژی یەکەمی هەڵبژاردووە و زمان خۆی ستراتیژی دووەمی هەڵبژاردووە. هەروەها ستراتیژی دووەم، تەنها فۆڕم گۆڕین نییە، بەڵکو دەستکاریکردنی واتای وشە و پێدانی واتای نوێ یان سێبەرە واتایە بە وشە بیانییەکان. ئەم ستراتیژەش، ستراتیژێکی تری زمانە، کە لەگەڵ وشە بیانییەکاندا دەیکات، تا بیانکات بە ئەندامێکی خوازراوی خۆی و جۆرێکی شەڕە لەپێناوی مانەوەدا.

ستراتیژی پاڵفتەکردنی زمان لە وشەی بێگانە، ئەو ستراتیژەیە کە زۆر جار بزاڤە ناسیونالستەکان، دەیگرنە بەر و پەیوەستە بە بڕیار و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی زمانی و نەتەوەییەوە، بەڵام ستراتیژی کورداندن، ستراتیژێکە لە زیندوویێتی زمان خۆیەوە چاوگەی گرتووە و زمان خۆی دەیگرێتەبەر، ئەم ستراتیژە، نەك هەر زمان لە فەوتاندن دەپارێزێت، بەڵکو زمان بەهێزتر و زیندوتر و زەنگینتر دەکات، لە دەروازەی داهاتوودا، هەوڵدەدەین ئەم ستراتیژەی زمانی کوردی، لەبەرانبەر هاتنی وشەکانی قورئان بۆ ناو زمانی کوردی ڕوونبکەینەوە.

کردەی کورداندنی وشە، پێویستە:

١) وشەکە بە لابرۆتەری زمانی کوردیدا تێپەڕیبێت و هەموو ئەو گۆڕانانەی پێویستە لە گۆڕانی فۆنیم و زیادکردن و لابردن و پێشوپاشخستنی فۆنیم و هەر گۆڕانێکی تری فۆنۆلۆژی بەسەر وشەکەدا بێت و مۆرکی زمانی کوردی لێبدرێت، زۆربەی کاتیش ئەم کورداندنە ئاستی واتاش دەگرێتەوە، کە ئەم ئاستەی دواییان، بواری ئێستای ئەم باسە نییە.

٢) پێویستە ئەو وشە لە ناو زمانی کوردی و ئاخاوتنی زمانی کوردیدا بەکارهاتبێت یان بەکاربێت.

کەواتە لەم ڕووەوە ئێمە لەبەردەم دوو جۆر وشەی وەرگیراودایین:

أ) ئەوانەی وەك خۆیان وەرمان گرتوون و هیچ گۆڕانێکمان لەواتا و فۆڕمدا نەکردووە، ئەمانە تەنها وشەی وەرگیراون و نەکوردێنراون، دەکرێت زۆر لەم وشانە بە وشە ئەگەرییەکانی زمانی کوردیش ناویان ببەین، بەڵام زۆریشیان هێشتا نەکەوتوونەتە بەر پڕۆسەی کوردان‌دن، یان ڕەنگە هەر نەکەون.

ب) ئەو وشانەی بەلابرۆتەری زمانی کوردیدا تێپەڕیون و گۆڕان لە فۆڕم و واتا، یان یەکێك لەم دوانەی بەسەردا هاتووە، ئەمانە وشە کوردێنراوەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە.

## ٣ خوێندنەوەکانی قورئان و کوردان‌دن

پڕۆسەی کوردان‌دن لە زماندا پڕۆسەیەکە بەدرێژایی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان، لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا ئەمیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوادا ئێمە ناچارین پشت بە گۆڕانە فۆڕمییە ئێستاییەکانی وشەکانی قورئان ببەستین و ئاسان نییە بتوانین بچینەوە بۆ یەکەم وەرگرتن و دواتر گۆڕانکارییە فۆڕمی و فۆنۆلۆژییە مێژووییەکان ڕوونبکەینەوە، واتە: بۆ ئێستا و لێرەی ئەم کارەی ئێمەدا، ناتوانین ئەو ساتەوەختە و ئەو پێویستییە یەکەمییە بدۆزینەوە، کە وای لە مرۆڤی کورد کردووە یەکەم جار بۆ و چۆن وشەیەکی قورئانی وەرگرتووە؟! ناشتوانین بزانین یەکەم جار بە چ فۆڕمێك وشەکەی وەرگرتووە؟ ئایا یەکەم جار فۆڕمەکەی ئەو وشەیەی وەك خۆی هێشتۆتەوە، یان گۆڕانی زیاتری بەسەردا هێناوە؟ بۆیە ئێستاییانەو لە ئێستادا وەریدەگرین و لە گۆڕانە فۆڕمییە ئێستا لەئارابووەکەی(ئەگەر هەبوو) دەدوێین، بەڵام ڕوونکردنەوەی دوو خاڵ بۆ ئێمە گرنگە:

١) فۆڕمی ئەو وشەقورئانییانە  وەردەگرین، کە پەیوەستن بە خوێندنەوەی (عاسم)؛ بەگێڕانەوەی (حەفس)، مەبەست لە خوێندنەوە یان زانستی خوێندنەوە(علم القراءات) چییە؟

زانستی خوێندنەوە((ئەو زانستەیە کە بەهۆیەوە چۆنێتی گۆکردنی وشەکانی قورئان و ڕێگاکانی چۆنییەتی جێبەجێکردنیان، بەکۆکبوون یان ناکۆکبوون لەسەریان، دەناسێنێت، لەگەڵ دانەپاڵی هەر شێوەخوێندنەوەیەك بۆ ئەو کەسەی نەقڵی کردووە))[١].

((بۆ سووککردنی لەسەر خێڵە عەرەبییەکان و خاترگرتنی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانیان، پێغەمبەر سەلامی لێبێت، وشەکانی بە دیالێکتە جۆراوجۆرەکان دەخوێندەوە، تا لای ئەم خێڵانە ئاسان تیلاوەبکرێن، ڕوویداوە کە هەندێك هاوەڵی پێغەمبەر چەند ئایەتێکیان لەدەمی پێغەمبەرەوە بیستبێت، ڕەنگە هەمان ئەو چەند ئایەتە– لەوانەشە سورەت– لەلایەن هەندێك هاوەڵی ترەوە، بە زارێکی تری جیاواز لە زاری پێشویان لە خودی پێغەمبەرەوە بیستبێت))[٢]. ئەم جیاواز خوێندنەوەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە پێغەمبەر فەرمودەی((ئەم قورئانە لەسەر حەوت جۆر پیت نازڵبووە، بەو شێوە بیخوێننەوە کە بۆتان ئاسانە))[٣] بڵێت و ببێتە بەڵگە بۆ شەرعیەتدان بەخوێندنەوە جیاوازەکانی قورئان.

لەسەر زاراوەی (سبعة أحرف)یش، ئەو بۆچوونە ورد و لەبارە کە بەدیاریکراوی مەبەست لێی حەوت جۆر خوێندنەوە نییە، بەڵکو مەبەست زیاد لە خوێندنەوەیەکە بۆ وشەکانی قورئان، بەپێی زارە

---

[١] أبو سليمان صابر حسن، كشف الضياء في تاريخ القراءات و القراء، دار العلم الكتب للطباعة و النشر و التوزيع_السعودية، الطبعة الاولى_١٩٩٥م، ص٦.

[٢] أحمد بن موسى بن العباس التميمي، أبو بكر بن مجاهد البغدادي، كتاب السبعة في القراءات، تحقيق: الكتور شوقي ضيف، دار المعارف بمصر، ١٩٧٢م، ص٥، ٦.

[٣] رواه البخاري (٢٤١٩) و (٤٩٩٢) و (٥٠٤١) و (٦٩٣٦) و (٧٥٥٠) ومسلم (٨١٨) وأبو داود (١٤٥٧) والنسائي (٢/ ١٥٠) والترمذي (٢٩٤٣)، ومالك ١/ ٢٠١ وأحمد ١/ ٤٠ و٤٢ – ٤٣ والطبري (١٥) والبغوي (١٢٢٦) والشافعي في " الرسالة " (٢٧٣) والطيالسي (٩) من طرق عن عبد الرحمن بن عبد القارىء أنه قال: سمعت عمر بن الخطاب يقول: سمعت هشام بن حكيم بن حزام يقرأ سورة الفرقان على غير ما أقرؤها، وكان رسول الله – صلى الله عليه وسلم – أقرأنيها، فكدت أن أعجل عليه، ثم أمهلت حتى انصرف ثم لبَّبته بردائه، فجئت به رسوله الله – صلى الله عليه وسلم –، فقلت: إني سمعت هذا يقرأ سورة الفرقان على غير ما أقرأتنيها، فقال له رسول الله – صلى الله عليه وسلم – " أقرأ " فقرأ القراءة التي سمعته يقرأ، فقال رسول الله – صلى الله عليه وسلم –: " هكذا أنزلت " ثم قال لي: " اقرأ " فقرأت، فقال: " هكذا أنزلت، إن هذا القرآن أنزل على سبعة أحرف، فاقرؤوا ما تيسر منه " وزاد السيوطي في " الدر المنثور" ٥/ ٦٢ نسبته لابن حبان والبيهقي. **بڕوانە:** ابن الوزير، محمد بن إبراهيم بن علي بن المرتضى بن المفضل الحسني القاسمي، أبو عبد الله، عز الدين، من آل الوزير (المتوفى: ٨٤٠هـ)، العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، حققه وضبط نصه، وخرج أحاديثه، وعلّق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة: الثالثة، ١٤١٥ هـ – ١٩٩٤ م، الجزء١، ص٢١٧.

عەرەبییەکانی ئەوکاتە، بەتایبەت ئەو وشانەی کەسانی زارەکانی تر، بە زاری قورەیشی، زۆر وشەیان بەدەمدا نەدەهات، ئیتر بۆ ئاسانکاری؛ ڕێگەی پێدرا بەزارەکانی خۆیان گۆی بکەن.

دەگوترێت:((خوێندنەوەکەی (عاسم)، موتوربەکردنێکە لە نێوان قورئانەکەی (عەبدوڵای کوڕی مەسعودی هوزەیلی) و خوێندنەوەکەی (عەلی کوڕی ئەبوتالیبی قوڕەیشی)، بەڵام کەسی شارەزا بە خوێندنەوەکەی (عاسم)، بۆی دەردەکەوێت کاریگەریی خوێندنەوەکەی (ئیبن مەسعود)ی بەسەردا زاڵە، بۆ نموونە هەمزە لە دیالێکتی (هوزەیل)دا هەیە، بەڵام لە دیالێکتی (قورەیش)دا نییە))[١].

لەم دواییانەی سەردەمی عوسمانییەکاندا، بەفەرمانی سیاسی گێڕانەوەی (حەفس) بەخوێندنەوەی (عاسم) بوو بە ڕەسمی و عوسمانییەکان لەهەر شوێنێك دەسەڵاتیان هەبووبێت، ئەم خوێندنەوەیان بەسەر خوێندنەوەکانی تردا زاڵکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی عوسمانییەکان مەزهەبی حەنەفییان کرد بە مەزهەبی ڕەسمیی خۆیان، ئیمامی (ئەبو حەنیفە) کوفەیی بووە و (حەفس)یش هەر کوفەیی بووە، بۆیە (ئەبو حەنیفە) بەم خوێندنەوەیە کاریگەربووە.

لە کوردستان، لەبەر ئەوەی عوسمانییەکان لە ڕابردودا دەسەڵاتیان بەسەریدا شکاوەتەوە، بۆیە خوێندنەوە ڕەسمییەکەی (عاسم)، بووە بەخوێندنەوەی یەکلاکەرەوە و لە حوجرەکانی کوردستاندا هەر ئەو خوێندنەوەیە زاڵبووە، لە ئەنجامیشدا ئەم خوێندنەوەی قورئانە کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی هەبووە.

کۆی ئەمەی لە خاڵی یەکدا وتمان بۆ ئەوەیە ئەوە ڕوونبکەینەوە، کاتێك وشەیەك بەهۆی خوێندنەوەکانەوە زیاتر لە فۆرمێکی هەبووە، تەنها ئەو فۆرمە و کاریگەریی ئەو فۆرمە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، کە بەهۆی خوێندنەوەکەی (عاسم)ەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، نەك خوێندنەوەکانی تر، بۆ نموونە: وشەیەکی وەك **(يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ)**، لەناو زمانی کوردیدا، بە لانیکەمەوە، ئەم چەند فۆرمە کوردێنراوەی هەیە، کە هەر یەکە و لە شوێنی خۆیدا و لە دەروازەی دووەمدا ئاماژەمان پێکردووە:

---

[١] شیخ محمد الامین ، تأریخ إنتشار القراءات، ص٧. ئەمەش لینکی ئەم بابەتەیە: .http://www.ibnamin.com/recitations_current_places.htm




وا ڕێکەوتووە ئەم سێ فۆڕمەش لە خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی قورئاندا هاتوون، بۆ نموونە ناوی **(يَأْجُوجَ وَ مَأْجُوج)**، لە ئایەتی ٩٤ی سورەتی (الكَهْفْ) و ئایەتی ٩٦ی سورەتی (الانبياء) دا هاتووە، تەنها (ئەبوبەکری عاسم)[١] بە **(يَأْجُوجَ وَمَأْجُوج)** خوێندویەتیەوە[٢]، ڕوئبەی کوڕی عەججاج(رُؤْبة بن العجاج)[٣] بە **(آجوج** و ماجوج) خوێندویەتیەوە[٤]، لەیەکێك لە خوێندنەوە ڕیزپەڕەکاندا **(مَأْجُوجَ)**، بە (يَمْجوجَ) خوێندراوەتەوە[٥]، ئیتر هەموو خوێندنەوەکانی تر بە (یاجوج و ماجوج) هاتوون.

ئەم لێکچوونانە لە نێوان فۆڕمە کوردێنراوەکان و خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا، وەك ڕێکەوتێکەو هیچ پەیوەندیی بەخوێندنەوەکانی ترەوە نییە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەسەدەی شازدەوە عوسمانییەکان خوێندنەوەی (عاسم)یان کردووە بە ڕەسمی[٦] و ئەم بە ڕەسمیکردنەش کوردستانی گرتۆتەوە و تەنها

---

[١] (عاسمی کوڕی بەهدەلە): یەکێکە لەو پێشەوایانەی کە بە(القراء السبعة)ناسراوە، لەساڵی ١٢٧ی کۆچی لە کوفە مردووە. بڕوانە: إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي، ألاعْتِصَام، تحقيق: سليم بن عيد الهلالي، دار ابن عفان، السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤١٢هـ – ١٩٩٢م، ج١، ص٨١.

[٢] أحمد بن موسى بن العباس التميمي، أبو بكر بن مجاهد البغدادي، كتاب السبعة في القراءات، ص٣٩٩.

[٣] (رِؤْبة بن العجاج): لەعەرەبەکانی بەسرەیە و زانایەکی گەورەی زمان و شاعیریش بووە، ١٤٥ ی کۆچی مردووە. ( أبو الحسين يحيى بن أبي الخير بن سالم العمراني اليمني الشافعين، الانتصار في الرد على المعتزلة القدرية الأشرار ، المحقق: سعود بن عبد العزيز الخلف، الناشر: أضواء السلف، الرياض، المملكة العربية السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤١٩هـ/١٩٩٩م، ج٢، ص٣٥٠.

[٤] بڕوانە: شهاب الدين محمود بن عبد الله الحسيني الألوسي، رِوح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، طبعة دار إحياء التراث العربي_بيروت، الجزء ٨، ص٣٦٠.

[٥] بڕوانە: مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروزآبادى، القاموس المحيط، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، الطبعة: الثامنة، ١٤٢٦ هـ – ٢٠٠٥ م، ج١، ص١٧٩.

[٦] بڕوانە: شيخ محمد الامين، سرد تاريخي لانتشار القراءات، ص٢.

خوێندنەوەکەی (عاسم)، لەبەری دەگیرایەوە و دەنێردرا بۆ ئەو شوێنانەی لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانییەکاندا بوون.

بەهۆی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی قورئانەوە، زۆر لە وشە قورئانییەکان چەندین فۆڕمیان هەیە، بۆ نموونە: ناوێکی وەك (يُوسُف)، کە لای (ئەبوبەکری عاسم)، بەم فۆڕمەی پێشو هاتووە، ئەوا لە خوێندنەوەکانی تردا، ئەم فۆڕمانەی تری هەیە:( يُؤْسَف، يُؤْسُف، يُؤسِف، يُوسَف، يُوسِف)[1]، وا ڕێکەوتووە فۆڕمە کوردێنراوەکانی لە شێوەزاری سلێمانیدا، کە بریتین لە (وێسف، یوسف، وێڵسف)، لەهیچ یەك لە فۆڕمەکانی تری خوێندنەوە قورئانییەکان ناچن. یان ناوێکی وەك (إِبْرَاهِيم)، کە فۆڕمە (عاسم)یەکەی بەوشێوەی پێشەوەیە، ئەم فۆڕمانەی تریش لە خوێندنەوەکانی تری قورئاندا هەن: (إِبْرَاهَام، إِبْرَاهَم، إِبْرَاهُم، إِبْرَاهِم، إِبْرَاهُوم، إِبْرَهُم، إِبْرَهِم)، لە شێوەزاری سلێمانیدا کوردێنراوەکانی بریتین لە: (ئیبرایم، برایم، بلە)، هەر یەك لەم کوردێنراوانە لە فۆڕمی (إِبْرَاهِيم)ەوە وەرگیراون و پێوەندیی بە فۆڕمەکانی ترەوە نییە.

٢ ) هەندێك وشە لە قورئاندا هەن، لە بنەمادا عەرەبی نین و عەرەبێنراون، وەك: (إِبْرَاهِيم، إسماعيل، وزير، رِزق، إبريق، دينار، جهنم، سراويل، فيردوس، فيرعون، فيل، ياقوت، آدم، روم، سُندس، صراط، طوبى، مرجان، هاروت و ماروت، يعقوب...)، ئەم وشانە با عەرەبی نەبن، بەڵام کاتێك عەرەبێنراون و چوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، جارێکیتر بەهۆی کاریگەریی قورئانەوە، فۆڕمە قورئانییەکەی هاتۆتەوە ناو زمانی کوردی، با نموونە بۆ ئەمە بێنینەوە:

وشەیەکی وەك (الرِّزق)، واتا بنەڕەتییەکەی بەمانای بژێوی ڕۆژانە دێت، لە وشەی (روز)ەوە وەرگیراوە، کە وشەیەکی ئێرانیی کۆنە، لەگەڵ پاشگری[īk]، کە پاشگرێکی نیسبەتیە، بۆیە وشەکە بووە بە (رۆزیك)[2]، (rōzīk) بەمانای (ڕۆژانە) دێت.

زۆر لە وشە عەرەبێنراوەکان دەنگی [ك] گۆڕاوە بۆ [ق]، ئەم کافەی دواییان لەناو ئەم وشەدا لە زمانی پەهلەوی ئەشکانی و ساسانییەکاندا هەبووە، کەواتە ئەم وشەیە ئەو کاتە چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە کە

---

[1] بڕوانە: د. أحمد مختار عمر، المعجم الموسوعي لألفاظ القران الكريم وقراءاته، مؤسسة سطور المعرفة_الرياض، الطبعة الاولى_٢٠٠٢م، ص١١٨٠.

[2] بڕوانە: برجشتراسر، التطور النحوي للغة العربية، أخرجه و صححه وعلق عليه الدكتور رمضان عبد التواب، مكتبة الخانجي بالقاهرة، ١٩٢٩، ص١١٣. یان بڕوانە: السيِّد أدّى شير، الالفاظ الفارسية المعَّربة، المطبعة الكاثوليكية للاباء اليسوعيين، بيروت، ١٩٠٨م، ص٧٢. هەروەها: الدكتور محمد ألتونجي، المعجم الذهبي في الدخيل على العربي(عربي_عربي)، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، الطبعة الاولى_٢٠٠٩م، ص٢٨٢.

هێشتا کافەکەی پێوە ماوە، دواتر کافەکە[k]ە لە فارسی دەریدا نەماوە[١]، هەروەها لە فارسی ئەمڕۆ و کوردیدا تەنها[Ī] ماوە و [k]ە کەوتووە، بۆیە وشەکە بووە بە (ڕۆزی)، ئێستاش لە زمانی کوردی و فارسیدا بەکەمێك جیاوازیی فۆڕمەوە (ڕۆزی) هەر لەکاردایە، لەزمانی کوردیدا لەگەڵ وشەی (ڕزق) دا زۆر جار پێکەوە دێن و دەبن بە (ڕزق و ڕۆزی)، هەمان وشە لە پەهلەویەوە چۆتە ناو زمانی سریانی(ئارامی)[٢] و بووە بە (rōzīkā)[٣]، ئینجا دواتر چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە بووە بە(رزق)، دواتر بەهۆی کاریگەریی قورئانەوە بەفۆڕمی کوردێنراوی (ڕزق)ەوە هاتۆتەوە ناو زمانی کوردییەوە. هەروەها لای (ئارسەر جفری)ش ئەم وشەیە ئێرانییە و بەهەمان ئەو قۆناغانەی پێشودا ڕۆشتوە[٤]، ئینجا بە فۆڕمی (ڕزق)ەوە ناو زمانی کوردی و فارسی هاتۆتەوە.

هەروەها وشەیەکی وەك (یاقوت)، (جوالیقی)[٥]، هەروەها (سەعالبی)[٦] و (خەفاجی)[٧]پێیان وایە ئەم وشەیە عەرەبێنراوە، واتە عەرەبی نییە، (بیرونی) پێی وایە لە (یاکند)ی فارسییەوە وەرگیراوە[٨]، ئەم بۆچوونەی بیرونی هەڵەیە، بنەچەی وشەکە یۆنانییە و لە (hyakinthos) ی یۆنانیەوە وەرگیراوە[٩]، ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی سریانییەوە و بە (یاقوندا) خوێنراوەتەوە[١٠]، عەرەبییش پاش ئەوەی نونەکەیان لابردووە و [د] بووە بە [ت]، لەم فۆڕمە سریانییەوە وەریان گرتووە. هەرچۆن بێت ئەم وشەیە وەك فۆڕمە قورئانییەکەی هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، لەناو زمانی کوردیدا پاش هاتنی فۆڕمە قورئانییەکەی (یاقوت)، فۆڕمی تری ئەگەر هەبووبێت نەماوە. ئەم جۆرە وشانە با لەبنەچەدا هی هەر زمانێك بوبن،

---

١ بڕوانە: دکتر محسن ابوالقاسمی، ڕیشەشناسی(ایتمولوژی)، انتشارات ققنوس_تهران، صاپ صهارم، ١٣٨٩، ص٦٦.

٢ بڕوانە: الدكتور محمد ألتونجي، المعجم الذهبي في الدخيل على العربي(عربي_عربي)... ص٢٨٢.

٣ بڕوانە: برجشتراسر، التطور النحوي للغة العربية... ص١١٣.

٤ ARTHUR JEFFERY, Ph.D. ,THE FOREIGN VOCABULARY OF THE QUR'ĀN, 1938_Oriental Institute Baroda, p142_143.

٥ بڕوانە: موهوب بن أحمد بن محمد بن الخضر الجوالقي، المُعَرَّب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم... ص٦٤٨.

٦ بڕوانە: ابومنصور الثعالبي، فقه اللغة... ص١٦٤.

٧ بڕوانە: شهاب الدين أحمد الخفاجي، شفاء الغليل فيما في كلام العرب من الدخيل، تصحيح الشيخ نصر الهوريني و مصطفى وهبي، المطبعة الوهبية، ١٢٨٢هـ، ص٢٤٤.

٨ بڕوانە: أبو الريحان محمد بن أحمد البيروني الخوارزمي، الجماهر في معرفة الجواهر، تحقيق سالم الكرنكوي، مكتبة المتنبي للطباعة و النشر و التوزيع، ج١ ، ص١٤.

٩ بڕوانە: الدكتور محمد ألتونجي، المعجم الذهبي في الدخيل على العربي... ص٦١٦.

١٠ بڕوانە: موهوب بن أحمد بن محمد بن الخضر الجوالقي، المُعَرَّب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم... ص٦٤٩.

لەئێستادا کورد بەکاریگەریی قورئان ئەم فۆڕمانەی وەرگرتووە و وەك وشەیەکی قورئانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

وشەی واشمان هەیە، هەردوو فۆڕمەکە (لە عەرەبییەوە کوردێنراوەکەی و فۆڕمە ئێرانییەکە)ی ماوەتەوە، وەك: (گوناه)، کە لەبنەڕەتدا ئێرانییە[1] و کاتێك بووە بە عەرەبی، [ه] بووە بە [ح]، هەروەها لەبەر ئەوەی [گ] لە زمانی عەرەبیدا نییە، بۆیە گۆڕاوە بۆ هاوئۆرگانەکەی کە دەنگی [ج]ە، فۆڕمە قورئانییەکەی بووە بە (جناح)، کوردێنراوەکەی ئەمڕۆ لەگەڵ فۆڕمە ئێرانییەکەیدا [گوناه]، فۆڕمێکی نێوانی لێدروستکراوە و بووە بە (گوناح)، لە ئێستادا هەردوو فۆڕمی (گوناه) و (گوناح) لە شێوەزاری سلێمانیدا بەکاردێت.

---

[1] بڕوانە: برجشتراسر، التطور النحوي للغة العربية... ص١١٤. یان : شهاب الدین أحمد الخفاجي، شفاء الغليل فيما في كلام العرب من الدخيل... ص١٠. هەروەها: الاب رِفائيل نخلة اليسوعي، غرائب اللغة العربية، الطبعة الرابعة، دار المشرق_بيروت، ١٩٨٦، ص٢٢٣. یان بڕوانە: الدكتور محمد ألتونجي، المعجم الذهبي في الدخيل على العربي(عربي_عربي)... ص٢٨٢.

# دەروازەی دووەم: پرۆسەکانی کورداندن لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا

**بەشی یەکەم: دەنگە کۆنسۆنانتەکان**

**١ ئەو کۆنسۆنانتانەی لەدەستەی فۆنیمە عەرەبییەکاندا هەن و لە کوردییەکاندا نین(فۆنیمە بێگانەکان)**

**٢ ئەو کۆنسۆنانتانەی لە هەردوو زمانەکەدا فۆنیمن و دەکەونە بەر پرۆسەکانی کورداندنەوە:**

**بەشی دووەم: لەڤاوڵچووەکان**

**بەشی سێیەم: ڤاوڵەکان**

# بەشی یەکەم: دەنگە کۆنسۆنانتەکان و پرۆسەکانی کورداندن

لە ئێستادا ئێمە کە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا باسی هاتنی وشەکانی قورئان بۆ ناو زمانی کوردی و گۆڕانکارییەکانیان دەکەین، لەهەمان کاتیشدا پێویستمان بە زانستی دەنگیی بەراوردکاریی لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا دەبێت، ((زانستی دەنگیی بەراوردکاری Comparative Phonetics: ئەو زانستەیە ڕاستییە دەنگییەکان لەگەڵ یەکتردا بەراورددەکات، ئیتر ئەمە لە زمانێکدا بێت، کە بەو بەراوردەی لە نێوان دەنگەکانیدا و لە نێوان دوو کاتی جیاوازدا دەیکات، یان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، کە پەیوەندیی و نزیکایەتییەکیان هەبێت و لە ئێستادا یان لە دوو کاتی جیاوازدا بەراورد لە نێوان دەنگەکانیاندا دەکات))[١].

لەم کارەدا وشە لەئارابووەکانمان پێویستەو ئەو وشانەی ڕۆژانە لەناو خەڵکدا بەکاردەهێنرێن و ئەم وشانە وەك بابەت و کەرەستەی باسەکەمان سوودیان لێوەردەگرین، بێگومان بۆ ئەم کارەش پێویستمان بە پرۆسەکانی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی دەبێت، تا بتوانین هۆکاری گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی وشە خوازراوەکان بزانین.

لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، کە باسی وشەکانی قورئان لەناو زمانی کوردیدا دەکەین، ئەوا بۆ دوو جۆر پۆلێنیان دەکەین:

١_ ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و تووشی هیچ گۆڕانێکی فۆنۆلۆژی نەبوونەتەوە، ئەمە بە وشە (بیانییەکان) ناودەبرێن، ئەمانیش:

أ) ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بەتەواوی لەگەڵ کۆتوبەند و یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا گونجاون، چونکە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ پەیڕەوە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا نەبووە، ئەمانە بەشێك بوون لە وشە ئەگەرییەکانی زمانی کوردی، هاتنی قورئان و موسڵمانبوونی گەلی کورد، ئەو ڕێکەوتەی بۆ فەراهەمهێناون کە لەدایکببن، وەك:

---

[١] الدكتور كمال بشر، علم الاصوات، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع_ القاهرة، ٢٠٠٠م، ص٦٢.

(جن، نور، قادر، مەدینە، قیبلە، ئیمان، تابوت، زەیتون...).

ب) ئەو وشانەی بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا تێپەڕیون و پڕۆسەی کورداندن و لابرۆتەری زمانی کوردی نەیتوانیوە بیانگۆڕێت، بەڵکو وەك خۆیان ماونەتەوە و خۆیان سەپاندووە، وەك:

(جوبرەئیل، یەعقوب، موعجیزە، یەئجوج و مەئجوج، ئەلحەمدوللا...).

زۆربەی ئەم وشانە سەرەڕای فۆڕمە بیانییەکەیان، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، فۆڕمی کوردێنراویشیان هەیە، بۆ نموونە (یەعقوب) فۆڕمە قورئانییەکەیەتی، (یاقوب) فۆڕمە کوردێنراوەکەیەتی، فۆڕمی (یەعقوب)، لانیکەم شەرعیەتێکی دینی پشتگیری دەکات، بەڵام فۆڕمی (یاقوب)، لابرۆتەری فۆنیمەکانی زمانی کوردی شێوەی پێداوە و هەر ئەویش شەرعیەتی پێدەدات. واتە: لە ئێستادا لانیکەم ئەم دوو فۆڕمە لە ململانێدان، گۆڕانکاریی ئاینی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و...هتد کاریگەرییان لەسەرییان دەبێت، ئەم دوو فۆڕمە یان زیاتر لە دوو فۆڕم لە ململانێدادەبن و یەکێکیان زاڵدەبێت بەسەر ئەوی تریاندا، یان بەیەکەوە دەمێننەوە.

٢_ ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام بە پڕۆسەی کوردانندا ڕۆشتوون ئینجا قبوڵکراون، ئەمانە بەشێکن لە وشە (کوردێنراوەکان)ی زمانی کوردی، وەك:

| | |
|---|---|
| ظالم | زاڵم |
| أُمَّة | ئۆمەت، ئومەت |
| تَهْلُكَة | تالوکە، تاڵوکە |
| مُحَمَّد | محەمەد، حەمە، مەم... |

## فۆنیمەکانی زمانی کوردی و عەرەبی

فۆنیمەکانی زمانی عەرەبی ٢٨ی سەرەکین، بەپێی ڕیزبوونی هیجائی ئەمانەن: [أ، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، هـ ، و، ي]. لەگەڵ شەش فۆنیمی ڤاوڵ(ئەلف، فەتحە، واو، زەممە، یا، کەسرە).

فۆنیمە کوردییەکان، ئەمانەن، کۆنسۆنانتەکان:[ ئـ، ب، پ، ت، ج ،چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ق، ع، غ، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ه، ی].

ڤاوڵەکان، ئەمانەن:[ ا، ه، و، وو، ۆ، ی ، ێ، ڤاوڵە ساردەکە].

## ١ ئەو کۆنسۆنانتانەی لە دەستەی فۆنیمە عەرەبییەکاندا هەن و لە کوردییەکاندا نین(فۆنیمە بێگانەکان)

لە ناو کۆنسۆنانتەکاندا ئەم فۆنیمانەی زمانی عەرەبی: [ ث، ذ، ص، ض، ط، ظ] لەناو زمانی کوردیدا فۆنیم نین، چونکە لە ناو فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا هەمبەرییان نییە، هەر بۆیە گۆڕینیان لە وشە خوازراوەکاندا کارناکاتە سەر واتای وشەکان. هەروەها ئەم فۆنیمانە بەهۆی وشەهاتووەکانیانەوە، هەوڵیان داوە دزەبکەنە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام نەیانتوانیوە بە پرۆسەی کوردانددنا خۆیان ببوێرن، بەڵکو بەپێی چەندین پێوەر لەگەڵ کۆمەڵێك فۆنیمی کوردی ئەڵتەرناسیۆنیان پێکراوە:

١. ث

سەری زمان، دەکەوێتە نێوان ددانە بڕەرەکانی سەرەوە و خوارەوە، بەشێوەیەك بە بێ ئەوەی دەنگەژێکان بلەرێنەوە، هەوا لە تێپەڕگەیەکی تەسکەوە گوزەردەکات، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا [ث] دەنگێکی نێوان ددانی خشۆکی کپە.[1]

[1] بۆ سازگە و سیفاتەکانی دەنگە عەرەبییەکان، بەگشتی سوودم لەم دوو کتێبە وەرگرتووە: ١) دکتور کمال بشر، علم الاصوات. ٢) الدکتور احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، عالم الکتب_القاهرة، ١٩٩٧م.

کاتێك وشەیەك دێتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەگەر [ث] ی تێدابوو، دەبێت بە[س]، چونکە ئەم دوو دەنگە کپن(–دەنگدارن)ن، سەرەڕای ئەوە هەردووکیان خشۆکن، ئۆرگانی دروستبوونیشیان لەیەکەوە نزیکە، [س]ددانی/پووکییە. واتە: نزیکی سیفەتەکانی ئەم دوو دەنگە لەیەکترییەوە و نزیکی شوێنی دروستبوونیان لە یەکەوە، ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی وشەهاتووەکانی زمانی عەرەبی، ئەگەر[ث]یان تێدابوو، لەگەڵ [س]دا ئەڵتەرناسیۆن بکەن:

| | |
|---|---|
| ث | س← |
| ثَمَر | سەمەر |
| ثَواب | سەواب |
| مِثقال | مسقاڵ |

٢. ذ

[ذ]دەنگێکی ددانی/تۆپی زمانییە، خشۆکە، لە دەستەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا نییە، دەنگێکی دەنگداری تیژە، لە زمانی کوردیشدا [ز] فۆنیمە، دەنگێکی خشۆکی(+دەنگدار)ە، سەری زمان/پووکییە[١]، واتە ئەم دوو دەنگە سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان دەنگدار و خشۆکن، شوێنی دروستبوونیشیان لەیەکەوە نزیکە، بۆیە کاتێك وشەیەکی قورئانی دێتە ناو زمانی کوردییەوە، [ذ]ی تێدابێت، دەگۆڕێت بە [ز] وەك:

| | |
|---|---|
| ذ | ز← |
| ذَرَّة | زەڕە |
| ذَمْ | زەم(زەمکردن) |
| إذْنْ | ئیزن(ئیزندان) |

[١] بۆ شوێنی دروستبوون و نیشانەکانی فۆنیمە کوردییەکان سوودم لە کتێبەکەی :(د. محەمەد مەحوی، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانی_٢٠٠٨ن)، وەرگرتووە .

## ٣.  ص

فۆنیمی [ص] لەناو فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا ئەندام نییە، ئەو ئۆرگانانەی بەشداریی دروستبوونی دەکەن، بریتین لە ددانەکانی سەرەوە لەگەڵ پووك، دەنگێکی خشۆکە، بۆیە ئەم دەنگە پووکیی خشۆکی کپی قەڵەوە.

[س] و [ص] خوشکن، یەکەمیان تیژ و دووەمیان قەڵەو(پان)ە، واتە: قەڵەوی دەنگی[ص][1] لە زمانی عەرەبیدا سیفەتێکی ستراکچەرییە، هەر لە زمانی عەرەبیدا [س] و [ز] خوشکن، یەکەمیان(+دەنگدار)ە، دووەمیان(−دەنگدار )ە.

((لە زمانی عەرەبیدا دەنگە قەڵەوەکان دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

أ) ئەو دەنگانەی بەتەواوی قەڵەون، یان بە پلەی یەك قەڵەون، بریتین لە صاد، ضاد، طا، ظا، لامی قەڵەو.

ب) ئەو دەنگانەی خاوەنی قەڵەوکردنی تەواو نین، یان قەڵەوی پلە دوون، بریتین لە خا، غەین، قاف.

ت) ئەو دەنگەی بەپێی دەوروبەر، ناسك یان قەڵەوە، بریتییە لە ڕا.

قەڵەوکردنیش(فودارکردن_التفخیم)، واتە تۆزێك بەرزکردنەوەی دواوەی زمان بۆ سەرەوە و ڕووەو نەرمەمەڵاشوو، هەروەها هەندێك بزواندنی زمان بۆ دواوە، بەرەو دیواری دواوەی قورگ)).[2]
قەڵەوکردن(التفخیم=الاطباق= velarisation): کاریگەرییەکی بیستراوە، بەهۆی هۆکاری فیسیۆلۆژی بەناویەکداچوو دروستدەبێت، ئەو هۆکارانەش دووانیان گرنگن:

---

[1] زۆر جار لەناو خێڵ و لەهجە عەرەبییەکاندا [س] کراوە بە [ص] ، وتراوە تەمیمیەکان [س] یان گۆڕیوە بە [ص]، وەك:

| | |
|---|---|
| السَّاق | الصَّاق |
| سِراط | صِراط |
| وسَخَّرَ لَكُمْ | وصَخَّرَ لَكُمْ |

بۆ زانیاری زیاتر، بگەڕیرەوە بۆ: د. مصطفی زکي التوني، علل التغییر اللغوي... ص٧٢.

[2] الدکتور احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، علم الکتب_ القاهرة، ١٩٩٧م، ص ٣٢٥، ٣٢٦.

یەکەم: بەرزبوونەوەی دواوەی زمان بەرەو ئەوسەری مەڵاشوو=نەرمە مەڵاشوو(the soft palate)، ئیتر بەمە لە بۆشایی دەمدا گۆڕانکاریی دروستدەبێت.

دووەم: گەڕانەوەی زمان بۆ دواوە، بەشێوەیەك خێراترە لەو گەڕانەوەی زمانەی کە لەکاتی دروستبوونی دەنگە ناسکەکان(مرقق)دا ڕوودەدات.[1]

لە زمانی کوردیشدا قەڵەوکردن هەیە، بەڵام جیاوازە لە زمانی عەرەبی، بۆ نموونە: [س] لە زمانی عەرەبیدا قەڵەودەکرێت و فۆنیمێکی نوێ دروستدەبێت کە [ص]ە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، بەڵام لە کوردیدا بە قەڵەوکردنی [س] هەرگیز واتا ناگۆڕێت:

| | |
|---|---|
| س | ←ص |
| سەوزە | صەوزە |
| سڵق | صڵق |
| سەگ | صەگ |

لە زمانی عەرەبیدا ئەو دەنگە عەرەبییانەی، کە قەڵەوکردن تێیاندا پێکهاتەیەکی بونیادییە، ناکرێت ناسك بکرێنەوە، چونکە لەگەڵ ناسککردنەوەیاندا فۆنیمی ناسککراوی بەرانبەریان دروستدەبێت؛ کە واتا دەگۆڕن:

صاد× ساد، ضل× دل، طاب× تاب، ظل× ذل

لە زمانی کوردیدا، ئەڵتەرناسیۆنکردنی ئەم دەنگە قەڵەوانە، لەگەڵ جێگرەوەکانیاندا واتا ناگۆڕن:

| | |
|---|---|
| مصَور | مسەور |
| بُغض | بوغز |
| خَطأ | خەتا |

[1] بڕوانە: دکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص٣٩٤.

| | |
|---|---|
| ثَمود | سەمود |
| حَذَر | حەزەر |

ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیدا، ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکردووە، لە پڕۆسەی کورداندندا کاتێك دەنگی [ص] لە وشەیەکی قورئانیدا دێتە ناو زمانی کوردییەوە، [س] جێی بگرێتەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا قەڵەوکردن بەشێك نییە لە ستراکچەری دەنگی [س]، بەڵکو کۆنتێکست پێی دەدات.

لەبەر ئەوەی[س] و [ص] هەردووکیان هاوئۆرگانن و خشۆکی کپ(-دەنگدار)ن، هەروەها[ص]لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە، بۆیە چاوەڕوانکراوە لەگەڵ [س]دا ئەڵتەرناسیۆن بکەن:

| | |
|---|---|
| ص | ← س |
| صابِر | سابیر |
| عَصی | عەسا(دارعەسا) |
| صدیق | سدیق |

[س] ئەلۆفۆنێکی تری هەیە کە بە [ص] گۆدەکرێت، واتە [س] لە ستراکچەری خۆیدا قەڵەو نییە، بەڵام هەندێك دەوروبەری دەنگی ئەم سیفەتەی بۆ زیاددەکەن. هەروەها زۆر لە وشە هاتووەکانی ناو قورئان ئەلۆفۆنە قەڵەوەکەی[س]یان بەهێزکردووە:

| | |
|---|---|
| صلاة | صەلا |
| صُبح | صوبح |
| صالِح | صاڵح |

٤. ض

ئەم فۆنیمە، خشۆکی دەنگداری قەڵەوە، لە زمانی عەرەبیدا [ض] و [ط] خوشکن، بەڵام یەکەمیان (+دەنگدار)ە، دووەمیان (−دەنگدار)ە، هەروەها [د] و [ض] خوشکن، یەکەمیان ناسك و دووەمیان

قەڵەوە، لەگەڵ [ز]دا خوشك نین، بەڵام كاتێك[ض]دێتە ناو زمانی كوردییەوە، [ز] جێی دەگرێتەوە، چونكە هەردووكیان: خشۆكی دەنگدارن، هاوئۆرگانیشن، واتە ددانی/پووكین ، وەك:

| | |
|---|---|
| ض | ز← |
| ضَرَر | زەرەر |
| رَمضان | ڕەمەزان |
| ضُحی | زوحا |

ئەوەی جێی سەرنجە، دەنگی [ض] یەكێكە لەو دەنگە هەرە قورسانەی بۆ مرۆڤی كورد گۆكردنی زۆر قورسە، لەهەمان كاتیشدا دەنگێك بووە لە سرووتێكی وەك نوێژدا، ڕۆژانە دەبێت لانیكەم نوێژخوێن ٣٤ جار بیخوێنێت، چونكە لە سورەتی فاتیحەی ئایەتی حەوتدا دووجار هاتووە:( صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ). پێشتر زانای ئاینیی كورد ئەو بوێرییەیان هەبووە ڕێگەی ئەوە بدەن، كە [ض] بكرێت بە [ڵ] ، ئێستاش زۆر جار لە بەتەمەنەكان دەبیستین، كاتێك نوێژەكانیان دەچێت، دەڵێن (نوێژەكانم قەڵاكردەوە)[1]، بەڵام لە ئێستادا بەهیچ شێوەیەك ئەو ئاسان كارییە ڕێگەی پێنادرێت[2].

لە گۆڕینی ناوی (الخضر[3]) بە (خدر)، [ض]ەكە بووە بە [د]، ئەم دوو دەنگە هاوئۆرگانن، لێرەدا ئەم هاوئۆرگانییەش ڕێی بۆ ئەوە خۆشكردووە ئەڵتەرناسیۆن بكەن، لە زمانی عەرەبییشدا [ض] قەڵەوە، ناسككراوەكەی بەرانبەری بریتییە لە[ د]، واتە دەستەخوشكن .[1]

---

[1] زەیلەعییەكان، كە عەرەبن و لە یەمەنن، دانیشتوی شاخی زەیلەعن، لە نزیك شاری (عەسیر)، ئەوانیش /ض /بە /ڵ/ دەخوێننەوە.

[2] لەمرۆدا ئەم ڕێگەپێنەدانە، یەكێكە لە كێشەكانی بەردەم پرۆسەی كورداندن، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی ئەقڵی دەقگەرای ئاینییەوەیە، بەسەر ئەهلی بیروبۆچوون و ڕەئی، ئەهلی دەقگەرا و دەقپەرستەكان دەیانەوێت پیتبەپیت فەرمانی نێو دەقە دینییەكان بپارێزن، لەنێویشیدا پاراستن و گۆكردنی دەنگەكانە، بەهەر نرخێك بێت.

٣ ناوی (الخضر)، لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆری تەفسیرە باوەڕپێكراوەكانی ئەهلی سووننەدا هاتووە، بۆ نموونە: (جامع البيان في تأويل القران)ی الطبري، (لطائف الاشارات)ی القشيري، (مفاتيح الغيب)ی فخر الدين الرازي، (تفسير القران العظيم)ی ابن كثير، (تفسير الجلالين) جلال الدين محمد بن أحمد المحلي وجلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، (الخضر)، ئەو كەسێتیەیە كە لە سورەتی كەهف، لەگەڵ موسادا، بە هەژدە ئایەت(٦٥ تا ٨٢)، باسی لێوەكراوە، بۆیە هاتنی ئەم ناوە بۆ ناو زمانی كوردی، بەدەرنییە لە كاریگەریی قورئان و تەفسیرە ناودارەكانی قورئان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم كەسێتیە لای سۆفی و شیعەكانیش گرنگیی تایبەتی هەیە.

### ٥. ظ

له زمانی عەرەبیدا [ظ] فۆنیمێکه لەگەڵ[ث]،[ذ]دا هاوئۆرگانن، بەهۆی تۆپی زمان و ددانه بڕەرەکانی پێشەوه دروستدەبێت، بۆیه پێیان دەوترێت: ددانییەکان[٢]. [ظ]دەنگێکی خشۆك و قەڵەوه، دەنگداریشه. کاتێك وشەیەکی قورئانی، که [ظ]ی تێدایه، دێته ناو زمانی کوردییەوه، [ظ] دەگۆڕێت به [ز]، چونکه هەردووکیان: خشۆکی دەنگدارن، ئۆرگانی دروستبوونیشیان نزیکه، چونکه [ز]ددانی/پووکییه، [ظ]ددانەیه:

| ظ | ز← |
|---|---|
| ظاهِر | زاهیر |
| ظَن | زەن |
| ظُلم | زوڵم |

له زمانی کوردیدا، هاتنی ئەو وشانەی که فۆنیمی[ظ]یان تێدایه، ڕێگەیان بۆ بەهێزتربوونی ئەلۆفۆنه قەڵەوەکەی [ز]خۆشکردووه، که به ڕوونی بۆ نموونه له وشەکانی ( ẕan ،ẕa: ɫim )دا هەن.

کەواته سێ فۆنیمی عەرەبی، که له دەستەی فۆنیمه کوردییەکاندا نین، بریتین [ظ، ض، ذ] دەبن به [ز]، چونکه هەر چواریان هاوئۆرگانن، هەموویشیان دەنگدارن، ئەمەش ئەگەری زیادبوونی ئەو وشانەی زۆرکردووه که له زمانی کوردیدا ئەم فۆنیمەیان تێدابێت، هەر لێرەوەشه ئەم فۆنیمه پتەوتر و کاراتر دەبێت و لەناو فۆنیمەکانی تردا پێگەی بەهێزتر دەبێت.

---

[١] له شێوه زاری هەولێریشدا، هەمان دیارده هەیه، تەنها بۆ نموونه: ارض> عارد، قَرضْ> قەرد.

[٢] بڕوانه: الدكتور احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي... ص٣١٥.

٦. ط

[ط] لەناو زمانی کوردیدا فۆنیم نییە، بەڵام لە عەرەبیدا فۆنیمە[1]، دەنگێکی گیراو(تەقیو)ە، کپیشە، [ت]و [ط] خوشکن، یەکەمیان ناسک و دووەمیان قەڵەوە، [ت] دەنگێکی کپە(_دەنگدار)ە، ئەم دوو دەنگە هەردووکیان ددانی/پووکین، بۆیە لە زمانی کوردیدا، [ت] جێگەی [ط] دەگرێتەوە:

| ط | ←ت |
|---|---|
| طارق | تاریق |
| طَعام | تەعام |
| طاغوت | تاغوت |

لە زمانی کوردیدا،[ت] ئەلۆفۆنێکی هەیە و لە هەندێك دەوروبەری دەنگیدا دروستدەبێت، کە بە شێوە قەڵەوەکەی دەردەبڕدرێت، بەڵام ئەوەندەش قەڵەو نابێت بگات بە دەنگی [ط] ی عەرەبی. هەر لەم زمانەدا [ڵ] حەز بە دەنگی [ت] دەکات، ئەگەر هاتو [ڵ] لە وشەیەکدا ڕاستەخۆ لەپێش [ت] ەوە هات، ئەوە [ت] ەکە قەڵەودەکرێت، وەك:(سەڵتە، گاڵتە، خلّتە)[2].

دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاح دەڵێت:([ط] کاتێك دێتەکایەوە، کە دەنگی [ڵ] لە پێش یان پاش دەنگی [ت]ەوە بێت: سەڵتە، تەڵە)[3]. ئەم بۆچوونە پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە، چونکە لە قەڵەویدا [ت]ە قەڵەوکراوەکەی زمانی کوردی ناگات بە قەڵەوی[ط] ی زمانی عەرەبی، کە ئەم قەڵەوییە لەدەنگە عەرەبییەکەدا لەستراکچەری فۆنیمەکەدا هەیە، واتە لە زمانی کوردیدا فۆنیمێك نییە نیگارەکەی [ط]بێت،

[1] هەندێ جار و تەمیمییەکان، /ت/ دەکەن بە /ط/، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| افلتنی الرجل | ← افلطني الرجل |
| فحصت برجلك | ← فحصطُ برجلك |

بڕوانە: د. مصطفى زكي التوني، علل التغيير اللغوي... ص١٧.

[2] بڕوانە: مەسعود محەمەد، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، بەغدا، ل٥٩٠.

[3] بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، ڕێنوسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢ز، ل٢٢٩.

ئەوەی هەیە، تەنها ئەلۆفۆنی [ت]ە، کە بە [ƫ] وێنەدەکرێت. واتە: ڕاستییەکەی ئەوەیە دەبێت بوترێت: ئەلۆفۆنە قەڵەوەکەی[ت]، چونکە لە زمانی کوردیدا لەو وشە کوردییانەی ئەلۆفۆنەکە بەهۆی دەوروبەرەوە دروستدەبێت، هەرگیز وەك [ط] ی عەرەبی قەڵەو گۆناکرێت، بەڵکو لەو سووکەڵەتر و ناسکتریشە.

هاتنی هەندێك وشەی عەرەبی ئەگەری ڕوودانی ئەم ئەلۆفۆنەیان زیادکردووە:

| | |
|---|---|
| قَتل | قەتڵ، /qa . ƫiɫ/ |
| طَلاقْ | تەڵاق، /ƫa . ɫa:q/ |
| طَلحة | تەڵحە، /ƫaɫ . ɦa/ |

دەبێت ئەوە بزانین لە زمانی کوردیدا وەك ستراکچەر جگە لە [ڵ، ڕ] فۆنیمی قەڵەومان نییە، ئەوانەی کە دروستدەبن، تەنها دەوروبەری دەنگی دروستیان دەکات. بۆیە ئەو فۆنیمە عەرەبییانەی بە ستراکچەر قەڵەون، وەك[ص، ض، ظ، ط]، بەڵام لە زمانی کوردیدا نین، بە گۆڕینیان بۆ فۆنیمە کوردییەکانی[س، ز، ز، ت] لەم قەڵەوکردنانە زمانی کوردی خۆیان لێ ڕزگاردەکات.

## ٢ ئەو کۆنسۆنانتانەی لە هەردوو زمانەکەدا فۆنیمن و دەکەونە بەر پرۆسەکانی کورداندنەوە:

کاتێك وشەیەك لە قورئانەوە دێتە ناو زمانی کوردییەوە، جاری وا هەیە فۆنیمەکانی لە هەردوو زمانەکەدا ئامادەن، کەچی هەر گۆڕانکاری لە فۆنیمەکاندا ڕوودەدات، کۆی ئەم ڕوداوانە لەخۆوە نین و بەهۆی بەردەوام خۆڕێکخستنەوەی ناوەکی زمانەوە ڕوودەدەن:

١. هەمزە /ئـ/

دەنگێکی گەروویی دەنگداری گیراوە، لە زمانی کوردیدا وەك دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، واتە دەنگێکە پێویستیی کاتی هێناویەتیەئاراوە، نەك پێویستییەکی واتایی، بۆیە لەو شوێنانەی پێویستبکات دەردەکەوێت، لەو شوێنانەش پێویستنەکات لادەبرێت. لە زمانی عەرەبیدا هەمزە فۆنیمێکی واتاگۆڕە. بۆیە تەنها پێویستیی فۆنۆلۆژی نەیهێناوەتەئاراوە، ئەمەش جیاوازییە ڕیشەییەکەی ئەم دوو

زمانەیە لەگەڵ ئەم فۆنیمەدا. بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ((ئەگەر کەوتە سەرەتاوە لاوازناکرێت، چونکە ئەگەر لاوازکرا، وەك دەنگێکی کۆنسۆنانت نامێنێتەوە، لە عەرەبییشدا سەرەتای وشە و بڕگە هەر دەبێت بە کۆنسۆنانت دەستپێبکات.))[1]. لە زمانی عەرەبیدا، سێ جۆر هەمزە هەیە:

أ) هەمزەی بنەڕەت(أصل) ئەو هەمزەیەیە کە یەکێك بێت لەپیتەکانی( فا یان عەین یان لام)ی فعل.

ب) هەمزەی زیادە، ئەو هەمزەیەیە پیتەکە هیچ یەك لە< ف، ع، ل > فعل نەبێت.

پ) هەمزەی گۆڕدراو، ئەو هەمزەیەیە کە پیتێکی تر دەتوانێت جێی بگرێتەوە، ئەمەش وەك پێویستی یان وەك باشترکردنی بار دەگرێتەوە.[2]

ئەگەر هەمزە کەوتە سەرەتای وشە خوازراوەکانەوە، ئەوا زۆربەی کات وەك خۆی دەمێنێتەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا لەسەرەتای وشەکاندا وەك دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی دێت، واتە: لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا ڤاوڵ لەسەرەتاوە نایەت، بۆیە ئەم وەك کۆنسۆنانتێك پەیدادەبێت:

| | |
|---|---|
| أبَداً | ئەبەدەن |
| أثَر | ئەسەر |
| أجْر | ئەجر |

بەڵام ڕێگەی تریش هەیە، زمانی کوردی خۆی لەو هەمزەیە ڕزگارکردووە، ئەویش بە لابردنی هەمزەکە، بۆ نموونە لە وشەی(إِبْراهِيم) دا، بووە بە (برایم)، لە دوای هەمزەکەوە ژێر[ I ] (کَسرةَ) هەیە، ژێرەکە ڤاوڵە، لە زمانی عەرەبیدا وەك زمانی کوردی لە سەرەتای بڕگەدا ڤاوڵ نایەت، بۆیە وەك کۆنسۆنانتێك دەرکەوتووە. کاتێك ئەم وشەیە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، ژێرەکە فڕێدراوە، ئیتر پێویستی مانەوەی

[1] د.حامد بن أحمد بن سعد الشنبر، النظام الصوتي للغة العربية(دراسة وصفية تطبيقية)، مركز اللغة العربية_ جامعة القاهرة، ٢٠٠٤م، ص١٨٢.

[2] بڕوانە: عثمان بن جني أبو الفتح، سر صناعة الاعراب، المحقق: حسن هنداوي، دار الكتب العلمية_بيروت_لبنان، الطبعة الاولى، ١٤٢١هـ، ص٦٩.

هەمزەکەش نەماوە، چونکە بە کۆنسۆنانتێك کە[ب]ە دەستی پێکردووە. هەمان هۆکاریش بۆ تیاچوونی هەمزەی ئەم نمونانە هەر ڕاستە:

| | |
|---|---|
| إسماعيل | سمایل |
| أمين | مینە |
| أحوال | هەواڵ |

هەندێك جار هەمزەی سەرەتا گۆڕاوە بۆ[ع] ، وەك:

| | |
|---|---|
| طَيراً أبابيل | تەیرەن عەبابیل |
| أجَل | عەنجەل |
| أرض | عەرز |
| أيام | عەیام |

لە ناوەڕاستیشەوە، هەمزە گۆڕاوە بۆ [ع] ، وەك:

| | |
|---|---|
| الان | ئەلعان |
| قُرآن | قورعان |

هەمزە دەنگێکی گیراوە، ئەوسەری قورقوڕاگە(الحنجرة) ئۆرگانی دروستبوونییەتی، (دەنگدار)ە، جگە لە [ه] فۆنیمەکانی [ح، ع] نزیکن لە شوێنی دروستبوونی هەمزەوە، ئەم دوو دەنگەی دواییان قوڕگی (حەلق)یان پێدەگوترێت، یەکەمیان خشۆکە، (–دەنگدار)ە، [ع] دەنگێکی گیراوە، (+دەنگدار )ە. بۆیە نزیکیی شوێنی دروستکردنی هەمزە و [ع] ڕێگە خۆشکەربووە بۆ ئەوەی ئەڵتەرناسیۆن نیشانبدەن.

هاوئۆرگانیی هەمزە و [ه] ڕێگەی داوە هەمزە لە وشەیەکی وەك (أوَلْ)دا، جێگەی خۆی بدات بە [ه] ، بۆیە وشەکە دەبێت بە (هەوەڵ).

وشەی وا هەیە هەمزەکەی بۆ [م] گۆڕاوە:

جزء> جزم

(محەمەدی خاڵ) لە ڕاڤەکردنەکەی بۆ چەند پارێکی قورئان کە ناوی(تەفسیری خاڵ)ی لێناوە، لە جێی (جزء) نووسیویەتی (جزم)، وەك(جزمی عەممە). بەهەمان شێوە دکتۆر محەمەد ساڵەح ئیبراهیمی(شەپۆل)یش لە وەرگێڕانەکەی قورئاندا هەر وەك (محەمەد خاڵ)ی کردووە.

[م] ئۆرگانی دروستبوونی لچولێوی_لووتییە، واتە: ئەمسەری ئۆرگانەکان شوێنی دروستبوونییەتی، (+دەنگدار)ە، زرنگدەرەوەییە، بەڵام ئۆرگانی دروستبوونی (هەمزە) ئەوسەری گەرووە، واتە: ئەوسەری ئۆرگانەکانە، کەواتە: شوێنی دروستبوونی ئەم دوو دەنگە زۆر لەیەکەوە دوورن، پێدەچێت هۆکاری ئەم گۆڕانە بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبیستن.

هاتنی وشەیەکی قورئانیی گۆڕاو، ئەگەر بەهۆی هەڵە خوێندنەوەشەوە گۆڕان لە ئاستی فۆڕم و مانادا ڕوویدابێت، ئەمە وای لێناکات ئێمە بڕیاری هەڵەی بەسەردا بدەین و هەوڵبدەین ڕاستی بکەینەوە و بە بڕیارێکی بەهایی هەڵی بسەنگێنین، بەڵکو وەك وشەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکەین کە توانیویەتی بێتە ناو زمانی کوردییەوە[1]. بەڵام لای (محەمەدی خاڵ) و هەروەها قورئانە وەرگێڕدراوەکەی (دکتۆر محەمەد ساڵەح ئیبراهیمی(شەپۆل))، بێگومان ئەم ڕاستییەیان زانیوە، بۆیە بەکاریان هێناوە و لەناو کورددا چۆنیان بیستووە ئاوایان نووسیوەتەوە.[2] لە زمانی عەرەبییشدا [م] هەرگیز جێی هەمزەی نەگرتۆتەوە[3].

هەمزە لەسەرەتاوە کەوێنراوە، دواتر کەسرەی پاش هەمزەکە وەك قەرەبوویەك زیاتر کراوە و بۆتە [یـ]:

| | |
|---|---|
| إحْسان | یحسان |
| بَن ادَمْ | بنی یایەم |

[1] بڕوانە: جان بريفو و جان فرانسوا سابليرو، المولّد، دراسة في بناء الالفاظ... ص٩٩.

[2] لێرەوە بە وردی لە نیهادی شێخ محەمەد خاڵ و دکتۆر محەمەد ساڵەح ئیبراهیمی(شەپۆل) دەگەین، لایان مەبەست بووە وشە قورئانییەکان بە فۆرمە کوردێنراوەکەیانەوە بەکاربهێنرێنەوە، نەك فۆرمە قورئانییەکەیان.

[3] بڕوانە: أبو الفتح عثمان إبن جني، سر صناعة الاعراب... ص٧٢.

| | |
|---|---|
| إسحاق | یسحاق |

هەموو ئەو جێگرتنەوانەی ڕوویانداوە، لە جۆراوجۆری ئازادن، چونكە كاریان نەكردۆتەسەر واتای وشەكان، بەڵكو واتاكانیان وەك خۆیان ماونەتەوە[1].

ئەم جۆرە فۆنیمانە لەم شوێنانەدا بە جۆرە گۆڕدراوە ئازادەكان ناودەبرێن. ((هەڵبژاردن و هەڵاوێردكردنی ئەلەفۆنەكانی ئەم جۆرەی گۆڕدراوە ئازادەكان، نەبەستراوە بە دەوروبەرە دەنگییەكانەوە–دابەشبوونی تەواوكەرانە، ئەلەفۆنەكانی وابەستەی دەوروبەر و دەقە دەنگییەكانن– و بەتەواویش ئازادنین، لە دەقە دەنگییەكان: هەر قسەكەرێك لەوان ئەلەفۆنێك هەڵدەبژێرێت و هەڵبژاردنەكەی وابەستەی بنەچە/ كوێندەرییە ناوچەیی و/ یان كۆمەڵایەتییەكەیەتی))[2]، بۆ نموونە: پیاوێكی ئاینی، یان ئامۆژگاركارێكی ئاینی ئەگەر لە قسەكردندا وشەی (مەلایكەت) بەكاربهێنێت، ڕەنگە پێیان وابێت دەبێت بە فۆڕمە قورئانییەكەوە پابەندبن و بە (ملائكة) گوی بكەن، یان هەندێك نزیك لە فۆڕمە قورئانییەكەی و بیكەن بە (مەلائیكەت)، بەڵام بەگشتی لەناو كۆمەڵدا وەك فۆڕمە كوردێنراوەكە بەكاردەهێنرێت، كەواتە لێرەدا جۆری پابەندبوونە ئاینییەكە كاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی جۆرە گۆڕدراوە ئازادەكانی فۆنیم هەیە. یان كەسێكی وەك محەمەدی خاڵ و دكتۆر محەمەد ساڵەح ئیبراهیمی(شەپۆل)كە دێن و (جزم) لەجێگەی (جزء) بەكاردەهێنن، ئەوە لە بیرە نەتەوەییەكەوە هاتووە، كە بۆ مرۆڤی كورد واباشترە فۆڕمە كوردێنراوەكان بەكاربهێنێت.

هەندێك جار لە ناوەڕاستی وشەوە هەمزە فرێدراوە:

| | |
|---|---|
| قائم | قایم |
| ماشاءالله | ماشەڵڵا[3] |
| طائِفَة | تایەفە |

[1] بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی یەكهەم... ل١٩٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو... ل٢١٨.

[3] لە لەهجەی شیحر و عوممان‌دا، ئەوانیش هەندێك دەنگی هەمزەیان فرێداوە، بۆ نموونە، ما شاألله< ماشا الله)). بڕوانە: د. مصطفى زكي التوني، علل التغيير اللغوي... ص٧٢. بەڵام ئەم گۆڕانە، هیچ پەیوەندیی بە گۆڕانە كوردیەكەوە نییە.

دەنگی[ئـ] وەك دەنگێكی گیراوی گەروویی، ئەگەر لە وشەكەدا ئەگەری ئەوە هەبوو كۆنسۆنانتێكی كۆتایی بڕگەكەی پێشتری بگوێزرێتەوە و بكرێت بە سەرەتای بڕگەكەی لەمەڕ خۆمان، ئەوا دەنگە گەروويیە گیراوەكە دانانرێت(mas . taw) ، وشەی (مَسْأَلَة) كە بووە بە (مەسەلە): مە/ سە / لە، هەمان كردەی بەسەردا هاتووە[١].

هەروەها هەموو ئەو وشانەی كۆتاییان بە هەمزە هاتووە، هەمزەكان فڕێدراون:

| الاسراء و المِعراج | ئیسراو میعراج |
|---|---|
| عَطاءْ | عەتا |
| دُعاءْ | دوعا |

حاڵەتێكی تایبەتی تر لە لابردنی هەمزەی (يَأجوج و مَأجوج) دا هەیە، ئەویش ئەوەیە: وەك قەرەبوویەك بۆ لابردنی هەمزەكە ڕێگەی گۆڕینی ڤاوڵی كورتی [a ] بۆ ڤاوڵی درێژ[a: ] گیراوەتەبەر، واتە: لەپێش هەمزەكاندا ڤاوڵێكی كورت هەیە، كە فەتحەی عەرەبییە، كاتێك هەمزەكە فڕێدەدرێت، قەرەبووی ئەم كارە دەكرێتەوە، ئەویش بە گۆڕینی فەتحەكە بە[a: ].

يأجوج و مأجوج> ياجوج و ماجوج

بۆ مرۆڤی كورد گۆكردنی هەمزە لەناوەڕاست و كۆتایی وشەكاندا خۆش و لەبارنییە، بۆیە هەوڵی فڕێدانی داون.

جاری واش هەبووە، لەناو زمانی كوردیدا وشە چانسی زۆر بەكارهێنانی نەبووە، تەنها لەبەر ئەوەی هەمزەكەی بەدەمدا خۆش نەهاتووە، وشەی(لؤلؤ)یەكێكە لەو وشانە، نەیتوانیوە لەبەرانبەر وشەی (مرواری)یدا ببێتە سینۆنیمێكی زیندوو، مرۆڤی كورد ناوی مێینەی بەناوی(مرواری)ەوە زۆرە، بەڵام ناوێكی ماندووكەری وەك(لؤلؤ)ی نییە، ماندووكەرییەكەی لەو دوو هەمزەوەیە كە هاتووە، بەتایبەت هەمزەی كۆتایی، چونكە كورد هەمزە لە كۆتایی وشە خواستراوەكانیشەوە فڕێدەدات، هەروەها

[١] بڕوانە: د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەكەم... ل٨٤.

وشەکانی( یاقوت، مەرجان) هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و زۆر لە وشەی (لؤلؤ)کاراترن، چونکە ئەم کێشەیان نییە.

لەو شوێنانەی پێویستییان نامێنێت، فرێدانی هەمزە یاسایەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییە، بەڵام هەندێك جار کاریگەریی وشە قورئانییەکان، هەروەها ئاستی پابەندبوونی کەسەکە بە دەربڕینی وشەکانەوە وەك دەربڕینە قورئانییەکەی، وایکردووە ئەم یاسایە تێکبشکێنرێت، واتە: هەمزەکەش لەگەڵ وشەکەدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| مؤمن | موئمین |
| سيئة | سەیئە |
| مَأوى | مەئوا(ماوا) |

٢. ب

دەنگێکی لچولێوی تەقاوە، (+دەنگدار)ە، ئەم دەنگە لەگەڵ[پ]دا، هاوئۆرگانی گیراو یان تەقاون، بەڵام ئەم کپە(–دەنگدار)ە، زمانەوانە عەرەبە کلاسیکییەکان [ب] یان لە ریزی[م، ن، ل، ڕ، ف] وەك دەنگێکی خۆشگۆکراو ناو بردووە[١]. ((لە زمانی کوردیدا هەر تەقاوەیەك گەروویی بێت یان ناودەمیی جووتێکی لە دەنگدار و کپ، لەهەمان شوێنی ئۆرگانیی دەنگدروستکردندا هەیە))[٢]. ((دەنگەکان دەخرێنەتەکیەك و خراوەتەکیەکانیان تەرز(pattern)ی خۆیان هەیە. تەرزەکان لە جۆری ڕێکخستنی کەرەستەیی دەنگییدا هەن، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دییکە دەگۆڕێن و جیاوازن: مەرج و کۆتوبەندەکان لەسەر دابەشبوونی دەنگەکان لەباریی پێشبینیکردنیان لە هەندێك دەنگ لە هەندێك شوێنی دیارییکراودا هەیە. دابەشبوونی تەواوکەرانەی complementary distribution کۆنسۆنانتە خشۆکە دەنگدار و کپەکان لەتەك گیراوە دەنگدارو کپەکاندا نموونەیەکە بۆ ئەو مەبەستە(/پشتدەر/ ~ /پژدەر/))[٣]. [ ب] و [ پ] نموونەی ئەم بارەن، واتە ئەم دوو دەنگە جووتەی هاوئۆرگانن، بەڵام

---

[١] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٣٥٩.

[٢] د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم... ل١٠٢.

[٣] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ل١٤٤.

یەکەمیان دەنگدارە، دووەمیان کپە، دەوروبەری دەنگیی تایبەت، ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات لە هەندێك کاتدا یەکیان جێی ئەوی تریان بگرێتەوە. بۆ نموونە: (بچووك> پچووك، بچۆ> پچۆ، پاڵتۆ(پاڵتاو)> باڵتۆ(باڵتاو)...)، ئەم تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییە وایکردووە کاتێك وشەی قورئانی، کە دێتە ناو زمانی کوردییەوە، تێیاندا[ب] بۆ [ پ] گۆڕاوە، ئەم گۆڕانە دەکەونە ڕکێفی ئەم دابەشبوونەوە:

| | |
|---|---|
| ب | ←پ |
| حَبْس | حەپس |
| قَلْب | قلْپ(قلْپبوونەوە) |
| قَصَب | قیسپ |
| خَراب | خراپ |
| مُبَتَلی | موپتەلا |

لە وشەی( حەپس)دا [ح]دەنگێکی خشۆکی کپە، [پ]دەنگێکی تەقاوی کپە، بۆیە ئەم دەنگەی دواییان چۆتە جێی [ب]، کە دەنگێکی تەقاوی دەنگدارە.

لە هاتنی وشەی (لَقَب)یشدا، لای هەندێکی توێژی کۆمەڵایەتی [ب] دەبێت بە [م]: /لەقەم/، بەهەمان شێوە کاتێك وشەی (طالب)یش وەك ناو بەکاردێت، هەمان جێگرتنەوە ڕوودەدات و دەبێت بە (تالیم)، ئەم کوردینراوەی دواییان لەگەڵ کوردێنراوی (تعلیم)دا دەبن بە هاوبێژ، بەڵام کاتێك (تالیم) وەك ناوی تایبەت و کەس بەکارهات، ئەوکاتە دەزانین کوردێنراوی (طالب)ە. هەر وەك چۆن لە وشەی (ژەقنەموت) و (ژەقنەبوت)ی کوردیدا دەگۆڕێت، هاوئۆرگانبوونی ئەم دوو دەنگە[ب، م]، کە هەردووکیان لچولێوین، ڕێگەی بۆ ئەم گۆڕانە خۆشکردووە.

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردی شێوەی سلێمانیدا کۆنسۆنانتە گیراوە دەنگدارەکان مەیلی ئەوەیان هەیە و بەرەو ئەو لایەنە دەچن لە کۆتایی وشەدا لەناوبچن. بۆیە ئەم کۆنسۆنانتە گیراوانە کەرەستەی کۆمەڵێك یاسای فۆنۆلۆژین، ئەم کۆنسناتانە یان دەخرێن، یان لەڕێی کۆنسۆنانتی گونجاوی ترەوە

جێیاندەگیرێتەوە.[1] هەر بۆیە لە مۆرفیمی ( قلّپ، قیسپ )دا، گیراوە دەنگدارەکە دەگۆڕێت بۆ گیراوێکی کپ، واتە [b] لەبەر ئەم هۆکارەیە بووە بە [p].

دەکرێت [ب] بکەوێت، ئەگەر هاتوو مۆرفیمێك بەکلیپکردن خرایە ناو پرۆسەی کورداندنەوە، وەك:

حَبيبَة> حەبێ

لەم نموونەیەدا کاتێك فۆنیمەکانی [t ،a ، b]فرێدەدرێن، ئەوا بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوە فۆنیمی[i: ]دەگۆڕێت بە [ێـ]، واتە: ڤاوڵەکە دەگۆڕدرێت بە ڤاوڵێکی درێژتر.

لەناو وشە کوردییەکاندا لە زۆر ناوچەدا بەهۆی گۆڕانی ناوچەییەوە [و] لەگەڵ [ب] دەنگگۆڕکێ دەکەن، وەك: (داوەزە> دابەزە، دەربەست> دەرووەست، بابە> باوە...)، ئەم فۆرمە، زیاتر لە ناوچەکانی گەرمیان و جافایەتی و موکریان باوە[2]. هەر بەهەمان شێوە لە زۆر وشەی خوازراوی قورئانیشدا ئەم دەنگگۆڕکێیە ڕوودەدات:

| ب | ← و |
|---|---|
| حِساب | حلێو، حسێو |
| صَباح | سەوا(سەوا باش) |
| عَبْد | ئەو، ئاو(ئاوڕەحمان، ئەوڕەحمان) |
| قَبر | قەور |
| جَبَل | جەوەڵ |

---

[1] بڕوانە: د. محەمەد مەوحوی، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی و ڕێزمانی عارەبیی... لا٢٥–٢٦.

[2] بڕوانە: دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی، یاسا دەنگیەکانی زمانی کوردی(نامەی ماجستێر)، زانکۆی سلێمانی_کۆلێجی زمان، ٢٠٠٠ز، لا٩٣.

### ٣. ت

[ت] دەنگێکی تۆپەزمانی ددانی_پووکیی، گیراوی کپە. لە زمانی کوردیدا، لەڕووی ئەرسۆگرافییەوە یەك جۆر نیگارمان بۆ ئەم پیتە لە کۆتاییەوە هەیە، کە بریتییە لە <ت>، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دوو جۆری هەیە، یەکیان تای لکێنراوە، نیگارەکەی بریتییە لە <ة>، دوەمیشیان تای نەلکێنراوە یان کراوە(مبسوط)ە، بریتییە لە <ت>، ئەو وشانەی لە قورئانەوە هاتوون و کۆتاییان بە تای لکێنراو هاتووە، یان ئەوەتە لا دەبرێن و دەکەون، یاخود دەهێڵرێنەوە و بەشێوەی <ت> دەنووسرێت، دەشکرێت بەهەردوو شێوەکە واتە لابرێن یان بهێڵرێنەوە، لەم نمونانەدا ئەم دەنگە کەوتووە:

| | |
|---|---|
| فِتنة | فیتنە |
| لَومة | لۆمە |
| تَوبة | تۆبە |

ئەم نمونانەش [ة]کان لانەبراون و بۆ <ت> گۆڕاون، وەك [ت]ی کوردی گۆدەکرێن:

| | |
|---|---|
| عاقِبة | عاقیبەت(ئاقیبەت) |
| لَعنة | لەعنەت(نەعلەت) |
| غَفلَة | غەفڵەت |

یاخود دەکرێت بە هەردوو شێوەکە گۆبکرێن:

| | |
|---|---|
| شَهوة | ← شەهوە<br>← شەهوەت |

| | |
|---|---|
| دَعوة | ← دەعوە<br><br>← دەعوەت[1] |
| رَحمَة | ← ڕەحمە<br><br>← ڕەحمەت |

لە شێوە زاری سلێمانیدا [ت] وەك كۆنسناتێك لە كۆتاییەوە پرۆسەی بەڤاوڵبوونی بەسەردا دێت، ئەمەش كاتێك دەبێت ئەم فۆنیمە گیراوە، لە پێشیەوە ڤاوڵی[ە] هەبێت،[2] ئەوا زۆرجار دەكرێت وەك [ə] ~ [ɐ] ~[w] دەرببڕدرێن، ئەمە جگە لە وشە كوردییە ڕەسەنەكان، وشە كوردێنراوە عەرەبییەكانیش دەگرێتەوە، ئەم حاڵەتەش بەسەر [د]شدا دێت:

| | |
|---|---|
| Masłaħat | Masłaħəə |
| ʕaqıbat | ʕaqıbəə |
| ɣafłat | ɣafłəə |

[ت]ی قەڵەو لەناو زمانی كوردیدا وەك ئەلۆفۆنی [ت] لەهەندێك دەوروبەری دەنگیدا و لای هەندێك كەس دەردەكەوێت، بۆ نموونە:( تاڵ).

بەبۆنەی كاریگەریی قورئانەوە[ت]ی قەڵەو لەناو زمانی كوردیدا بەهێزتر بووە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| طَلاق | تەڵاق |

[1] لە ئاستی سیمانتیكدا، جاری وا هەیە، ئەم گۆڕانكارییە، كاردەكاتە سەر واتا، بۆ نموونە: (دَعوة)، دەبێت بە (دەعوە، دەعوەكردن)، واتە بانگەواز یان بانگشەكردن بۆ ڕێبازێك، هەروەها(دەعوەت، دەعوەتكردن)، كە واتای بانگكردن بۆ سەر سفرە و خوان دەگەیەنێت و زۆرجار بەگۆڕانكارییەوە بە شێوەی /داوەت/ دەردەبڕدرێت. هەروەها وشەكانی(ڕەحمەت)و (ڕەحمە)، كە لە (رَحمة)ەوە كەوتوونەتەوە، واتاكانیان جیاوازە. یاخود لە وشەی صَلاَة> سەلا ، سەلات، واتای ئەم دوانە لە كوردیدا جیاوازە.

[2] بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی یەكەم... ل٢١٣.

| | |
|---|---|
| طْلوع | تلوع |

له وشەیەكی وەك (قَسَم)دا، زۆر جار [ت]ی بۆ زیاددەكرێت و دەبێت بە (قەستەم)، واتە لەم وشەدا [ت] وەك دەنگێكی هەڵتۆقیو خۆی دەردەخات، ئەمەش پێوەندیی بە هێشووە دەنگی [ست]ەوە هەیە، كە لە وشە كوردییەكاندا زۆر هەیە.

٤. ج

دەنگێكی ڕەقەمەڵاشوووییە، دەنگداری خشۆكی تەوژمۆكە، لەگەڵ [چ]دا هاوئۆرگانن، بەڵام ئەمەی دواییان كپە. ((لێكجیابوونەوەی ئەندامەكانی هەناسە لەگەڵ یەكتری لەهەر شوێنێكی ئەو دەنگانەی كە وەستاندنی هەوایان پێویستە بە پێی خێرا و هێواشی لێكجیابوونەوەی ئەو ئەندامانە دەگۆڕێت. ئەگەر لێكجیابوونەوەكە خێرا و كتوپڕبوو، هەوا بەخێراو بەشێوەیەكی تەقیو دەردەچێت، تا دەنگەكە بەتەواوی دروستببێت، دەنگەكەش بە وەستانی تەقیو وەسفدەكرێت. بەڵام ئەگەر لێكجیابوونەوەكە بەهێواشی بوو، هەوا دزەی كرد، لێكخشاندنێكی بیستراو دەردەچێت، لەمەشەوە دەنگێك دروستدەبێت كە خشۆكە و لەگەڵیشیدا وەستان دەبێت، ئەم دەنگەش كە دروستدەبێت پێی دەوترێت((وەستاوی= خشۆك))، یان تێكەڵ(Affricate)ی پێدەگوترێت، دەنگی تێكەڵ، یان ئاوێتە جۆرێكە لە وەستاوەكان، لەكاتی دروستبوونیدا وەستان ڕودودات، ئەم سیفەتە خشۆكییەش پاش وەستانەكە بەهۆی دزەكردنی هەواوە دروستدەبێت، لە زمانی عەرەبیدا تەنها دەنگێك هەیە وا دروستببێت ئەویش[ج]ە، ئەویش بە جیمی فەسیح ناودەبرێت و ئەمڕۆ لە زاری قورئانخوێنانەوە دەیبیستین.

ئەم دەنگە بە بەرزبوونەوەی پێشەوەی زمان بەرەو دواوەی پووك (اللثة) و پێشەوەی پووك، تا وای لێدێت پێیانەوە دەنووسێت و ئەو هەوایەی لە سییەكانەوە دێت، حەپسدەبێت، دوای ئەوە لەجێی ئەوەی كتوپڕ لێكجیاببنەوە، بەهێواشی لێكجیادەبنەوە و ڕێگە بەو هەوایە دەدرێت لەگەڵ دەوروبەرەكەیدا لێكخشان ڕوودات. بۆیە [ج] دەنگێكی:پووكیی ئاوێتە(وستاوی=خشۆك)ی دەنگدارە))[1].

له زمانی كوردیدا [ج] [چ] بە هەمان شێوە دروستدەبن، بەڵام لەكاتی دروستبوونی ئەمەی دواییان دەنگە ژێكان نالەرنەوە، بۆیە كپە. هەروەها دەبێت هەست بەو جیاوازییە وردە بكەین كە لە نێوان دەنگی

---

[1] الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٣٠٩، ٣١٠.

[ج]ی فەسیحی عەرەبی و [ج]ی ئێستا لە ئارادابووی عەرەبی لەلایەك لەگەڵ [ج]ی کوردی هەیە، [ج]ی فەسیحی عەرەبی ئێستا بەباشی لای قورئانخوێنە باوەڕپێکراوە شارەزاکان ماوەتەوە، هەموو ئەو وشانەی لە قورئانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و [ج]یان تێدایە، گۆکردنی [ج]ەکان لە شێوە فەسیحە قورئانییەکەی دووردەکەونەوە و بەشێوە کوردییەکەی گۆدەکرێن، گۆکردنە فەسیحە قورئانییەکە زیاتر شێوەیەکی قەڵەوی ئەم دەنگەیە، بەڵام گۆکردنە کوردییەکەی شێوەیەکی ناسکتری ئەم دەنگەیە، ئێستای ئەم دەنگە لەناو عەرەبدا لە [ج]ە کوردییەکەوە نزیکترە تا [ج]ە فەسیحەکە، [ج]ە کوردییەکە لەهەولێر بەراورد بە سلێمانی، ناسکتریش دەردەبڕدرێت و زیاتر دەکرێت بە سەری زمان لەگەڵ پووك، هەروەها [چ]یش بەهەمان شێوە.

(( دیاریکردنی شوێن و سازگەی دروستبوونی دەنگ، زۆر بەڕوونی لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، لەبەر ئەوەی گۆکردنی دەنگەکان بەئاماژەدان بۆ شوێنی دروستبوونیان، لە بنەڕەتدا بریتییە لە شارەزایی کردەکی و خوپێوەگرتن بەو جۆرە لە گۆکردن کە قسەکەرانی خویان پێوەگرتووە. لای لێکۆڵەران ئاساییە لە هەڵسووکەوت و ئەزموونی ڕۆژانەیاندا دەنگەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاواز گۆبکەن، تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تری هەمان زمانیش هەر وایە. لەوەش زیاتر لەوانەیە، هەمان کەس لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە بۆنەیەکەوە بۆ یەکێکی دی دەنگەکان جیا گۆبکات. ئەمەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، ئەزموون و خوپێوەگرتن لەسەر ئاستی کۆمەڵ و تاك لە هۆکارە هەرە لە پێشەکانن، هەروەها لەناو هەموو نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێك و کەسێکیش کاریگەریی کۆمەڵایەتی و کولتوری و پەروەردە لەسەر چۆنییەتی گۆکردنی دەنگەکان دەردەکەون))[1].

((دەنگە ئۆپستروێنتە مەڵاشووییەکان /چ/ و /ج/ لە هاوسێیەتیاندا لەگەڵ کۆنسۆنانتە لووتییەکانی /م/ و /ن/ دا دابەشبوونێکی تەواوکەرێتیان هەیە( بڕوانە /قامچی/ وە /ئەنجام/. لەوە دەچێت ئەم دابەشبوونەیان بۆ مەرجی هاوئۆرگانیی بگەڕێتەوە، چونکە /م/ و /چ/ لەگەڵ یەکدا و /ن/ و /ج/ یش لەگەڵ یەکدا هاوئۆرگانن))[2].

مەرجی پێکەوەهەڵکردن Kookurenz-restriction : مەرجی پێکەوەهاتنی یەکە زمانییەکانە، کە بەپێی مەرجی پێکەوەهەڵکردنیانە لەیەك دەوروبەردا لەگەڵ یەکترییدا.[n] و [dʒ] دوو فۆنێمن مەیلیان

[1] علم الاصوات، دکتور کمال بشر... ص١٨١.

[2] د. محەمەد مەحوی، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی، و ڕێزمانی عارەبیی... لا٢٧.

هەیە پێکەوەبێن یان حەزیان بەیەك هەیە، بەڵام [tʃ] لەگەڵ [n]، زۆر کەم نەبێت نایەن:/مەنجەڵ، هەنجیر، خەنجەر، ئینسان/،[1] هەر لە بەر ئەمەشە کاتێك وشەی/اجل/ لە قورئانەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی، [n] هاتۆتە بەردەم [dʒ]ەکە و لەدەربڕینێکدا بووە بە (ئەنجەل، یان عەنجەل). یاخود وشەیەکی وەك: (حُجّة) کە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بووە بە (هینجەت)، واتە سەرەڕای گۆڕانەکانی تر، [n] ێك زیادیکردووە.

[ ج]گیراوێکی خشۆکە و لەناو گیراوەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دەنگدارە، [ژ] خشۆکێکی دەنگدارە، هەردووکیان شوێنی دروستبوونیان ڕەقەمەڵاشوویی_پووکیی و تۆپە زمانین، بۆیە هەندێك جار دەکرێت لەم دەوروبەرانەدا لەجێی یەك بەکاربهێنرێن:

| | |
|---|---|
| ج | ←ژ |
| سُجدة | سوژدە |
| أجْداد | ئەژداد |

دەبێت ئەوە بزانین لە زمانی عەرەبیدا [ج] لە هەندێك شوێنی ناوچەی شامدا دەبێت بە [ژ]، زمانەوانە عەرەبەکان بە (جیمی شامی) ناویدەبەن، ئەم گۆڕانە پەیوەندیی بەو ئەلۆفۆنەی زمانی عەرەبی[ج]ەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە فۆنۆلۆژیای زمانی کوردی خۆیەوە هەیە، تێیدا لە زۆر دەوروبەری دەنگیدا [ج] دەبێت بە [ژ]، وەك:

| | |
|---|---|
| سیرێج | سیرێژ |
| تانجی | تاژی |
| بانیجە | بانیژە |

---

[1] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا، مەسعود محەمەد، بەرگی سێیەم، ل٥٩٠، یان بڕوانە: (د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم... ل٢١٣).

زمانەوانە عەرەبەکان پێیان وایە، [ج]ی شامی کە بە [ژ]گۆیدەکەن، پەرەسەندنی ئەم دواییانەی [ج]ی میسرییە، کە بە [گ]دەریدەبڕن[1].

[ج] دەگۆڕێت بۆ [گ]:

| | |
|---|---|
| ج | ←گ |
| جُناح | گوناح |
| مَسْجد | مزگەوت |

فۆڕمی ئێستای وشەی (گوناح) لە فۆڕمە عەرەبییەکەوە(جُناح)نزیکترە، ئەم وشەیە یەکێکە لەو وشە ئێرانییانەی پێش هاتنی ئیسلام چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، دواتر بەهۆی کاریگەریی ئیسلامەوە، فۆڕمە قورئانییەکەیمان وەرگرتۆتەوە، واتە ڕاستە وشەکە ئێرانییە[2]، (گوناه) شێوەکەیەتی، بەڵام هەروەك چۆن وشەی (شەوکەت) لە (شَوكة)ی قورئانییەوە وەرگیراوەتەوە، کە لە بنچینەدا ئێرانییەو لە (شکۆ)وە وەرگیراوە،[3] یان وشەیەکی وەك (طربوش) لە (سەرپۆش)ەوە دروستبووە و ئێستا بە فۆڕم و مانا عەرەبییەکەی بەکاریدەهێنین، هەمان شیکارییش بۆ (گوناح) هەر ڕاستە، بەڵام، کاتێك کوردێنراوە، [ج] ی سەرەتای وشەکە بووە بە [گ].

بە هێشتنەوەی تەواوی هەوا لەوسەری مەڵاشووەوە، پاشان بە کتوپڕی ئەم هەوایە دەردەچێت، دەنگە ژێکانیش دەلەرنەوە، دەنگی [گ]دروستدەبێت، بۆیە ئەم دەنگە دەنگێکی ئەوپەڕی مەڵاشوویی، تەقیوی دەنگدارە. ([ج] و [گ] دوو دەنگن لەو دەنگە کوردییانەی ناشێن درێژبکرێنەوە، واتە لەم سیفەتەشدا لەیەك دەچن.[4] لە وشەیەکی قورئانیی وەك (مسجد)دا، کاتێك[ج] دەگۆڕێت بە [گ]، ڕێگەش بۆ ئەوە خۆشدەکەن [س] بگۆڕێت بە [ز]. [س] هاوئۆرگانی [ز]ە و هەردووکیان خشۆکن، بەڵام یەکەمیان کپ و دووەمیان دەنگدارە، لەم وشەیەدا ئەڵتەرناسیۆن دەکەن، ئەم حاڵەتە وەك گۆڕانی

[1] بڕوانە: الدكتور عمر مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي... ص٣٣٧.

[2] بڕوانە: الاب رِفائيل نخلة اليسوعي، غرائب اللغة العربية... ص٢٢٣.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو... ص٢٢٣.

[4] بڕوانە: مەسعود محەمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، بەرگی نۆ، ١٩٨٢ز، ل٢٦٨.

[س]ە لە وشەی /مس/دا، بۆ [ز]، پاش ئەوەی پاشگری/گەر/ی بۆ زیاددەکرێت، هەروەها [ز] و [گ] لە وشە دوو بڕگەییە یان زیاترە کوردییەکاندا، لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەمدا زۆر دێن، واتە زۆر پێکەوە هەڵدەکەن، وەك: (مزگێنی، دەزگر، دەزگا، دەزگیران...)، گۆڕینی وشەیەکی عەرەبی لە (لَصْقة)ەوە بۆ (لەزگە) دەچێتە ژێر ڕکێفی هەمان گۆڕانکارییەوە.

((لە زمانی کوردیدا بۆ مەرجی مۆرفۆلۆژیی ئەڵتەرناسیۆنەکانی دەنگدارییە: گیراوە دەنگدارەکان نیشانەی جیاکەرەوەی (+دەنگدار) یان هەیە و کپەکانیشیان (_دەنگدار)ن. بەهای نیشانەی (دەنگداریی) خشۆکەکان دیارییەنەکراوە و لەدەوروبەری گیراوە دەنگدارەکاندا دەنگدار و لەدەوروبەری کپەکاندا کپن. ئەمەش دابەشبوونی تەواوکەرانەیە))[1].

دەبێت ئەوە ڕوونبێت گۆڕانی [ج] بۆ [گ] بەهۆی کاریگەریی ئەلۆفۆنە میسرییەکەی [ج]ەوە نییە، کە میسرییەکان بە [گ]ی دەنگدار دەریدەبڕن، بەڵکو وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، دیاردەیەکی فۆنۆلۆژیی کوردییە.

[ج]، دەگۆڕێت بۆ [چ]:

| ج | ←چ |
|---|---|
| اجْتماعْ | ئیچتماع |
| اجتهادْ | ئیچتیهاد |
| اجْتنابْ | ئیچتیناب |

گیراوە دەنگدار و کپەکان لەگەڵ خشۆکە دەنگدار و کپەکان لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان[2]،[ت] دەنگێکی گیراوی کپە، کاریکردۆتە سەر دەنگە گیراوە دەنگدارەکەی پێش خۆی و سیفەتی دەنگداریی پێبەخشیوە، بۆیە [ج] کە سیفەتی دەنگداریی کاریکردە سەری، بۆ[چ] دەگۆڕێت، چونکە ئەمیش کپە،

[1] بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی دووەم... ل٢١٧.

[2] بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی یەکەم... ل٢٥٨.

ئەمە چۆن ڕوویداوە؟ هەر لەهەمان دەوروبەری دەنگی و کۆنتێکستدا هەندێك جار [ج]دەبێت بە [ش]، واتە: (ئیشتماع، ئیشتیهاد، ئیشتیناب).

ئەو دەنگانەی لە زمانی عەرەبیدا پێشتر بە (قلقلة) ناودەبران، لە وشەی (قطب جد)کۆیان کردونەتەوە، بریتین لە /ق، ط، ب، ج، د/، بۆیە ئەو ناوەیان لێناون، چونکە لای ئەوان ئەم دەنگانە گیراوە تەقاوەکانن، زمانەوانە عەرەبەکانی چاخی زێڕین ناویاننابوون(شديدة مجهورة)، هەروەها دەنگە قەلقەلەکانیشیان پێدەوترێت، چونکە ئەگەر وەستاوبوون، واتە سکونیان لەسەرە، پێویستە بەهێواشی بجولێنرێن، بەڵام جووڵاندنێکی کەم، کە ئەمڕۆ بە دەنگە تەقیوەکان ناودەبرێن. (سیبەوەیهی) ئەم دەنگانەی بەوە وەسفدەکردووە دەنگۆکەیەك(الصُّوَيْت) یان شتێك لە دەربڕینیاندا تێکەڵیان دەبێت، کە لە ستراکچەری خۆیاندا نییە[1]. لە ئێستادا (قەلقەلە) بەتەواوەتی تەقینەوەی دوای حەپسکردنی هەوا دەگەیەنێت، واتە قۆناغی دووەمی دروستکردنی ئەم دەنگانە دەگەیەنێت، هەموو دەنگە وەستاوە تەقیوەکان لەکاتی ساکنبووندا پێویستیان بە جووڵاندنێك هەیە، تا دەربکەون، ئەمە ئەگەر ڕوونەدات، لاوازدەبن و لە دەنگی تر دەچن.[2] واتە بۆ ئەوەی پاش وەستان تەقینەوە ڕووبدات، پێویستە وەستاوەکان بجولێنرێن، ئینجا بەتەواوی دروستدەبن، جا هەر دەنگێکی گیراو–تەقیوی وەستاو(ساکن) بەدوایدا ئەو جووڵاندنە نەیەت، ئەوا ڕەگەزی تەقینەوەکەی تیادا ڕوونادات و کێشە بۆ بیستنی دروستدەکات((ئەمڕۆ قەلقەلە بەتەواوی واتای تەقینەوە دەگەیەنێت))[3]، لە کوردیدا لە کۆتایی ئەو شوێنانەی دەوەستین، بە ئاستەم جێبەجێدەبێت، یان هەر نابێت، بۆیە دەفەوتێت یان کەم هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە سلێمانی دەڵێت: /خواردت/، /ت/ەکە بەپرۆسەی ڤاوڵبووندا دەڕوات، یاخود وشەیەکی قورئانی وەك(حق)، کاتێ دێتە ناو زمانی کوردییەوە قافەکە لە دەنگە قەلقەلە فوسحاکە دەکەوێت، لەوشەیەکی وەك/لَقَبْ/یشدا کاتێك /ب/ باش گۆناکرێت، ڕێگە بۆ کزبیستن خۆشدەکات و /ب/ دەگۆڕێت بۆ /م/ و دەبێت بە/لەقەم/، یان لەعەربیدا لە خوێندنەوەی قورئانیشدا ئەگەر بۆ نموونە /ج/ی وەستاو قەلقەلەنەکرێت، ڕەنگە ڕێگە بۆ ئەوە خۆشبکات بۆ /چ/ بگۆڕێت، هەر ئەمەش وایکردووە لە دەوروبەری دەنگێکی کپی وەك/ت/، کاتێك تەقینەوەی پاش حەپسکردنی دەنگەکە بەمانای قەلقەلە ڕوونەدات، سیفەتی کپیەکەی کاردەکاتە سەر /ج/ەکەی پاش خۆی و دەیکات بە /چ/.

---

[1] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٣٧٨، ٣٧٩.

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ل٢٧٩.

[3] د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی یەکەم... ل٢٩١.

## ٥-٦ خ، غ[1]

[χ]،[γ] پشته نەرمە مەڵاشوویی خشۆکن، بەڵام[γ] کەمێك لە پشت شوێنی دروستکردنی[χ]ەوەیە، [χ]کپە، [γ] دەنگدارە.

قورئانخوێنەکان دەنگەکانی[q]، [χ]، [γ] قەڵەو دەخوێننەوە، قەڵەوکردنەکەیان ستراکچەریی نییە، واتە: قەڵەوکردن لەو دەوروبەرە دەنگییەوە وەردەگرن کە دەکەونە ناویەوە، ئەگەر لەدوایانەوە[a، a:، u، u:] هات، ئەوا قەڵەو گۆدەکرێن، وەك: (قَتَلَ قاتلَ – غَلَبَ غالَبَ – خَدَعَ خادَعَ – قُل يَقول – يَبلُغُ يَبلغونَ – يَأخُذُ يَخون)، بەڵام ئەگەر ژێر یان کەسرە[i]یان[i:]ی بەدوادا هات، ئەوا ناسك دەخوێنرێتەوە، وەك: (بَقيَ قِبل – غِل غيد – خِفة نَخيل).[2] لە زمانی عەرەبیدا حسابنەکردن بۆ قەڵەوکردن و ناسککردنی ئەم دەنگانە لەجێی خۆیاندا بە نەنگی و لەکە دەژمێدرێن، بەڵام نابێتە هۆی گۆڕانی واتایی.

ئەم دەنگانە لە زمانی کوردیدا قەڵەوناکرێن و شێوەی قەڵەوکردنیان لە دەوروبەرە دەنگییەکاندا نییە، بۆیە کۆی ئەو دەنگانە لە هەر دووتوێیەکدا بن هەر ناسکدەکرێنەوە، نموونە بۆ [χ]:

| | |
|---|---|
| خالِد | خالید(خالی) |
| آخِرة | ئاخیرەت |
| خَوف | خۆف |

نموونە بۆ دەنگی [γ] ، وەك:

| | |
|---|---|
| غَمْ | غەم |
| غافِل | غافڵ |
| طاغوت | تاغوت |

[1] لێرەدا بۆیە ئەم دوو دەنگەمان لەگەڵ یەکتری هێناوە، چونکە گۆڕانکارییەکانیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

[2] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٤٠٠.

لەو وشانەی لە زمانی عەرەبیدا [χ]قەڵەو نییە، ئەوا کاتێك هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، [χ]ەکان وەك گۆکردنە عەرەبییەکەیان ماونەتەوە:

| | |
|---|---|
| بَرزَخ | بەرزەخ |
| شَیخ | شێخ |
| خِیانة | خیانەت |

بەهەمان شێوە لە وشەی (مَغْرِبْ، أَسْتَغْفرالله)دا [γ]ەکە بەتەواوی لەگەڵ [γ]ی کوردیی(/مەغریب، ئەستەغفیروڵڵا/)دا پەیکاڵن.

یەکەی زمانیی —بەدەر لە ڕستە— کەم یان زۆر بەو دەقانەوە پەیوەستن، کە دەتوانن تیایاندا ڕوودەن، لەژێر مەرجەکانی قەیدبوون و کۆتوبەندان، هەر یەکەیەکی زمان لە خوار ئاستی ڕستەوە ئەدگار و ئاکاری دابەشبوونی خۆی هەیە:

ا) کاتێك دوو یەکە یان زۆرتر لە هەمان مەودای دەقێکدا ڕوودەدەن، لە "دابەشبوونی هاونرخ/هاوتا/یەکسان"دان. ئەمەش ئەوە دەبەخشێت، کە هەمان دابەشبوونیان هەیە.

ب) کاتێك دوو یەکە کە **هیچ دەقێکی** هاوبەشیان نییە، ئەوا لە دابەشبوونی تەواوکارانەدان... لە زمانی کوریدا /ڵ/ و /ڕ/ بەلانی کەمەوە کەمەکیی دابەشبوونی هاونرخ و هاوتایان هەیە، هەردووکیان دەتوانن لە ژمارەیەك لە وشەی فۆنۆلۆژیی لەیەکچوودا ڕوودەن و دەربکەون(/کەڵ/: /کەڕ/: /کوڵ/ : /کوڕ/ )، بەڵام دەشێت دابەشبوونی /ل/ و /ر/ بەرزتربێت لەوەی /ڵ/ و /ڕ/ (/کەل/ : /کەر/....[1] هەمبەریی لە نێوان /p/ : /b/ هەیە: با: پا، باڵ: پاڵ... ئەوانەی ئەرکی بەجێهێنانیان لەسەرە پتەوترن و توانایان بۆ مانەوە زۆرترە، بۆیە ئەرکی بەجێهێنان(گۆکردنە ئەرك)ی کۆنسۆنانتەکانی /چ/ /ج/، هەروەها /خ/ /غ/ لە /ب/ /پ/ کەمترە. هەمبەری /خ/ و /غ/ دەگمەنە، لەگەڵ ئەوەشدا /خ/ لە زۆر وشەی کوردیدا هەیە[2]. لە

---

[1] بڕوانە: د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم... لا٢٥، ٢٦.

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... لا٣٨.

وشەكانی: (خار– غار ، خوڕە– غوڕە) دا، لەدابەشبوونی هاونرخدان، بەڵام لەبەر ناپتەوی هاونرخیی نێوان ئەم دوو فۆنیمە، لەزۆر وشەی كوردیدا گۆكردنە ئەركیان، بەرانبەر بەیەك نییە:

(خونچە–غونچە، باخ– باغ، داخ–داغ...).

ئەم حاڵەتەش بەسەر زۆر لەو وشانەشدا هاتووە، كە لە قورئانەوە هاتوون: غولام–خولام، بەخیل– بەغیل، غیانەت–خیانەت...

هەروەك چۆن لەزۆربەی وشەی كوردیدا [γ]لەجێی [χ]نایەت و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، هەمان حاڵەتیش بۆ هەندێك لە وشە هاتووەكانی قورئان هەر ڕاستە:

خَوف> خۆف x غۆف

خطأ> خەتا x غەتا

غُرور> غرور x خرور

طاغوت> تاغوت x تاخوت

غَیر> غەیر یان غێر(غەیری من، جگە لە من)، لەم وشەیەدا نەگۆڕینی [غ] بە [خ] ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لەگەڵ (خَیر) > (خێر) دا و لە ئاستی واتادا تێكەڵبن. هەروەها (خَمر)یش نەبووە بە (غَمر)، خۆ ئەگەر بوو بە(خومار)، ئەوا دەتوانین [χ]لەجێی [γ]بەكاربهێنین و ببێت بە(غومار).

لە وشەیەكی وەك (خَسار) بووە بە (قەسار)، واتە [خ] بۆ [ق] گۆڕاوە، بەپێچەوانەشەوە، لە وشەیەكی وەك (مَقصَد)دا كە بووە بە (مەخسەو)، [ق] گۆڕاوە بۆ [خ]. هەروەها (بالغ) فۆڕمە كوردێنراوەكەی (باڵق)ە، واتە [غ] بووە بە [ق].

٧. ح

دەنگێكی گەروویی خشۆكی كپە. لە زمانی كوردیدا ئەم دەنگە فۆنیمە، بەڵام فۆنیمێكی زۆر ڕەسەن نییە، هەر ئەمەشە وایكردووە وشەیەكی كوردی كەم هەبێت، دەنگی [ح] ی تێدابێت، بۆیە لەگەڵ

هاوئۆرگانەکانیدا لە شوێنە جۆربەجۆرەکاندا ئەڵتەرناسیۆن دەکات، بەتایبەت لەو وشانەی لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە:

دەنگی [ع] ئەمیش گەرو شوێنی دروستبوونییەتی، خشۆکە، بۆیە دەستەخوشکی [ح]ە، بەڵام [ع]دەنگدارە، لە زۆر شوێنی کوردستاندا لە زۆربەی وشە عەرەبییە خوازراوەکاندا بەرانبەری لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا نامێنێت:

بیسمی لاهی ڕەحمانە ڕەحیم> بسمیلاهی ڕەعمانە ڕەعیم

حەمید> عەمید

عومەر> حومەر، حومبەر

قەباحەت> قەباعەت

لە وشەیەکی عەرەبی وەك (حب)دا، کە فۆڕمی (محبوب) وەك ناوی مێ دێتە ناو زمانی کوردییەوە، [ع] بەتەواوی جێی [ح] دەگرێتەوە، دەبێت بە (مەعبوب)، هەروەها وشەی (حَسْرَة) کە دەبێت بە (عەزرەت)، ئەوا [ح] گۆڕاوە و بووە بە [ع].

[ئـ] لەگەڵ [ح]دا هاوئۆرگانن، هەردووکیشیان کپن، بەڵام یەکەمیان تەقاو و دووەمیان خشۆکە، بۆیە لە هەندێك باردا [ح] دەبێت بە[ئـ]:

| ح | ←ئـ |
| --- | --- |
| حَلْقة | ئەڵقە |
| حَلْقوم | ئەڵقوم |

[ح] لەگەڵ [ه] لە هەندێك شوێندا دەتوانن بچنە شوێنی یەك و کاریگەریی بۆ سەر واتای وشەکەش نەبێت، ئەم دوو دەنگە گەروویین، هەردووکیشیان دەنگێکی خشۆکی کپن، دەتوانن لە هەندێك دەوروبەری دەنگیدا بچنە شوێنی یەك:

**حەلەق مەلەق> هەلەق مەلەق**

**حۆقە> هۆقە**

ئەمە زیاتر لە وشە خوازراوە قورئانییەکاندا دەردەکەوێت:

| ح | ←هـ |
|---|---|
| حَق | هەق |
| حَتی | هەتا |
| أحْوال | هەواڵ |

هەروەها لە وشەیەکی عەرەبی وەك (حَلوی)شدا، کە کوردێنراوە بۆ (هەڵوا)، دەنگی [ح] گۆڕاوە بۆ [هـ]، بەهەمان شێوە وشەیەکی عەرەبی وەك(حَیدَر) بووە بە (هەییەر).

هەندێك جار [ح] لە کۆتاییەوە فڕێدەدرێت:

| | |
|---|---|
| صَباح | سەبا(بای سەبا) |
| صُبح | سبەی[1] |

لە وشە عەرەبییەکانی وەك (احتیاج، صَحْراء)یشدا، [ح]ەکان کەوتوون، بۆیە کوردێنراوەکەیان بوون بە (ئاتاج، سارا).

٨. د

شوێنی دروستبوونی ئەم دەنگە ددانە بڕەرەکانی سەرەوەیە، لەگەڵ (تا و طا و ظاد) هاوئۆرگانن.

[1] فۆڕمی تریشی هەیە، وەك: سبەینێ، سبحەینێ، سبیانێ.

کاتێك لێواری پێشەوەی زمان بەر بنی ددانە بڕەکانی سەرەوە و سەرەتای پووك بکەوێت، بۆ ساتێك هەوا فشارێك دروستدەکات، کتوپڕ زمان لەو شوێنی نووسانە دووردەکەوێتەوە، دەنگێکی تەقیو/گیراو دروستدەبێت، دەنگەژێکانیش دەلەرنەوە، بۆیە دەنگێکی ددانی–پووکی گیراوی دەنگدار دروستدەبێت، ئەویش دالە، لەگەڵ [ت]دا دەستەخوشکن، بەڵام ئەمەی دواییان کپە.[1] ئەم نزیکیەی ئەم دوو دەنگە وایکردووە لە هەندێك دەوروبەری دەنگیدا، بەهۆی دیاردەی کپبوونی گیراوە دەنگدارەکانەوە، [d] بۆ [t] بگۆڕێت، ئەم حاڵەتە دیاردەیەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییە:

| | |
|---|---|
| د | ت← |
| قەدپاڵ | قەتپاڵ |
| سەد | سەت |
| مەهاباد | مەهابات |

ئەم حاڵەتە ئەو وشە عەرەبییانەی کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە دەگرێتەوە:

| | |
|---|---|
| قَصْد | قەست(قەستمە بیکوژم) |
| رَد | ڕەت(ڕەتکردنەوە) |
| شاهد | شایەت |

/د/ دەگۆڕێت بە /یـ/:

| | |
|---|---|
| د | یـ← |
| قَدیم | قەییم |
| زیادة | زیایە |

---

[1] بڕوانە: الدکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص٢٥٠.

| | |
|---|---|
| الحَمْدُ لله | ئەلحەمیلا |

وشەی قادر، کە دەبێت بە (قایەر) کاتێك [d] گۆڕاوە بە [y]، لە هەمان کاتیشدا شوا [ə]ێك پاش [y]ەکە زیادیکردووە.

لە شێوەزاری سلێمانیدا [d]، کە دەقرتێت، [əə]ێك جێی دەگرێتەوە[١]، ئەمەش کاتێك [d]ەکە لەپێشیەوە ڤاوڵەکانی [a] یان[a:] لە کۆتایی وشە یان کۆتایی بڕگەکە هاتبێت، ئەمە ئەو وشانەش دەگرێتەوە کە لە قورئانەوە هاتوونە ناو زمانی کوردییەوە:

| | |
|---|---|
| mihəməd | [mi . he . məə] |
| Ehmed | [eh . məə] |
| Adem | [a . əəm] |
| Dawd | [da . wəə] |

جاری وا هەیە وشەی (بیدعە) لای هەندێك مرۆڤی بەتەمەن دەبێت بە (بیلعە)، واتە دالەکە گۆڕاوە بۆ لام، ئەم دوو دەنگە سەرەڕای ئەوەی هاوئۆرگانن(ددانی–پووکی)ن، لەهەمان کاتدا، دەنگی (دال) دەنگێکی گیراوی کپە، لام دەنگێکی لازمانی دەنگداری خشۆکە، هەر بۆیە لە ئاستی خۆشبیستی و ڕوونی، لام ڕوونترە و خۆشتر دەبیسترێت، ڕەنگە خراپ بیستنی دەنگی دال، هۆکاربووبێت بۆ ئەم گۆڕانە، یان ڕەنگە، ئاستی خوێندەواری و ناڕوونی دەنگی دال پێکەوە وایان کردبێت گۆڕابێت بۆ لام.

لە وشەیەکی وەکو (دَجال)دا، [د] دەگۆڕێت و دەبێت بە[ج]، وشەکە بەم شێوەی لێدێت: (جەجالّ)، ئەم دوو دەنگە هاوئۆرگانن و هەردووکیشیان دەنگدارن.

دەنگی [د] دەکرێت بقرتێنرێت و نەمێنێت، وەك:

| | |
|---|---|
| مَجید | مەجی |
| خالِد | خالی |

[١] بڕوانە: محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم... لا١٢٥ تا ١٢٦.

| | |
|---|---|
| رَشيد | ڕەشی |
| صَدَقة | ساقه(ساقەسەر) |

له كليپكردنی ناوەكانيشدا [د] يەكێكە لەو دەنگانەی دەخرێت و لادەبرێت:

| | |
|---|---|
| مُحَمَّد | حەمە |
| أحْمَد | ئەحە |
| رَشيد | ڕەشە |

٩–١٠. ر، ڕ

دەنگەكانی [R ، r]  لەگەڵ دەنگەكانی [m ،n ،l ،ɫ] وەك ئەرك كۆنسۆنانتن، واتە: بە شوێن و ڕۆڵیان لە ستراكچەری وشەدا كۆنسناتن، بەڵام لە هەمان كاتیشدا وەك گۆكردن و بەجێهێنانی ئەم دەنگانە، لە ڤاوڵەكان دەچن.[1] ئەم شەش دەنگە زرنگەدەرەوەییەكانیشیان پێدەگوترێت و هەمووشیان دەنگدارن.

/r/ يەكجار لێدانە؛ سەری زمان تەنها جارێكی كورت لە پووك دەدات، دەنگدارە، بۆيە: دەنگێكی پووكيی يەكجار لێدەری دەنگداری گیراوە.

R: چەندجار لێدانە؛ دەنگدارە، جگە لە دەنگە ژێيەكان سەری زمان چەند جارێك لە پووك دەدات و لەرينەوەيەكی ئەو ئۆرگانەی كە بۆ بزواندن لەبارە دروستدەبێت، دووبارەكردنەوەكەش خێرادەبێت، بۆيە ئەم دەنگە: دەنگێكی چەندجارلێدانی پووكيی دەنگداری گیراوە.  لە كورديدا، ئەم دووانە دوو فۆنيمی جياوازن:

(بۆر– بۆڕ، برين– بڕين ، بار–باڕ، بەرە– بەڕە...).

لە زمانی عەرەبيدا [R] يەك فۆنيمە و ئەلۆفۆنێكی هەيە كە[ r]ە، دەركەوتنی ئەم فۆنيمە بە ناسكی[r]، بە دوو حاڵەتەوە بەندە:

---

[1] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٣٤٥.

١) ئەگەر هاتوو لە دوای ڕا ژێر [i]یان یا[u] هات، ناسکدەکرێتەوە، ئیتر کێشە نییە لە پێشیەوە سەر بێت یان بۆر، یان لەدوایەوە دەنگە قەڵەوەکان(صاد، ضاء، طاء، ظاء، قاف، غەین، خاء)بێن، بۆ نموونە: (رِجال، و الفجرِ وليالِ عشْر، رِخوة...). ئەو وشانەی بەو ناسکییە ڕاکانیان گۆبکرێت، ئەگەر بکەوێتە سەرەتای وشەوە، ئەوا یاسا فۆنۆلۆژییە عەرەبییەکە تێکدەشکێنرێت و بەپێی یاسایەکی فۆنۆلۆژییانەی کوردی، کە دەڵێت: [r]، لەسەرەتای وشەوە نایەت، دەگۆڕێن بە [ R]، وەك:

| | |
|---|---|
| رِزق | ڕزق(ڕسق/ڕسقورۆزی) |
| رِسالة | ڕیسالە |
| رِبا | ڕیبا |

بەڵام ئەگەر نەکەوێتە سەرەتاوە، وەك عەرەبییەکە گۆدەکرێت، واتە هەر بە ناسکی دەمێننەوە، وەك:

| | |
|---|---|
| شَرِيعة | شەریعەت |
| فَرِيق | فەریق |
| فَرِح | فەریح |

٢) ئەم دەنگە لە عەرەبیدا بە [r] گۆدەکرێت ئەگەرهاتوو [r]ەکە وەستاو(ساکن)بوو، لەپێشیەوە ژێر(کەسرە)هات، بە دوو مەرج ژێرەکە بنەڕتیی بێت(دیاردە نەبێت) و دوای ڕا یەکەش دەنگە قەڵەوەکان نەهات، بۆ نموونە وشەی(فِرْعَون)[1]، (فِرْدَوس، شِرْك، فِرْقة)، ئەم یاسا فۆنۆلۆژییە عەرەبییە لەگەڵ یاسایەکی فۆنۆلۆژیی کوردی ئاوقای یەك نابنەوە، بۆیە ڕایەکە بەتەواوی وەك[r]ە عەرەبییەکە گۆدەکرێت. ئەگەر لە زمانی عەرەبیدا ڕایەکە وەستاو بوو، کەسرەکەی پێشی لەبەر هەمزەی پێکەوەبەستن هاتبێت، یان بۆ ئەوە بێت کێشەی دوو وەستاو(ساکنین)ی بەدوایەکداهاتووو چارەسەربکات، ئەوا ڕایەکە قەڵەو گۆدەکرێت، وەك: (ارْجع، إنْ ارْتَبْتم).

هەروەها ڕای وەستاو با لەپێشیەوە ژێر هەبێت، ئەگەر هاتوو دەنگە قەڵەوەکان(صاد، ضاء، طاء، ظاء، قاف، غەین، خاء) لەدوایەوە هات، بە قەڵەوی گۆدەکرێت، وەك: (فِرْقَة، مِرْصاد...). جگە لەم حاڵەتانە،

[1] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٤٠٦.

ئەگەر هاتوو ڕائەکە وەستاو بوو، لە پێشیشیەوە دەنگێکی وەستاو هات، پێش ئەم دەنگە وەستاوەی دواییان کەسرە هەبوو، ئەوا ناسکدەکرێتەوە، وەك: (بِئْر، بِشْر، فِهْر)[1].

هەموو ئەو حاڵەتانەی ناو زمانی عەرەبی، کە باسمانکردن، کاتێك وشەکانیان دێنە ناو زمانی کوردییەوە، ئەگەر قەڵەو بوون، ناسکدەکرێنەوە و قەڵەوییە عەرەبییەکەیان نامێنیت، خۆ ئەگەر ناسکبوون، ئەوا هەر بەناسکی دەمێننەوە، جگە لە ڕا ناسکەکانی سەرەتا، کە قەڵەو دەکرێن، وەك پێشتریش نموونەمان بۆ هێنایەوە:

| | |
|---|---|
| فِرْقَة | فیرقە/ /fir .qə |
| بِئْر | بیر/bi:r/ |

بەبەراوردکردنی هەردوو زمانەکە، دەگەینە ئەوەی سێ جۆر (ڕا) لە نێوان ئەم دوو زمانەدا هەیە، ڕایەکی ناسك[r]، ڕایەکی قەڵەو[R]، ڕایەك لە نێوان ئەم دوانەدا(بين البين).

لە زمانی عەرەبیدا ڕای موشەدەد، ئەو ڕایەی کە دوو دوو لە وشەیەکدا بەداوی یەکدا دێن، ئەگەر لێکیان جیابکەیتەوە، گۆکردنی گرانە، بۆیە تێکەڵدەکرێن، وەك: (فرَّ)، کە خۆی (فَرَرَ)یە[2]، ئەنجامی ئەو دوو ڕایەی دەکەونە سەر یەك، بەتەواوی بەرانبەر ڕا قەڵەوە کوردییەکە[R]دروستدەبێت، ئەم جۆرە ڕایە، لە هەر جۆرە وشەیەکدا بێت، بەهەمان شێوەی [R]، دێتە ناو زمانی کوردییەوە:

| | |
|---|---|
| ذُرِّيَّة | زوڕیەت |
| ذَرَّ | زەڕە |
| شَرّ | شەڕ |

جگە لە (ڕا) ناسکەکە، کە پێشتر لێی دواین، لە زمانی عەرەبیدا بۆچوونێك هەیە، بەقەد[ر] [r]ی کوردی ناسك نییە، لە قەڵەویدا ناشگات بە[ڕ] [R]ی کوردی، بۆیە لە نێوان هەردووکیانە(بين البين)، بۆ

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ص٤٠٦، ٤٠٧.

[2] بڕوانە: د. أحمد بن أحمد بن سعد الشنبري، النظام الصوتي للغة العربية(دراسة وصفية تطبيقية)... ص٦٥.

نموونه: (قُرآن، مَريَم، عَرش، سورة، مِحراب، رِمَضان، رِبّ، رِحْمة...)، هەموو ڕاكان لەجۆری ڕای نێوانین، ئەگەر كەوتنە سەرەتای وشەوە، ئەوا دەبن بە [R]، وەك:

| | |
|---|---|
| رَؤوف | ڕەووف |
| رَحْمَة | ڕەحمەت |
| رَسُول | ڕەسوڵ |

لەو وشانەشی لە زمانی عەرەبیدا بە پلەی باڵا(صيغة المبالغة) و كۆی تێكشكێنراو(جمع التكسير)ەوە، وەك خۆیان هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە، ئەگەر وشەكە لە بنەڕەتدا بە ڕا دەستی پێكردبێت، بە [R] دەخوێنرێتەوە، وەك:

| | |
|---|---|
| أرْحَم | ئەڕحەم(خوا ئەڕحەم و ڕاحمینە) |
| أرْباب | ئەڕباب( ئەحباب و ئەڕبابی یەكن) |
| أرواح | ئەڕواح |

لە زمانی كوردیدا كاریگەریی زمانی عەرەبی وایكردووە، ئەلۆفۆنی ڕای نێوانی[ŕ] بێتە ناو زمانی كوردییەوە، ئەوەتا هەندێك وشە هەن، سەرپشكانە [r]ی ناسك و ڕای نێوانی [ŕ]بۆ بەكاردەهێنرێت:

| | |
|---|---|
| إرهاب | / Iṟ́hab ،Iṟhab/ |
| أرْزاق | /eṟ́zaq،eṟzaq/ |
| إرْهاق | /Iṟ́haq ،Iṟhaq/ |

ڕای نێوانی زۆربەی كات ئەگەر كەوتە ناوەڕاست و كۆتایی وشەوە، دەبێت بە ڕای ناسك[r]:

| | |
|---|---|
| مَرْيَم | مریەم |
| حَرام | حەرام |
| قَهْر | قار |

| | |
|---|---|
| إِرَم | ئیرەم |

بەڵام لە هاتنی وشەیەکی وەك (فَرض)دا ئەمیش سەرپشکانە دەکرێت بوترێت(فەرز)یان (فەڕز)، لای زۆر لە ئافرەتان بۆ ناسك دەربڕین دەکرێت بە(فەرز).

هاتنی وشەی (بِقَدَرْ) بۆ ناو زمانی کوردی، دوو فۆڕمی وەرگرتووە، ئەوانیش:/بەقەدەر، بەقەد/ن، دەبینین لە فۆڕمی (بەقەد)دا، [r]کە یەکێکە لەو دەنگانەی کەوتووە، بوون و نەبوونی ئەم [r]یە، کاریگەریی بۆسەر واتا نییە، چونکە هیچ دەنگێکیتر لەم شوێنەدا نایەت و واتا بگۆڕێت.

لە خواستنی وشەیەکی وەك (عفریت)یشدا، کە بووە بە (ئیفلیت)، [r]کە گۆڕاوە و [ل] جێگەی گرتۆتەوە، ئەم حاڵەتە تەنها لەم وشەدا بەرجەستەدەبێت، بۆیە وەك حاڵەتێکی ڕیزپەڕ دەبینرێت.

١١–١٢. ز، س

[ز] دەنگێکی پووکیی–ددانیی خشۆکی دەنگدارە، لەگەڵ [س] هاوئۆرگانن، (هەردووکیان درێژکردنەوە هەڵدەگرن)[١]، بەڵام [س] کپە.

ئەو وشە قورئانییانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و دەنگەکانی [ض، ظ، ذ ]یان تێدابووە، بوونەتە هۆی پتەوترکردنی فۆنیمی [ز]، چونکە ئەو سێ فۆنیمە عەرەبییە، لەشێوەزاری سلێمانیدا فۆنیم نین، بۆیە هەموویان بۆ [ز]دەگۆڕدرێن، بەهەمان شێوە نەبوونی فۆنیمی [ص] لە زمانی کوردیدا فۆنیمی [س] پتەوترکردووە.

لە هەندێك دەوروبەری دەنگیدا [س] دەبێت بە [ز][٢]:

تَسْبیح> تەزبێح، تەزبێ، تەزبێحات

مَسْجِدْ> مزگەوت[١]

---

[١] بڕوانە: مەسعود محەمەد، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق... ل٢٦٨.

[٢] بڕوانە: وشەیەکی فارسی_کوردی وەك (ئەندازە)، کە دەچێتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بەپێچەوانەوە [ز] دەبێت بە [س]، وشەکە دەبێت بە هَنْدَسة. بڕوانە أبي منصور الجوالقي، المعرب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم... ص٦٣٩.

وشەی مزگەوت لە(هەولێر:مزگەفت، لە سنە: مزگێت، بەهەورامی: مزگی)، هەروەها جۆرەکانی تری دەربڕینی ئەم وشەیە:(مەچچەت، مزگەڤت، مزدگ[2]، مزگ، مزگت، مزگەت[3])دەبینین هەردوو دەنگی[ز]، [گ] وەك دوو دەنگی پێکەوە هەڵکردوو، بەتەنیشت یەکەوە دەمێننەوە، ئەم حاڵەتەش لە پرۆسەی کورداندندا، بەپشتبەستن بە فۆنۆتاکتیکی ناو زمانی کوردیی پێکەوە هەڵکردنی دەنگە کپەکان ڕێکیان دەخات، واتە کاتێك دەنگێکی [ج] دەگۆڕێت بۆ [گ] پێکەوە هەڵکردنی دوو دەنگی [ز]، [گ] لە ناو وشە و بڕگەکانی زمانی کوردیدا، وادەکات [س] ش بۆ [ز] بگۆڕێت.

لە وشەی (رِزق) یشدا زۆر جار [ز] کە هەر بە [ز]یی دەمێنێتەوە، وشەکە دەبێت بە (ڕزق)، جاری واش هەیە، [ز]ەکە دەبێت بە [س]، وشەکەش دەبێت بە (ڕسق)، چونکە [ق] دەنگێکی کپە، هەمان سیفەت دەگوێزێتەوە بۆ دەنگە گڕەکەی پێش خۆی و دەیکات بە کپ.

١٣. ش

دەنگێکی ڕەقەمەڵاشوو–پووکی خشۆکی کپە، هاوئۆرگانە، ئەم دەنگە لەگەڵ /ش/ی کوردی بەتەواوی لەیەکدەچن، بۆیە لەو وشانەی کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، زۆرکەم نەبێت، گۆڕان ڕوویندداوە. خشۆکەکەیشی بریتییە لە [ژ]، کە دەنگدارە. ئەمەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکات لە هەندێك حاڵەتدا ئەڵتەرناسیۆن بکەن.

دوو دەنگی جیاواز لە سیفەتێکدا لەیەکتری زیاتر نزیکدەبنەوە، بۆ ئەوەی وزە کەمتر لەدەستبدرێت، لەم وشانەدا کەوتنی دەنگی /ت/ کە کپە، ڕێگە بۆ کەوتنی دەنگێکی کپی وەك/ش/ خۆشدەکات، تا/ژ/ جێی بگرێتەوە، وەك:

ش> ژ ناشت> دەنێژێت

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی بەهەڵە ئەم وشەیە دەباتەوە بۆ (هورمزگاه)، بڕوانە:( محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لەتەرازوی بەراوردا، بەغدا، ز١٩٨١، لا١٣٧). مەلا خەلیل مشەختی پێی وایە وشەکە عەرەبییە، (مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی(کوردی_ کوردی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس_ هەولێر، ٢٠٠٦ز، لا٥٤٦)، بۆچوونەکەی خاوەنی فەرهەنگی (مەرگ و ژی) ڕاستەو لە وشەی (مَسجْد)ەوە هاتووە.

[2] بڕوانە: فەرهەنگی شێخانی، عەبدولوەهاب شێخانی... لا٥٠٤.

[3] هەژار، (هەنبانە بۆرینە) فەرهەنگی کوردی–فارسی، چاپی شەشەم، تاران، چاپ و پەخش سروش، ١٣٨٨کۆچیی هەتاوی، لا٨٠٦–٨٠٧.

یان بەهۆی هاوئۆرگانی و خشۆکی /ژ/، /ش/ هەندێك جار لە بەرانبەری و واتاگۆڕی دەکەون، یان سستدەکرێن[1]:

پژمین> پشمین

وشەیەکی عەرەبی وەك (مَشْغول)، کە لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام بەهۆی ئاخافتنی ڕۆژانە و کاریگەرە ڕۆژانەییەکانەوە پەڕیوەتە ناو زمانی کوردییەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (مژۆڵ). بەهەمان پێوانە وشەیەکی قورئانیی وەك (تَشْبِه)، هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و بووە بە (تەژبیٚ)، ئەمەش کاتێك دەنگێکی وەك/ه/ی خشۆکی کپ، لە کۆتایی وشەکەدا کەوتووە، دەنگەکەی پێش ئەو، واتە کەسرەکە(تَشبِه) وەك قەرەبووکردنەوەیەك ڤاوڵێکی درێژتر/ێـ/جێگەی گرتۆتەوە، ئەمە وایکردووە دەوروبەرێکی دەنگیی دەنگدار دروستببێت، لێرەشەوە، /ش/ بۆ /ژ/ گۆڕاوە.

[ژ]لە زمانی عەرەبیدا فۆنیم نییە، ئەگەر چی لە سوریا و لوبنان بەشێوە شامییەکەی دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە ئەلۆفۆنی [ج]ە، ئەم ئەلۆفۆنە لە دیالێکتی قوڕەیشدا نییە، هەر بۆیە وشەی هاتوی قورئانیمان نییە، ئەم دەنگەی تێدابێت. زمانی کوردی ئەم کۆنسۆنانتانەی تێدایە، کە لە زمانی عەرەبیدا نین: [پ، چ، ژ، گ، ڤ، ڕ، ڵ]، بەئیلهاموەرگرتن لە دەنگەکانی [ب، ج، ز، ك، ف، ر، ل]نیگاریان بۆ کراوە، یەکلەدوای یەکیش هاوئۆرگانن.

١٤. ع

[ع] دەنگێکی گەروویی خشۆکی دەنگدارە.

ئەم دەنگە لەگەڵ هەمزە[ئـ] لە زۆر شوێندا ئەڵتەرناسیۆن دەکەن، چونکە هەردووکیان گەروویین[2]، هەروەها دەنگێکی دەنگداری گیراون:

---

[1] بۆ قسەکردن لەسەر سستبوونی فۆنیم، بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم... ل١٩٣.

[2] لەگەڵ وشە عەرەبییەکانیشدا هەر ڕاستە، بۆ نموونە: (ضیاءالدین باشا الخالدي المَقدسي)، دەڵێت: (ئاڵف)، شێوێنراوی (العَلَف)ە، واتە لە وشە کوردێنراوەکە [ع] گۆڕاوە بۆ هەمزە. بڕوانە: ضیاءالدین باشا الخالدي المَقدسي، الهدیة الحمیدیة في اللغة الَکردیة، معجم کَردي– عَرَبي، حققە وقدم لە مع دراسات لغویِّة ألاستاذ الدّکتور محمد مُکري، مکتبة لبنان_بیروت، الطبعة الثانیية_١٩٨٧م، ص٩.

| | |
|---|---|
| ع | ←ئـ |
| عَقل | ئەقڵ |
| عَزيز | ئەزیز(ئەزیزم، ئازیز) |
| عَبْدُالله | ئەولا |

له زمانی کوردیدا[ئـ] وەك دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، واتە دەنگێکە پێویستی کاتیی هێناویەتییە ئاراوە، نەك پێویستییەکی واتایی، بۆیە لەو شوێنانەی پێویست بکات دەردەکەوێت، لەو شوێنانەش پێویست نەکات لادەبرێت. ناوێکی وەك(عبدالله)کە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، کاتێك [ع] گۆڕاوە بۆ [ئـ]؛ دواتر وشەیەکی وەك (کاکە)ی بۆ زیادەبێت، ئیتر پێویست بە [ئـ]ەکە ناکات و دیاردە فۆنۆلۆژییەکە چارەسەردەبێت، بۆیە ناوەکە دەبێت بە (کاکەولا)، واتە: ئەوە [ع]ەکە نییە کەوتووە، بەڵکو پاش گۆڕانی بە [ئـ] کاری ئەم دیاردە دەنگییە تەواوبووە و [ئـ] کەوتووە. هەمان گۆڕان لە (بالعقل) بۆ (باقڵ) هەر ڕاستە و ئەم پرۆسەی کورداندنە ڕووندەکاتەوە، بەڵام لێرەدا ئەلفلامی (معرَّف بأل)ەکە و ژێرە[ب]کەتووە، سەرەی سەر [ع] بووە بە ڤاولێکی درێژ.

دەنگی [ح] ئەمیش گەرو شوێنی دروستبوونییەتی، خشۆکە، بۆیە دەستەخوشکی [ع]ە، بەڵام [ع]دەنگدارە، بۆیە لە هەندێك وشەدا [ح] شوێنی [ع] دەگرێتەوە:

| | |
|---|---|
| طَماع | تەماح |
| تَعْطيل | تەحتیل(حەتەلە) |

دەنگی [ع] لە زۆر وشەدا دەکەوێت، ئەم حاڵەتە [ع]ە سەرەتاکانی وشە ناگرێتەوە، چونکە پێویستە، لەپێشییەوە دەنگی ڤاوڵی[a]هەبێت، کاتێك [ع]ەکە کەوت، ئەوا [a]ەکە بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوە بۆ [a:] دەگۆڕێت:

| | |
|---|---|
| طَعْم | تام |
| يَعْقوب | یاقوب |

| | |
|---|---|
| مَعروف | مارف |

دەكرێت دەنگی[ع] لە هەندێك وشەدا بەڕێگەی تایبەت بكەوێت و لەناوبچێت:

| | |
|---|---|
| جَمع | جەم(سەرجەم، خاترجەم) |
| مَزرعة[1] | مەزرا |
| قَطْع | قت(قتبوون، قتكردن) |
| ضائع | زایە |

لە وشەی (جَمعْ) دا تەنها [ع]ەكە كەوتووە و هیچی تر، لە گۆڕانی (مَزرَعة)شدا پاش كەوتنی [ع]ەكە، هەردوو ڤاوڵە كورتەكەی بەردەم [ر، ع] بوون بە ڤاوڵێكی درێژ[a:]، بەڵام وشەی (طعم)، [ع] و ڤاوڵی سەرەكە[a] دەكەون، ڤاوڵی [a:]جێیان دەگرێتەوە و وشەكە دەبێت بە (تام)، لە وشەیەكی وەك (قَطْع) یش، قت(قتكردن) دروستبووە، [ع] و سەرە [a]ی سەر [ق]ەكەش كەوتووە.

دەتوانین دەنگی [ع] وەك "سۆسیۆ فۆنیم"ێك[2]بیبینین، كاتێك وشەكانی وەك (جمعة، رِبع، وضع)دێنە ناو زمانی كوردییەوە، ئەم دەنگە لە پرۆسەی بەكوردیكردنیاندا لەگەڵ دەنگەكانی [م]، [ب]، [ز] دا جێگۆڕكێدەكەن، جێگۆڕكێكردنی ئەم فۆنیمە، واتە سۆسیۆفۆنیم لەم وشانەدا، ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری كەسەكانمان بۆ دەردەخات، بۆیە كەسە خوێندەوارەكان، خۆیان لەم جێگۆڕكێیانە دەپارێزن:

| | |
|---|---|
| جُمْعَة | جوعمە(جمعە) |

[1] بۆ ئەسڵی ئەم وشەیە لەناو زمانە سامییەكاندا، بڕوانە: الدكتور حازم علي كمال الدين، معجم مفردات المشترك السامی في اللغة العربية، مكتية الاداب_القاهرة، الطبعة الاولى_٢٠٠٨م، ص٢٠١، ٢٠٢.

[2] لەناو زانستی زمانی كۆمەڵایەتیدا، لێكۆڵینەوە لە سۆسیۆفۆنیم یارمەتیمان دەدات، وەك ئاماژەیەكی كۆمەڵایەتی، لە ئاستە جۆراوجۆركانی ناو كۆمەڵ، بگەین. سۆسیۆفۆنیم، وەك ئاماژەیەك نییە، كە تەنها پەیوەندیی بە قسەكەرێكەوە هەبێت، بەڵكو وەك دیاردەیەكی ناوكۆیی لە نێو كۆمەڵێك قسەكەردا دەردەكەوێت، سۆسیۆفۆنیم ئاماژەیە بۆ یەكێك یان زیاتر لەمانە: جوگرافیا، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی ڕۆشنبیری، پلەی كۆمەڵایەتی....هتد لەم وشانەی بۆ نموونە هێناومانەتەوە و سۆسیۆفۆنیمیان تێدایە، لێرەدا ئاماژە بە ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری كەسەكان دەكات. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سۆسیۆفۆنیم، بڕوانە: فلوريان كولماس(المحرر)، دليل السوسيلسانيات... ص١٩٥.

| | |
|---|---|
| رُبْع | ڕوعب(ڕوبع) |
| وَضْع | وەعز(وەزع) |

بەپێی تیۆری "دووبارەکردنەوەی ڕێژەیی"، لە یادگەدا ئەو فۆنیمانەی زۆر دووبارە دەبنەوە، ئاسانتر و باشتر هەڵدەگیرێن لەو فۆنیمانەی کەمتر بەکاردێن، ئەو هێشووە دەنگییە دووبارەبوانەی زۆر بەکاردێن، زیاتر بەرگری لە مانەوەی خۆیان دەکەن، لەو هێشووە دەنگییانەی کەمتر بەکاردێن، هێشووە دەنگییە هەرە کەم و ناوازەکان جێگە بۆ ئەو هێشووە دەنگییانە چۆڵدەکەن کە زۆر بەکاردێن، ئەو بڕگە نموونەییانەی زۆر بەکاردێن، جێگە بەو بڕگە ڕیزپەڕانە لێژدەکەن، کە کەم بەکاردێن.[1] لە زمانی کوردیدا هێشووە دەنگی [عز] جێی [زع]دەگرێتەوە، چونکە هێشووە دەنگی [عز] زیاتر بەکاردێت، بۆیە خۆشتر و ئاسانتر بەدەمدا دێت:(عزەت، بەعز)، ئەمەش ڕێی بۆ ئەوە خۆشکردووە کە لە وشەی (وَضْع)دا پاش گۆڕانی [ض]بە [ز]، هێشووەدەنگی[عز]، جێگە بە هێشووە دەنگی[زع] لێژبکات و خۆی بچێتە شوێنی.

وشەی (قَعْدة)یش هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، کاتێك بۆ ئەو ئامێرەی کە منداڵ لەسەری دادەنیشێت بەکاردەهێنرێت، دەبێت بە (قەدعە)، واتە شوێنگۆڕکێ ڕوویداوە و [د]ەکە پێش [ع]ەکە کەوتووە.

وا ڕێکەوتەوە هەر یەك لە جێگۆڕکێکانی [ب]، [ز] لەم وشانەدا بوونەتە وشەیەکی تری قورئانی، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردیشەوە: رُعب(تۆقین)، وَعظ(ئامۆژگاری)، ئیتر ئەمە ڕێکەوتووە، ڕێی بۆ سەرلێشێوان و خراپ حاڵیبوون خۆشکردووە.

١٥. ف

[ف] دەنگێکی لچوددانیی خشۆکە، لەگەڵ [ڤ]دا هاوئۆرگانن، بەڵام [ف] کپە و[ڤ]دەنگدارە. [ف] لە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردیدا فۆنیمە، بەڵام [ڤ] تەنها لە زمانی کوردیدا فۆنیمە، بۆیە کاتێك قسە لەسەر قورئان و کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی دەکرێت، کاریگەریی [ڤ] فەرامۆشدەکرێت، بەهەمان شێوە بۆ [ژ، گ، پ] هەر ڕاستە.

---

[1] بڕوانە: الدكتور عمر مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي... ص٣٧٥.

دەنگی [ف] ئاسان گۆدەکرێت، چونکە سازگەی دروستبوونی دەکەوێتە ئەمسەری شوێنی ئۆرگانەکانی دەنگدروستکردن، کە ددانە بڕەرەکانی سەرەوە و لچە. ئەم ئۆرگانە کە [ف]ی لێوە دروستدەکرێت، مرۆڤ وزەیەکی زۆر بەکارناهێنێت[1]. ئەم دەنگە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا سیفەتی تایبەت و جیایان نییە، تا ئەو ئاستەی گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵکو هەموو ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و [ف] یان تێدایە، وەك خۆیان ماونەتەوە:

| | |
|---|---|
| فَرَج | فەرەج |
| عَفو | عەفو، عافو |
| أسَف | ئەسەف |

لە وشەیەکی وەك (لُطف)دا، پاش ئەوەی بۆرەکە دەکەوێت، [ط] دەگۆڕێت بۆ [ت]، هەروەها جێگۆڕکێ لە نێوان [ت] و [ف] دا ڕوودەدات و وشەکە بە(لفت) گۆدەکرێت، وەك لە وشەی (گفتولفت)دا بەرجەستەدەبێت، ئەم پێشوپاشخستنەش لەڕووی ئاوازەوە هەردوو وشەکەی زیاتر لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ کردووە. لە وشەی (نفس)یشدا [ف] دەگۆڕێت بۆ [و]، دواتر وشەکە دەبێت بە (نەوس)، هاوئۆرگانبوونی ئەم دوو دەنگە ڕێگەی بۆ ئەم گۆڕانە ئاسان کردووە، چونکە هەردووکیان لچولێوین.[2]

## ١٦. ق

دەنگێکی قوڕگیی گیراو_تەقیوی کپە. قاف لە زمانی عەرەبیدا لەگەڵ [خ، غ] سێ دەنگن، لەناو دەقدا قەڵەودەکرێن، قەڵەوکردنی ئەم دەنگانە ستراکچەریی نییە، واتە ئەگەر گەنجێك یان خاتونێك لە کاتی ئاخاوتندا ناسکیان کردنەوە، ئەوە واتا ناگۆڕن، بەڵکو هەڵەیەکی ڕوونە لە گۆکردنیاندا.[3] قورئانخوێنەکان وەك لە باسی [χ]، [γ] لێی دواین، دەنگی[q] قەڵەو دەخوێننەوە، ئەگەر لەدوایانەوە [a ، a: ، u، u:] هات، وەك: (قَوم، مقام، قُبُل، يَقول)، بەڵام کاتێك ئەو وشانەی دێنە ناو زمانی کوردییەوە، [q]یان قەڵەو بوو، قەڵەوییەکەی نامێنێت. بۆیە ئەو قەڵەوییەی لەم وشانەدا هەیە، کاتێك لەناو ئاخاوتنی ڕۆژانەدا

---

[1] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٣٦٧.

[2] لە وشەیەکی عەرەبیی وەك (حَفصة)یشدا، کاتێك دەکوردێنرێت [ف] دەگۆڕێت بۆ [پ] و وشە کوردێنراوەکە دەبێت بە (حەپسە)، هاوئۆرگانبوونی ئەم دوو دەنگە، ڕێگەی بۆ ئەم گۆڕانە خۆشکردووە.

[3] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٤٠٢.

گۆدەکرێن، لە گۆکردنە قەڵەوە عەرەبییەکە کەوتوون، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا [q]ی قەڵەومان نییە:

| | |
|---|---|
| قَبْر | قەبر |
| قانْع | قانع |
| قُربان | قوربان |

ئەم وشانەش قافەکانیان چ لەناو زمانی عەرەبی و چ لەناو زمانی کوردیدا جیاوازیان نییە، واتە لە هیچیاندا قەڵەو گۆناکرێن:

| | |
|---|---|
| قِبلة | قیبلە |
| قیامة | قیامەت |
| فَقیر | فەقیر |

کاف، دەنگێکی ئەوپەڕی مەڵاشوویی گیراو-تەقاوی کپە، لەگەڵ قافدا گیراوییە کپییەکەیان هاوبەشە و شوێنی دروستبوونیشیان لەیەکەوە نزیکە، [ق] یەکێکە لەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا بەقەد [ك] ڕەسەن نییە، بەڵام لە زۆر وشەدا لەگەڵ یەك ململانێدەکەن و هەوڵدەدەن شوێن بەیەکتری لێژبکەن:

| | |
|---|---|
| لق | لك |
| هەڵقەندن | هەڵکەندن |
| قینەلەدڵ | کینەلەدڵ |

لە وشەی کوردێنراوی قورئانییشدا ئەم حاڵەتە هەیە:

| | |
|---|---|
| خَلْق | خەڵك(خەڵق) |
| بَرْق | بریکە(بریقە) |

له زمانی عەرەبیدا [ق] دوو ئەلۆفۆنی تری هەیە، کە بریتین لە [گ، ئـ]، لە هەندێك وشەدا [غ][1]ش وەك ئەلۆفۆنی سێیەمی ئەم دەنگە دەبینرێت، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| عَگَال[2]، (عِقال، عَقال) | حەگاڵ |
| گَعْدة (قَعدةَ) | گەعدە |
| گلابە(قَلابَة) | گەلابە |

له نموونەی ئەم وشانە کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڕوونی ئەوە دیارە، بەهۆی کاریگەربوونی زمانی کوردی بە زمانی ڕۆژانەی عەرەبی ئێراقییەوە بووە، واتە هیچ پەیوەندیی بە کاریگەریی قورئانەوە نییە. لە شێوەزاری عەرەبیی بەغدایدا، لە زۆر وشەدا قاف دەکەن بە گاف[3](زمانەوانە عەرەبەکان بە جیمی میسری ناویدەبەن)، ئەگەرچی ئێمە سەرژمێرییەکمان لا نییە، ئەقڵکاریەکی زۆریشی ناویَ، ئەوە دیارە لێشاوی ئەو وشانەی کە وەك[ق]هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، زۆر لەو وشانە زیاترن کە بە ئەلۆفۆنەکانییەوە هاتوون، ئەمەش کاریگەریی زۆری قورئان لەسەر زمانی

---

[1] بڕوانە: الدکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص٢٨٧.

[2] عِقال: لای عەرەب، بەو پەتۆلکەیە وتراوە کە کراوەتە پێی حوشتر، بۆ ئەوەی کۆتوپێوەندبکرێت.( بڕوانە: محمد بن فتوح بن عبد الله بن فتوح بن حميد الأزدي الميورقي الحَمِيدي أبو عبد الله بن أبي نصر، تفسير غريب ما في الصحيحين البخاري ومسلم، لأبي نصر، المحقق: الدكتورة: زبيدة محمد سعيد عبد العزيز، مكتبة السنة – القاهرة – مصر، الطبعة: الأولى، ١٤١٥ – ١٩٩٥ ص٨٥. یان: مجمع اللغة العربية بالقاهرة، المعجم الوسيط، الناشر: دار الدعوة ، ص٦١٧. یان: رِينهارت بيتر ان دوزِي، تكملة المعاجم العربية، نقله إلى العربية وعلق عليه: محمَّد سَليم النعَيمي، وزارة الثقافة والإعلام، الجمهورية العراقية، الطبعة: الأولى، من ١٩٧٩ – ٢٠٠٠ م، الجزء ٧، ص٢١٨. «الْإِبِل المُعَقَّلَة»: بەو حوشترە وتراوە کە بە حەبل پێکانی شەتەکدراوە، قافەکەش بۆیە شەدەی لەسەرە، واتە زۆر بەتوندی شەتەکدراوە، بڕوانە: مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير، النهاية في غريب الحديث والأثر، تحقيق: طاهر أحمد الزاوى – محمود محمد الطناحي، المكتبة العلمية – بيروت، ١٣٩٩هـ – ١٩٧٩م، الجزء الثالث، ص٢٨١. وشەی (عَقْل)یش، لەم (عِقال)ی حوشترەوە وەرگیراوە.، بڕوانە: علي بن محمد بن علي الزين الشريف الجرجاني، كتاب التعريفات، المحقق: ضبطه وصححه جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية بيروت –لبنان، الطبعة: الأولى ١٤٠٣هـ –١٩٨٣م ، ص١٥٢. دواتر ئەم پەتۆلکەیە بۆتە حەبل یان گوریس و لە موی حوشتر ڕێسراوە، یان لە خوری ڕەنگاوڕەنگ چنراوە، کە درێژییەکەی سێ بۆ چوار پێ بووە. ئیتر ئەگەر مەبەست ئەو حەبلە بووبێت کە لەسەر (الکوفیە)کە کرابێت، بۆ ئەوەی بوەستێت، ئەوا، دواتر (عَقَال)یان بەکارهێناوە. بڕوانە: ڕینهارت بيتر ان دوزِي، تكملة المعاجم العربية، نقله إلى العربية وعلق عليه: محمَّد سَليم النعَيمي، وزارة الثقافة والإعلام، الجمهورية العراقية، الطبعة: الأولى، من ١٩٧٩ – ٢٠٠٠ م، الجزء ٧، ص٢٦٨. دواتر لە زمانی گشتی و ڕۆژانەی عەرەبی عێراقی بووە بە (عَگَال)[2] ، بڕوانە: الشيخ جلال الحنفي البغدادي، معجم اللغة العامية البغدادية، دار رِشید للنشر_ عيراق، ج١، ١٩٨٢م، ص٢٤. ئەم فۆڕمە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و [ع]ەکەی گۆڕاوە بۆ [ح]، هەروەها [ل] ی کاڵی دوای ڤاوڵە درێژەکەی بووە بە [ڵ]، ئیتر بووە بە (حەگاڵ)، لە ئاستی واتاشدا، واتاکەی گۆڕاوە و بووە بە سینۆنیمی: سەرپۆش، لەچکە، ڕەفتە.

کوردی دەردەخات، دوای ئەویش ئەلۆفۆنی [گ]دێت، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ئاخافتنی ڕۆژانەی دیالێکتی عەرەبیی ئێراقیەوە دروستبووە.

لە ئیدیەمێکی وەك( ئەهلی حالێ بن نەك تایەفەی قالێ)دا (قال) بووە بە(قالێ)، کە بە واتای کەسی سەفسەتەچی و قسە زۆرکەر دێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە ناو دیالێکت عەرەبییەکاندا، [ق]، بە دوو شێوە خوێنراوەتەوە، کە [ق] و [گ]ە، وەك میسری و یەمەنییەکان ئیستاش دەیکەن، بەڵام قورەیش بە [ق] دەریان بڕیوە، لە خوێندنەوەکانی قورئانیشدا هەر بە [ق] دەربڕاوە، بۆیە زۆر ڕوونە، هاتنی ئەو وشانە، لە خودی کاریگەریی قورئان و حوجرەوە هاتوون، نەك لە تێکەڵبوونی ڕۆژانەوە، بەتایبەت خەڵکی ئێراقیش دەڵێت: گال، نەك قال(بۆ نموونە). هەروەها [ق] لە زمانی ڕۆژانەی عەرەبیدا ئەلۆفۆنێکی تری بۆ پەیدابووە، کە هەمزە[ئـ]ە، پێدەچێت ئەمە نەهاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە ! !

هەندێك جاریش، بەهۆی نزیکی شوێنی دروستبوونی ئەم دوو دەنگە لەیەکەوە، [ق] دەگۆڕێت بۆ [خ]:

| ق | ←خ |
|---|---|
| وَقْت[١] | وەخت |
| مَقْصِد | مەخسەو |
| نُقصان | نوخسان |

لە کاتی کورداندنی وشەیەکی وەك [غُسْل] دا، [غ] ەکە فڕێدراوە و بووە بە [وسلێ].

١٧: ك

پشتەزمان لە نەرمەمەڵاشوو دەدات، گرتنەوەی هەوا ڕوودەدات، پاشان لوتوبزوت، پشتەزمان لە نەرمەمەڵاشوو دووردەکەوێتەوە، دوو دەنگ دروستدەبێت، ئەگەر دەنگەژێکانمان نەلەراندەوە، ئەوا، [ك] دروستدەبێت، بەڵام بە لەراندنەوەی دەنگە ژێکان، [گ] دروستدەبێت. کەواتە [ك] دەنگێکی

---

١ لە زمانی گشتیی ڕۆژانەی بەغدادیدا، لەم وشەیە و چەندین وشەی تردا، [ق] دەگۆڕێت بۆ [ك]، وَقت> وَكت، بڕوانە: شيخ جلال الحنفي البغدادي، معجم اللغة العامية البغدادية، ج١، ص١٦.

نەرمەمەڵاشوویی تەقاوی کپە، بەڵام [گ]دەنگێکی نەرمەمەڵامەڵاشوویی تەقاوی دەنگدارە، ((لە زمانی کوردیدا ئەم دوو دەنگە درێژناکرێنەوە))[1].

کاف، دەنگێکی ئەوپەڕی مەڵاشوویی گیراو–تەقاوی کپە، لەگەڵ قافدا، گیراوی کپییەکەیان هاوبەشە و شوێنی دروستبوونیشیان لەیەکەوە نزیکە، بۆیە هەر لەناو زمانی کوردیدا و لە چەندین شوێندا لە بەرانبەری دەکەون، پێشتر لە باسکردنی ئەم دوو دەنگە و لە باسی[q]دا لێی دواین، بۆیە ناچینەوە سەری.

لە زۆربەی ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، [ك] بە دەربڕینە عەرەبی و کوردییەکەی بە تەواوەتی لە گۆکردن و سازگەی دروستبوونیاندا چوونییەکن، بۆیە گۆڕان بەسەر ئەم دەنگەدا نەهاتووە، چونکە لەپاش [ك] ڤاوڵەکانی[e، I] نەهاتوون:

| | |
|---|---|
| كَعْبَة | کابە |
| شُكرْ | شکور(شکورانە بژێری) |
| هَلاك، هَلَكة | هیلاکەت(هیلاك، هیلاکبوون) |

بەڕەقەمەڵاشووبوونی کۆنسۆنانتە نەرمەمەڵاشووییەکان[k، g] لە:/کێ/، /گیرفان/ [g'irfa:n] [k'e:]، واتە لەنەرمەمەڵاشووەوە، بەرەو پێشەوەی ڕەقەمەڵاشوو دەبرێن. ئەم کارەش پێوەندیی بە ڤاوڵەکانی دوایانەوە هەیە، ئەمەش کاتێك ڤاوڵەکانی پێشەوە[ێ، ی] لە دوایانەوە بێت[2]. ئەم حاڵەتەش لە زمانی عەرەبیدا نییە، واتە ئەلۆفۆنەکانی [k`] [kh] [k]، بۆ دەنگی [k]لە زمانی عەرەبیدا نییە، بۆیە، ئەو وشانەی لە قورئانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و لەپاش [k]، ڤاوڵەکانی [e،I]هاتن، پڕۆسەی کورداندن دەیانگرێتەوە و ئەم پڕۆسەیە ڕکێفیان دەکات:

| | |
|---|---|
| Kibr` | k`I . bir |
| Lakin | la . k`n |

[1] بڕوانە: مەسعود محەمەد، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی نۆهەم، لا٢٦٨.

[2] بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی دووهەم... لا١٦٥.

| | |
|---|---|
| Wekil | We . k`il |

هەر لەکاتی خوێندنەوەی قورئانیشدا، بۆ نموونە لە خوێندنەوەی ئایەتی پازدە و شازدەی سورەتی (الطارق)دا: (إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا، وَأَكِيدُ كَيْدًا)، ئەگەر قورئانخوێنە کوردەکان تەجویدیان باش نەبێت، بەڕوونی هەست بەم حاڵەتی ڕەقەمەڵاشوویکردنەی کافەکە دەکرێت.

لەبەرئەوەی دەنگی [g] لەناو زمانی عەرەبی دیالێکتی قوڕەیشدا بەکارنایەت، بەگشتیش لەزمانی عەرەبیدا فۆنیم نییە، بۆیە نە [g] و نە ئەلۆفۆنە کوردییەکەی[g`] پەیوەندییان بەم بابەتەوە نییە.

لەناو زمانی کوردیدا، زۆر جار [خ] لەگەڵ [ك] لەوشەیەکدا ئاڵوگۆڕدەکەن، وەك وشەی (کۆکە) لە (هەولێر) دەبێت بە (کۆخە)، ڕەنگە بەهەمان شێوە، (تَرك)یش، کە وشەیەکە و لە قورئاندا هاتووە، بووبێتە (تەخر)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شوێنگۆڕکێ و پێشوپاشکردن لە نێوان[ ر ، خ]ەکەدا ڕوویداوە.

١٨-١٩: ل، ڵ

لە ناوەڕاستی بۆشایی ناودەمدا داخستنێك دروستدەبێت و وروژمی بایەکە دەتوانێت بەملاولای زماندا تێپەڕبێت، لە ئەنجامدا دەنگە لاییەکان دروستدەبن، لە زمانی کوردیدا ئەم دەنگانە دوو فۆنیمن:[ɫ، l].

لەبەرهەمهێنانی لاییە کاڵەکەدا/لاوازەکەدا، سەری زمان لەناوچەی دانی_پووکییدا، داخستنێك لە ناوەڕاستی دەمدا دروستدەکات. لاییە تۆخەکەیان/قەڵەوەکەیان کراوە بە نەرمەمەڵاشوویی، بەواتا پشتەوەی زمان لە کاتی داخستنە پووکییەکەدا، بەرەو نەرمەمەڵاشووو دەبرێت،[١] هەردوو جۆری لامەکەش دەنگدارن.

ئەگەر دوو ئەلەفۆن دابەشبوونی تەواوکەرانەیان هەبێت، وەها پۆلێندەکرێن، کە هەردووکیان سەربەیەك فۆنێم بن، بۆ نموونە [ɫ]، [l] لە زمانی عەرەبیدا، لەبەر ئەوەی دابەشبوونی تەواوکەرانەیان هەیە، بۆیە ئەلۆفۆنن، بەڵام لە زمانی کوردیدا دابەشبوونی تەواوکەرانەیان نییە و هەمبەرین، لەبەر ئەوە فۆنیمن:

[١] بڕوانە: د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم... ل١٠٩.

| | |
|---|---|
| کەڵ | کەل |
| کوڵ | کول |
| خێڵ | خێل |

ئەو ئەلەفۆنانەی فۆنێمێك دابەشبوونی تەواوکەرانەیان هەیە، کە هەرگیز لەهەمان دەوروبەری دەنگیدا، بەکارناهێنرێن و دەرناکەون. کەواتە هەرگیز دژ و بەرانبەر بە یەك ناوەستنەوە(لە هەمبەریدا نین)، لەبەر ئەوەی دەقەکە هەمیشە جیاوازە، هیچ گچکەترین یەکەیەکی جیاکەرەوە دروستناکەن[1]. ئەمە بەتەواوەتی بەسەر [l] و ئەلۆفۆنەکەی [ɫ]، لە زمانی عەرەبیدا ڕاستە، هەرگیز، [l] لەو دەوروبەرە دەنگییەدا دەرناکەوێت کە [ɫ]ی تێدا دەردەکەوێت، بەپێچەوانەشەوە. لە زمانی عەرەبیدا، فۆنیمی [l] لە چەند کۆنتێکستێکدا، بە قەڵەوی[ɫ] وەك ئەدگارێکی لاوەکی، لە وشەدا بەهۆی کۆنتێکستەکەوە دروستدەبێت[2].

((لە بنەڕەتدا[l] لە عەرەبیدا ناسکدەکرێتەوە، بەڵام لە وشەی (الله) و (اللهم)دا قەڵەوە، وشەی (الله) ئەگەر لە پێشیەوە سەرە(فَتحة) یان بۆر(ضمَّة) هات قەڵەو دەکرێتەوە، وەك: (قالَ اللهُ– قالوا اللهم)، بەڵام ئەگەر لە پێشیەوە کەسرەی ڕاستەقینە یان کەسرەی عاریزە هات، ئەوا ئەمیش ناسکدەکرێتەوە، وەك: (بسمِ الله، أفِي اللهِ شَك، قلِ اللهم)، ((ئەم ژێرەی دواییان عارزەی پێدەڵێن، بەهۆی بەدوایەکدا هاتنی دوو ساکن پەیدابووە))[3]. جا لەبەر ئەوەی گۆکراوی (الله) بە ئامادەکراوی لە قورئانەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، هەر بۆیە گۆکردنی [l] وەك عەرەبییەکەیەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە:

| | |
|---|---|
| بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ | بیسمی لاهی ڕەحمانی ڕەحیم |
| حاشَ لله | حاشا لیلا |
| وَاللهِ | وەڵڵاهی |
| مَعَاذَ اللَّهِ | مەعازەڵڵا |

[1] بڕوانە: د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم... لا١٨٣ و ١٨٤.

[2] بڕوانە: الدکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص ٣٩٤، ٣٩٥.

[3] سەرچاوەی پێشوو... لا٤٠٨.

تەنانەت وشەیەکی وەك (رَسول)، کە هاتۆتە ناو شێوەزاری سلێمانی، وەك ناو، دەبێت بە (ڕەسوڵ)، بەڵام هەرکە مۆرفیمی (الله)ی پێوە لکا، پەیڕەویی لە فۆنۆلۆژییە عەرەبییەکە دەکات، دەبێتەوە بە (ڕەسول)، واتە لامەکە کاڵ دەنوێنرێت: (ڕەسولەڵڵا).

ناوەکانی وەك (فتح الله، عبدالله)، کە لەناو زمانی کوردیدا بچووك و ئاساندەکرێنەوە، (الله)کەیان لێ لادەبرێت و کۆتاییەکەی دەکرێت بە ڤاوڵی[ە]، چونکە لە گۆکردندا ڤاوڵەکان لەهەموو دەنگەکانی دی، بۆ بیستن ڕوونتر و لەبارترن، بۆیە دەبن بە (فەتە، عەبە).

لە عەرەبیدا، لام، ئەگەر هاتوو لەدوای دەنگە قەڵەوەکان[ص، ض، ط، ظ]ەوە هات، ئەوا هەر بە قەڵەوی گۆدەکرێت، وەك: (صَلاة، ضَلال، طَلَب، ظَلّ )بەمەرجێك دەنگە قەڵەوەکەی پێشی سەرەدار، یان وەستاو، یان بۆرداربێت[١].

لە زمانی کوردیدا [ل] لە سەرەتای وشەدا و لە پێش ڤاوڵێکەوە و لە کۆتایی وشە و بڕگەدا دێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا پاش ڤاوڵەکانی/ا، ێ، ۆ/ نایەت، یان زۆر کەم دێت، وەك:( حۆل، بۆلەبۆل، کێل).

بەڵام [ڵ] لە کۆتایی وشە و لە پاش ڤاوڵەکانی/ا، ێ، ۆ/ دێت، لەناوەڕاستی وشەشدا پاش /ۆ/ و /ێ/ دێت: (تۆڵە، پێڵوو)، بەڵام لە سەرەتای وشەدا نییە و لە کۆتایی وشە پاش ڤاوڵی /ی/ نایەت[٢].

وشەکانی وەك: (حَلال، حَمّال، مال، مثقال، مُحال، دَجال...)، لەبەر ئەوەی [ل] کەوتۆتە کۆتاییەوە و لەپێشیەوە ڤاوڵی درێژی[ا] هەیە، بۆیە هەموویان [ل]یان دەگۆڕێت بۆ [ڵ]، دەبن بە(حەڵاڵ، حەماڵ، ماڵ، مسقاڵ، مەحاڵ، دەجاڵ(جەجاڵ)... )[٣]، ئەمە مەرجێکی گشتی نییە، بۆ نموونە لە وشەکانی وەك (جەمال، کەمال، جەلال) دا لامی کۆتایی نەگۆڕاوە.

---

[١] بڕوانە: الدکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص٤٠٨.

[٢] بڕوانە: د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم... ل١٨٣ و ١٨٤.

[٣] ئەم پڕۆسەیە، ئەگەر چونی وشە کوردی و فارسیەکان بوایە بۆ ناو قورئان، ڕەنگە پێچەوانە بوایەتەوە، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (شەڕواڵ)، کە چوەتە ناو قورئانەوە، [ڵ] گۆڕاوە بە [ل]، بوە بە: (سَرابیل) کە کۆی (سِربال)ە. ئەم وشەیە، (سیبەوەیهی و جوالقی) بە عەرەبێنراو (مُعَرَّبْ) ناویدەبەن، بڕوانە: أبي منصور الجوالقي، المعرب، من الکلام الاعجمي علی حروف المعجم... ص٣٩١–٣٩٢. یان بڕوانە: الاب رِفائیل نخلة الیسوعي، غرئب اللغة العربیة... ص٢٣٤. هەروەها: السید ادی شیر، الالفاظ الفارسیة المعرَّبة... ص٨٩.

بەڵام لەو وشانەی[ل]ی کەوتۆتە کۆتاییەوە و لەپێشیەوە [یـ]هاتووە، دەنگی[ل]، وەك خۆی و بەناسکی دەمێنێتەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا لە کۆتایی وشەوە، پاش [یـ] لام بە قەڵەوی نایەت:

| | |
|---|---|
| قابیل | قابیل |
| هابیل | هابیل |
| طَیراً أبابیل | تەیرەن ئەبابیل |
| میکائیِل | میکایل |

لەبەر ئەوەی نە لەزمانی کوردی و نە لەزمانی عەرەبیدا لەسەرەتای وشەدا، لامی تۆخ نایەت، بۆیە هەموو ئەو وشانەی بە لامی کاڵ دەستپێدەکەن، وەك خۆیان دەمێننەوە: (لوط، لباس، لَذَّة)، یەك لەدوای یەك: (لوت، لیباس، لەزەت).

لە شێوەزاری سلێمانیدا، بەشێوەیەکی گشتی، مەیلی ئەوە هەیە، زۆر لەو وشە خواستراوانەی عەرەبی لامی کاڵیان بکرێت بە لامی تۆخ:(الأولْ، قَتل، قَلَم، قُبول، عَقل، غَفْلَة، سُلطان، سُلَیْمان، مُلك، مُسلم...)، یەك لەدوای یەك:(ئەوەڵ، قەتڵ، قەڵەم، قبووڵ، ئەقڵ، غەفڵەت، سوڵتان، سڵێمان، مڵك، موسڵمان...).

هەندێك وشەی تر، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، دەکرێت لامە کاڵەکەیان وەك خۆی بمێنێتەوە، دەشلوێ تۆخبکرێن:

| | |
|---|---|
| غُلام | غولام، غوڵام، خولام، خوڵام |
| بەخیل | بەخیل، بەغیڵ، بەغیل |
| جاهِل | جاهیل، جاهێڵ، جەحێڵ |

لە هەندێك وشەدا، لام لەگەڵ دەنگێکی تر جێگۆڕکێ دەکات:

| | |
|---|---|
| طِفْل | تلّف |
| قُفْل | قولّف |

| | |
|---|---|
| لَعْنَة | نەعلەت، نحلەت |

له بچووككردنەوە و كليپكردنى چەند ناوێكى عەرەبى [ل] پەيدادەبێت، ڕەنگبێت هەر پێشگرى بچووككردنەوەى [لە] بێت، چونكە ئەم پێشگرە لەكورديدا دەچێتە سەر ناوو بچووكى دەكاتەوە، بەڵام كليپى ناكات: (كاكە> كاكەلە، برا> برالە).

هەمان پێشگر، بۆ بڕگەى يەكەمى ئەو نێوانە زياددەكرێت و كليپدەكرێن، بەم شێوەيان لێدێت:

| | |
|---|---|
| قادر | قالە |
| إبراهيم | بلە |
| خدر، خالد | خلە، خالە |

له زمانى كورديدا، ڕێگەپێدراوە، لە وشەيەكدا دوو لامى كاڵ بەدواى يەكدابێن، وەك: (كەللە، كوللە، گوللە)، بۆيە ئەو وشە عەرەبييانەى هاتوونەتە ناو زمانى كوردييەوە و دوو لام لە وشەيەكدا و ڕاستەخۆ بەدواى يەكدا هاتوون، وەك خۆيان ماونەتەوە و هيچ يەك لە لامەكان لانەبراون:(مِلَّة، ذِلَّة)، بەم شێوە ماونەتەوە: (ميللەت، زيللەت).

وشەى (حساب)، كە هاتۆتە ناو زمانى كوردييەوە، بووە بە (حسێب)، جارى واش هەيە، سينەكەى دەگۆڕێت و [ل] جێى دەگرێتەوە، دەبێت بە (حلێب). ئەم حاڵەتەش حاڵەتێكى ڕيزپەڕە، ڕەنگە ئەم گۆڕانە، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە [ل] دەنگێكە ڕوونتر و خۆشتر دەبيسترێت لە [س]، چونكە زرنگدەرەوەكان، لە خشۆكە كپ و دەنگدارەكان ئاسانتر و ڕوونتر دەبيسترێن[١].

٢٠-٢١: م، ن

[م] دەنگێكى لچولێويى_لوتى گيراوى دەنگدارە، بەڵام [ن]دەنگێكى ددانى_پووكيى_لووتى گيراوى دەنگدارە. ئەم دوو دەنگە بەهۆى تێپەڕبوونى ئازادانەى هەواوە، لە هەندێك زماندا لەڤاوڵچووەكانيشيان پێدەگوترێت، بۆيە دەنگێكن بۆ بيستن خۆش و لەبارن، هەر ئەمەش وا دەكات لەدەووبەرە

[١] بڕوانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٣٥٨، ٣٥٩.

دەنگییەکاندا، کەم تووشی پووکاندنەوە و لەناوچوون ببنەوە. تەنانەت ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا دەوروبەری دەنگیشیان زۆر لەیەکەوە دوورنییە، بۆیە گۆڕانکاری لەم دەنگانەوە بۆ دەنگی تر زۆر کەمە.

دەنگی [م] لە زۆربەی هەرە زۆری وشە هاتووەکاندا وەك خۆی ماوەتەوە:( مِسك، عظيم، موسى، تَيَمُّم، مُصيبَة، مَعذرةَ، آدَم...)، یەکلەدوای یەك:( میسك، عەزیم، موسا، تەیەموم، موسیبەت، مەعزەرەت، ئادەم...).

دەنگی [ن] ئەگەر هاتوو لە وشەیەکدا بە وەستاوی، یان ڕاستەوخۆ دەنگی [ب]ی بەدوادا هات، ئەوا [ن]ەکە دەگۆڕێت بە [م]، وەك:

(بەرانبەر> بەرامبەر، بەفرانبار> بەفرامبار، کەرانباوگاو> کەرامباوگاو...).

هەمان حاڵەت بۆ زمانی عەرەبییش هەر ڕاستە، چونکە هەردوو دەنگی [م]، [ب] هاوئۆرگانی تەواون و هەردووکیان لچولێوین، بەڵام [ن]ددانیی پووکییە، بۆیە مەسەلەکە پەیوەندیی بەئاسانیی جووڵەی ماسوولکەکانەوە هەیە، واتە بۆ ئەوەی جووڵەی ماسوولکەیی کەمتربێت ئەم گۆڕانە ڕوودەدات:

| | |
|---|---|
| مِنْبَر | میمبەر |
| ذَنْب | زەمب |
| أنْبياء | ئەمبیا |

لە وشەیەکی وەك (مَجنون)دا، زۆر کات [ن]ی کۆتایی دەگۆڕێت و دەبێت بە [م]، وشەکە بەم شێوەی لێدێت (مەجروم)[1].

وشەیەکی وەك (سَلام) لە فۆڕمێکی تریدا دەکرێت [م]ەکە بگۆڕێت بۆ [و]، وشەکەش دەبێت بە (سلاو).

[1] ئەمە کاتێك ڕاستە، کە مەبەست لەو کەسایەتییە بێت کە ناوی قەیسە و عاشقی لەیلایە، بۆیە کاتێك باسی ئەم دوو عاشقەی داستانەکە دەکرێت، زۆر جار، دەوترێت: لەیل و مەجرووم.

لەکاتی کلیپکردنی ناوەکانی (آمینة، رِحْمَة)دا دەنگی [ن، م]، یەك لەدوای یەك، یەکێکن لە دەنگە کلیپکراوەکان، دەبن بە: (ئامە، ڕەحە).

لەناو زمانی کوردیدا مەیلێکی گشتی لە نێوان[n] و [dʒ] هەیە و لە وشەیەکدا مەیلیان هەیە پێکەوەبێن، هەر لە بەر ئەمەشە کاتێك وشەی(اجل) لە قورئانەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، [n] هاتۆتە بەردەم [dʒ]ەکە و لەدەربڕینێکدا بووە بە /ئەنجەل، یان عەنجەل/، یان وشەیەکی عەرەبی، کە لە قورئاندا نەهاتووە، وەك (هجاء) دوای ئەوەی [ه]دەگۆڕێت بۆ [ح] بەهۆی هەمان مەیلەوە، [n] لەبەردەم [dʒ]دا هەڵدەتۆقێت و وشەکە دەبێت بە/حینجە/، هەروەها کاتێك وشەیەکی وەك (إجازَ)دەخوازرێت، لەبەر هەمان هۆکار،[n] لە بەردەم [dʒ] پەیدادەبێت و دەیکات بە (ئینجازە)[1]، ئەمە کاتێك ڕاستە کە ڕاستەوخۆ و بە وەستاوی [n] بکەوێتە پێش [dʒ]ەوە، بەڵام بکەوێتە دواوە ڕەنگە ئەو مەیلەیان بۆ یەك نەمێنێت، بۆ نموونە وشەیەکی عەرەبیی وەك (جنس) کە دێتە ناو زمانی کوردییەوە، زۆر جار دەبێت بە (جسن)، وەك دەوترێت(جسن پیس!)، واتە لێرەدا هەردوو دەنگی [dʒ]، [n] لەیەك دوورکەوتوونەتەوە و [n] دەنگۆڕکێی لەگەڵ [s]دا کردووە.

هەر لەبەر ئەوەی دەنگی [n] حەز بە دەنگی [dʒ]دەکات[2]، هاوئۆرگانیشن[3]، بۆیە لە وشەیەکی وەك (جَهَنَمْ)دا، کاتێك بە پرۆسەی کورداندندا دەڕوات، دەنگی [dʒ] دەچێتە دوایەوە، دواتر زۆر جار، لای بەتەمەنەکانی سلێمانی بەشێوەی کۆنسۆنانتە مەلاشووییە دەنگدارەکەی سلێمانی /ŋ/ گۆدەکرێت، دەبێتە: (جەحەنگەم).

کاتێك وشەیەکی وەك (قسط)دێتە ناو زمانی کوردییەوە، زۆر جار بە (قیسن) دەردەبڕدرێت، واتە دەنگی [ط]، دەگۆڕێت بۆ [ن]، ئەم گۆڕانەش لە ئێستادا وەك سۆسیۆفۆنیمێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە ئەم گۆڕانە لای کەسە نەخوێندەوارەکان ڕوودەدات، کەسە خوێندەوارەکان هەوڵدەدەن، ئەم جێگرتنەوەیە لە دەنگی[ت]دا نەکەن.

---

[1] کەواتە لە زمانی کوردیدا، یەکێك لە ڕێگەکانی پەیدابوونی دەنگ بریتییە لە میەل و هەڵکردنی دەنگەکان لەگەڵ یەکتری.

[2] بڕوانە: مەسعود محەمەد، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم... ل٥٩٠.

[3] بڕوانە: د. محەمەد مەوحوی، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی، و ڕێزمانی عارەبیی... ل٢٧.

له زمانی کوردیدا (تەنوین) هەر له بنەڕەتدا نییە، ئەو وشه عەرەبی و قورئانییانەی وەرگیراون، زۆریان تەنوینەکانیان دەبێت به [ن]، ئەو وشانەی تەنوینەکەیان به فەتحەیە، دەردەکەون و له شێوەی [ن] دەنوسرێن، وەك:

| | |
|---|---|
| مثلاً | مەسەلەن |
| أَبَدَاً | ئەبەدەن |
| عَمْدَاً | عەمدەن |

ئەم گۆڕینی تەنوینه له زمانی فارسیدا، له دوای سەدەی شەشی کۆچییەوە ڕووی له زیادبوون کردووە، هەندێ جار کورد و فارس وشەی عەرەبی هەیە، بەو شێوەیە تەنوینی نییە، ئەمان پێیان داوە، وەك: (ئەکسەرەن، ئەقەلەن)، یان وشەی کوردی و فارسی هەیە، تەنوینی بۆ دروستکراوە، وەك: (ناچارەن، یەکسەرەن)، هەروەها هەموو تەنوینێکی ژێرەوە لادەبرێت، وەك:

صافٍ> ساف[1].

((گەنجی وشه چەندین وشەی تێدایە، که یاسابەندنیین(بەلەیاسالادان دروستکراون) و لەگەڵ مۆدێلی فۆڕمداڕشتنی زۆربەی وشەکانیدا ناگونجێن. نموونەیەك بۆ ئەم حاڵەته ئەو وشانەن، که له زمانەکانی دییکەوە وەرگییراون و هێشتا له زمانەکەدا نەتواونەتەوە))[2]، ئەو وشانەی که به تەنوینەوە هاتوونەته ناو زمانی کوردییەوە، نموونەی ئەم وشه وەرگیراوانەن.

**٢٢: ه**

[ه]دەنگێکی خشۆکی گەروویی کپە، له سەرەتا و ناوەڕاستی وشه کوردییەکاندا هەیە.

---

١ بڕوانه: الدکتور محمد نورالدين عبد المنعم، معجم الالفاظ العربية في اللغة الفارسية، الناشر: جامعة الإمام محمد بن سعود الأسلامية، الجزء ألاول_٢٠٠٥، ص٤١_٤٢.

٢ د.محەمەد مەحوی، فۆنۆتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم... ل١٥٧.

لە وشە کوردییەکاندا [ه] لەسەرەتای وشەکانەوە پێگەی بەهێزە، لەو وشە وەرگیراوانەی کە لەسەرەتاوە بە [ه] دەستیان پێکردووە، دەتوانێت وەك خۆی بمێنێتەوە و مەیلی بۆ تیاچوون و گۆڕان نییە: (هیدایەت، هامان، هارون، هودا...).

[ه] لەو وشانەی لە ناوەڕاستەوە هەیە، زۆربەی وەك خۆی دەمێنێتەوە:(کاهین، جیهاد، دەهر، بورهان، ئەهل...)، یان دەکرێت لە تیاچوون و مانەوەیدا سەرپشکبین:

| | |
|---|---|
| مَذهَب | مەزهەب، مەزەب |
| عَهد | عەهد، عاد(...نەشکێنی عادوپەیمان...) |
| طاهر | تاهیر، تایەر |
| ظاهر | زاهیر، زایر، زایەر |

ئەم دەنگە لەناو زمانی کوردیدا ((لەسەرەتای مۆرفیمی دووەمی وشەیەکی ناسادەدا دەکەوێت، وەك: ڕۆژهەڵهات> ڕۆژهەلات، خۆرهەتاو> خۆرەتاو، دەستهاڕ> دەستاڕ))[1]، لەشەقلگرتنی وشە ئێرانییەکانیش بە زمانی کوردییەوە، زۆرجار[ه] فڕێدراوە، وەك: (تەهران> تاران، بەهرام> بارام، پەهلەوان> پاڵەوان...)[2]، کاتێك وشە قورئانییەکانیش هاتوون، بەدەرنەبوون لەم لابردن و خۆڕزگارکردنە لە[ه] ی ناوەڕاست:

| | |
|---|---|
| تَهلُکة | تالوکە(تاڵوکە، خۆت مەخەرە تالوکەوە). |
| طَهارة | تارات |
| فَهم | فام(کەسێکی فامیدەیە) |

لە زمانی کوردیدا لە یەك وشەدا دوو [ه] ڕاستەخۆ بەدوای یەکدا نایەن، بۆیە لە ناوەکانی وەك:(القَهّار، الوَهّاب)دا، تەنها یەکێکیان فڕێدەدرێت و دەبن بە(وەهاب، قەهار)، هەر بۆیە وشەی (قار)، لە (القَهّار)ەوە نەکەوتۆتەوە، بەڵکو سەرچاوەکەی (قَهْر)ە.

[1] بڕوانە: دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی، یاسادەنگیەکانی زمانی کوردی... لا٧٤.

[2] حاڵەتی لابردنی دەنگی [ه]، بۆ کرمانجی ژورو ڕاست نییە و بەپێچەوانەوەیە: گوتن> گۆهتن، گۆڕین> گۆهڕین، درێژایی> درێژاهی...

وەك چۆن لە زۆر وشەی کوردیدا، دەنگی [ھ] دەگۆڕێت بۆ [ح] وەك: (ھەموو> حەموو، ھەر>حەر، ھونەر> حۆنەر...)، بەھەمان شێوە لە زۆر وشەی خوازراوی قورئانیدا ئەمە ڕوودەدات، ئەم دوو دەنگە لەگەڵ یەك ھاوئۆرگان و خشۆك و کپن، بۆیە لە زمانی کوردیدا ئەم گۆڕانانە چاوەڕوانکراون:

| | |
|---|---|
| ھـ | ←ح |
| هَواء | حەوا |
| جَهَنَّمْ | جەحەنەم |
| جَاهِلْ | جاحێڵ، جەحێڵ |

زۆربەی کات لە شێوە زاری سلێمانیدا [h] لەپێش ڤاوڵەوە دێت، بەڵام ناکەوێتە کۆتایی وشەوە، واتە [ھ]ی کۆتاییمان نییە، تەنانەت لەناو پیتە کوردییەکاندا وەك چۆن نیگارمان بۆ [ع]ی سەرەتا[عـ] و ناوەڕاست[ـعـ] و کۆتایی لکاو[ـع] و کۆتایی نەلکاو[ع] ھەیە، نیگاری سەرەتای وشەی[ھـ] و ناوەڕاستی وشە[ـهـ]مان ھەیە، بەڵام نیگاری [ھ]ی کۆتایی لکاو و نەلکاومان نییە. ئیتر وشەیەکی ئێرانی وەك [شاھ]، [ھ]ە کۆتایەکەی فڕێدەدرێت و دەبێت بە [شا]. وشە قورئانییەکانی وەك(فقه، وَجه، سَفیه) ، کە دێنە ناو زمانی کوردییەوە کۆتاییان بە [ھـ] ھاتووە، دەبێت لەدوایانەوە ڤاوڵ ھەبێت، وەك: (وەجهێکی جوانی ھەیە)، (فیقهی ئیسلامی)، (کەسێکی سەفیهە)، واتە ئەم وشە کۆتایی ھاتوانە بە [ھ] بۆ شێوەزاری سلێمانی، بەتەنها و بێ ئەوەی ڤاوڵێك لەدوایانەوە بێت، گۆکردنیان ماندووکەرە و دەبێت خۆیان لێ ڕزگاربکرێت، ھەر ئەم ماندووکەریە چانسی بە وشەیەکی وەك(إله)نەداوە، بەتەنها، وەك چۆن (الله) ھاتووە، ئەمیش بێتە ناو زمانی کوردییەوە، مەگەر لەدوایەوە ڤاوڵێك یارمەتیدابێت بۆ ھاتن: (ئیلاھی ئەم ھەموو جوانییە چییە!)، یان مەگەر بە ئامادەکراوی لە وشەیەکی وەك(لا اله الا الله)دا ھاتبێت، کە لەمیشدا لەپاش [ھ]ی (الهَ)ەوە، فەتحە، یان ڤاوڵی سەرە[a] ھاتووە.

پێشتریش کورد لە زاراوەی (فەقیە)، زاراوەی (فەقێ)ی دروستکردووە، لێرەدا [ی] و [ھ]ی کۆتایی لابردووە، دواتر بە [ێ]ی قەربوو؛ جێگەکەی پڕکردوونەتەوە. ھەروەھا لەپرۆسەی کورداندندا لەم وشە کوردێنراوانەدا خۆ لەم [ھ]ی کۆتاییانە ڕزگارکراوە:

| | |
|---|---|
| تَشْبِیه | تەژبێ(بیلا تەژبێ) |
| كُلُّ وَجْه | کلۆج |

له وشەیەکی وەك (بُهْتانْ)یشدا، [خ] جێگەی [ه]ی هاوئۆرگانی گرتۆتەوە و وشەکە بووە بە (بوختان). (بُهتان) شەش جار لە قورئاندا هاتووە، هەمووشی بەمانای درۆهەڵبەستن دێت، ئەم وشەیە توانیویەتی بێتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام وشەیەکە [ه]کەی گۆڕاوە بە [خ]، واتە بووە بە (بوختان). ئەو وشانەی کە [ه]یەکی وەستاویان تێدایە، ئەگەر لە پێشیانەوە ڤاوڵە کورتەکەی [a]هەبێت، کاتێك بە پڕۆسەی کورداندندا دەڕۆن [ه]ەکە فڕێدەدرێت، ڤاوڵە کورتەکەی [a] دەگۆڕێت بە [a:]، وەك: (فَهم) دەبێت بە (فام)، (قَهْر)یش دەبێت بە (قار)، بەڵام لە وشەیەکی وەك (بهتان)دا، ڕاستە [ه]کە سکونی لەسەرە، واتە وەستاوە، بەڵام پێش [ه]کە لە جێی ڤاوڵە کورتەکەی [a] بۆر [u] هەیە، بۆیە ئەم پڕۆسەیەی بەسەردا نەهاتووە کەبەسەر (فَهْم)دا هاتووە، بەڵکو تەنها [ه]ەکە گۆڕاوە بە[خ][1].

له وشەیەکی وە(أشهدوا)شدا، [ه]کە فڕێدراوە وشەکە بووە بە(ئەشەدو).

[1] لە ناو زارەکانی زمانی کوردیدا، دەنگگۆڕکێ لەنێوان [ه ] و [خ]دا هەیە، وەك: هۆڕ< خۆر، هەویر< خەویر، هوون< خوون... بڕوانە: عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی شێخانی(کورد_ کوردی)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم_٢٠٠٩ز، ل٥٥٩.

# بەشی دووەم: لە ڤاوڵچووەکان و پرۆسەکانی کورداندن

زمانی کوردی و عەرەبی دوو دەنگی هاوبەشی لەڤاوڵچویان هەیە، ئەوانیش [و] و [یـ]ن. شوێنی گۆکردنی واو و یا، بەنزیکەیی بریتییە لە شوێنی گۆکردنی زەممە و کەسرە، بەڵام لەکاتی گۆکردنی [i:]دا ئەو بۆشاییەی لە نێوان زمان و ڕەقەمەڵاشوودا هەیە، کەمترو تەسکترە لەو بۆشاییەی لەکاتی گۆکردنی [i]دا هەیە، هەروەها ئەو بۆشاییەی لە نێوان نەرمەمەڵاشوو و ئەوسەری زماندا هەیە، لەکاتی گۆکردنی [u:]دا کەمترە تا [u].

هەر یەك لە واو و یا دوو دەنگی شوێن بەخۆنەگرن، چونکە لە نزیك شوێنگەی زەممە و کەسرەوە دروستدەبن، بەزوویی ئەگەری ئەوەیان هەیە، بەرەو شوێنی دروستبوونی ڤاوڵەکانی تر بچن، هەروەها لەبەر کەمیی ڕوونیان بەبەراورد بە ڤاوڵەکانی تر و لەبەر کورتییان، ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکەن بەرەو کۆنسۆنانتەکان بچن و ببنە کۆنسۆنانت، یان ببنە لەڤاوڵچوو.[1]

لە ڤاوڵچووی [Y] ناوەڕاستی زمان، لە هی هەمان دەنگی ڤاوڵ[i ]، بەرەو ڕەقەمەڵاشوو زیاتر بەرزدەبێتەوە، تا لە لێکخشان نزیکدەبێتەوە، بەڵام لێکخشان ڕوونادات. بەهەمان شێوە [u]ڤاوڵێکی خڕکراوەی دواوەیە، دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو زۆر بەرزدەبێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی بگات بە ئاستی بەرزبوونەوەی لە ڤاوڵچووەکەی خۆی، کە بریتییە لە [w]، واتە ئەگەر زیاتر بەرزبۆوە، ئەم لەڤاوڵچووە دروستدەبێت، واتە: هەردوو دەنگی [w , y]، دوودەنگی لەڤاوڵچوون، شوێنی دروستبوونیان هەمان شوێنی دروستبوونی هەردوو ڤاوڵی [i] و[u]ە، بەڵام لەکاتی دروستبوونی لەڤاوڵچووەکاندا ئەو بۆشاییەی لە نێوان زمان و مەڵاشوودا هەیە، کەمترە لەو بۆشاییەی لە نێوان ئەو دوو ئۆرگانەدا هەیە، بۆیە لەڤاوڵچووەکان[2]:

---

[1] بڕوانە: د.محمد امنزوي، أشباه الصوائت في اللغة العربية(نظامها و وظائفها)، كلية الآداب–جامعة القاضي عياض بمراكش، ۱۹۹۹م، ص۲.

[2] هەندێك لەو زانایانەی کە لە دەنگسازیدا پسپۆڕن، جیاوازی لە ڤاوڵچووەکان و لە کۆنسنانتچووەکان دەکەن، بەوەی ئەگەر کەوتە پێش لوتکەی بڕگەوە لەکۆنسنانتچووە، ئەگەر کەوتە دوای لوتکەی بڕگەوە، لە ڤاوڵچووە. بڕوانە: أشباه الصوائت في اللغة العربية (نظامها و وظائفها)، د.محمد امنزوي... ص۲.

١)	درێژکردنەوەی زیاد هەڵناگرن، وەك چۆن دەتوانرێت ڤاوڵەکانی هەمان شوێنی دروستبوون درێژبکرێنەوە، بەمەش نابنە ڤاوڵی تەواو و لە کۆنسۆنانتەکان نزیکدەبنەوە.

٢)	نزیکبوونەوەی نێوان زمان و مەڵاشوو ناگاتە ئاستی لێکخشاندن یان بەربەستی تەواو، بەمەش نابنە کۆنسۆنانتی تەواو و بەوردبوونەوەی چۆنییەتی تێپەڕبوونی هەوا بەناو ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا لەڤاوڵدەچن، بەمەش لە ڤاوڵەکان نزیکدەبنەوە.

٣)	لەکاتی گۆکردندا لەڤاوڵچووەکان لەڕووی کاتەوە لەچاو ڤاوڵەکاندا کەمتریان پێدەچێت.[١]

٤)	لەڤاوڵچووەکان، وەکو ئەرك کۆنسۆنانتن، بەڵام وەکو چۆنێتی دروستبوون و تێپەڕینی هەوا وەك ڤاوڵەکان دروستدەبن.

لەزمانی عەرەبی و کوردیدا [و، یـ] هەر چوونە سەرەتای وشە و بڕگەوە، ئەوا دەبن بە لەڤاوڵچوو:

| | |
|---|---|
| وَحي | وەحی |
| وَيل | وەیل |
| ياسين | یاسین |
| يَقين | یەقین |

لە پرۆسەی کورداندا هەردوو لەڤاوڵچووەکە، هەندێك جار دەکەون و دەبن بە ڤاوڵ، [و] دەبێت بە [ۆ]، [ی]ش دەبێت بە [ێ]، ئەمەش پاش ئەوەی ڤاوڵی بڕگەکە دەکەوێت، ئەم کەوتن و جێگرتنەوە ڤاوڵییە ڕوودەدات، چونکە کاتێك بڕگەکە ڤاوڵەکەی تیادەچێت، پێویستی بە ڤاوڵێکی جێگرەوە دەبێت، بۆیە لەڤاوڵچووەکە دەبێت بە ڤاوڵ و لوتکەی بڕگەکە داگیردەکات:

| | |
|---|---|
| مَوعِظة: مَو : عِ : ظةَ | مۆعیزە، مۆ : عی : زە |
| تَوفِيقْ : تَو : فِيق | تۆفیق: تۆ : فیق |
| وَصيَّة: وَ : صي : يَة | وەسێت: وە : سێت |
| خَير: خَير | خێر: خێر |

---

[١] بڕوانە: د.محمد امنزوي، أشباه الصوائت في اللغة العربية (نظامها و وظائفها... ص٢.

له هەندێك باری تردا ڤاوڵ دەگۆڕێت بۆ لەڤاوڵچوو، واتە پڕۆسەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمە زۆرجار بەهۆی کەوتنی ڤاوڵێکی وەك [ئـ، ھ]ەوە ڕوودەدات، دواتر [یـ] لە ڤاوڵەوە دەگۆڕێت بۆ لەڤاوڵچوو و [a] وەك پێویستییەکی بڕگەیی هەڵدەتۆقێت:

| | |
|---|---|
| ضائِع: ضا : ئِع | زایە: زا : یە |
| خائِن | غایەن: غا : یەن |
| شاهِد: شا : هِد | شایەد: شا : یەد |

له وشەیەکی وەك (یَأجوج)یشدا [یـ] دەکەوێت و هەمزە جێی دەگرێتەوە و وشەکە دەبێت بە [ئاجوج].

هەندێك جاریش لەڤاوڵچووەکانی [ یـ ، و ] جێی [د] ی کۆنسۆنانت دەگرنەوە:

| | |
|---|---|
| زیادة | زیایە |
| أولادْ | ئەولاو |
| أجْداد | ئەژداو |

له وشە کوردییەکاندا زۆرجار لەڤاوڵچووی [و] جێی [م] کۆنسۆنانت دەگرێتەوە، وەك:

| | |
|---|---|
| م | ←و |
| دامێن | داوێن |
| زمان | زوان |
| نیم(نیمچە) | نیو |

هەمان گۆڕانکاری بەسەر هەندێك وشەی تری قورئانیدا دێت:

| | |
|---|---|
| يَتيم | هەتیو |
| تمام | تەواو |
| سلام | سڵاو |

هەر لە وشەی (یَتیم)دا فۆنیمی [هـ] جێی لەڤاوڵچووی [یـ]دەگرێتەوە. لە وشەی (غُسل)یشدا، کاتێك [غ] تیادەچێت، ئەوا زەممەکەی دوای ئەو دەگۆڕێت بۆ لەڤاوڵچوو، دواتر ڤاوڵی [ɨ] دەبێت بە ڤاوڵی بڕگەکە، وشەکەش دەبێت بە (وسڵ).

# بەشی سێیەم:  ڤاوڵەکان و پرۆسەکانی کورداندن

لە زمانی کوردی و عەرەبیدا ژمارەی ڤاوڵەکان لە ژمارەی کۆنسۆنانتەکان کەمترن، لە زمانی کوردیدا ڤاوڵەکان ئەمانەن:[ ɨ , i , e , o , u , u: , a , a: ] کە بە ڕێنووسی عەرەبی، یەکلەدوایەك، بەم شێوەیە نیگاردەکرێن:[ڤاوڵی درێژی ا ، ە ، وو ، و ، ۆ ، ێ ، ی ، ڤاوڵە ساردەکە]. زمانی عەرەبییش، بەکورت و درێژەوە، شەش ڤاوڵی هەیە: :(ئەلف، فەتحە، واو، زەممە، یا، کەسرە). زمانەوانە عەرەبە کلاسیکییەکان ڤاوڵە کورتە عەرەبییەکانیان بە حەرەکات وەسفکردووە، سیانەکەی تریشیان بە ئەلفی مەد و یای مەد و واوی مەد ناوبردووە.

((هەریەك لە کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکان پشت بەیەکتری دەبەستن، کۆنسۆنانتەکان ڤاوڵەکان لەیەکجیادەکەنەوە، ڤاوڵەکانیش ئامرازی گۆکردن ڕێکدەخەن، تا لە شوێنی دروستبوونی دەنگێکەوە بۆ شوێنی دروستبوونی دەنگێکی تری کۆنسۆنانت زمان ئاسانتر ببزوێت، لەوەش زیاتر ئێمە بۆ ئەوەی کۆنسۆنانتەکان ببیستین، پشت بە ڤاوڵەکان دەبەستین))[1]، چونکە کۆنسۆنانت بەبێ ئەوەی ڤاوڵێك لەپێشیەوە یان لەدوایەوە بێت، بیستن و گۆکردنیشی قورسە.

کۆنسۆنانتەکان لە ڕێگەی ئۆرگانێك یان چەند ئۆرگانێکەوە بۆ ماوەیەك دەبنەهۆی وەستانی هەوا، یان ئەوەتا تەسکبوونەوەیەك لە سەروو بۆریی هەواوە ڕوودەدات و لێکخشاندنی هەوا لەگەڵ ئۆرگانێك یان چەند ئۆرگانێکدا ڕوودەدات. ئەم بەربەستەش بەربەستی تەواوەتی یان بەربەستی ناتەواو یان بەربەستێکی پچڕپچڕ دەبێت، بەڵام ڤاوڵەکان بەشێوەیەکی کراوە گۆدەکرێن و بێ هیچ بەربەستێك هەوا گوزەردەکات.

ڤاوڵەکان دەنگدارن لە ئەنجامی هاتنی تەوژمی هەوای بەدوای یەکداهاتوو لە گەروو و دەمەوە دروستدەبن، لەگەڵیدا هیچ ڕێگرێك یان تەسکبوونەوەیەك ڕوونادات تا وەستان یان لێکخشان ڕووبدات[2].

هەروەها ڤاوڵەکان لەکاتی دروستبوونیاندا پشت بە یەك شوێنی دروستبوون نابەستن، ئەمەش وا دەکات بەتێپەڕبوونی کات و جیاوازیی شوێن و نەریتەکان ئەمانیش زوو بگۆڕێن.[3] چوونی وشەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کاتێك کردەی فۆنۆتاکتیکی ئەو زمانەی بەسەردادێت، زۆرترین گۆڕان لەناو ڤاوڵەکاندا

---

[1] الدكتور أحمد مختار عمر، دراسه الصوت اللغوی... ص١٣٧.

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ل١٣٧.

[3] بڕوانە: حمزة بوجمل، المظاهر الاقتصادية في صوائت العربية، مكتبة علوم اللغة العربية_ الجزائر ، ٢٠١٠م، ص٣.

ڕوودەدات تا کۆنسۆنانتەکان. کاتێك وشەخوازراوەکانی قورئانیش هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بەپڕۆسەی کورداندندا ڕۆشتوون، هەست بەوە دەکەین ڤاوڵەکان زیاتر تووشی گۆڕان و کەوتن و جێگۆڕکێ بوونەتەوە تا کۆنسۆنانتەکان.

زۆربەی کات بەهۆی زۆریی جیاوازیی ڤاوڵەکانی زمانێك بۆ زمانێکی تر، گۆکردنی ڤاوڵی زمانی بێگانە مرۆڤ بەهەڵەدا دەبات، ئەم هەڵەیەش دواتر دەبێت بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بەدحاڵیبوون، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە قسەکەر دەکەوێتە تێکەڵاوکردنی ڤاوڵەکانی زمانی دایك و زمانە بیانییەکەوە، بەوەی دەکەوێتە هاوشێوەکردنی ڤاوڵە بیانییەکان، بەو ڤاوڵانەی دەقی پێوەگرتوون، ئیتر بەناجۆریی گۆیاندەکات، بەشێوەیەك خاوەنی زمانە بیانییەکە زۆرجار، دەکەوێتە ساتمەوە و تەنانەت جاری وا هەیە لە وشەکانی زمانەکەی خۆی ناگات[1].

هەڵەکردن لە گۆکردنی ڤاوڵەکاندا لە هەڵەکردن لە گۆکردنی کۆنسۆنانتەکان دیارو ئاشکراترە، ئەمەش بۆ سروشتی ڤاوڵەکان دەگەڕێتەوە، چونکە بەسروشتی خۆیان لە کۆنسۆنانتەکان بەهێزتر و ڕوون و ئاشکراتر و بیستەنیترن، بۆیە هەڵەکردن تیایاندا بۆ گوێ ناساز و نەخوازراوە.[2]

ڤاوڵەکان لە ڕووی فیزیکییەوە لەرەلەریان زۆرتر و خێراترن لە کۆنسۆنانتەکان، لە ناو کۆنسۆنانتەکانیشدا دەنگدارەکان لەبارترن بۆ بیستن تا کپەکان. ئیتر ئەم ڕوونییە لە بیستن، ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەستکردن بەجیاوازیی گۆڕان لەناو ڤاوڵەکاندا ئاسانتربێت و زوو هەست بەجیاوازیی ڤاوڵەکان بکەین.

لەبەر جیاوازیی زمان و ژینگەکان و جیاوازیی تاکەکان لەهەمان ژینگەدا، لە هەموو زمانەکاندا ڤاوڵەکان لە وتنەوەی وانەی تیۆری و پڕاکتیکیشدا گران دەوترێنەوە. هەروەها لە ژمارەو سروشت و تایبەتمەندییەکانیاندا جیاوازن، بۆ نموونە لە عەرەبیدا ئەگەر حسێب بۆ ڤاوڵی کورت و درێژ بکەین، سێ یان شەش دانەن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بیستویەك یان بیستودوو دانەن.[3]

ڤاوڵەکان بە بەراورد بە کۆنسۆنانتەکان، لەسەر ئامێری گۆکردن کەمترین ئەرکیان هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەکاتی گۆکردنی ڤاوڵەکاندا، هەوا بەشێوەیەکی ئازاد دەردەچێت و پێویستیی بە ڕێگر و تەسککرنەوەی هیچ یەك لە ئەندامەکانی ئاخاوتن نییە. کێشە لە نێوان ڤاوڵەکان خۆیاندا هەیە، لەبەر

---

[1] بڕوانە: الدکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص٢٢٣.

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ل٢٢٣.

[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو... ل٤١٩.

ئەوەی زۆر لەیەکدەچن، ئەم لێکچوونەش وایکردووە کەمترین لادان لە نێوانیاندا بەدحاڵیبوون دروستبکات. بەتایبەت لەبەرئەوەی ئەم ڤاولانە، بەبەراورد لەگەڵ کۆنسۆنانتەکاندا زۆر بەکاردێن، زۆریش بیستەنین(لەبیستندا ڕوونن)، ئیتر ئەمە وادەکات لادان لە گۆکردنیاندا زۆر زوو هەستیپێبکرێت و شتێکی نەویستراو و بێزراوبێت.

کۆی ئەو هۆکارانە ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکەن، کاتێك وشەیەك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەپەڕێتەوە، ڤاوڵەکان ڕووبەڕووی زۆرترین گۆڕانکاریی وەك: فڕێدان، گۆڕین، جێگۆڕکێ، ببنەوە.

ئەو دەنگانەی کەمترین ڕوونییان هەیە، واتە لە نزمەوە بۆ بەرز، بە هەشت پلەی جیاوازی پڕیی دەنگ یان پڕیی زرنگە لەیەکجیادەکرێنەوە، یەکلەدوای یەك بەم شێوە ڕیزدەبن: دەنگە کپە گیراوەکان، دەنگە کپە خشۆکەکان، دەنگە دەنگدارە گیراوەکان، دەنگە دەنگدارە خشۆکەکان، دواتر دەنگە لوتی و لاییەکانە، دەنگە لێدەرەکان، ئینجا ڤاوڵەکان دێن، ئەوانیش لە زمانی عەرەبیدا لە بەهێزەوە بۆ بێهێز ڕیزدەبن: [i , u , a , i: , u: , a:][1]، کوردییەکانیش لە بەرزەوە بۆ نزم بەم شێوە ڕیزدەبن: [a: , o a , u: , u , e , i , ɨ]. لێرەوە سەرەڕای جووتەدەنگی [we , وێ]، باسی گۆڕان لە ڤاوڵەکانی وشە کوردێنراوە قورئانییەکان دەکەین:

١ a: ، ا

ڤاوڵێکی کراوەی هەندێك لەپێشەوەیە، پشتەزمان بەرەو قووڵایی ناودەم دابەزیوە، ئەلۆفۆنەکەی کە لەم درێژترە، لەکاتی گۆکردنیدا چەناگەی خوارەوە زیاتر بەرەو خوارەوە دەڕوات.

لە زمانی کوردیدا ڤاوڵی درێژی [ا] نزیکە لە ئەلفی مەدی عەرەبییەوە، بۆیە لە کوردیدا کاتێك وشە قورئانییەکان دێنە ناو زمانی کوردییەوە، ڤاوڵی درێژی [ا] ئەم ڤاوڵە دەنوێنن:

| | |
|---|---|
| إيمان | ئیمان |
| آية | ئایەت |
| غافل | غافڵ |

---

[1] بڕوانە: الدکتور کمال بشر، علم الاصوات... ص٢١٨.

له زمانی عەرەبیدا ئەلف له كۆتایی وشەوە، دەبێت به (الالف الممدودة و الالف المقصورة)، كاتێك دێنه ناو زمانی كوردییەوە ئەم تایبەتمەندییه نامێنێت، واته هەموویان وەك ئەلفی مەمدوده دەنوسرێن، وەك:

هدی> هودا

عیسی> عیسا

دُنیا> دنیا

ڤاوڵی [ا] دەكرێت بگۆڕێت بۆ [ێـ]، ئەمه پاش ئەوەی كەسرەیەك لەپێش ئەم ڤاوڵەوە دەكەوێت:

| | |
|---|---|
| كِتاب | كتێب |
| حِساب | حسێب |

له وشەیەكی قورئانیی وەك (مات)دا، ڤاوڵه درێژەكەی فڕێدەدرێت و وشەكه دەبێت به (مت).

٢. a ، ە:

ڤاوڵێكی نیوەكراوەی چەقییه، پێشەوە و دواوەی زمان له ناوەڕاستی بۆشایی دەمدا دەمێنێتەوە، هەر بۆیەشه چەقیی پێدەگوترێت، لێرەدا له بەرانبەر فەتحەی عەرەبی بەكاریدەهێنین، كه دەكرێت وەك شڤا[ə]یش بنوسرێت.

لەبەردەم پرۆسەی كوردانندا، هەندێك جار، ڤاوڵی [a] تووشی كەوتن و فڕێدان دەبێتەوە، له هەندێك شوێنیشدا ڤاوڵی [ɨ] جێی دەگرێتەوە، وەك:

| | |
|---|---|
| جَواب | جواب |
| شَك | شك |
| مَرْیَم | مریەم |
| سَتّار | ستار |

لەهەندێك باردا بەپێچەوانەوە [a] وەك دەنگێكی هەڵتۆقیو و وەك پێویستییەكی بڕگەیی زیاددەبێت و دەردەكەوێت:

| | |
|---|---|
| طائِفة | تایەفه |
| ضائِع | زایه |
| بائِع | بایەع |

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ڤاوڵەكان لە هەموو دەنگەكانی تر بیستەنیترن، بۆیە خۆشتر و ڕوونتر دەبیسترێن، هەر لەبەر ئەمەشە، كاتێك ناو لە زمانی كوردیدا كلیپدەكرێت، كۆتاییەكەیان دەكرێت بە ڤاوڵ، ڤاوڵی [a] یەكێكە لەو ڤاوڵانە كە لە كاتی كلیپكردندا لەكۆتایی ناوەكەوە پەیدادەبێت:

| | |
|---|---|
| أحمَد | ئەحە |
| أمين | مینە |
| آمينة | ئامە |

كاتێك دەنگە قورگییەكانی وەك: ( هەمزە، حا، عەین، ها) دەكەون، لە پێشیانەوە [a]هەبێت، ئەوا ئەم ڤاوڵە وەك قەرەبووكردنەوەیەك بۆ كەوتنی ئەو دەنگە قورگییانە دوو هێندەی لێدێت و دەبێت بە [a:][1]، لەسەرەتادا دەنگە قورگییەكە دەكەوێت و دواتر ڤاوڵە كورتەكە دەبێت بە ڤاوڵێكی درێژ:

| | |
|---|---|
| فەتحە + ع ← | ا |
| بَعض<br>رُكعَة<br>تَعَلُّق | بازیٚ(بازیٚ كەس...)<br>ڕكات<br>تالوق |
| فەتحە + هـ ←<br>طَهارة<br>قَهر<br>مَهْر | ا<br>تارات<br>قار<br>مارە |
| فەتحە + هەمزە ←<br>مَأْوى<br>دَأْب<br>كَأْس | ا<br>ماوا<br>داب<br>كاسە |

[1] دكتۆر نەوزاد حەسەن ئەحمەد، پێی وایە لەم گۆڕانانەدا ئەم دەنگە قورگییانە كەوتون و لەجێیان، :a دانراوە، بڕوانە: د. نوزاد حسن أحمد، اللغة الكردية في رِحاب الثقافة الاسلامية، دار العربية للموسوعات_لبنان، الطبعة الاولى_٢٠١٠، ص١٠١، ١٠٨.

| | |
|---|---|
| فەتحە + ح ⟵<br>صَحْراء[1]<br>بَحْث | ا<br>سارا<br>باس |

لەناو زۆر وشەی کوردیدا دەکرێت[a: ] و [a] لەجێی یەکتری بەکاربهێنرێن و لە بەرانبەری بکەون، واتە لەو شوێنانەدا واتاگۆڕنین، وەك:

| | |
|---|---|
| ئێستا | ئێستە |
| لەوەڕگا | لەوەڕگە |
| ساوەر | ساوار |

هەروەها بەشێوەیەکی سەرپشکی لەهەندێك وشەی قورئانیدا دەکرێت ڤاوڵی کورت وەك خۆی بەکاربێت و دەشکرێت ببێت بە ڤاوڵی درێژی [a:]، وەك:

| | |
|---|---|
| وَسواس | وەسواس<br>واسواس |
| عَزیز | عەزیز<br>ئازیز |
| عَصا | عەسا، دارعەسا<br>عاسا، دارعاسا |

لە زمانی کوردیدا فۆنیمی[a ] زۆر دەکەوێت و ڤاوڵێکیشە بەکاریگەریی ڤاوڵی تر دەکەوێت: (ئەستێرە+ ەکە> ئەستێرەکە+ ان> ئەستێرەکان).

لە هەندێك باردا دەکرێت ڤاوڵە کورتەکە[a ] بکەوێت و لەجێی ئەو، ڤاوڵە درێژەکە[a: ]، بەتەواوەتی جێی بگرێتەوە، وەك وشەی (أمانَ)، دەبێتە (ئامان) و وشەکە وەك ناوی مێ لەکوردیدا بەکاردێت.

[1] ئەم وشەیە ڕاستە وشەیەکە لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام باشتربوو بۆ نموونەی (فەتحە + ح⟵ا) بمان هێنایەتەوە، هەروەها (مَهْر)یش بۆ نمونە (فەتحە + هـ).

[a] و [a:] له هەندێك حاڵەتدا جێگۆڕکێدەکەن، وەك له وشەی (ساعة)، کاتێك جێگۆڕکێدەکەن، وشەکە دەبێت بە (سەعات)، وشەیەکی وەك (باطِل) کاتێك بووە بە (بەتاڵ)، سەرەڕای ئەوەی [a:]جێی خۆی گۆڕیوە و له بڕگەی یەکەمەوە چۆتە بڕگەی دووەم، دواتر کەسرە[i]کە گۆڕاوە بۆ فەتحە و فۆڕمی (بەتاڵ)ی لێکەوتۆتەوە، واتە له پڕۆسەی کوردادنەکەدا لەیەك وشەدا جێگۆڕکێی دەنگ و کەوتنی دەنگ و هەڵتۆقینی دەنگ ڕوویداوە.

٣. u , u: ، یان وو ، و

[u] ڤاوڵێکی خڕکراوەی دواوەیە، دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو زۆر بەرزدەبێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی بگات بە ئاستی بەرزبوونەوەی لەڤاوڵچوەکەی خۆی، کە بریتییە له [w].
شوێنی دروستبوونی [u] لەگەڵ [u:] هەمان شوێنە، بەڵام لەڕووی چەندێتییەوە جیاوازن، واتە [u:] دووهێندەی [u]یە.
له زمانی کوردیدا [و ، وو] دوو فۆنیمن، کاتێك وشە قورئانییەکان دێنەناو زمانی کوردییەوە، ئەوا ئەوانەی زەممەیان هەیە، ئەگەر تووشی کەوتن و گۆڕان نەبنەوە، [و] جێیان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو ڤاوڵەی له زەممە درێژترە، هەر بە[ و] دەنووسرێت:

| | |
|---|---|
| نُطْفَة | نوتفە |
| مُبارَك | موبارەك |
| مُحَرَّم | موحەڕەم، محەڕەم |
| لَوح | لەوح |

له هەندێك باردا زەممەکە هەر بەتەواوی دەکەوێت و نامێنێت، لەجێی ئەودا وەك پێویستییەکی بڕگە ئەو ڤاوڵەی لەم ڕێنوسە کوردییەی ئەمڕۆی ئێمەدا نیگاری بۆ نەکراوە، واتە [ ɨ ] جێیدەگرێتەوە:

| | |
|---|---|
| جُمُعَة | جمعە |
| مُحَمَّد | محەمەد |
| سُلَيمان | سلێمان |
| مُصْطَفى | مستەفا |

یان جاری وا هەیە، سەرپشکیی دەکرێت، زەممەکە فڕێبدرێت و ڤاوڵی [ɨ] جێی بگرێتەوە، یان وەك خۆی بمێنێتەوە:

| | |
|---|---|
| مُلك | موڵك، ملك |
| حُدُود | حودود، حدود |
| دُنیا | دونیا، دنیا |

لەو شوێنانەی لە پێش [و] ەوە زەممە هەبێت، زەممەکە فڕێدەدرێت [و] و ڕۆڵی ڤاوڵی بڕگە دەبینێت:

| | |
|---|---|
| تابُوت | تابوت |
| مُوسی | موسا |
| أُصُول | ئوصوڵ |

٤. O: ۆ:

ڤاوڵێکی پشتەوەی خڕکراوەی نیوەکراوەیە، دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو سێیەك بەرزدەبێتەوە. ئەم ڤاوڵە لە قورئاندا نییە و لە زمانی ستانداردی عەرەبییشدا نییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڤاوڵێکی چالاکە.

لەزۆر وشەی کوردێنراودا کاتێك فەتحە لەپێش لەڤاوڵچووی [و]ەوە دێت، فەتحەکە دەکەوێت، [و]ەکەش دەگۆڕێت بۆ [ۆ] ی ڤاوڵ، وەك:

| | |
|---|---|
| تَوبَة | تۆبە |
| طَوق | تۆق |
| لَومة | لۆمە |

بەهەمان شێوە واوەکە دەکەوێت و ڤاوڵی [ۆ] جێی دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەم گۆڕانەشدا دەنگێك یان زیاتر لە دەنگێکی کۆنسۆنانتیش دەکەوێت:

| | |
|---|---|
| مُسودَّة | مسۆدە |
| مَشُورَة | مشۆرەت |

| | |
|---|---|
| مُعَلَّق | مۆلەق |

هەندێك جار زەممە بۆ [ۆ] دەگۆڕێت، ئەویش كاتێك وشەكە بە هەمزە دەستی پێكردبوو، دوای هەمزەكە زەممە هات، یەك بڕگە بێت، خۆ ئەگەر لە بڕگەیەك زیاتر بوو، لە بڕگەی یەكەمدا ڕوودەدات، هەروەها ئەگەر دوای زەممەكە، (گیرە_شَدَّة) هەبوو، یەكێك لەو فۆنیمانەی (گیرە)كەی دروستكردووە، فڕێدەدرێت:

| | |
|---|---|
| أُمِّي | ئۆمی |
| أُفّ | ئۆف |
| أُمّة | ئۆمەت |

لەم خشتەی پێشەوەدا ئەو ڤاوڵە كورتەی لە عەرەبیدا بە (زەممە) دەردەبڕدرێت و هێما جیهانییەكەی بریتییە لە [u]، لەگەڵ كەوتنی یەكێك لە دەنگە (گیرە) لەسەرەكە، واتە [م، ف]، دواتر [o] جێگەیان دەگرێتەوە، چونكە دەنگی [o] لە[u] بەهێزترە، بۆیە وەك قەرەبووكردنەوە جێی دەگرێتەوە.

لە هەندێك باردا كاتێك لەڤاوڵچووی [و]ی وەستاو، لە پێشیەوە زەممە هات، زەممەكە و لەڤاوڵچوەكە دەكەون و ڤاوڵی[ ۆ] جێیان دەگرێتەوە:

| | |
|---|---|
| رُوح | ڕۆح |
| طُوفان | تۆفان |
| رُوم | ڕۆم |
| لُوطي | لۆتی |

٥. i، i:

ڤاوڵێكی داخراوی لچولێوپانبۆوەی پێشەوەیە. نزیك پێشەوەی زمان، بەرانبەر ڕەقەمەڵاشوو لەبەرزترین حاڵەتی بەرزیی خۆیدایە، بەڕێژەیەك ئەگەر زیاتر بەرزبێتەوە، ئەوا دەبێتە لەڤاوڵچوەكەی. ئەم دەنگە لە زمانی عەرەبیدا بە كەسرە نیگاردەكرێت، خۆ ئەگەر لە ڕووی چەندێتییەوە دوو هێندە بكرێت، بە [یـ] نیگاردەكرێت.

لە پرۆسەی كورداندندا كەسرە، یان[یـ] هەر بە [یـ] نیگاردەكرێت:

| | |
|---|---|
| نَبيّ | نەبی |

| | |
|---|---|
| نَذِير | نەزیر |
| مَناسِك | مەناسیك |

لە هەندێك باردا کەسرە دەکەوێت و ڤاوڵەساردەکە[ɨ]جێی دەگرێتەوە:

| | |
|---|---|
| رِزق | ڕزق |
| رِضوان | ڕزوان |
| مِثقالَ | مسقاڵ |
| صِدِّيقْ | سدیق |

ئەگەر هاتو لە پێشیەوە هەمزە هەبوو، هەمزەکە دەکەوێت و سترێس دەچێتە سەر کەسرەکە و درێژ دەردەبڕدرێت:

| | |
|---|---|
| قائِم | قاییم |
| دائِم | داییم |
| قائِل | قاییل |

لەو وشانەی کە لە پێش [يـ]ەوە کەسرەبێت، کەسرەکە بەتەواوی دەکەوێت، وەك:

| | |
|---|---|
| إِدْرِيسْ | ئیدریس |
| إِبلِيس | ئیبلیس |
| إِسماعِيل | ئیسماعیل |

هەندێك جار کەسرە دەبێت بە فەتحە، ((زەممە وزەی ماسوولکەیی زیاتری دەوێ لە کەسرە، چونکە زەممە دەبێت ئەوسەری زمانی بۆ بجوولێنرێت، بەڵام کەسرە ئەمسەری زمانی بۆ دەجوولێنرێت، جووڵانی ئەمسەری زمان ئاسانترە.

ڤاوڵە کورتەکانی زمانی عەرەبی بەپێی پێوانەی بەکارهێنان و تێچوونی ماسوولکەیی، بەم شێوە ڕیزکراون: زەممە، لەپێشەوە دانراوە، دواتر کەسرە، ئینجا فەتحە، کە ئەمی دواییان بەبەراورد بەوانی تر،

له گۆکردندا ڤاولێکە کەمترین تێچوونی هەیە، هەر بۆیە لە زمانی عەرەبیدا لە بوونیادی وشە و پێکهاتەکانی قسەدا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە))[1]. ڕەنگە لەم وشانەی خوارەوەدا گۆڕانی کەسرە بۆ فەتحە، پێوەندیی بە بابەتی کەم بەکارهێنانی وزەوە هەبێت:

| | |
|---|---|
| إلياس | ئەلیاس |
| زِراعة | زەراعەت |

لەزۆر وشەدا ئەگەر هاتوو فەتحە کەوتە پێش [یـ]ی وەستاوەوە، ئەوا فەتحەکە دەخرێت و [یـ] وەك قەرەبووکردنەوەیەك دەبێت بە [یـ]، ئەم حاڵەتەش ڤاوڵێك بەڤاوڵێکی بەهێزتر یان ڕوونتر و دووهێندەتر دەگۆڕێت، ئەو کاتانە ڕوودەدات کە کۆنسۆنانتێك یان ڤاوڵێك دەکەوێت و لە بەرانبەردا، ڤاوڵێك دووهێندە لێدەکرێت، یان بۆ ڤاوڵێکی لەخۆی ڕوونتر و لەبارتر بۆ بیستن دەگۆڕێت، وەك:

| | |
|---|---|
| شَيْخ | شێخ |
| سُلَيْمان | سلێمان |
| خَيرْ | خێر |

هەروەها کاتێك وشەیەکی وەك (عِزَّة) دەکوردێنرێت، دەبێت بە (عێزەت). لە وشەیەکی وەك (ذِمَّة) شدا کەسرەکە درێژتر دەکرێتەوە و سترێسی دەکەوێتە سەر، ئەمەش لەبەر ئەوەی [م] کە (گیرە)ی لەسەرە، یەکیان فرێدەدرێت و لەجێی ئەوە کەسرەکە دەگۆڕدرێت بە یای درێژ، (زییمەت/زیمەت) کە لە ئاستی بیستندا لەو ڕوونترە. ڕەنگە بۆ گۆڕانی کەسرە بە [یێ] لە وشەیەکی وەك (عِزَّة)دا بۆ هەمان مەبەست بگەڕێتەوە، واتە کاتێك لەو دوو [ز]ە یەکێکیان دەکەوێت، ئەوا کەسرەکە بۆ ڤاوڵێکی لەخۆی بەهێزتر و ڕوونتر لە بیستندا دەگۆڕێت، کە [یێ]یە، بۆیە دەشگۆڕێت بە [یێ]، چونکە ئەم ڤاوڵەی دواییان ڤاوڵێکی پێشەوەی نیوەکراوەی خڕنەکراوەیە، ناوەڕاستی زمان بەرەو ناوەڕاستی بۆشایی دەم، بەرەو مەلاشوو دەچێت، واتە سازگەی دروستبوونی لە[یـ]یەوە نزیکە. زۆرجاریش تەنها کەسرەکە دەبێت بە [یێ]، بۆ نموونە (صاحِب) دەبێت بە (ساحێب).

لە زمانی عەرەبیدا هەر شەش ڤاوڵەکە لەگەڵ ئەو دەنگە عەرەبییانەی بەستراکچەر قەڵەون [ص، ض، ط، ظ ] هاتن، ئەوا قەڵەو دەکرێن،[1] وەك: (سُلْطانْ، طُوفان، رِمَضان، صَبْرْ، ظُلُّمات...)، واتە دەنگە

---

[1] حمزة بوجمل، المظاهر الاقتصادية في صوائت العربية... ص٣.

بەستراکچەر قەڵەوەکان، وادەکەن ڤاوڵەکانی تەنیشتیان قەڵەو گۆبکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا ئەم دەنگانە فۆنیم نین و یەکلەدوای یەك دەگۆڕێن بۆ دەنگی تری وەك: [س، ز، ت، ز]، ئەم دەنگانەش لە زمانی کوردیدا قەڵەونین، واتە لەبەر ئەوەی دەنگە قەڵەوەکانی زمانی عەرەبی، لەناو زمانی کوردیدا دەگۆڕێن بۆ دەنگی تیژ، بۆیە ڤاوڵەکانیش سیفەتی قەڵەوبوونیان نامێنێت، وشەکانیش بەم شێوە گۆدەکرێن: (سوڵتان، تۆفان، ڕەمەزان، سەبر، زڵومات).

٦. وێ:

دوودەنگییەکی پێشەوەی خڕکراوەیە، لە سەرەتای وشەی فۆنۆلۆژیدا نایەت، چونکە لە زمانی کوردیدا وشە و بڕگە بە ڤاوڵ دەستپێناکات: (نوێژ، خوێ). بەڵام [we](واتە دەنگی یەکەمیان لەڤاوڵچوو بێت)، لەسەرەتای وشە و بڕگە کوردییەکاندا هەیە: (وێنە، وێژە...)، بەڵام ئێمە لەسەرەتای وشەو بڕگەدا [yu] مان نییە، کەچی ئەمە لە عەرەبیدا هەیە، بۆیە ئەو وشانەی کە بە [yu]دەستپێدەکەن، بۆ [we] دەگۆڕدرێن، وەك:

| | |
|---|---|
| یو | ←وێـ |
| یُونُس | وێنس |
| یُوسُف | وێسف |

بۆ مرۆڤی کورد ئاسانە [we] دەربڕێت، چونکە پێی ڕاهاتووە و ئاسان بەدەمیدادێت، بەڵام بۆ مرۆڤێکی عەرەب دەربڕینی ئەم جووتدەنگە گرانە، لەبەرانبەریشدا بۆ عەرەبێك ئاسانبێت [yu] لە سەرەتای وشە یا بڕگەدا دەربڕێت، بەڵام بۆ مرۆڤێکی کورد گرانە و ئاسان بەدەمیدا نایەت، چونکە ((دەربڕینی دەنگ شتێکی ڕێژەییە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئاریشەی ئاسانی و گرانی دەنگ دەگۆڕێت))[٢]، هەروەها لەم حاڵەتانەدا ئاستی ڕۆشنبیریش ڕۆڵی خۆی هەیە.

کۆی ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییانەی چ لە ئاستی کۆنسۆنانت، لەڤاوڵچوو، ڤاوڵەکاندا باسمان کردن، گشتگیرن، واتە تەنها لە ئاستی وشە قورئانییەکاندا نین و کۆی وشە عەرەبییە کوردێنراوەکان دەچنە ژێر ڕکێفی ئەم گۆڕانکارییانەوە، تەنها بۆ نموونە ئەم وشە عەرەبییانەی لە قورئاندا نەهاتوون، بەم پڕۆسانەدا ڕۆشتوون:

---

[١] بروانە: الدكتور كمال بشر، علم الاصوات... ص٤٦٢.

[٢] د. مصطفى زكي التوني، علل التغيير اللغوي... ص٢٣.

| | |
|---|---|
| قَهوة | قاوه |
| بَعقوبة | باقوبه |
| بَعشيقة | باشيقه |

ئەم حاڵەتە تەنانەت وشە ئێرانییەکانیش ڕکێفدەکات و بەهەمان پڕۆسەی کورداندا ڕۆشتوون:

| | |
|---|---|
| تەهران | تاران |
| قەهرەمان | قارەمان |
| بەهرام | بارام |

هەمان پڕۆسە بۆ وشە بیانییەکانیش هەر ڕاستە، وەك: (یۆنان< وێنان، یو تێرن< وی تێرن...).

کۆی ئەم گۆڕانکارییانەش لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ئاستێکی هەرە گرنگی دروستبوون و مانەوەی زمانی کوردین، وەك زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن یاسای فۆنۆلۆژیی تایبەت بەخۆی.

# ئەنجام

# ئەنجامەکان

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی قورئان لەسەر زمانی کوردی لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، گەیشتین بە کۆمەڵێك ئەنجام، دیارترینیان:

١) زمانی ئاین خاوەنی بونیادی تایبەت بەخۆیەتی و هەروەها وشە لە زمانی ئاینیدا، گرنگیی و سیحری خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئاین بۆ خۆی پیرۆزە، ئەو زمانەش کە ئەو ئاینەی پێدەردبڕدرێت، زۆربەی کات پیرۆزدەکرێت و فەزلی بەسەر زمانەکانی تردا دەدرێت، ئەم حاڵەتە بەسەر زمانی قورئان(زمانی عەرەبی)دا هاتووە و ئەم پیرۆزکردنەی زمانی عەرەبی لەڕێی چەندین فەقیهی گەورەوە تیۆریزەی بۆ کراوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ کاریگەربوون بەم زمانەوە.

٢) کاتێك کاریگەرییەکانی قورئان لەڕێی چەندین هۆکارەوە، دەگاتە ناو کۆمەڵی کوردی، ڕاستەوخۆ زمانی کوردییش بە قورئان کاریگەردەبێت و بەتایبەت لە ئاستی وشەدا لێشاوێکی زۆر لەم وشانە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، لێرەوە زمانی کوردی وەك بوونەوەرێکی زیندوو لە پێناوی مانەوەدا، بەرانبەر بەم کاریگەرییە دەست بە ململانێ دەکات.

٣) وەك چۆن سیاسیی کوردی لە بەرانبەر هەڕەشە لە کورد و زمانی کوردی، ململانێی سیاسی و گەریلایی هەڵدەبژێرێت، یان وەك چۆن نووسەری کورد دژی پرۆسەکانی بەعەربکردن و هەڕەشە لە کوردبوون، پرۆسەی دەستکردن بە نووسین بە زمانی کوردی هەڵدەبژێرێت، ئەوا زمانی کوردی لەناوخۆیەوە وەك بوونەوەرێکی زیندوو، ستراتیژێکی تایبەت هەڵدەبژێرێت کە لە زیندوویەتی زمانی کوردییەوە چاوگەی گرتووە، ئەو ستراتیژەشمان ناوناوە (پرۆسەی کورداندن).

٤) زۆربەی هەرە زۆری ئەو وشانەی لە قورئانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە (پرۆسەکانی کورداندن)دا ڕۆشتوون، ئینجا زمانی کوردی قبوڵی کردوون، پرۆسەکانی کورداندنیش، ئەو پرۆسانەن لەناو زمانی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووەو وزەیەکی ناوەکی زمانی کوردی خۆیەتی، هیچ پەیوەندیی بە دامودەزگای ڕەسمییەوە نییە، بۆ ئەم پرۆسانە هەموو ئاستەکانی زمان(فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك) دەگرنەوە.

٥) له ئاستی فۆنۆلۆژیدا كه بابەتی دەروازەی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە، پڕۆسەكانی كورداندن توانیویانه ئەو وشانەی بەهۆی كاریگەریی قورئانەوە هاتوونەته ناو زمانی كوردییەوە، بیان كوردێنن و لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییەكانی زمانی كوردیدا بیانگونجێنن، بەڵام له هەمانكاتیشدا چەندین وشه هەن، توانیویانه یاسا فۆنۆلۆژییەكانی زمانی كوردی تێكبشكێنن و به فۆڕمه عەرەبییەكەیانەوە بێنه ناو زمانی كوردییەوە، ئەمەش كاریگەربوونی زۆر قووڵی زمانی كوردیمان به قورئانەوە بۆ دەردەخات.

٦) بۆچوونێك پێی وایه، تا وشه قورئانییەكان لەڕووی كاتەوە زیاتر له ناو زمانی كوریدا بمێننەوە، زیاتر به پڕۆسەكانی كورداندندا دەڕۆن و دەكوردێنرێن. ئێمه له لێكۆڵینەوەدا هەڵەی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەركەوت، چونكه چەندین هۆكار هەن كه كاریگەرییان بۆ سەر خاوبوونەوە یان خێراكردن و كرژبووەنەوەی پڕۆسەكانی كورداندن هەیە، بۆ نموونه زۆر و كەمیی پێوەندیی ڕاستەخۆی گەلی كورد به گەلی عەرەبەوە، یان وەك بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ڕادیكاڵێتی ئاینی له ناو كورددا كاریگەریی زۆریان لەسەر ئەم پڕۆسانه هەیە، تا دەقگەرای ئاینی زاڵبێت، پڕۆسەكانی كورداندن پاشەكشەدەكەن و بەپێچەوانەشەوە. هەتا هەستی نەتەوەییش زیاتر بكات، ئەم هەستەش درك بەوە بكات پڕۆسەكانی كورداندن گرنگن، ئەم پڕۆسەیه ڕوو له هەڵكشان دەبێت و بەپێچەوانەشەوە. له ئێستادا بەهۆی بەهێزبوونی دەقگەرای ئاینی و پێوەندیی ڕاستەوخۆی كۆمەڵی كوردی به كۆمەڵی عەرەبییەوە، پڕۆسەكانی كورداندن هاتوونەته دواوە، لەكاتێكدا پێش ئەوەی تەكنەلۆژیای نوێ، پێوەندیی ڕاستەوخۆی كۆمەڵی كوردی بەكۆمەڵی عەرەبییەوە ئاسانبكات، پڕۆسەكانی كورداندن كاراتربوون.

٧) پڕۆسەكانی كورداندن تەنها ئەو وشانەی نەگرتۆتەوە كه له قورئانەوە هاتوونەته ناو زمانی كوردی، بەڵكو كۆی وشه عەرەبییەكانی گرتۆتەوە و گشتگیربووە، تەنانەت وشه ئێرانی و بیانییەكانیشی گرتۆتەوە و ئەمەش ڕێی بۆ دروستبوون و سەربەخۆبوونی زمانی كوردی خۆشكردووە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان


١) قورئانی پیرۆز.

٢) الكتاب المقدس.

## • سەرچاوە کوردییەکان

### ا. کتێبەکان:

٣) دکتۆر فاروق عومەر، لەدایکبوونی وشە، چا: شڤان(سلێمانی)، چاپی یەکەم_٢٠٠١ز.

٤) سەلام ناوخۆش بەکر، زمانی ئایینی کورد(لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ئایینییە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات–هەولێر، چاپی سێیەم–٢٠١٢ز.

٥) محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لەتەرازوی بەراوردا، بەغدا، ز١٩٨١.

٦) د. محەمەد مەحوی، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی و ڕێزمانی عارەبیی، سلێمانی_٢٠٠٠ز.

٧) د. محەمەد مەحوی، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانی_٢٠٠٨ز.

٨) د. محەمەد مەوحوی، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی_٢٠٠٨ز.

٩) د. محەمەدی مەحوی، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، ٢٠١٠ز.

### ب. فەرهەنگەکان

١٠) عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی شێخانی(کوردی_ کوردی)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم_٢٠٠٩ز.

١١) مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی(کورد_ کوردی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس_ هەولێر، ٢٠٠٦ز.

١٢) هەژار، (هەنبانە بۆرینە) فەرهەنگی کوردی–فارسی، چاپی شەشەم، تاران، چاپ و پەخش سروش، ١٣٨٨هەتاوی.

## پ.گۆڤارەکان

١٣) دکتۆر کامل حەسەن بەصیر، زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ژمارە ١–٢، بەرگی دوەم بەشی یەکەم، ١٩٧٣ز.

١٤) مەسعود محەمەد، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، بەغدا.

١٥) مەسعود محەمەد، زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، ژمارە ١–٢، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣ز.

١٦) مەسعود محەمەد، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢ز.

١٧) محمەد مەعروف فەتاح، ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢ز.

## ت.نامەی ئەکادیمی

١٨) دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی، یاسادەنگییەکانی زمانی کوردی(نامەی ماجستێر)، زانکۆی سلێمانی_کۆلێجی زمان، ٢٠٠٠ز.

## • سەرچاوە بە زمانی فارسی

١٩) دکتر محسن ابوالقاسمی، ڕیشەشناسی(ایتمولوژی)، انتشارات ققنوس_تهران، صاپ صهارم، ١٣٨٩.

## • سەرچاوە عەرەبییەکان

## أ. الكتب

٢٠) أرنست كاسيرر، اللغة و الاسطورة، ترجمة: سعيد الغانمي، هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩م.

٢١) أبي المنصور الجوالقي موهوب بن أحمد بن محمد بن الخضر، ، المعَرَّب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم، حقق كلماته: الدكتور ف. عبد الريحيم، دار القلم_دمشق، الطبعة الاولى_١٩٩٠م.

٢٢) أبو سليمان صابر حسن، كشف الضياء في تاريخ القراءات ة القراء، دار العلم الكتب للطباعة و النشر و التوزيع_السعودية، الطبعة الاولى_١٩٩٥م.

٢٣) أحمد بن موسى بن العباس التميمي، أبو بكر بن مجاهد البغدادي، كتاب السبعة في القراءات، تحقيق: الكتور شوقي ضيف، دار المعارف بمصر، ١٩٧٢م.

٢٤) إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي، ألاعْتِصَام، تحقيق: سليم بن عيد الهلالي، دار ابن عفان، السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤١٢هـ – ١٩٩٢م، ج١.

٢٥) ( أبو الحسين يحيى بن أبي الخير بن سالم العمراني اليمني الشافعين، الانتصار في الرد على المعتزلة القدرية الأشرار ، المحقق: سعود بن عبد العزيز الخلف، الناشر: أضواء السلف، الرياض، المملكة العربية السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤١٩هـ/١٩٩٩م، ج٢.

٢٦) د. أحمد مختار عمر، المعجم الموسوعي لألفاظ القران الكريم وقراءاته، مؤسسة سطور المعرفة_الرياض، الطبعة الاولى_٢٠٠٢م.

٢٧) أبو الريحان محمد بن أحمد البيروني الخوارزمي، الجماهر في معرفة الجواهر، تحقيق سالم الكرنكوي، مكتبة المتنبي للطباعة و النشر و التوزيع، ج١.

٢٨) الاب رِفائيل نخلة اليسوعي، غرائب اللغة العربية، الطبعة الرابعة، دار المشرق_بيروت، ١٩٨٦م.

٢٩) الدكتور احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، علم الكتب_ القاهرة، ١٩٩٧م.

٣٠) السيِّد أدّى شير، الالفاظ الفارسيية المعَّربة، مطبعة الكاثوليكية للاباء اليسوعيين، بيروت، ١٩٠٨م.

٣١) برجشتراسر، التطور النحوي للغة العربية، أخرجه و صححه وعلق عليه الدكتور رِمضان عبد التواب، مكتبة الخانجى بالقاهرة، ١٩٢٩م.

٣٢) بن الوزير، محمد بن إبراهيم بن علي بن المرتضى بن المفضل الحسني القاسمي، أبو عبد الله، عز الدين، من آل الوزير، العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، حققه وضبط نصه، وخرج أحاديثه، وعلّق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة: الثالثة، ١٤١٥ هـ – ١٩٩٤ م، الجزء١.

٣٣) تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى: ٧٢٨هـ)، مجموع الفتاوى، ج٣٢، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، ١٤١٦هـ/١٩٩٥م .

٣٤) جان بريفو و جان فرانسوا سابليرو، المولَّد، دراسة في بناء الالفاظ، ترجمة: خالد جهيمة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى_بيروت، ٢٠١٠م.

٣٥) جوليان باجيني، الفلسفة، موضوعات مفتاحية(المعرفة، ألاخلاق، الدين، السياسة)، ترجمة: أديب يوسف شيش، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر_سوريا، الطبعة الاولى_٢٠١٠م.

٣٦) جولييت غارمادي، اللسانة الاجتماعية، عرّبه د. خليل أحمد خليل، دار الطليعية للطباعة و النشر_بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٠م.

٣٧) د.حامد بن أحمد بن سعد الشنبر، النظام الصوتي للغة العربية(دراسة وصفية تطبيقية)، مركز اللغة العربية_ جامعة القاهرة، ٢٠٠٤م.

٣٨) الدكتور حازم علي كمال الدين، معجم مفردات المشترك السامى في اللغة العربية، مكتبة الاداب_القاهرة، الطبعة الاولى_٢٠٠٨م.

٣٩) حمزة بوجمل، المظاهر الاقتصادية في صوائت العربية، مكتبة علوم اللغة *العربية*_ الجزائر ، ٢٠١٠م.

٤٠) روجيه كايوا، الانسان و المقدس، ت: سميرة رِيشا، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٠م.

٤١) رينهارت بيتر ان دوزى، تكملة المعاجم العربية، نقله إلى العربية وعلق عليه: محمَّد سَلِيم النعَيمي، وزارة الثقافة والإعلام، الجمهورية العراقية، الطبعة: الأولى، من ١٩٧٩ - ٢٠٠٠ م، الجزء٧

٤٢) ستيفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة و قدم له و علق عليه دكتور كمال محمد بشر، مكتبة الشباب_مصر، ١٩٧٥م.

٤٣) سعود بن عبد العزيز الخلف، دراسات في الاديان اليهودية و النصرانيية، أضواْ السلف، ١٩٩٧م، الطبعة الاولى.

٤٤) الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (المتوفى: ٢٠٤هـ)، الرسالة، المحقق: أحمد شاكر، الناشر: مكتبه الحلبي، مصر، الطبعة: الأولى، ١٣٥٨هـ/١٩٤٠م.

٤٥) شهاب الدين محمود بن عبد الله الحسيني الألوسي، رِوح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، طبعة دار إحياء التراث العربي_بيروت، الجزء ٨.

٤٦) شهاب الدين أحمد الخفاجي، شفاء الغليل فيما في كلام العرب من الدخيل، تصحيح الشيخ نصر الهوريني و مصطفى وهبي، المطبعة الوهبية، ١٢٨٢هـ.

٤٧) شيخ الإسلام ابن تيمية، تهذيب اقتضاء الصراط المستقيم، هذَّبه وخرَّج أحاديثه: شحاتة صقر، مكتبة دار العلوم، بدون سنة الطبع.

٤٨) ضياءالدين باشا الخالدي المَقدسي، الهدية الحميدية في اللغة الَكردية، معجم كَردي-عَرَبي، حققه وقدم له مع دراسات لغويِّة ألاستاذ الدّكتور محمد مُكري، مكتبة لبنان_بيروت، الطبعة الثانيية_١٩٨٧م.

٤٩) عادل ضاهر، الشعر و الوجود، دار المدى للثقافة و النشر_سوريا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠م.

٥٠) الدكتور/ علي عبد الواحد وافي، علم اللغة، نهضة مصر_للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة التاسعة_ ٢٠٠٤م.

٥١) علي بن محمد بن علي الزين الشريف الجرجاني، كتاب التعريفات، المحقق: ضبطه وصححه جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية بيروت –لبنان، الطبعة: الأولى ١٤٠٣هـ –١٩٨٣م.
٥٢) عز الدين صحراوي، اللغة بين اللسانيات و اللسانيات الاجتماعية، مجلة العلوم الانسانيية، جامعة محمد خيضر، العدد الخامس، ٢٠٠٤م.
٥٣) عبد الملك بن محمد بن إسماعيل أبو منصور الثعالبي (المتوفى: ٤٢٩هـ)، فقه اللغة وسر العربية، المحقق: عبد الرزاق المهدي، دار إحياء التراث العربي، الطبعة الأولى ١٤٢٢هـ – ٢٠٠٢م.
٥٤) عثمان بن جني أبو الفتح، سر صناعة الاعراب، المحقق: حسن هنداوي، دار الكتب العلمية_بيروت_لبنان، الطبعة الاولى، ١٤٢١هـ.
٥٥) فراس السواح، دين الانسان: بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني، منشورات دار علاء الدين_ سورية، الطبعة الرابعة_٢٠٠٢م.
٥٦) الدكتور كمال بشر، علم الاصوات، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع_ القاهرة، ٢٠٠٠م.
٥٧) ماريو پاى، اسس علم اللغة، ترجمة و تعليق: الدكتور أحمد مختار عمر، عالم الكتب_ القاهرة، الطبعة الثامنة_١٩٩٨م.
٥٨) مجموعة من الباحثين، تحرير فلوريان كولماس، دليل السوسيولسانيات، ترجمة: د. خالد الاشهب و د. ماجدولين النهيبي، المنظمة العربية للترجمة_بيروت، الطبعة الاولى_٢٠٠٩م.
٥٩) محمد بن علي بن أحمد بن عمر بن يعلى، أبو عبد الله، بدر الدين البعليّ (المتوفى: ٧٧٨هـ)، المنهج القويم في اختصار «اقتضاء الصراط المستقيم لشيخ الإسلام ابن تيمية»، تحقيق: علي بن محمد العمران، دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع، مكة المكرمة، الطبعة: الأولى، ١٤٢٢ هـ.
٦٠) محمد بن فتوح بن عبد الله بن فتوح بن حميد الأزدي الميورقي الحَمِيدي أبو عبد الله بن أبي نصر، تفسير غريب ما في الصحيحين البخاري ومسلم، لأبي نصر، المحقق: الدكتورة: زبيدة محمد سعيد عبد العزيز، مكتبة السنة – القاهرة – مصر، الطبعة: الأولى، ١٤١٥ – ١٩٩٥م.
٦١) الدكتور محمد ألتونجي، المعجم الذهبي في الدخيل على العربي(عربي_عربي)، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، الطبعة الاولى_٢٠٠٩م.
٦٢) الدكتور محمد نورالدين عبد المنعم، معجم الالفاظ العربية في اللغة الفارسيية، الناشر: جامعة الإمام محمد بن سعود الأسلامية، الجزء ألاول_٢٠٠٥م.

٦٣) د.محمد امنزوي، أشباه الصوائت في اللغة العربية(نظامها و وظائفها)، كلية الآداب–جامعة القاضي عياض بمراكش، ١٩٩٩م.

٦٤) الدكتور محمود فهمي حجازي، مدخل الى علم اللغة، دار القباء للطباعة و النشر(القاهرة)، الطبعة الجديدة، بدون سنة الطبع.

٦٥) د.مصطفى غلفان، في اللسانيات العامة (تأريخها، طبيعتها، موضوعها، مفاهيمها)، دار الكتاب الجديدة المتحدة_ليبيا، الطبعة الاولى_ ٢٠١٠م.

٦٦)دكتورة مها محمد فوزى معاذ، انثروبولوجيا اللغة، دار المعرفة الجامعية_ جامعة الاسكندرية، ٢٠٠٩م، ص١١٠.

٦٧)ميليكا إفيتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبد العزيز مصلوح_ وفاء كامل فايد، المجلس الاعلا للثقافة، الطبعة الثانيية، ٢٠٠٠م.

٦٨)مرسيا الياد، المقدس و العادي، ت.عادل العوا، دار التنوير للطباعة و النشر، بيروت–لبنان، ٢٠٠٩م.

٦٩) د. مصطفى زكي التوني، علل التغيير اللغوي، حوليات كلية الاداب_جامعة الكويت، الحولية الثالثة عشرة، ١٩٩٣م.

٧٠) مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروزآبادى، القاموس المحيط، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، الطبعة: الثامنة، ١٤٢٦ هـ – ٢٠٠٥ م، ج١.

٧١) مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير، النهاية في غريب الحديث والأثر، تحقيق: طاهر أحمد الزاوى – محمود محمد الطناحي، المكتبة العلمية – بيروت، ١٣٩٩هـ – ١٩٧٩م، الجزء الثالث.

٧٢) د.نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة_الكويت، ١٩٧٨م.

٧٣) د. نوزاد حسن أحمد، اللغة الكردية في رِحاب الثقافة الاسلامية، دار العربية للموسوعات_لبنان، الطبعة الاولى_٢٠١٠م.

٧٤) الدكتور وهبة الزحيلي، اصول الفقه الاسلامي، الجزء الاول، دار الفكر، الطبعة الأولى_١٩٨٦م.

٧٥) وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية – الكويت، الموسوعة الفقهية الكويتية، الجزء ١١، ١٤٠٤ – ١٤٢٧ هـ.

## ب) القواميس و المعاجم

٧٦)الشيخ جلال الحنفي البغدادي، معجم اللغة العامية البغدادية، دار رِشيد للنشر_ عيراق، ج١، ١٩٨٢م.

٧٧)معجم مفردات المشترك السامي في اللغة العربية، الدكتور حازم علي كمال الدين، مكتبة الاداب_ القاهرة، الطبعة الاولى_٢٠٠٨م.

٧٨)مجمع اللغة العربية بالقاهرة، المعجم الوسيط، دار الدعوة، الطبعة الثالثة_١٩٩٨م.

## • سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی


٧٩) ARTHUR JEFFERY, Ph.D. ,THE FOREIGN VOCABULARY OF THE QUR'ĀN, 1938_Oriental Institute Baroda, p142_143


## • وێب سایتەکان


٨٠) http://www.ibnamin.com/recitations_current_places.htm.

٨١) ابو_حنيفة_النعمان/http://ar.wikipedia.org/wiki/ /

٨٢) : الامام_ابو_حنيفة/http://islamstory.com/ar/

٨٣) http://shamela.ws/index.php/author/602

٨٤) محمد_بن_أدريس_الشافعي/http://ar.wikipedia.org/wiki/

٨٥) مالك_بن_انس/http://ar.wikipedia.org/wiki/

٨٦) احمد_بن_حنبل /http://ar.wikipedia.org/wiki.

٨٧) العصر_الذهبي_للاسلام/http://ar.wikipedia.org/wiki/

٨٨) وێبسایتی ناسرەدینی ئەلبانی: http://www.alalbany.net/fatawa_view.php?id=2 .

٨٩) ١٩/ ٨/ ٢٠١٣، ممفيس، مصر/http://ar.wikipedia.org/wiki/

٩٠) بندهشن/http://fa.wikipedia.org/wiki/

٩١) ايدجر س . بولوم، اللغة و السلوك، اللغويات الانثروبولوجية، http://uqu.edu.sa/lib/ar/105457.

٩٢) مفهوم الذاكرة الجمعية عندة موريس هالبواكس، زهير سووکاح: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=82628، ٢٤، ٦، ٢٠١١).

# ملخص البحث


يتكوّن هذا البحث(تأثير القران في اللغة الكوردية) من بابين:

الباب الأول، أسميناه (تمهيدات تأثير القرآن في اللغة الكوردييية)، وهو مقسَّم إلى أربعة فصول:

الفصل الأول، (اللغة والمجتمع)، عبارة عن إيضاح العلاقة البنيوية الكائنة بين الإنسان واللغة والمجتمع.

الفصل الثاني (اللغة والدين)، هذا الفصل مكوَّن من ثلاثة مباحث (لغة الدين، وظائف لغة الدين، سيحر الكلمة في لغة الدين)، وفي هذه المباحث الثلاثة جرى الحديث التامّ عن العلاقة المتينة بين اللغة والدين.

الفصل الثالث (تغيّر اللغات والصراع بينها)، قُسِّم هذا الفصلُ إلى أربعة مباحث، وكل مبحث مخصَّص لجانب من الموضوع كما يتبدّى من خلال عناوينها التالية: (أسباب تغير اللغة، الصراع بين اللغات، موت اللغة، أسباب التأثر/التأثير بين اللغات).

الفصل الرابع: (تقديس اللغة العربية وسيرورة التكريد)، وهو يتألف من ثلاثة مباحث كالآتي: (اللغة العربية من الدين، إستراتيجية اللغة وسيرورة اللغة، القراءات القرآنيية والتكريد).

الباب الثاني عبارة عن (سيرورات التكريد على الصعيد الفونولوجي)، وفي مقدمة هذا الباب عرضنا ملحوظتين، وبعد ذلك حدّدنا الفونيمات (الوحدات الصوتية الصغرى) في اللغتين الكوردييية والعربية، ومن هنا ولتوضيح سيرورات التكريد قسمناها إلى ثلاثة أقسام تكوَّنت منها الفصولُ الثلاثة للباب كالآت:

الفصل الأول: (الأصوات الصامتة)، وقسّمنا هذا الفصل إلى مبحثين، فالمبحث الأول يتناول الصوامت التي هي من فئة الفونيمات العربية ولا توجد في الفونيمات الكردية (الفونيمات الأجنبية عن الكردية).

والمبحث الثاني هو عن الصوامت التي هي من فونيمات كلتا اللغتين وتعرضت لسيرورات التكريد.

الفصل الثاني: (أشباه الصوائت)، ففي هذا الفصل حدّدنا صفات أشباه الصوائت هذه وخصائصها، وبعد ذلك بيّنّا سيرورات التكريد التي جَرَت على هذه الفونيمات.

الفصل الثالث: (الصوائت)، ففيه فَصِل الكلام على خصائص الصوائت بشكل عام، وبيّنّا فيه أيضا سيرورات التكريد التي عَرَضَتْ لهذه الصوائت.

# ABSTRACT

This research(The impact of the quran on the Kurdish language) is divided into two sections;

the first section titled (The Preparations of the Quran Impact on Kurdish Language). This section was also divided into four chapters: the first chapter (language and society), explores a structural relationship between human and language in the society. Chapter two (language and religion), this chapter was split into three subsection (religious language, religious language function, word magic in religious language), in this third subsection I highlighted the intensive relationship between language and religion. Chapter three (changing and compete among languages), this chapter also is divided into four subsections and each subsection has own title: (reasons behind language changes, the competition between languages, death of language, factors that makes a language effective). Chapter four: (how Arabic became a sacred language and the process of Kurdifying), this chapter is divided into three subsections: (Arabic language is part of religion, language strategic and the process of Kurdifying). The second section is about (the process of Kurdifying in phonology level), in the preface of this section I introduced two perceptions then later I distinguished the phoneme in both Arabic and Kurdish languages, I've done this in order to show the process of Kurdifying, as I divided them into three subsections as follow : first subsection (consonant sounds ), I divided this subsection into two parts ; the first part those consonant sounds are in the Arabic phonemes but not in Kurdish language (the foreigner phonemes). The second part, those

consonant sounds that are phonemes in both languages and became part of process of Kurdifying. Second subsection, (semivowels), in this subsection I identified and categorised the features of semivowels, then how the process of Kurdifying occurred explained. Third subsection (Vowels) here, the vowel’s feature and I discussed them in general I also explained the process of Kurdifying and how that applied into vowels.

Filename: کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی f
Directory: C:\Users\Areecc\Desktop
Template: C:\Users\Areecc\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title: بةشى يةكةم
Subject:
Author: computer
Keywords:
Comments:
Creation Date: ٢٠١٣/٠٨/٢٤ ٠٥:٤١:٠٠ م
Change Number: 158
Last Saved On: ٢٠١٣/١٢/٣٠ ١٠:٠٥:٠٠ ص
Last Saved By: Areecc
Total Editing Time: 2,857 Minutes
Last Printed On: ٢٠١٣/١٢/٣٠ ١٠:٠٦:٠٠ ص
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 159
Number of Words: 34,511 (approx.)
Number of Characters: 196,715 (approx.)